

# هەژموونی مێدیا

## لە سایەی جیهانگەراییدا

د. یەحیا عومەر ڕێشاوی

لە بڵاوکراوەکانی
سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی (٥٤)

هەژموونی مێدیا
د. یەحیا عومەر ڕێشاوی

لەم سەردەمەدا (ئابوری، هێز، مێدیا) سێ جەمسەرن ئەم جیهانەیان کۆنترۆڵکردووە، ئەم چەکانە بوونەتە نهێنی هەژموون و زاڵبوون و باڵادەستیی هەندێک وڵات بەسەر هەندێکی دیکەداو هەندێ گەل بەسەر هەندێکی دیکەدا، دیارە (مێدیا)ش بە یەکێک لە کاریگەرترین ئەو چەکانە ئەژمار دەکرێت و داینەمۆ و جوڵێنەری بیروباوەڕ و ئایدیا و بینینە جیاوازەکانی مرۆڤە بۆ ژیان و کۆمەڵگە و گەردون، کاریگەریی گەورە لەسەر ڕەفتار و بڕیار و هەنگاوەکانمان دروست دەکات، هەر ئەویشە ڕەنگە لە توانایدا بێت ڕەشمان لێ بکاتە سپی و سپی بکاتە ڕەش و هەندێ جاریش خۆڵەمێشیی!



### سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانی ناحکومی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا.

### ئامانجەکانی سەنتەر:

- بوژاندنەوەی بیرو هزر و بەکارخستنی مەعریفەی ئیسلامی لە ناوەندە زانکۆیی و پەروەردەییەکاندا، بە پشتبەستن بە بەهرە و توانا خودییەکانی ئەکادیمیانی کوردستان و جیهانی ئیسلامی و ئەزموونی بیرمەندانی مسوڵمان.
- پەرەپێدان و پەسەندکردنی ڕوانگەی زانستی مەنهەجی لە چارەسەرکردنی کێشە و گرفتە هزرییەکاندا و بێلایەنبوون لە پرسە خیلافییەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە بڕیاری پێشوەخت و شێوازی سۆزدارانە و هەوڵدان بۆ بابەتیبوون.
- کاراکردنی کەلەپووری دەوڵەمەندی ئیسلامی و سوودوەرگرتن لە سەرچاوە گرنگەکانی بیری ئیسلامی لە کۆن و نوێدا و سەرلەنوێ هێنانەگۆی چەمکە فیکرییە دوێنراوەکان لە مێژووی ئیسلامیدا، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانەکانی سەردەم.
- پەرەپێدانی چەمکی ئیعتیدال لە کایە فیکری و مەعریفییە جیاوازەکاندا و خۆبەدوورگرتن لە تێپەڕاندن و بەزایەدان.
- سەنتەر کاردەکات بۆ سەرلەنوێ و بەردەوام خوێندنەوەی هەردوو پەڕاوی قورئان و بوونەوەر بەپێی مەنهەج و میتۆدی زانستی و بەبێ چاولێکەری، بەڵکو بە نەفەسێکی تازە و بە سوودوەرگرتن لە عەقڵی ڕاشکاو و نەقڵی سەلمێنراو.



### یەحیا عومەر ڕێشاوی

- ١٩٧١ لە هەڵەبجەی شەهید لە دایکبووە.
- دکتۆرای بەدەستهێناوە لە بواری مێدیا لە وڵاتی سۆدان.
- چەندین بابەت و نووسینی بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامە و سایتەکاندا بڵاوکردووەتەوە.
- خاوەنی ٦ کتێبی چاپکراوە.
- ئەندامی کارای سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستانە.
- سەرنووسەری ڕۆژنامەی (الأفق الجديد) بووە بۆ ماوەی ٣ ساڵ.
- پرۆفیسۆری یاریدەدەرە لە بەشی تەکنیکی میدیا لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی.

# هەژموونی میدیا
# لە سایەی جیهانگەراییدا

# هەژموونی میدیا
# لە سایەی جیهانگەراییدا

........................................................

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
ژمارە (٥٤)


- نووسینی: د. یەحیا عومەر ریشاوی
- بابەت: میدیا
- دیزاین: رەوشت محەمەد
- چاپ: یەکەم ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (١٩٠٨)ی ساڵی ٢٠١٧ پێدراوە

# هەژموونی میدیا

# لە سایەی جیهانگەراییدا

د. یەحیا عومەر ڕێشاوی

- نەخۆشیە کتوپڕەکە کۆتـایی بـە تەمەنـە شازدە ساڵیەکەی هێنا و ڕێگەی نەدا ئەم بەرهەمە ببینێت!
- بە ڕۆحی پاك و سیما پڕ لـە خەندەکـەی (خەندە)ی خوشکم..

**پێشکەشە**

# پێڕست


پێشکەش.......................................... ٤

پێشەکی.......................................... ٧

**بەشی یەکەم: بنەماکانی گوتاری کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی........... ١١**

باسی یەکەم: چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی.................. ١٣

باسی دووەم: شێواز و پێکهاتەی کارکردنی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی.. ٤١

باسی سێیەم: گرفت و کێشەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی........... ٦٤

**بەشی دووەم: ڕەنگدانەوەی سیاسەت لە دونیای مێدیادا.............. ٧٩**

باسی یەکەم: چەمك و بنەماکانی سەروەریی دەوڵەت.............. ٨١

باسی دووەم: مێدیا و سیاسەت................................. ٩٤

باسی سێیەم: گوتاری مێدیایی و سەروەریی دەوڵەت................. ١٢٣

**بەشی سێیەم: جیهانگەرایی و چەمکی سەروەریی..................... ١٤١**

باسی یەکەم: چەمك و بوارەکانی جیهانگەرایی.................... ١٤٣

باسی دووەم: جیهانگەرایی مێدیایی.............................. ١٦٤

باسی سێیەم: بنەماکانی جیهانگەرایی و سەروەریی وڵاتان ............ ١٩٨

**سەرچاوەکان: ............................................ ٢١٥**

# پێشەکی

✍ لـەم سـەردەمەدا (ئـابوری، هێـز، مێـدیا) سـێ جەمسـەرن ئـەم جیهانەیان کۆنترۆڵکردووە، ئەم چەکانە بوونەتە نهێنی هەژموون و زاڵبوون و باڵادەستیی هەنـدێك وڵات بەسـەر هەنـدێکی دیکـەدا و هەنـدێ گـەل بەسـەر هەندێکی دیکەدا، دیارە (مێدیا)ش بە یـەکێك لـە کاریگـەرترین ئـەو چـەکانە ئـەژمار دەکرێـت و داینـەمۆ و جوڵێنـەری بیروبـاوەڕ و ئایـدیا و بینینـە جیاوازەکانی مرۆڤە بۆ ژیان و کۆمەڵگـە و گـەردون و کاریگـەریی گـەورە لـە سەر رەفتار و بڕیار و هەنگاوەکانمان دروست دەکات، هەر ئەویشە رەنگە لە توانایدا بێت رەشمان لێ بکاتە سپی و سپی بکاتە رەش و هەنـدێ جـاریش خۆڵەمێشیی!

(گوتاری مێدیایی نێودەوڵەتیی) بە سـەرجەم نـاوەڕۆك و فۆڕمەکانیـەوە بایـەخێکی بەرچـاوی لای بڕیاربەدەسـتەکان هەیـە و (وشـە، وێنـە، جووڵـە) رایگشتی دروست دەکەن و فاکتـەری سـەرەکی جوڵانـدنی نەتـەوە و گـەلانی جیهانە، کەواتە جێی خۆیەتی لە نهێنی ئـەم پێکهاتـە مێدیاییـە جیهانییـە و ئاسـەوارەکانی بکۆڵینـەوە و کنـەی ئـامرازە شـاراوەکانی بکـەین و بـەدوای سیاسەتەکان و ئاسەوارە جۆراوجۆرەکانی لەسەر تاك و کۆمەڵگە و دەوڵەت بگەڕێین.

ئەگـەر دیـاردەی پەیوەنـدیکردن و کۆمنیکەیشـن بـە رادەی کـۆنی مرۆڤایـەتیی تەمـەنی هـەبێت، بـەڵام توێژینـەوە جددیـەکانی ئـەم بـوارە

تاڕادەیەك نوێیە، ئەم توێژینەوانەش زانایانی بواری سیاسەت و کۆمەڵناسی و مێژوو و دەرونناسی و زمان و میدیا پێی هەستاون و شرۆڤەیان کردووە، لەو ناوانەش کە لەم بوارەدا بەشدارییەکی چالاکیان هەیە و تێروانینی جۆراوجۆریان خستۆتە روو: " لازویل، لازارفیلد، کورت لوین، کانتریل، شانون ویڤەر، هوفلاند، ستوفەر بیلسۆن، ناعوم چۆمسکی" و چەندانی دیکە، کە سەدان لێکۆڵینەوەیان خستۆتە نێو کتێبخانەی مرۆڤایەتییەوە و بە دەیان تیۆر و تێڕوانینی جۆراوجۆری لێکەوتۆتەوە، هەر رۆژێکیش توێژەران لایەنێکی شاراوەی ئەم پڕۆسە کاریگەرە دەدۆزنەوە و تیشکی زیاتری دەخەنە سەر.

لەسەر زەمینەی واقیعیش ئامرازەکانی پەیوەندیکردن لە سینەما و رۆژنامەگەریی و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت گشت سنورەکانیان بەزاندووە و بە بێ ڤیزاو مۆڵەت خۆیان دەکەن بە گشت کون و قوژبنێکدا، تەکنەلۆجیای پەیوەندیکردنیش یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی زاڵبوونی میدیایی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە سیستمی پەیوەندیکردنی وڵاتێك لە لایەنی ناوەرۆك و موڵکداریێتی و دابەشکردن بکەوێتە ژێر رەحمەت و دەسەڵاتی وڵاتێکی دیکەوە، بەبێ ئەوەی لایەنی دووەم بتوانێت هیچ جۆرە کاریگەرییەکی ئەوتۆی هەبێت.

ئەمرۆ ئامرازەکانی میدیا بە رێژەی جیاجیا بوونەتە پێداویستییەکی حەقیقی و حەتمی زۆرینەی دانیشتوانی گۆی زەوی، هاوشان لەگەڵ پێداویستییەکانی شوێنگە و خۆراك و دەرمان، دەستەواژەکانی وەك مافی

پەیوەنـدیکردن دەبیسـتین و دەبیـنین و دەربـارەی دەخوێنینـەوە، وەك مـافێکی داواکـراو لـە لایـەن ڕێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان و کۆمەڵـە و ڕێکخراوەکانی تایبەت بە مافەکانی مرۆڤ.

کەواتە مێدیای نێودەوڵەتی بە ئامڕازە جیاجیاکانی بۆتە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگر و پێویستییەکی حەتمیی، ئێمە لە ژێر کاریگەریی و کاردانەوەکانیدا دەژین، کەناڵە ئاسمانییەکان لە نێو جەرگەی ماڵەکانمانـدا هەسـت و سـۆز و ڕەفتارەکانمانیـان داگـیر کـردووە و لەگـەڵ خۆیانـدا ئایـدۆلۆجیا و شـێوازی دیکەی ژیان و ڕەفتارە نامۆکان و ئـەوەی بشـێ و نەشـێت بۆمـان دەهێـنن، ئاژانسـەکانی دەنگوبـاس، مانگـە دەسـتکردەکان، ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان، ئینتـەرنێت و تـۆڕە کۆمەڵایەتیـەکان وەك ئـامرازێکی ئەفسـوناوی و دوا داهێنانی مرۆڤ لە گەشەکردنێکی شێتانەدایە و هەر ڕۆژەی بە ڕەنگێـك خـۆی نمایش دەکات، دەزگا مێدیاییەکانی دیکە بە شێوەیەکی گشـتی دونیاکـەیان بە تەواوی لێ تەنیوین، هەر بۆیە ئامرازەکانی کۆنترۆڵکردن ئەمرۆکـە گـۆڕاون لە بەکارهێنانی هێزەوە بۆ ئـامڕازی دیکـە و مێـدیای جێگـرەوە پەیـدا بـوە، خوێندنەوەیـەك بـۆ ئامـار و ژمارەکـانی ئـەم بـوارە ئامـاژە و مـەدلولی مەترسیدارمان پێ دەڵێن سەبارەت بە ناهاوسەنگی مێدیایی و سـەبارەت بـە بەزاندنی ژیانی تایبەت و سەروەریی وڵاتان، لە ژێر پـەردەی جیهانگـەرایی و کرانەوەی مێدیایدا خەڵکی ناچار دەکرێت تەنها زمانێك بکەنە زمانی ئاخاوتن (ئینگلیـزی) و بینینـی تاکـە وێنەیـەك (هۆلیـود) و خـواردنی هـەمان خـۆراك (هەمبـەرگر) و لـە هـەمان خواردنگـەش (مەکدۆناڵـد) و چـەندانی دیکـە لـە

دیاردەكانی جیهانگەرایی ئابوریی و میدیایی و فیكریی و لە ژێر دروشمی سیستمێكی نوێی جیهانیی و كۆتایی مێژووو!

لێرەوە جێی خۆیەتی قسە لەسەر ئەم دیاردەیە بكەین و كنەی هۆكار و ئاسەوارەكانی بكەین، چونكە یەكدەنگییەك لەسەر ئەوە هەیە كە ئامرازەكانی مێدیا كاریگەریی دروست دەكەن، بەڵام تا چ رادەیەك و بەچ شێوەیەك و فاكتەرەكانی چین، ئەمەیە كە مشتومری لای توێژەران و شارەزایان دروستكردووە، ئەم جیاوازییە پاڵنەرێك بووە بۆ توێژەران و شارەزایان كە هەستن بە ئەنجامدانی لێكۆڵینەوەی جۆراوجۆر، ئەم بەرهەمەش بەشێكە لە بەشداریی و دەوڵەمەندكردنی ئەم بوارە و ئومێد دەكەم شتێكم كردبێ بە شتێك.

جێی خۆشیەتی سوپاسی سەنتەری زەهاوی بكەم كە ئەركی لە چاپدانی ئەم بەرهەمەیان گرتە ئەستۆ، ئەوە بۆ من شانازییەكی گەورەیە.

د. یەحیا عومەر رێشاوی
yahya.fatah@spu.edu.iq

# بەشی یەکەم

# بنەماکانی گوتاری کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی

- باسی یەکەم: چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی
- باسی دووەم: شێواز و پێکهاتەی کارکردنی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی
- باسی سێیەم: گرفت و کێشەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی

# باسی یەکەم
# چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی

## باکگراوندێکی مێژوویی:

✍ مێژووی کۆمنیکەشن و پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکان بۆ سەرەتای مرۆڤایەتیی و بۆ ئەو ساتەی خوای گەورە مرۆڤی لەسەر ئەم زەوییە کردە جێنشینی خۆی دەگەڕێتەوە، مرۆڤ ناتوانێت و نەیتوانیوە هەرگیز بەبێ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا بژی، جا ئەگەر ئەو پەیوەندییە لەگەڵ خودایەکی پەرستراودا بێت یان مرۆڤێك بێت لە گەڵیدا ژیابێت یان ئەو سروشتەی کە لە ئامێزی گرتووە، یاخود هەر شتێکی تر کە پەیوەندییەکی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەگەڵ مرۆڤدا هەبێت، چونکە پەیوەندیکردن پێداویستییەکی سروشتیی و خۆڕسکی مرۆڤە وەك پێویستیی بە ئاو و هەوا، بەدرێژایی مێژوو هیچ شارستانیەتێك دروست نەبووە بەبێ بنەمایەکی پەیوەندیکردن و کۆمنیکەیشن و ئاڵوگۆری شارەزاییەکان.

لە کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە سەرەتاییەکاندا کۆمنیکەیشن تێرکەری پێداویستییەکی خۆڕسك و سروشتی و ئاینیی بووە لای مرۆڤەکان، (فیرعەونەکانی میسر فەرمانەکانیان ئاڕاستەی ئەو شوێن و جێگایانە دەکرد کە حوکمڕانیان دەکردن، هەروەها فەرمانیان دەکرد کە ئەو ڕێنمایی و فەرمانانە بەسەر دیواری پەرستگاکانەوە هەڵبواسرێن، جگە لە مە هەواڵە سەربازیی و وەرزشیی و شانۆییەکانیان تێدا بڵاو دەکردەوە، هەروەها جۆرە کۆمنیکەیشنێك لای یۆنانییەکان هەبووە کە بریتی بووە لە بڵاوکردنەوەی

هەواڵـەكان لـە گۆڕەپانـە گشـتییەكاندا)[1]، لـە دێـر زەمانیشـەوە كۆمەڵگـە مرۆڤایەتییەكان پشتیان بەستووە بە پەیوەندی راستەوخۆی نێوان تاكەكان، دەوترێت فارسەكان بڵندگۆی تایبەتیان لـە دوریـی یەكسـانەوە دامەزرانـدبوو كـە كەسـانێكی سـەدابڵندیان لەسـەر دانـابوو، یـەك لـە دوای یـەك هاواریـان دەكـرد تـا هەواڵەكـە دەگەیشـتە شـوێنی مەبەسـت، هـەروەها هیندییـە ئەمریكییەكان نیشانەی ئاگریـان لـە شـەودا بـەكاردەهێنا، كاتێـك كەسـێكی نامۆیان بەدی بكردایە یاخود كاتێك نەهەنگێك لە قەراغی دەریا دەردەكەوت، هــەروەها دوكەڵیشــیان بــۆ ئامــاژە بــە نزیكبوونــەوەی مەترســی لــە رۆژدا بەكاردەهێنا.[2]

رێنمـایی و كتێبـە ئاسمانییـەكانیش جۆرێـك بـوون لـە جۆرەكـانی پەیوەندیكردن و كۆمنیكەیشن لەگەڵ جەماوەرەكەیاندا و بەردەوام رێنماییان دەكـردن بـۆ كـاری چـاكە و دووركەوتنـەوە لـە خراپـە، هـەروەها قورئـان و ئینجیل و تەورات چەندین نووسینیان تێدایە كـە دەكرێـت وەك نموونەیـەكی جوان بۆ پەیوەندیكردنی نێوان خودا و بەندەكانی ئامازەیان پێ بـدرێت، بـۆ نموونــە لــە قورئــانی پــیرۆزدا چــەندین ئایــەت • هــاتووە كــە بــاس لــە

---

[1] خليل صابات، وسائل الاتصال – نشأتها و تطورها (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة التاسعة، ٢٠٠١) ل ٧.

[2] الفن توفلر، حضارة الموجة الثالثة، ترجمة: عصام الشيخ قاسم (ليبيا: الدار الجماهيرية للنشر والتوزيع والإعلان، الطبعة الأولى، ١٩٩٠) ل٤٣.

• وەك ئايەتی: (يا أيها الناس إنا خلقناكم من ذكر و أنثى وجعلناكم شعوبا و قبائل لتعارفوا إن أكرمكم عند الله اتقاكم إن الله عليم خبير) الحجرات ١٣.

لێکتێگەیشتن و پێکەوەژیانی نێوان گەلان دەکات، لە "عەهدی نوێ ـ العهد الجید" لەسەر زمانی عیسا سەلامی خوای لێ بێت وشە کۆتاییەکانی تێدایە کە هانی هاوەڵانی دەدات کە کۆچ بکەن و بڕۆن بۆ هیدایەتدانی گەلان و فێرکردنیان، لە سەر دەمی هەژموونی کلێسا بەسەر هەردوو دەسەڵاتی دونیایی و دینیدا لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەبینین شانۆکان بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە، هەندێکشیان بە تەنیشت کلێسا و پەرستگاکانەوە دروست کراون، هەندێ لێکۆڵینەوەی دەستنووسە مێژووییەکان ئەوەیان دەرخستووە و سەلمێنەری ئەم راستییە مێژووییەن.[١]

هەروەها فەیلەسوف و زانایان کاریان بۆ ئەوە دەکرد کە بیرۆکەکانیان بگەیەننە خەڵکی لە رێگەی ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی وەك کتێب و نامە و کۆڕی جەماوەریی، هەربۆیە دەبینین بۆچوون و تێڕوانینی فەیلەسوفەکان لە یۆنان (بۆ نموونە) بە ئاشکرا بۆ خەڵکی بڵاو دەکرانەوە و لە سەر بابەتە فەلسەفیی و فیکریی و ئەدەبییەکان کتێبیان دەنووسی و سودیان لەم ئامرازی گەیاندنانە وەردەگرت بۆ دەربڕینی ئەوەی بە راست و دروستیان دەزانی، ئەو بۆچون و تێڕوانینانەیان گەیشتە ئێمە و تا ئەم ساتانەش کاریگەریی خۆیان هەیە، هەر بۆیە کە هەندێك لە بۆچوونەکانی ئەرستۆ و ئەفلاتۆن دەخوێنیتەوە دەڵێی بۆ ئەم سەردەمە نووسراون، سات بەسات بە

---

[١] أحمد بدر، الإعلام الدولي ـ دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية (القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، ١٩٩٨) ل٧، و عبدالعزيز الناصري، الإعلام وتفعيل دور الأمة (مجلة النبأ، العدد ٤٢، شباط ٢٠٠٠) ل٣٣.

ململانێکانی نێوان رۆمان و یۆنانییەکان ئاشنا دەبیت، ئەمەش هەمووی بە هۆی تۆمارکردن و گواستنەوەی رابردوو بۆ ئێستا و ئێستاش بۆ داهاتوو، هەندێك پێیان وایە کە رۆژنامەگەریی لە سەردەمی رۆمانییەکان کۆنترین جۆری رۆژنامەگەرییە لە مێژوودا، چونکە ئەوان بڵاوکراوەی نوسراوویان دەردەکرد تا خەڵکی بیانخوێننەوە، لەوانەش: ACTA PIURMA و ACTA PUBLICA و ACTA SENATUS.[1]

لەگەڵ ئەمانەشدا (سەرکردەی سوپاکان و بازرگانەکان و مژدەدەرەکان هەوڵیانداوە زمانی ئاخاوتنی خۆیان بەسەر ئەو وڵاتانەی دەکەونە ژێر دەسەڵاتیانەوە زاڵکەن تا بێتە زمانی نوێی ئەو گەلانە)[2]، مێژوونووسان پێیان وایە کە (هەواڵی نووسراو بۆ یەکەمین جار ساڵی ١٢٧٥ لە ئینگلتەرا دەرکەوتووە، هەروەها شاری ڤینیسیا سەنتەرێکی گرنگی کۆکردنەوەی ئەم هەواڵانە بووە، چونکە لەگەڵ دەرکەوتنی وەك سەنتەرێکی بازرگانیی ناوبانگێکی باشی هەبووە، ئەم هەواڵانەش ترسێکی لای دەسەڵاتدارانی ئەو کاتە دروست کرد و کەوتنە سزادانی نووسەران و بڵاوەپێکردنیان و زیندانی کردن و لە سێدارەدانیان، بەڵام تۆقاندن نەیتوانی سنوورێك بۆ ئەم بڵاوکراوانە دابنێت، هەربۆیە لە کۆتاییدا دەسەڵاتداران بە واقیعەکە ڕازیبوون

---

[1] زیاد أبو غنیمة، السیطرة الصهیونیة علی وسائل الإعلام العالمیة (الأردن: دار عمار للنشر والتوزیع، الطبعة الثانیة، ١٩٨٩) ل٢١.

[2] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجیا الحدیثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٠٢.

و کەوتنە خۆنزیککردنەوە لە خاوەنەکانیان و تەنانەت کڕینیشیان)[1]

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە کۆمنیکەیشن هەمیشە و بەردەوام پێداویستییەکی غەریزیی مرۆڤ بووە و هەرگیز لێی جیا نەبۆتەوە، بەڵکو هەندێك پێیان وایە ئەم پێداویستییە قوڵترە لە پێداویستییە سروشتییەکانی وەك خۆراك و نیشتەجێبوون، کە ئاتاجیەتی بە پەیوەندیکردن بە هاوشێوەکانییەوە لە مرۆڤەکان، ئەم ئارەزووە حەتمییەش بۆ پەیوندیکردن بنەڕەتییە و فاکتەری مانەوەی شارستانییەتەکانە، کاتێك مرۆڤ ویستی بزانێت راوبۆچوون و تێڕوانینی کەسانی دیکە چییە، زانین و تێکەڵبوون بە کەسانی دیکە بوو بە خولیا و بەشێکی دانەبڕاو لە کەسایەتی، لە پێناو ئەمەشدا قوربانیی زۆری داوە، تا لایەنە جۆراوجۆرەکانی شارەزایی و زانیارییەکان بزانێت و دواتریش دروستکردنی جۆرێك لە پێکگەیشتن و کۆمنیکەیشن.[2]

کەواتە پەیوەندیکردن و حەزکردن بە زانین و گەڕان بەدوای زانیارییەکاندا هەرگیز لە مرۆڤ جیانەبۆتەوە، ئەوەی تەنها رویداوە ئامرازی پەیوەندیکردنەکەیە، کە لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بۆ نموونە لە کۆندا (دەنگۆ و هەڵکۆڵین لە سەر بەرد و

---

[1] أحمد بدر، الإعلام الدولي دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٨

[2] أدوين أمري و آخرون، الاتصال الجماهيري، ترجمة: إبراهيم سلامة إبراهيم (المجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠) ل١٧، هەروەها شوان ئادەم، کورد و پرۆسەی پەیوەندیکردن (گۆڤاری "رایەن"، ژمارە ١١، ٢٠٠٤) ل٧٠.

درەختــەکان و دانــانی بڵنــدگۆ لــە پەرســتگا و گۆڕەپانــە گشــتییەکاندا و ئاگرکردنــەوە و کۆکردنــەوەی هــەواڵ و زانیــاریی لــە لایــەن بازرگانەکانــەوە، بانگەوازکەران کە بە نێو شار و لادێکاندا دەهاتن و دەچـوون و هەواڵــەکانیان بڵاودەکــردەوە و فەرمانــەکانیان دەگەیانــدە خــەڵکی، ئــەوە جگــە لــە ئامڕازەکانی پەیوەندیکردنی کەسیی و وتاربێـژیی و شـیعر و چـەلەحانێ)[1]، بـەڵام ئـەمڕۆ مـرۆڤ شـێوازی دیکـە بـۆ پەیوەنـدیکردن بـەکاردەهێنێت کـە گۆڕانکاری ریشەیی بەسەردا هاتووە.

شارستانییەتە کۆن و کولتوورەکان بە یەکدی دەگەیشتن جا لـە رێگـەی ئاشـتی و پەیوەندییــە جۆراوجۆرەکانــەوە بێــت یــان لــە رێگــەی شــەڕ و جەنگەکانــەوە، کۆمەڵگــەی مرۆڤایــەتیش ئاتــاجی ئــاڵوگۆڕی شــارەزایی و زانیاریی و زانینی ئـەو شـتانەیە کـە لای کەسـانی دیکەیـە، رەنگـە یەکـەمین شـێوازی پەیوەنـدی چـاپکراویش لـە مێـژوووی مرۆڤایەتیـدا بگەڕێتـەوە بـۆ ئیتاڵیــا ســاڵی (٥٩ پ.ز)، کاتێــك نێردراوەکــان هەواڵــەکانیان لــە رێگــەی بڵاوکراوەکانەوە بڵاودەکردەوە و رووداوی رۆژانەی لە خۆ دەگرت، دواتـریش لە شوێنە گشتییەکاندا هەڵدەواسران و لە ئەرشـیفدا دەپـارێزران و بەڵگـەش هەیە لە سەر ئەوەی ئـەو بڵاوکراوانـە کـۆپی دەکـران و دەگەیەنرانـە شـوێنە دوورەکان.[2]

---

[1] صالح ذياب هندي، أثر وسائل الإعلام على الطفل (عمان: دار الفكر، الطبعة الثالثة، ١٩٩٨) ل٢٨.

[2] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٧٣.

لـه سـەردەمی نوێشـدا ڕۆژنامـە و گۆڤارەکـان و ڕادیۆکـان و بڵاوکـراوە دیوارییـەکان و کەناڵـە ئاسمانیـەکان و ماڵتیمێـدیا دەرکـەوتن، یەکـەمین ئامرازیش کە لە سەر ئاسـتێکی بـەرفراوان دەرکـەوت ڕۆژنامـەکان بـوون کـە گەشەسەندنیان دەگەڕێتەوە بۆ (دەرکەوتنی چینێکی نوێ لە کۆمەڵگەدا کـە بە چینی بۆرژواز ناسرابوون، ئەمانەش دەیـان ویسـت گۆڕانکارییـەکانی نێـو وڵاتـی خۆیـان و وڵاتـانی دیکـە بـزانن، ئـەوروپا وردە وردە خـەریك بـوو لـە دواکەوتن و خەوی چەند سـاڵەی سـەدەکانی ناوەراسـت بێـدار دەبوویـەوە و هێـدی هێـدی زانسـت و هونـەر و ئـەدەب گەشـەیان سـەند و بوارەکـانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە پەرەیان سەند و گیانی ڕەخنـەگرتن گەشـەی کـرد، هەر بۆیە دەبوو ئەو بیرۆکە نوێیانـە بگاتـە خـەڵکی، باشـترین ئـامرازیش بـۆ ئەمە ڕۆژنامەکان بوون، داهێنانە مەزنەکەی "گۆتەنبـەرگ"یش (چاپەمەنی) لە ساڵی ١٤٣٦ زیـاتر ڕێگـەی بـۆ ئـەم گەشەسـەندنە خۆشـکرد و وردە وردە کاغەزە کۆپیکراوەکان نەمان).[1]

هـەر بۆیـە کاریگـەریی ڕۆژنامەگـەریی لـە سـەر زیـادکردنی هۆشـیاریی و ڕۆشنبیریی بـۆ چـەندین سـاڵ بـەردەوام بـوو، ڕۆشـنبیران و سیاسـییەکان و جەماوەریش بەشـێوەیەکی گشـتی بایـەخێکی زۆریـان پـێ دەدا، تـا هەنـدێ ئـامێریی مێـدیایی نـوێ وەك ڕادیـۆ و تەلـەفزیۆن و سـینەما دەرکـەوتن و کاریگەریی ڕۆژنامەی چاپکراویان کەمکردەوە، هەرچـەند کاریگـەریی هێشـتا

---

[1] خلیل صابات، وسائل الاتصال – نشأتها و تطورها (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٤٧– ٤٨.

هەر ماوە، پاش داهێنانی چاپخانە (دوو گەشەسەندن رویاندا، یەکەمینیان بەکارهێنانی ئامێری دروستکردنی کاغەز لە سەدەی هەژدە، کە کاری بەرهەمهێنانی لە سەر ئاستێکی بەرفراوان زیاد کرد و کاغەز بە قەبارە و شێوازی دیاریکراو دەبڕدرا، کە بویە هۆی هەرزانبوونی، داهێنانی دووەم دەرکەوتنی چاپخانەی هەڵمیی بوو، کە یەکەمین ئەلتەرناتیڤی دەستی کار بوو، هەروەها سێ داهێنانی دیکە گەشەیان بە پرۆسەی پەیوەندیکردن و کۆمنیکەیشندا، یەکەمیان: گەشەدان بە تۆڕی گواستنەوە و ڕێگاوبان کە بویە هۆی ئاسانکردنی گواستنەوەی ڕێژەیەکی باش لە رۆژنامەی چاپکراو بۆ ئەو کەسانەی لە دەرەوەی شارە گەورەکان دەژیان، دوەمیان: تێلیگرافیش دۆزرایەوە کە پەیوەندیەکانی ئاسان و کورتتر و خێراتر کرد، داهێنانی سێیەمیش: سیستمی ناردنی دەنگ بوو لە ڕێگەی تەلەوە).[1]


لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا مرۆڤ رادیۆی داهێنا، و ئامێرە هەرزان و کەم مەسرەفەکان گەشەیان کرد کە زۆربەی خەڵکی دەیان توانی دەستی بخەن و خەڵکی توانیان گوێ لەو پەیامانە بگرن کە لەم ئامێرانەوە دەردەچون و بۆ هەزارەها کەس لە کون و قوژبنە جیاجیاکانی جیهاندا پەخش دەکران، سەرەنجام کولتور و فەرهەنگە جیاوازەکان لە یەکدی نزیکبوونەوە و راستەوخۆ ئاڵوگۆری زانیارییەکان دەکرا، هەروەها توانای

---

[1] جون.ر.بيتنر، الاتصال الجماهيري – مدخل–، ترجمة: د.عمر الخطيب (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٧) ل ٢٧ – ٢٨.

کـامێرا لــه وێنــه‌گرتنی وێنــه جوڵاوه‌کانــدا پــه‌ره‌ی پێـدرا و هه‌نـدێ ڕێگـه دۆزرانه‌وه بـۆ سـود وه‌رگـرتن لـه جووڵـه و ده‌نـگ لـه سـه‌ر شـریت و فیلمـی سینه‌مایی و گۆڕانکاری گه‌وره روویاندا.[1]

ئه‌م هێڵكارییه‌ی خواره‌وه‌ش باس له گه‌شه‌سه‌ندنی زانیارییـه‌كان ده‌كات لـه نووسـینی "هێرۆگلیفی"یـه‌وه بـۆ ده‌ركـه‌وتنی چـاپخانه و كۆمپیوتــه‌ر و سه‌رجه‌م داهێنانه‌كانی دیكه‌ی مرۆڤ:[2]




هه‌ر بۆیه هه‌ر دوو سه‌ده‌ی (١٩ و ٢٠) به‌ڕاستی سه‌رده‌می گه‌شه‌سـه‌ندنی ته‌كنـه‌لۆجیای په‌یوه‌ندیكردنـه، ئـه‌وه‌ی لـه‌م دوو سـه‌ده‌یه‌دا رویانـداوه لـه گۆڕانگـاریی و گه‌شه‌سـه‌ندن لـه هــه‌ر دوو ئاسـتی چـه‌ندێتیی و چـۆنییه‌تی بەئه‌نـدازه و زیـاد لـه سـه‌رجه‌م سـه‌ده‌كانی پێشـتره، له‌گـه‌ڵ گه‌شه‌سـه‌ندنی رۆژنامه‌گه‌ریی و ده‌ركه‌وتنی ته‌له‌فزیۆن و رادیۆ گه‌شه‌یه‌كی خێرا بـه جیهـانی سینه‌ماوه بینرا، یه‌كه‌م داهێنانیش له سه‌ر ده‌ستی (ئه‌دیسۆن) بوو له بواری

[1] (سه‌رچاوه‌ی پێشوو) ل ٢٩.

[2] نبیل علي، الثقافة العربیة و عصر المعلومات(سه‌رچاوه‌یه‌كی پێشوو) ل ١٢٠.

سینەمادا و یـەکێك لـە یاریـدەدەرەکانی تـوانی بـۆ یەکـەمین جـار لـە سـاڵی (١٩٠٣) فیلمی (دزینی شەمەندەفەر) بۆ بینەران پـەخش بکات، دواتـر سـاڵی ١٩٢٦ فیلمی دەنگ و جووڵەئامێز دەرکەوت.[١]

جگە لە مە تەلەفزیۆن و رادیۆ گەشەی زۆر خێرایان بەخۆوە بینی، ساڵی ١٩٠٠ دەسـتکرا بـە بـەکارهێنانی تەلـەفۆنی بێتـەل و سـاڵی ١٩١٥ یەکـەمین دەنـگ لــە رێگــەی دەریــاوە بڵاوکرایــەوە و ســاڵی ١٩٢٧ خزمــەتگوزاریی تەلەفۆنی بازرگانیی خرایە کار، لـە چـلەکانی سـەدەی پێشـوو رادیـۆ تـوانی بڵاوکـراوە هەواڵییـەکان راسـتەوخۆ لـە ئـەورووپاوە بگەیەنێتـە گـوێگرانی لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا، سـاڵی ١٩٦٢ تـوانرا یەکـەمین بەرنامـەی تەلەفزیۆنیی لە نێوان ئەورووپا و ئەمریکادا لە رێگـەی مـانگی دەسـتکردەوە ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت و پاشان ئینتەرنێت و ئـامێرە زیرەکـەکان دونیایـان بـە تــۆڕێکی جالجالۆکــەیی بەســتەوە و شۆڕشــی پەیوەندییــە ئاسمانییــەکان دەستپێکرد[٢].

---

[١] أدوین أمري و آخرون، الاتصال الجماهیري (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٨٨ – ٨٩.

[٢] (سەرچاوەی پێشوو) ل٩١ – ٩٢.

## چەمکی کۆمنیکەیشن:

هەرچەند لە نێوان مییدیاکاراندا دەستەواژەی (مێدیا – راگەیاندن) زیاتر باوە، بەڵام پسپۆڕانی بواری مێدیا و ئەکادیمییەکان دەستەواژەی (کۆمنیکەیشن)یان بەلاوە پەسەندترە، چونکە گشتگیرتر و وردترە، وشەی کۆمنیکەیشن ریشەکەی دەگەڕێتەوە بۆ بنەچە لاتینیەکەی (Commons) کە ئەویش بە مانای باو یاخود بڵاوی دەکاتەوە هاتووە، لە زمانی عەرەبیدا بە واتای دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ لایەنەکانی پرۆسەی پەیوەندیکردندا دێت، کۆمنیکەیشن لە زمانی عەرەبیدا لە (سەرچاوەی فرمانی (وصل) دەرهێنراوە کە بە دوو مانا دێت: پێکەوە لکانی دوو کیان ، یان دوو کەس کە پێچەوانەی دابڕان و لێکجیاکرنەوە و دوورخستنەوە دێت، ماناکەی دیکەی بە واتای گەیشتن بە ئامانجێك دێت، کەواتە کۆمنیکەیشن لە بنەڕەتدا بە مانای گەیشتن دێت، پەیوەندیش گەیشتنە بە ئامانجێك پاش پێك گەیشتن).[1]

دیارە لە نێوان هەر دوو دەستەواژەی (مێدیا) و (کۆمنیکەیشن) جۆرێك لە تێکەڵیی لای زانایان و توێژەران و لە دوو توێی سەرچاوە ئەکادیمییەکاندا هەیە، هەر بۆیە هەندێ جار لە بری دەستەواژەی مێدیا بەرفراوان دەکرێت و بە مانای کۆمنیکەیشن دێت، هەندێ جاریش قەتیس دەکرێت لە ئامڕازەکانی مێدیادا بە بێ ئەوەی باس لە چەمکەکانی نزیکی بکرێت، هەشە لە بری مێدیا کۆمنیکەیشن و لە بری کۆمنیکەیشن مێدیا بەکاردەهێنێت، هەروەها هەندێ

---

[1] محمد منير سعد الدين، دراسات في التربية الإعلامية (بيروت: المكتبة العصرية، الطبعة الأولى، ١٩٩٥) ل ١١

جار له سەرچاوە مێدیاییەکاندا لە نێوان هەر دوو دەستەواژەی مێدیا و زانیاریی تێکەڵیی کراوە.[1]

جاران راگەیاندن Information زیاتر (لەنێوان مێدیاکاران و کارەکتەرانی نێو ئامرازە مێدیاییەکان لە رادیۆ و تەلەفزیۆن و رۆژنامە و سینەمادا بەکار دەهێنرا، چونکە جەخت زیاتر لە مەسەلەی مێدیا و زانیاریی وەك ناوەرۆك دەکرایەوە، گشت بەڵێننامە نێودەوڵەتییەکان و مامەڵەی پیشەییانە و رەفتاری رۆژانە لە سەر بنەمای (مێدیا) بوونیادنرا، بەڵام هەندێ زانای وەك (جان دارسی) هەڵمەتێکیان بۆ داننان بە مافی کۆمنیکەیشن خستەگەڕ Right To Communication، چونکە کۆمنیکەیشن قووڵتر و فراوانترە و لە بەرئەوەی هەندێ داهێنان هاتنەکایەوە کە پێشتر بوونیان نەبوو، بۆ نموونە کۆمپیوتەر و مانگە دەستکردەکان.

وەك ئاماژەمان پێدا (جان دارسی) سەرۆکی پەیمانگەی نێودەوڵەتی کۆمنیکەیشن یەکەم کەس بوو کە (هێڵە گشتییەکانی "مافی کۆمنیکەیشن"ی دارِشت و ئەم مافەش لە میانەی هەندێ مافی دیکەی وەك مافی مرۆڤ، بە مانای ئەوەی مافی ئەوەت هەبێت (گوێ بگرێت و گوێی لێ بگیرێت) و (بزانێت و زانیاری پێ بدرێت)، هەندێ لە زانایان پێیان وایە کە مافی کۆمنیکەیشن

---

[1] عاطف عدلي عبيد، مدخل إلى الاتصال والرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل١١، و أيضا، سمير محمد حسين، الإعلام و الاتصال بالجماهير و الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١.

مافێکی بنەرەتی مرۆڤەکانە، هەندێ ماف و ئازادی دیکەی لێ دەبێتەوە وەك ماف زانین و ئازادی رادەربڕین و ئازادی راوبۆچوون). [1]

کۆمنیکەیشن بە مانا فراوانەکەی بە واتای گواستنەوەی راوبۆچوون و سەرنج و زانیاریی لە نێوان تاك و کۆمەڵەکان، لە هەر کۆمەڵگەیەکدا چەند شێوازێك لە خۆ دەگرێت، بەڵام مێدیا دەرەنجامی ئەو شتەیە وەك هەواڵ و داتا و ناوەڕۆکی دیکەی وەك چالاکییە رۆشنبیرییەکان، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو جۆرە مێدیایەك جۆرێکە لە جۆرەکانی کۆمنیکەیشن، بەڵام مەرج نییە گشت کۆمنیکەیشنێك مێدیا بێت. [2]

مێدیا شێوازێکە لە شێوازەکانی کۆمنیکەیشن، چونکە لقێکە لە لقەکانی تێکەڵبوون کە لە رێگەیەوە هێما بەکاردەهێنرێت کە بە شێوازی جووڵە و وێنە و هەڵکۆڵین و وشە یان هەر شتێکی دیکە، کۆمنیکەیشن بوارەکەی فراوانە کە سەرجەم بوارەکانی هونەر و پەروەردە و فێرکردن و پڕوپاگەندە و جەنگی دەروونیی و لایەنەکانی کات بەسەربردن و ریکلام و بانگەشەی سیاسیی و رەواجدانی بازرگانیی لە خۆدەگرێت، کۆمنیکەیشن پەیوەستە بە پێکەوە خرۆشانی مرۆڤایەتیی و گشت شێوازەکانی دەربڕین کە لێکتێگەیشتنی نێوان مرۆڤەکان لە خۆدەگرێت، بەوەش جیادەکرێتەوە کە پرۆسەیەکی ئامانجدارە بە پلەی یەکەم و هاوکاریمان دەکات بۆ چاودێری و

---


[1] مصطفى المصمودي، النظام الإعلامي الجديد (الكويت: سلسلة عالم المعرفة، ١٩٨٥) ل ١٢٢ – ١٢٣.

[2] على محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٨.

کـۆنترۆڵکردنی ژینگـەی دەوروبـەرمان، زانسـتی کۆمنیکەیشـن تێکـەڵ بـە زانستی کۆمەڵناسی و سیاسیی و ئابوریی و پەروەردەیی دەبێت.[1]

لەلایەکی دیکەوە پرۆسەی کۆمنیکەیشـن لانـی کـەم پێویسـتی بـە پێـنج رەگـەز هەیـە (سەرچـاوە، پـەیام، ئـامراز، جـەماوەر، ئامـانج)، سـادەترین مۆدێلیش بۆ روونکردنەوەی ئەم پرۆسـەیە مـۆدێلی (شـانۆن و وێڤـەر)ە بـەم شێوەیەی خوارەوە:[2]

**پەیام یان ئاماژە**




---

[1] صـالح ذیـاب هنـدي (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل ٢٤ – ٢٨، و روژنامەگـەری و روژنامـەی هاوچەرخ، گۆڤاری روژنا مەنووس، گۆڤارێگە له لایەن سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستانەوە دەردەچێت، ١– ٢٢/٤/٢٠٠٤) ل٢٢١.

[2] أحمد بدر، الاتصال بالجماهیر بـین الإعـلام و التطویـع و التنمیـة (القـاهرة: دار قبـاء للطباعـة والنشر والتوزیع، ١٩٩٨) ل٤٤، هـەروەها: سمـیر محمـد حسـین، الإعـلام و الاتصـال بالجمـاهیر و الرأي العام(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧١ .

## مۆدێلی (شانۆن و ویڤەر) بۆ پرۆسەی کۆمنیکەیشن

وشەی میدیاش لە زمانی عەرەبیدا لە (بنەچەی "عَلِمَ"ەوە هاتووە ، دەوترێت عَلِمَ الشّيءَ، واتە زانی، و (أعْلَمَ) واتە پێی راگەیاند).[1] بەڵام تا ئەم ساتانەش و لەگەڵ زۆری نووسین و لێکۆڵینەوەکان سەبارەت بە میدیا و کۆمنیکەیشن و جەختکردنەوەی زانایان لە سەر ئەوەی دەستەواژەی کۆمنیکەیشن پڕماناتر و گشتگیرترە، بەڵام تەنانەت ئەوانەش کە لە بواری میدیادا کاردەکەن هەر دەستەواژەی میدیا بەکاردەهێنن، ئەو کەسەش کە لەم بوارەدا کاردەکات پێی دەوترێت (میدیاکار)، سەرچاوەکانی تایبەت بە بابەتەکانی کۆمنیکەیشن پێیان دەوترێت سەرچاوەکانی بواری میدیا، تەنانەت بەشە ئەکادیمییەکان و وەزارەتەکان پێداگرن لە سەر بەکارهێنانی میدیا لە بری دەستەواژەی کۆمنیکەیشن. وەك سەرجەم دەستەواژەکان لە زانستە مرۆڤایەتییەکان و کۆمەڵایەتییەکاندا دەستەواژەی (کۆمنیکەیشن)یش چەندین پێناسەی بۆ کراوە، تەنانەت توێژەرێك پێی وایە کە دەستەواژەی کۆمنیکەیشن نزیکەی (١٦٠) پێناسەی بۆکراوە: [2]

نووسەر عاتیف عەدلی عەبد لە کتێبەکەیدا (مدخل إلى الاتصال والرأي العام ـ دەروازەیەك بۆ کۆمنیکەیشن و رای گشتی) چەند پێناسەیەکی بە شێوەی زنجیرەی مێژوویی هێناوە، لەوانە: [3]

---

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث، (القاهرة: دار النشر للجامعات، ٢٠٠١) ل ١٥.

[2] عبد العزيز شرف، المدخل إلى وسائل الإعلام (القاهرة: دار الكتاب المصري، الطبعة الثانية، ١٩٨٩) ل.

[3] عاطف عدلي العبد، مدخل إلى الاتصال والرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٤ — ١٥.

* تشارلز كولی (١٩٠٩): ئـەو میكانیزمەیـە كـە لـە رێگەیـەوە پەیوەنـدی نێوان مرۆڤەكان پێ دەگات و گەشە دەكات.

* (ئیلبرس) (١٩٦٦): گواسـتنەوەی مانـا لـە كەسـێكەوە بـۆ كەسـێكی دیكە لە رێگەی نیشانە و ئاماژە و هێمای زانراو لای هەردوولا.

* ئیــبراهیم ئیمــام (١٩٦٩): هــەڵگری پرۆســەی كۆمەڵایــەتیی و ئــەو ئامرازەی كە مرۆڤ بەكاری دەهێنێت بۆ رێكخستن و بەردەوام بوون و گۆڕینی ژیـانی كۆمەڵایـەتیی و گواسـتنەوەی شـێواز و ماناكـانی لـە نەوەیەكـەوە بـۆ نەوەیەكی دیكە لە رێگەی دەربڕین و تۆماركردن و فێركردن.

* (ئەمیری و ئۆملت) (١٩٧١): هونەری گواستنەوەی زانیاریی و بیرۆكە و هەڵویستەكان لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە.

* جیهان رشتی (١٩٧٥): ئەو پرۆسەیەی كە تێیدا نێرەر و وەرگری پەیامێك پێكەوە تێكەڵ بەیەك دەبن و لە سەر مەسەلەیەكی دیاریكراو زانیاری و بیرۆكە ئاڵوگۆر دەكەن.

لـەم پێناسـانەوە و چـەندین پێناسـەی دیكـە، ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە زۆربەیان ناوەڕۆكیان لە یەكـەوە نزیكـە، و زۆربـەیان جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەكەنەوە كە پرۆسەی كۆمنیكەیشـن لـە پێـنج رەگـەز پێـك دێـت " نێـرەر، پەیام، ئامراز، وەرگر، كاریگەریی"، هەروەها دەربڕین لەم پرۆسەیە بە پێـی قۆناغـە مێژووییـەكان گۆڕانگـاری بەسـەردا هـاتووە، ئـەویش بـە هـۆی ئـەو بەرەوپێشچوونانەی كە بەسەر پرۆسەی كۆمنیكەیشن و ئەركەكانیدا هاتووە.

زانایان و شارەزایان بە چەندین شێواز کۆمینیکەیشنیان پۆلێن کردووە و ئاستی جۆراوجۆریان بۆ داناوە، هەندێك بە پێی جۆر و هەندێکی تر بە پێی ئاست یاخود پلەکەی پۆلێنیان کردووە، هەندێك بە پێی رادەی کاریگەرییەکەی لە سەر وەرگر، بۆ نموونە فرونالد ئەپلیوم Ronald Applaum پێی وایە کە ئاستەکانی کۆمنیکەیشن شەش ئاستن: [(١)]

١. کۆمنیکەیشنی خودیی Intra-personal communication

٢. کۆمنیکەیشنی نێوان کەسەکان Interpersonal communication

٣. کۆمنیکەیشن لەگەڵ کۆمەڵە بچووکەکان Small Groupcommunication

٤. کۆمنیکەیشن لە نێوان کولتورەکان Inter Cultural communication

٥. کۆمنیکەیشن لەگەڵ جەماوەر Public communication Or Pubic speaking

٦. کۆمنیکەیشنی نازارەکی Nonrerbal Communication

بە پێی ئامرازە بەکارهاتووەکانیش دەتوانین دوو جۆر لە کۆمنیکەیشن دیاری بکەین زارەکی و نازارەکی، بەپێی ئاراستەکەشی سێ جۆر لە کۆمنیکەیشن هەیە: [(٢)]

- کۆمنیکەیشنی داکشاو: کە لە نێوان ئیدارەکانی سەرەوە و خوارەوەدا ئەنجام دەدرێت.

---

[(١)] عاطف عدلي عبيد، مدخل إلى الاتصال والرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٦.

[(٢)] (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٦، و أيضا علي عجوة وآخرون، مقدمة في وسائل الاتصال (مكتبة مصباح، المملكة العربية السعودية، الطبعة الأولى، ١٩٨٩) ل٣٣.

- کۆمنیکەیشنی هەڵکشاو: ئەو کۆمنیکەیشنەی کە لە خوارەوە بۆ سەرەوە ئەنجام دەدرێت.
- هەڵکشاوی داکشاو: واتە ئەو شێوازە کۆمنیکەیشنەی کە لە نێوان هەردوولادا ئەنجام دەدرێت.

(بانیسون و رویش) پرۆسەی کۆمنیکەیشن بەسەر سێ شێوازدا دابەش دەکەن، ئەوانیش:[1]

أ- کۆمنیکەیشنی خودیی: مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا.

ب- کۆمنیکەیشنی کەسیی: کەسێك و کەسێکی دیکە.

ج- کۆمنیکەیشنی بە کۆمەڵ: لە نێوان هەزاران کەس.

هەروەها پرۆسەی کۆمنیکەیشن چەندین ئەرکی جۆراوجۆری هەیە و زانایان و پسپۆڕانی مێدیا بەشێوازی جۆراوجۆر باسیان لێوە کردووە، هەندێك بە چوار ئەرك و هەندێکش بە پێنج و بە شەش، هەندێك گەیاندویەتییە هەشت ئەرك و زیاتریش لەوانە (پێڕاگەیاندن، بەشداریی کۆمەڵایەتی، هاندان، ئارەزوو پێپەیداکردن، گفتوگۆ و چەلەحانێ، بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیریی، کات بەسەربردن، تەواوخوازیی و تێکەڵبوون)[2]

---

[1] عبد المنعم سامي، الرأي العام و الإشاعة، قراءة في الوظيفة الاجتماعية (القاهرة:الطبعة الأولى، بدون سنة طبع) ل ٦٢ – ٦٣.

[2] على محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٠.

هەروەها (مصطفى المصمودي) لە کتێبەکەیدا (سیستمی نوێی میدیایی) پێی وایە کە ئەرکەکانی ئامرازەکانی میدیا و کۆمنیکەیشن ئەمانەن: [1]

١. ئەرکی میدیایی.

٢. ئەرکی یەکخستن و هاوبەشی کردن.

٣. هاندان.

٤. پەیڤین و گفتوگۆ.

٥. تەواوکاری و لێکگەیشتن.

٦. خزمەتکردنی کۆمەڵگە.

دەشتوانین بڵێین کە کۆمنیکەیشن ئەو پرۆسە سەرەکییە کە لە ناوەخنیدا هەندێ پرۆسەی لاوەکی دیکە روودەدەن).[2] لە لێکۆڵینەوەکانی بواری میدیادا هەندێ دەستەواژە هەن کە نزیکن لە یەکەوە و نزیکن لە مانای کۆمنیکەیشنەوە وەك: پروپاگەندە، ریکلام، فێرکردن، وەهەندێ جاریش تێکەڵی لە نێوان ئەم دەستەواژانەدا دروست دەبێت و دەکرێت پێناسەکردنی ئەم دەستەواژانە تێگەیشتنەکە نزیك بخاتەوە، پروپاگەندە دەستەواژەیەکە کە لە زمانی عەرەبیدا لە (وشەی "دعا" وەرگیراوە و لە زمانی ئینگلیزیدا Propaganda لە Propagar وهەروەها بەمانای وەشاندنی تۆو یان چاندنی درەخت تا گەشە و نەشونما دێت)[3] ئەویش بە مانای ئەو چالاکییە

---

[1] مصطفى المصمودي، النظام الإعلامي الجديد (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٩٦ – ٢٠١.

[2] سمير محمد حسين، الإعلام و الاتصال بالجماهير و الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١.

[3] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٩ – ٣٠.

پەیوەندیانەیە کە پڕوپاگەندەچی پێی هەڵدەستێت بە ئامانجی گواستنەوەی زانیاریی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکە و ئاراستەی جیاواز کـە پێشـتر دارێـژراوە و دەیەوێت گەورەترین کاریگەریی دروست بکات، هارۆلد لازویلیش پێی وایە کە پڕوپاگەنــدە (هەوڵدانێکــە بــۆ کــۆنترۆڵکردنی ئاراســتە و بۆچــوونەکانی کۆمەڵەکان و دروستکردنی کاریگەریی بە بەکارهێنانی هێماکان).[١]

دەستەواژەی (ریکلام) یش (ئەو چالاکییە پەیوەندیانەیە کە  لە بەرامبەر پارەیەکی دیاریکراودا  پێشکەش دەکرێت و تیایـدا کەسـایەتی ئـەو کەسـەی ریکلامەکە دەکات ئاشکرایە، هانی جەماوەر دەدرێـت بـۆ کڕینـی شمـەکێکی دیاریکراو).[٢]  بەشـێوەیەکی گشـتی دەتـوانین بڵـێین کـە کۆڵەکـەکانی هـەر پڕۆسەیەکی کۆمنیکەیشن خۆی لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەبینێتەوە: [٣]

١. راستگۆیی.
٢. دەربڕی واقیع بێت.
٣. زانیاری پڕ لە مانا.

---

[١]بروانـة: سمـير محمـد حسـين، الإعـلام والاتصـال بالجمـاهير والـرأي العـام،( سەرچـاوەیەکی پێشــوو)ل ٢٣ – ٥٤، وأحمــد بــدر الاتصــال بالجمــاهير بــين الإعــلام و التطويــع والتنميــة (سەرچاوەیەکی پێشوو)، و عاطف عدلي عبيد، مدخل إلى الاتصال و الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو)و محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي (الرياض: مكتبة العبيكان، الطبعـة الأولى، ١٩٩٧)ل١٢١، و إبراهيم إمام، الإعلام والاتصال بالجماهير(القاهرة: مكتبة الانجلوالمصـرية، الطبعة الثالثة، ١٩٨٤) ل٥.

[٢] سمير محمد حسين، الإعلام و الاتصال بالجماهير و الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٦.

[٣] (سەرچاوەی پێشوو) ل ٤٥ – ٥٠.

٤. روونیی.

٥. بەردەوامیی.

٦. توانای وەرگر و ئاستی وەرگرتنی زانیارییەکان.

٧. بەکارهێنانی ئامرازی شیاو.

## چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی:

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و کۆمنیکەیشن سەرتاپای ژیانی داگیرکردووە، بە پێی قۆناغە مێژووییەکان گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە، بەڵام چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی — وەك زانستێك— لەم چەند سەدەیەی پێشوودا نەبێ بەتەواوەتی گەڵاڵە نەبووە و (داهێنانەکەی گۆتەنبەرگ لە سەدەی پازدە و دواتریش داهێنانی ماشینەکانی چاپکردن و خێراترکرنی چاپکردنی کتێب بوونە پاڵپشتێك بۆ تەشەنەکردنی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتی، هەروەها لاپەڕە هەواڵییەکان یان ئەوانەی پێیان دەوترا Coronets پڕبوون لەو هەواڵانەی کە لێرەولەوێ رویان دەدا، ئەمەش هانی هەندێ خێزانی ئەوروپی دەوڵەمەندی دا کە کەسانێك بەکرێ بگرن تا هەواڵی شوێن و جێگە دوورەکانیان بۆ بهێنن، پاش ماوەیەك رۆژنامە و گۆڤارەکان دەرکەوتن و شێوازی دابەشکردن و گەیاندنیان گەشەیەگی خێرای بەخۆیەوە بینی بە هۆی ئەسپسوار و پاپۆڕ و شەمەندەفەرەوە، پاش ئەوە تەلیگراف و سینەما و رادیۆ و ئاژانسەکانی

دەنگوبـاس دەركـەوتن و وردە وردە كۆمنیكەیشـنی نێودەوڵـەتی بـوو بـە رەگەزێكی سەرەكی ژیانی كۆمەڵگەكان).[1]

دواتر مانگە دەستكردەكان و ئینتەرنێت دەركەوتن و شۆڕشێكی گەورەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكاندا دروستكرد و جیهانی بـە تـۆڕێكی گـەورەی پەیوەندی بەستەوە و گەشەی بە كۆمنیكەیشنی نێودەوڵەتیی دا و زانیاری و وێنـە و هـەواڵی گەیانـدە دورتـرین گونـد و گشـت كـون و قـوژبنێكی ئـەم هەسارەیە. بۆ ئـەوەی كۆمنیكەیشـن بـە نێودەوڵـەتی نـاوزەد بكـەین چـەند مەرجێك پێویستن لەوانە:

(دەبێت جەماوەرێكی بەرفراوان بكاتە ئامـانجی خـۆی، هـەروەها لایـەنی تەكنیكیی بەهێزی هەبێت و گوتارەكەشی مۆركێكی نێودەوڵەتییانـە لـە خـۆ بگرێـت، سـەبارەت بـە جەماوەرەكـە ئـەوا پەیوەندییـەكی بـەهێز لـە نێـوان كۆمنیكەیشـــنی نێودەوڵـــەتی و كۆمنیكەیشـــنی جەماوەریـــدا هەیـــە، كۆمنیكەیشنی جـەماوەریی ئـەو كۆمنیكەیشـنەیە كـە لـە رێگـەی یـەكێك لـە ئـامرازە جەماوەریەكانـەوە ئـەنجام دەدرێـت و ئاڕاسـتەی خـەڵكانێكی زۆر دەكرێـت كـە جۆراوجـۆرن و لای ئاڕاسـتەكەری پەیامەكـە نادیـارن و لـە نێـو پانتاییەكی جوگرافیدان كە بە زەحمەت فیدباكیان وەردەگیرێت و راستەوخۆ ناتوانێت كاریگەرییەكانی بزانرێت، هەروەها كۆمنیكەیشـنی جـەماوەریی لـە

---

[1] علی محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەكی پێشوو) ل١٠٢.

ڕێگـەی چـەندین ئـامرازەوە وەك رادیـۆ و تەلـەفزیۆن و رۆژنامـە و کتێـب و گۆڤارەکان وهتد... ئەنجام دەدرێت).[1]

ئامرازەکانی کۆمنیکەیشنی جەماوەریی (لە ڕێگەی ئەو پرس و بابەتانەی پێشکەشـیان دەکـات و بـاس لـە شـێوازەکانی ژیـانی کۆمەڵگـە جیاوازەکـان دەکات، دەتوانێت تاکەکان لە جیهانێکی دیاریکراوەوە بەرەو جهانبینییەکی بەرفراوانتر ببات، ئەم گواستنەوەش زانیاری و باکگراوندی مەعریفیی بۆ ئـەو کەسانە دروست دەکات و ئاشنایان دەکات بـە کولتـور و شارسـتانییەتەکانی گەلانی دیکە، ئەمەش دەبێتە فاکتەرێك بۆ دروستکردنی ئامادەگی وەرگرتن و دەستخستنی زانیاریی، هەروەها گەشە بە میکانیزمی وەرگرتنی ویـژدانیی دەدات، واتـە توانـای چـوونە نێـو بـارودۆخی کەسـانی دیکـە یـاخود توانـای بینینی رۆڵ و پێگەی کەسانی دیکە لە کۆمەڵگەدا).[2]

ئێمە دەبینین کە لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە مێدیای نێودەوڵەتی پشـت دەبەستێت بە شێوازەکانی کۆمنیکەیشـنی جـەماوەریی و هونـەرەکانی وەك رۆژنامەگـەریی و رادیـۆ و پڕوپاگەنـدە و پەیوەندییـە گشـتییەکان، هـەروەها پشت دەبەستێت بە توێژینەوە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، بەڵام کاتێك بەرهەمی فیکریـی بـواری کۆمنیکەیشـنی جـەماوەریی شـرۆڤە دەکـەین ئـەوا بەشداریی دیار و بەرچاوی زۆرێك لە زانایـانی کۆمنیکەیشـن و کۆمەڵناسـی و

---

[1] (سەرچاوەی پێشوو) ل ٤٨.

[2] علي عجوة و آخرون، مقدمة في وسائل الاتصال (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٧.

رامیاریی و ئەنسرۆپۆلۆجیا دەبینین، جگە لە بوارەکانی یاسا و مێژوو و زانستە سەربازییەکان و چەندین بواری دیکە. [(١)]

سەبارەت بە مۆرکی نێودەوڵەتی کۆمنیکەیشنی جەماوەریی توێژەران دەستەواژەی مێدیای نێودەوڵەتیی و کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتییان بەهەمان واتا بەکارهێناوە، (پرۆفیسۆر عەلی شەممۆ) پێی وایە کە دەستەواژەی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتی گشتگیر و بەرفراوانترە چونکە (گشت بوارەکانی کۆمنیکەیشن دەگرێتەوە کە شارستانییەتی نوێ دەستەبەری کردووە، وەك تەلەفون و تیلێکس و کۆمپیوتەر و خزمەتگوزارییەکانی زانیاریی و ئینتەرنێت و ریشاڵە تیشکییەکان و هتد). [(٢)] (د.ئەحمەد بەدر) لەگەڵ راوبۆچوونی (عەلی شەممۆ)دایە و پێی وایە کە کۆمنیکەیشن گشتگیرتر و بەرفراوانترە [(٣)]، جگە لە مە هەندێ دەستەواژە نزیکن لە چەمکی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتی وەك: [(٤)]

- ❖ کۆمنیکەیشنی سەروو نیشتیمانی

Supra. National communication

- ❖ کۆمنیکەیشن لە نێوان دوو وڵات یان زیاتر

Inter National communication

- ❖ کۆمنیکەیشن لە نێوان وڵاتە جیاوازەکاندا

Cross National communication

---

[(١)] أحمد بدر الإعلام الدولي، دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٢ – ١٣.

[(٢)] علی محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٩.

[(٣)] أحمد بدر، الإعلام الدولي، دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧

[(٤)] (هەمان سەرچاوە)، ل ٢٠.

- ❖ ریکلامی نێودەوڵەتیی

National Advertsins

- ❖ پەیوەندییە گشتییە نێودەوڵەتییەکان

international Public Realations

- ❖ پڕوپاگەندە و کەمەندکێشکردنی نێودەوڵەتییانە

international Propaganda and persuasion

- ❖ پەیوەندییە سیاسییە نێودەوڵەتییەکان

international Political relations

- ❖ دیبلۆماسیەتی جەماوەریی

Public Diplomacy

کۆمنیکەیشن – میدیا – ی نێودەوڵەتی چەندین پێناسەی بۆ کراوە، بۆ نموونە "عەبدوللا زەڵەتە" ئاوا پێناسەی دەکات: (ئەو میدیا ئاڕاستەکراوەی کە سنوورە نێودەوڵەتییەکان دەبەزێنێت تا بگاتە جەماوەری دەرەوە لە ناوچەیەکی جوگرافیدا ، ئەویش بە دوو مەبەست:

**یەکەم:** ناساندنی واقیعی کولتوریی و فیکریی و شارستانیی دەوڵەتێك و راڤەکردنی تێڕوانینە سیاسییەکانی سەبارەت بە پرسە نێودەوڵەتیی و ئیقلیمیی و ناوچەییەکان و پشتیوانی سیاسەتی دەرەکیی.

**دووەم:** پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکی هەواڵیی و رۆشنبیریی بەمەبەستی پێدانی هەواڵ و زانیاریی راست و پەیوەست بە پرسە هەستیارەکان بۆ رای گشتی نێودەوڵەتی).[1] کەواتە میدیای نێودەوڵەتی ئەو

---

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٧

میدیایە کە: (زانیاری دروست و هەواڵی راست دەبەخشێتە جەماوەری وڵاتێکی دیکە بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لە سەریان و باوەڕ پێهێنانیان بە پرسەکانی ئەو وڵاتە و دواتریش ئەو جەماوەرە ببنە پشتیوان و پارێزگاریکەر لە هەڵوێستی ئەو وڵاتە).[1]

کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتی (دانوستانی دیپلۆماتکارەکان و چالاکی ئاژانسە هەواڵیە نێودەوڵەتیەکان و رەنگە راوبۆچوونی گەشتیاران لە سەر ئەو وڵاتانەی سەردانیان دەکەن بگرێتەوە، هەروەها هەڵکشانی بەردەوامی ئاڵوگۆڕکردنی کتێب و فیلم و سیدی و بەرنامەی جۆراوجۆر، و پێکگەیشتنە نێودەوڵەتییەکانی نێوان فێرخوازانی وڵاتە جیاجیاکان و پارت و لایەنە سیاسییەکان و رێکخراو و کۆمپانیا جیاجیاکان لە خۆ دەگرێت).[2]

مێدیای نێودەوڵەتی چەندین ئەرکی لە ئەستۆدایە، وەك: [3]

- پەیوەندیکردن بە کۆمەڵە کاریگەرەکانەوە: وەك پارت و کۆمەڵەکانی فشار و پەرلەمانەکان و دەزگا کاریگەرەکان لە سەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی.
- پەیوەندیکردن بە جەماوەرەوە: لە رێگەی کۆڕ و سیمینار و کۆنگرە رۆژنامەوانیەکان و رادیۆ و تیڤی و پێشانگەکان و هتد.

---

[1] أحمد بدر، الإعلام الدولي، دراسات في الاتصال والدعاية الدولية(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١.

[2] (سەرچاوەی پێشوو) ل ٣٥.

[3] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق(القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، ١٩٩٠) ل١٥.

- ئەرکی نوێنەرایەتیکردن: بەوەی نوێنەرایەتی ئەو وڵات و ڕێکخراوانە دەکات و لە کۆڕ و بۆنە نێودەوڵەتیەکاندا بەشداری دەکات.

لە رووی تەکنیکیشەوە ئەوا سەدەی بیست و بیستویەك لە هەگبەیاندا چەندین گۆڕانگاری گەورەیان لە خۆگرتبوو وەك: [1]

١. زیادبوونی کاریگەریی کەناڵە رادیۆیی و تەلەفزیۆنییەکان لە هەردوو بواری جوگرافی (بەزاندنی سنووری دەوڵەت)، و کۆمەڵایەتی (گەیشتن بەو کۆمەڵە و کەمایەتیانەی کە پێشتر بە ئەستەم پەیامە مێدیاییەکانیان پێ دەگەیشت).

٢. بەکارهێنان و سود وەرگرتن لە ترانسستۆڕ کە گۆڕانکاریەکی گەورەی لە بڵاوبوونەوەی پەیامی مێدیاییدا دروست کرد.

٣. بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان لە پەخشدا و ڕۆژ بە ڕۆژیش لە گەشەیەکی خێرادایە.

٤. بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لە خێراترکردنی پڕۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی مێدیایی و وەشاندن و زیادکردنی پانتایی وەرگر و بەکارهێنەرەکانی.

٥. بەکارهێنانی تەلەفزیۆنی کێبڵیی، کە زەمینەی ڕەخساند بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندی لە نێوان بەشدار و سەنتەر لە بواری جیاجیادا.

٦. تەشەنەکردن و بڵاوبوونەوەی زۆر خێرای ئینتەرنێت و زیادبوونی بەکارهێنەران و بەزاندنی گشت سنوورەکان.

---

[1] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه– (دار أمواج، الطبعة الأولى) ل٩–١٢.

لەگــەڵ كــاروانی ئـــەم گەشەســـەندنانە (كەناڵـــەكانی كۆمنیكەیشـــنی نێودەوڵـەتیی لـە ژێـر سـایەی شۆڕشــی پەیوەندییەكانـدا گۆڕانگـاری بەسـەردا هاتووە و شێواز و بوارەكانی جۆراوجۆر بـوون، سـەدەی بیسـتەمیش جیـاواز لـە ســەدەكانی پــێش خــۆی بــە بــەكارهێنانی تەكنــەلۆجیای پەیوەندیــەكان جیادەكرێتــەوە، بەتایبــەت لــە بــواری بینــراو و بیســتراودا، كــە وەرگــری كــردە كارەكتــەرێكی كــارا و بەشــدار لــە رووداوەكانــدا، نــەك بــە تــەنها وەرگرێكــی سلبی)،[1] ئەمڕۆ سیستەمەكانی پەیوەندیكردن (چواردەوری گۆی زەویـان داوە وەك تاڵەكانی شلیلەی چنین، ئەم جیهانەی بە یەكەوە بەستۆتەوە، بـە جۆرێك دەتوانین لە هەمان ساتدا رووداوەكانی گشت قوژبنێكی ئەم دونیایـە ببیـنین [2] (ئـەو رووداوانــەش كــە بایــەخێكی لۆكاڵیــان هەیــە لــەم ســەردەمەدا بوونەتــە جێبایەخی نێودەوڵەتییانە، هەر بۆیە خەڵكی رەنگە لەگەڵ رووداوێكدا هاوسۆز بن یان بە پێچەوانەوە دژ بە رووداوێك بن كـە لـە رێگـەی كەناڵـە مێدیاییەكانـەوە لێــی ئاگــادار بــوون، لێــرەوە رۆڵــی جیهانیانــەی پرۆســەكانی پەیوەنــدیكردن بەدەردەكــەوێت كــە چــۆن رووداوێكــی بچــوك و لۆكــاڵی دەگەیەنێتــە ئاســتی بەنێودەوڵەتیی بوون).[3]

---

[1] معتصم بابكرمصطفى، الإذاعات الدولية وتشكيل الرأي العام(الخرطوم: شركة مطـابع السـودان للعملة المحدودة، الطبعة الأولى، ۲۰۰۰) ل ۱۷.

[2] أدوين أمري و آخرون، الاتصال الجماهيري ( سەرچاوەیەكی پیشوو ) ل ۲۸۸.

[3] بوجدان أوسولونيك وآخرون، وسائل الاتصال الجماهيري و التفاهم الدولي (وزارة الإعلام، هيئـة الاستعلامات، سلسلة كتب مترجمة "۷۰۹" ) ل ۱۲.

# باسی دووەم

## شێواز و پێکهاتەی کارکردنی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی

- **سروشتی کارکردنی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی**

✍ بوونی ئەم رێژە زۆرە لـە کەناڵـەکانی رادیـۆ و تەلـەفزیۆن و سـەدان رۆژنامە و گۆڤار و پربوونی ژینگەی جیهان بە هەزارەها شـەپۆلی رادیـۆیی و پەیوەندییـەکان و بـەرفراوانبوونی لـە رادەبـەدەری بەکارهێنـەرانی تـۆڕی ئینتەرنێت، و زیادبوون و ئاڵۆزیی و تێکەڵ و پێکەڵ بوون لە نێـوان جیهـانی پەیوەندییەکاندا لـە هـەردوو رووی چـەندێتی و چـۆنیەتییەوە بەشـێوەیەکی گشتی، پێویستییەکی حـەتمی بـۆ رێکخسـتنی کـاری مێـدیای نێودەوڵـەتیی دروست کردووە تا بتوانێت سیستمێکی مێدیای نێودەوڵەتی بهێنێتە ئـاراوە، ئـەم رێکخسـتنەش لـە سـەرەتاوە بـە پێکهێنـانی دەزگـا رۆژنامەییـەکان و سەندیکا مێدیاییەکان و رێکخراوەکانی تایبەت بـە کۆمنیکەیشـن و مێـدیا لـە سەر ئاسـتی هەرێمایـەتی و دواتـر نێودەوڵـەتیی دەسـتیپێکرد، تـا گەیشـتە دروستکردنی سیستمێکی مێدیایی نێودەوڵەتیی و هەندێ رێکەوتنی مێدیایی و کۆمنیکەیشـنی نێودەوڵـەتیی لـە سـەر ئاسـتی جیهـانیی و نەتـەوە یەکگرتووەکان و پێکگەیشتنە نێودەوڵەتییەکانی دیکە.

وەك وتمـان ئـەم گەشـەکردنە خێرایـەی تەکنـەلۆجیای پەیوەندییـەکان و پەیوەسـتبوونی بـە زۆربـەی دانیشـتوانی جیهانـەوە و دروسـتبوونی دەزگـا مێدیاییە زەبەلاحەکان کە سەرچاوەی هـەڵقوڵینی زانیارییـەکانن، پێویسـتی بـە هەماهـەنگی نێـوان وڵاتـان هەیـە، نـەك تـەنها لـە رووی پەیکـەر و سیسـتمی

زانیارییەکان، بەڵکو لە رووی ناوەڕۆکیشەوە، بەتایبەت بۆ بەرنامە رۆشنبیریی و کات بەسەربردنەکان کە هەژموونیان هەیە و سنووری وڵاتانیان بەزاندووە.[1]

هەربۆیە هەندێك رێکەوتنی نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتیی بۆ شێوازی کارکردنی ئامڕازە کۆمنیکەیشنە نێودەوڵەتییەکان هەن، کە وڵاتان و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان پاش لێکۆڵینەوەی ورد و چەندین کۆنفرانس و کۆبوونەوە پێی گەیشتوون، بەبێ ئەم رێکخستن و رێکەوتنە نێودەوڵەتییانە جۆرێك لە پاشاگەردانی و بێسەروبەریی دروست دەبێت و پرۆسەی مەنزومەی کاری مێدیای نێودەوڵەتی سیستماتیك نابێت، (ئەم هاوکارییە نێودەوڵەتییەش لە چەند بوارێکدا دەردەکەوێت کە هەندێکیان پیشەیین و هەندێکیان سیاسی و هەندێکیش لە هەردوو رووەکەوە، لە لایەکی دیکەوە بڕیار و راسپاردە و دەرەنجام و ئەو رێکخراو و دەستانەی لە میانەیاندا ئەم هاوکاریە نێودەوڵەتییە دروست دەبێت چەندین شێواز لە خۆ دەگرێت، هەندێکیان ملکەچانەن بە هۆی رێکەوتن و رێسا و یاسا نێودەوڵەتییەکان، هەندێکیشیان بۆ دوو دەوڵەتە یان بۆ هەرێمێك، هەندێ دەستە و رێکخراویش هەن کاریان کارپێکردنی ئامڕازەکانە و پرۆژەیەکی هاوبەشی نێوان چەند وڵاتێکە و هەرکەسە و بە پشکێك تێیدا بەشدارە، وەك پرۆژەکانی مانگە دەستکردەکان و ئینتەرنێت و هی دیکە)[2]

---

[1] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية و التطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١٥.

[2] على محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٠٧.

ئەم بایەخدانە بە کۆمنیکەیشن و مێدیای نێودەوڵەتیی لە نێوان وڵاتاندا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مێدیای نێودەوڵەتیی ئامڕازێکی زۆر گرنگ و ئەکتیڤی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتانە، کە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەزگا مێدیاییەکانەوە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتێك جێبەجێ بکات، جگە لە نێردراوە دیپلۆماتییەکان و ئاژانسە هەواڵییەکان و ڕۆژنامە و گۆڤار و ئینتەرنێت و چەندین ئامڕازی دیکە.[1]

لە کتێبەکەیدا (الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه ـ مێدیای جیهانیی: دەزگاکان، شێوازی کارکردن، کێشەکان) توێژەر (فارس ئاشتی) باس لە چۆنیەتی کارکردنی ئەم مەنزومە مێدیاییە جیهانییە دەکات و بۆ ئەم بەشانەی خوارەوە دابەشیان دەکات: [2]

**یەکەم: تەکنەلۆجیای مێدیای جیهانیی:**

**١– سیستمی مانگە دەستکردەکان**

**٢– تۆڕی ئینتەرنێت**

**دووەم: دەزگا مێدیاییە جیهانییەکان:**

1. ئاژانسە هەواڵیە جیهانییەکان.
2. ڕادیۆ و تەلەفزیۆنە جیهانییەکان.

---

[1] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٩.

[2] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١٥ ـ٩٠.

٣. گۆڤار و رۆژنامە جیهانییەکان.

٤. خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە.

٥. کۆمپانیاکانی کات بەسەربردن وەك: گرووپی لودبرۆك، رانك ئورگەنایزەیشن، واڵت دیزنی، تایم وارنەر، کولۆمبیا برودوکوستنگ CBC، NBC، ABC، CNN، نیوز کۆرپەرەیشن، برتلسمان جانیت، MCC، ئدفنز پەپلیکایشن، AG، کوکس ئەنتەرپرایس ، DNP، هاشێت، NYT، پیرسون، رید ئینتەرنەشیونالّ، تایم میرۆر، واشنتۆن پۆست، تریبوون کومپانی، توبان، PLC، ماکروهیل، تومسۆن کۆرپەرەیشن.●

## سێیەم: دەزگا ریکلامییە جیهانییەکان:

هەندێ گرووپی ریکلامیی لە سەر ئاستی جیهان هەن وەك: گرووپی ساتشی و ساتشی، گرووپی ئەمینکۆم، گرووپی ئەنتەرپەپلیك، W.P.P ، گرووپی ئۆجفلی ، ، DMB&B ، یونج و روبیکان ، دانتسۆ ، لیو ئەند برینێت ،گرووپی ئەجیس ، Grey ، هوکیۆود.●●

---

● بری داهاتی ساڵانەی ئەم کۆمپانیایانە نزیکەی ٨٥ بلیۆن دۆلار و ژمارەی کارمەندانیان ٦٨٠ هەزار کارمەند، هەروەها ژمارەی لقەکانیان نزیکەی ٩٥٠ کۆمپانیایە.

●● راپۆرتی نەتەوە یەکگرتوەکان داهاتی ریکلامی ٢٥ کۆمپانیای زەبەلاحی جیهان بە نزیکەی ٧٠ بلیۆن دۆلار دەخەملێنێت، و نزیکەی ٩٠ هەزار کارمەند و ٨٠٠ لقیان هەیە.

**چوارەم: دەزگا پیشەسازییە جیهانییەکان.**

**پێنجەم: ئەو دەزگایانەی کاری مێدیا رێك دەخەن**

ئەوەی لەم پێکهاتە مێدیاییەدا بەدی دەکرێت ئەوەیە کە دەزگا مێدیاییە کاریگەرەکان لە هەندێ ناوچەی دیاریکراوی جیهاندا کۆبوونەتەوە و هەندێ (کۆمپانیای سنووربەزێنی نێودەوڵەتیی هەن کە بەتەواوی کۆنترۆڵی بازرگانیی مێدیای جیهانیان کردووە و چەندین کۆمپانیای دیکەیان لێ بوەتەوە، ئەم کۆمپانیایانە بە مەنتیقی بازاڕ کاردەکەن کە لە سەر کێبڕکێی ئازاد و مۆنۆپۆڵکردن و دەستخستنی قازانج دروست بوون، لە بازاڕێکدا کە بەتەواوی لە بەردەم گشت جیهاندا کراوەتەوە و وڵاتێك نەماوە کە دەزگا میدیایەکانی لەم کۆمپانیا مێدیاییە نێودەوڵەتییانەوە پرۆگرام و ناوەڕۆکە مێدیاییەکانیان وەرنەگرن، زۆر جار ئەم پەیامە مێدیاییە بە خێرایی دەگاتە وەرگرەکانی و جەماوەرێکی بەرفراوانی هەیە و لە هەڵقوڵینێکی بەردەوامدایە). [1]

مێدیای جیهانیی بە شێوازی جۆراوجۆر کاردەکات و هاوشان لەگەڵ گەشەکردنی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن لە جیهاندا گەشەی کردووە، بەشێوەیەکی گشتیش مێدیای جیهانیی بەم رێگەیانە کار دەکات: [2]

**١ – هەڵقوڵینی ئازادانەی زانیاریی.. ئەویش بە دوو شێواز:**

---

[1] فارس آشتي، الإعلام العالمي ـ مؤسساته طريقة عمله وقضاياه –(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١٢٧ـ ١٢٩.

[1] (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٢٣ – ١٢٦.

أ- **هەڵقوڵینی ئازاد بۆ ئەوانەی کە سەرپەرشتی ئامرازە میدیاییەکان دەکەن، کە پێك دێن لە پیاوانی کار و کۆمپانیا ئابوری و پیشەسازییە فرە رەگەزەکان.**

ب- **هەڵقوڵینی ئازادانە لەو وڵاتانەی ئەم دەزگایانەی لە خۆ گرتووە**

٢- پەخشی خێرا و بەردەوامی پەیامە میدیاییەکان

٣- سەرتاپاگیریی و جۆراوجۆریی پەیامەکە

کاتێکیش قسە لە سەر ئەم مەنزومە میدیاییە جیهانییە دەکەین، ئەوەی کە بە هزرماندا دێت و پسپۆڕان لەم بوارەدا ئاماژەی پێ دەدەن، ئەو رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆن و ئاژانسە جیهانی و کەناڵە میدیاییە جیهانیانەیە کە کاریگەریەکی نێودەوڵەتییان دروست کردووە، ناتوانین باس لە میدیا و کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی بکەین بە بێ ئەوەی ئاماژە بەم دوانگە میدیاییە گرنگ و زەبەلاحانە نەدەین، هەندێ سەندیکا و یەکێتی و رێکخراوی رۆژنامەنووسی هەن  کە لە سەر ئاستی جیهان وێنە و هەواڵ و راپۆرت بەسەر کەناڵە میدیاییەکاندا دابەش دەکەن و بوونەتە سەرچاوەیەکی گرنگ[1]، بۆ نموونە (کۆمپانیای ج. والتەر تۆمسۆن و ماکن ئەریکسۆنی نێودەوڵەتیی دوو لە سەر سێی ریکلامی کۆمپانیا ئابورییە جیهانییەکانیان قۆرخ کردووە و کڕیارەکانی ئەم دوو کۆمپانیایە دەگەنە ٢٠٠٠ کەس  و نزیکەی ٥٠ نووسینگەیان هەیە کە نوێنەرایەتی ٢٢ وڵات دەکەن و

---

[1] أدوين أمري و آخرون، الاتصال الجماهيري (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٥.

بەهەردووکیانــەوە ســالآنە بــە بــڕی ١٢٥ ملیــۆن دۆلار ریکـلام لــە دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بلآو دەکەنەوە[1].

چوار ئاژانسە دەنگوباسیە بە ناوبانگەکە: رۆیتەرز و ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسی و ئەسۆشیتید پرێس و یونایتید پـریس کـە بـە (کۆیـان یانەیـەکی داخراوی ئاژانسەکانی هــەواڵ پێـك دەهێـنن، ئـەم ئاژانسـانەش هەلومـەرجی یاسایی جیاوازیان هەیە و خزمەتگوزاری هەواڵیی نزیك لە یەکەوە پێشکەش دەکـــەن، بـــۆ نموونـــە رۆیتـــەرز کۆمپانیایەکـــە بـــە یاســـایەکی تایبـــەت بەڕێوەدەچێت، و چەند سەرمایەدارێك پشکیان تێیدا هەیـە، بـەڵام ئاژانسـی دەنگوباسی فەرەنسی کە پاش جەنگی جیهانی دووەم دامـەزراوە، بەشـێکی زۆر لـــە ســـەرمایەکەی و پەیکـــەری کـــارکردن و شـــێوازی ئیشـــکردنی لـــە (هاڤاس)ەوە بۆی بەجێماوە و ئاژانسەکە لە ساڵی ١٩٥٧وە بـە شـێوەیەکی یاســایی بــەڕێوە دەچــێت و نــە کۆمپانیایــەکی گشــتیە و نــە تایبــەت، ئەنجومەنێکی بـەڕێوەبردنی هەیـە کـە لـە ٣ لایـەن پێکهـاتووە: وەبـەرهێنی تایبەت، وەبەرهێنی گشتی، و ئەوانەی لە ئاژانسەکەدا کار دەکەن، سەبارەت بـە یونایتیـد پـرێس ئـەوا کۆمپانیایـەکی تایبەتـە و ئەسۆشـێتید پرێسـیش پرۆژەیــەکی هاوبەشــی نێــوان چــەند رۆژنامەیــەکی ئەمریکیــە)[2]، ئــەم

---

[1] (سەرچاوەیی پێشوو) ل ٤٠٩ – ٤١٠

[2] الصادق رابح، وسائل الإعلام و العولمة، عـن: أحمـد ثابـت وآخـرون، العولمـة وتـداعياتها علـى الوطن العربي (مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة كتاب المستقبل العربي "٢٤"، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣) ل ١٤٠ .

خشتەیەی خوارەوەش شێوازی کارکردن و شوێنی بڵاوبوونەوە ئاژانسە هەواڵییە جیهانیەکان روون دەکاتەوە، بە رەچاوکردنی گۆرانکاری لە ژمارەکاندا لە ئێستادا:[1]

| ئاژانس | پشتیوان | ژمارەی رۆژنامەنوسان | ژمارەی بەشداران | دابەشکردنی جیهانیی | قەبارەی بەرهەم | وڵات |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١- رۆیتەرز | حکومیی | ١١٠٠ | ٣٥٠٠ | ١٤٠وڵات | ٥ملیۆن | بەریتانیا |
| ٢- ئەسۆشیتید پریس | فرە کۆمپانیا | ٢٩٢٠ | ١١٢٠ | ١٠٠٠٠رۆژنامە و ٦٠٠٠ کەناڵی رادیۆ و T V | دوو ملیۆن | ئەمریکا |
| ٣-یونایتد پریس | تایبەت | ٢٠٠٠ | ٧٠٠٠ | ١٠٠وڵات | ١٤ملیۆن | ئەمریکا |
| ٤- A.F.P | حکومی | ١٧٢٠ | ١٢٠٠٠ | ١٨٠وڵات | یەك ملیۆن | فەرەنسا |
| ٥- ئیتار تاس | حکومی | ١٥٠ | ٥٠٠٠ | ١٦٥وڵات | ٤ملیۆن | روسیا |
| ٦- شینخوا | حکومیی | ١٠٠٠ | یەك ملیون | ١٠٠وڵات | ---- | چین |

ئەم ئاژانسانە بۆ وەرگرتن و ناردنی هەواڵ و راپۆرتەکان پشت دەبەستن بە دواین تەکنەلۆجیای پێشکەوتووی جیهانیی پەیوەندییەکان وەك: مانگە دەستکردەکان و تۆڕی ئینتەرنێت، کە بە کۆی هەموویان گرووپێکی جیهانیی بەرفراوان پێك دەهێنن و سوود لە پرۆگرامی ئاڵوگۆڕی زانیارییەکان

---

[1] الأخضر أيدروج، ذكاء الإعلام في عصر المعلوماتية (تونس: مكتبة الملك فهد الوطنيـة، ١٩٩٩) ل ٦٠.

وەردەگرن، بە جۆرێك سات بە سات ئاگاداری هەواڵ و گۆڕانکارییەکانی جیهانن، لەگەڵ ئەمانەشدا لە نێو ئەم مەنزومە مێدیاییە جیهانییەدا هەندێ رۆژنامەی بەناوبانگ هەن وەك: (نیویۆرك تایمز، واشنتن پۆست، وۆل ستریت جۆرنال، تایمز، فاینانشاڵ تایمز، ئۆبزیرڤەر، سەندای تایمز ، لومۆند)، لە گۆڤارەکانیش: (تایم، نیویۆرك، ئەکسپریس، ئیکۆمست).[1]

ئەم چاپکراوانەش (هەندێ رێکخراوی پیشەییان هەیە وەك پەیمانگەی رۆژنامەگەریی نێودەوڵەتیی International Press Institute، یەکێتی رۆژنامەگەریی کۆمنوێلس Commonwealth Press Union، (CPU) و هاوبەندی ئەوروپی ئاژانسەکانی هەواڵ (Eapa).[2]

لەگەڵ ئەمانەدا رادیۆ نێودەوڵەتییەکان و کەناڵە ئاسمانیەکان پانتاییەکی بەرفراوانی پەیکەری مێدیایی نێودەوڵەتی پێك دەهێنن و پرۆگرام و بۆنەکان (لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە بە پێی رێکەوتنی نێودەوڵەتیی دوولایەنە یان بە کۆمەڵ و لە کاتی دیاریکراودا دەگوازرێنەوە و لایەنێکی رێکەوتنەکە دەزگا نیشتیمانییەکەیە لەگەڵ لایەنی دووەم کە خاوەنی بەرنامەکەیە وەك یەکێتی نێودەوڵەتیی تۆپی پێ (بۆ نموونە)، لایەنی سێیەمیش خاوەنی جووڵەی پەیوەندییەکانە لە مانگە دەستکردەکان کە ئەو خشتە و کاتەکان دیاری دەکات)[3]

---

[1] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١١٥ .

[2] على محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١١٥ .

[3] (سەرچاوەی پێشوو)ل ١٦٥

پەخشی ئاسمانیی نێوان وڵاتـان تـەنها لـە سـەر (بنەمایـەکی بازرگـانیی بوونیاد نراوە سەبارەت بە خزمەتگوزارییە هەرێمایەتیی و نێودەوڵەتییەکان، چـونکە تێچـوونی کـەرتی خزمەتگوزارییـە ئاسمانییـەکان و پرۆگـرام و ئامێرەکان و تێچوونی گواستنەوە ملیۆنەها دۆلارە)[1]، سەبارەت بە رادیـۆی نێودەوڵەتیی ئەوا سێ لایەن هەن کە بەرپرسن لە بەڕێوەبردن و رێکخستنی ئەوانیش: [2]

١. بەڕێوەبەرایـەتی ئاژانسـە حکومیـەکان: چـون حکومـەت و ئاژانسـە پەیوەندیـدارەکان رۆڵـی رێکخـەر و پێـدەری مۆڵـەت بـۆ ئـەم خزمەتگوزاریـە نێودەوڵەتییانە دەبینن، ئەویش بـە دانـانی رێسـا و یاسـا و هەنـدێ جـاریش خۆی دەزگا مێدیاییەکان دادەمەزرێنێت.

٢. دەزگا نێودەوڵەتییەکان: هەندێ جار ئەم دەزگا نێودەوڵەتییانە سـوود لـە ئـامرازە مێدیاییـەکان وەردەگـرن بـۆ ئاڕاسـتەکردن و پەخشـکردنی پەیامـەکانیان وەك رادیـۆی نەتـەوە یـەکگرتووەکان و سـود وەرگـرتن لـە ئینتەرنێت و هتد...

٣. رێکخراوە تایبەتەکان: وەك رێکخراوە ئاینیی و سیاسییەکان و ئێن جی ئۆ و بازرگانیەکان و هی دیکە.

---

[1] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصـالات (القـاهرة: دار القوميـة العربيـة للثقافـة والنشر، بدون سنة طبع ) ل ١٠٦

[2] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٢٤

هەندێك لە (یەكێتیە مێدیاییەكان لە ئەورووپا هەندێ میكانیزمیان لە نێوان ئەندامەكانیانـدا دانـاوە، بـۆ نموونـە یـەكێتی ئـەورووپا تەلـەفزیۆنێكیان دامەزرانـدووە بـە نـاوی تەلـەفزیۆنی ئـەورووپی Euro Vision هـەروەها یەكێتییەكی دیكە هەیـە بـەناوی یـەكێتی رادیـۆ و تەلـەفزیۆن ( O I R T)، تۆڕێكی دیكە هەیە بەناوی تەلەفزیۆن لـە نێـوان ولاتانـدا (Inter Vision كـە پێـنج ولات تێیـدا ئەنـدامن ئـەوانیش: (دانیمـارك ، فنلەنـدا ، ئایسـلەندا، نـــەرویج، ســـوید)، ســـالی ١٩٥٢ هەریـــەك لـــە بـــەریتانیا و فەڕەنســـا رێكەوتنامەیەكان مۆركرد بۆ ئالوگۆڕكردنی پرۆگرامە تەلەفزیۆنیـەكان[(١)]، لـە سەر ئاستی نێودەوڵەتیش هەنـدێ ئێسـتگەی رادیـۆیی هـەن كـە توانایـەكی گـەورەیان هەیـە وەك: (BBC ، VOA) رادیـۆی مۆسـكۆ، رادیـۆی پـەكین، رادیۆی نێودەوڵەتی ئەڵمانیی، رادیۆی قاهیرە، دەستەی ئێستگەیی كەنەدیی و دەســتەی ئێســتگەیی ئوســتوڕالی، رادیــۆی ئــەورووپای ئــازاد، رادیــۆی ئازادیی)[(٢)]، لە بواری هاوكاری هەرێمایـەتی (یـەكێتی ئێسـتگە ئەورووپیـەكان هەیە كە بارەگاكەی لە جنێڤە، هەروەها رێكخراوی نێودەوڵـەتی بـۆ رادیـۆ و تەلــەفزیۆن كــە بارەگاكــەی لــە براگــە و یــەكێتی رادیــۆ ئەفریقیــەكان كــە بارەگاكەی لە داكارە، هـەورەها یـەكێتی ئێسـتگەكانی ولاتـانی عـەرەبی كـە بارەگاكەی لە قاهیرەیە و یەكێتی ئێستگە ئاسـیاویەكان كـە بارەگەكـەی لـە

---

[(١)] (هەمان سەرچاوەی پێشوو) ل ١٦١، عن دراسة لـ د. ثورتسـرنج و زمیلـە فـاریس، هـەروەها فاروق أبو زید، انهیار النظام الإعلامي الدولي (القاهرة: مطابع الأخبار، بدون سنة طبع) ل١٠١.

[(٢)] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة(سەرچاوەیەكی پێشوو) ل ١١٩.

هەریەك لە (تۆكیۆ و سیدنی)ە و رێكخراوی رادیۆ و تەلەفزیۆنی ئەمریكی كە بارەگاكەی لە فلۆریدایە و یەكێتی ئێستگە كاسۆلیكییە نێودەوڵەتییەكان و یەكێتی نێودەوڵەتیی مێدیایی مەسیحی لە رۆما[1].

سەبارەت بە ولایەتە یەككگرتووەكانی ئەمریكا ئەوا (ساڵی ١٩٦٥ دەستەی پەیوەندییە ئاسمانییەكانی پێكهێنا، كە كورتكراوەكەی (COMSAT)، دواتریش چەندین وڵات تێیدا بوونە ئەندام و ژمارەیان گەشتە ١٥ و ناوەكەی گۆڕا بۆ (ئینتیلسات) و ساڵی ١٩٦٥ یەكەم مانگی دەستكردی ئەمریكی نارده بۆشایی ئاسمان). [2]

لە بواری هاوكاری نێودەوڵەتیی و هەرێمایەتیی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیی (بۆ نموونە) یەكێتی نێودەوڵەتیی پەیوەندییە تەلی و بێتەلییەكان هەیە (I T U) كە ئاژانسێكی سەر بە نەتەوە یەككگرتووەكانە و ئەركەكانی پێك هاتووە لە:

١ – دانانی رێسا و یاسای رێكخەر

٢ – گەشەدان بە پەیوەندیە تەلی و بێ تەلییەكان

٣ – دانانی پێوەر و مواسەفات.

٤ – سەرپەرشتی هاوكاری نێوان ئەندامەكانی بۆ پێشكەشكردنی هاوكاری بۆ وڵاتە دواكەووتوەكان .

---

[1] (سەرچاوەی پێشوو) ل ١٤١ .

[2] (سەرچاوەی پێشوو) ل ١٦٤ .

٥- ڕەواجـدان بـە پـڕۆژە کۆمەڵایـەتیی و ئاڕاسـتەکراوەکان و گەیانـدنی خزمەتگوزارییە تەلی و بێتەلییەکان بۆ ناوچە دووردەستەکان، جگە لە مانـە هەنـدێ ڕێکخـراوی دیکـە هـەن کـە بـواری کاریـان پەیوەسـتە بـە مێـدیای نێودەوڵەتییەوە، لەوانە: [1]

- ڕێکخراوی جیهانیی پاراستنی ماف نوسین WIPO
- یەکێتی پۆستەی جیهانیی UPU
- ڕێکخراوی جیهانیی رادیۆ و تەلەفزیۆن OIRT
- ڕێکخراوی جیهانیی پەیوەندیی ئەلیکترۆنییـەکان لـە ڕێگـەی مانگـە دەستکردەکانەوە INTELSAT
- لەسـەر ئاسـتی هەرێمایـەتیش (دەسـتەی عـەرەبی پەیوەندیـە ئاسمانیـەکان و Arabsat، مـانگی دەسـتکردی ئـەورووپیی Eutelsat، لـە بواری هاوکاری نێودەوڵـەتی چـەندین دەسـتە و یـەکێتی دروسـت بـوون کـە دەسـتە رادیـۆیی وتەلەفزیۆنییـەکانی لـە خـۆ گرتـووە و زۆربـەیان لـە سـەر بنەمایـەکی جـوگرافیی دروسـت بـوون، وەك یەکێتیـە ئەورورپیـەکان و ئاسیاوییەکان و ئەفریقییەکان، هەندێ یەکێتی هەن کە لە سەر بنەمای زمان

---

[1] بروانـە: جـون.ر.بیتنر، الاتصـال الجمـاهیري – مـدخل- (سەرچـاوەیەکی پێشـوو)، و محمـد البخاري، العولمة والتبادل الإعلامي الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو)، ل٥٧، و أیضا أسامة أحمـد عصفورة، التدفق الإعلامي من الناحیة التقنیة، عن کتـاب حـق الاتصـال، دائـرة الشـئون الثقافیـة العامة، (بغداد: سلسلة دراسات ٣١٨، أیلول، ١٩٨١) ل ١٢١-١٢٢.

یـان کولتـورێکی هاوبـەش دروسـت بـوون وەك یـەکێتی رادیـۆ وتەلەفزیۆنـە عەرەبییەکان (ASBU). [1]

- له بواری هەرێمایەتی هەندێ هەوڵی جۆراوجۆر لەم بوارەدا هەن کـە بەرهەمەکـەی لـە دروسـت بـوونی چـەندین سـەندیکا و یـەکێتی و بەسـتنی چەندین رێکەوتنامەی نێوان وڵاتاندا خـۆی بینیوەتـەوە، بـۆ نموونـە (تـۆڕی تەلەفزیۆنی ئەوروپای رۆژئاوا Euro vision کە بۆ چوار مەبەست دامەزرا:

١ – ئالۆگۆڕی فیلم.

٢ – ئالۆگۆڕی هەواڵ.

٣ – پەخشی رادیۆیی.

٤ – چارەسەرکردنی کێشەی دانەر و نووسەران لە سەر ئاستی جیهانیی.

- **ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پرۆسەی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی**

نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی سـەر بـەم رێکخـراوە وەك یۆنسـکۆ، بایەخـدانێکی بەرچـاویان بـە پرۆسـەی کۆمنیکەیشـنی نێودەوڵـەتیی و رێکخستنی کـاری دەزگـا مێدیاییـەکان لـە جیهانـدا هەیـە، چـونکە بێگومـان جیاوازیەکی زۆر لـە نێـوان وڵاتانـدا هەیـە لـە توانـای ئـابوریی و هونـەریی و مرۆیی و لە بواری دەزگا مێدیایی و پەیوەندییەکاندا بە شـێوەیەکی گشـتی، ئەم جیاوازیەش بۆشاییەکی لە نێوان وڵاتانی جیهاندا دروستکردووە و هەندێ وڵات هەن کە لە سـەردەمی ئینتـەرنێت و مانگـە دەسـتکردەکاندان، هەنـدێ

---

[1] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١١.

ولاتـی دیکـەش هـەن تـا ئێسـتە کێشـەی گـەورەیان لـە بـواری ئامرازەکـانی پەیوەندیکردن و مێدیادا هەیە، ئەو گەشەکردنەی کە لە بواری ئامرازەکـان و تەکنەلۆجیای مێدیایدا دروست بووە بوویە فاکتەری بەستنی چەندین کـۆر و سیمینار و کۆنفرانسی نێودەوڵەتیی بۆ دانانی بنەمایەك بۆ هاوکاری لە بواری مێدیادا بە مەبەستی دابەشکردنی شەپۆلە رادیۆییەکان یان بۆ گواسـتنەوەی تەلەفزیۆنیی لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە یـاخود لـە رێگـەی بەسـتنی رێکەوتنـە مێدیاییـەکان و هاوکـاری لـە بـواری مێـدیایی و پێشکەشـکردنی شـارەزایی یـان ئـەو هاوکاریانـەی کـە تایبـەتن بـە قەڵاچـۆکردنی سـنووربەزاندنەکانی بـواری مێـدیا وەك قەڵاچـۆکردنی رادیـۆ نهێنییـەکان و دیـاریکردنی بەرپرسـیاران لـە خـراپ بـەکارهێنانی مانگـە دەسـتکردەکان، و قەڵاچۆکردنی قاچاخی بوارەکانی گـۆرانی و موسـیقا و فـیلم، جگـە لـە یاسـا مێدیاییـەکانی تایبـەت بـە بوارەکـانی هاوکـاری نێودەوڵـەتیی لـە بوارەکـانی مێدیای دەرەکیدا.[1] ئەم بارودۆخە هانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەتایبـەت (یونسکۆ)یدا کە بایەخ بە مەسەلەی مێدیا و مافی کۆمنیکەیشن بۆ گەلان بدات و کۆبوونـەوە و کـۆنگرە لـەم بـوارە زینـدوەدا سـاز بکـات، چـونکە مێـدیای نێودەوڵـەتی (یەکێکـە لـە ئەرکـەکانی رێکخـراوە نێودەوڵەتییـەکان، ئـەم ئەرکەش بە پێی سروشتی رێکخراوەکە و جۆری چالاکی و شێوازی کارکردنی دەگۆڕێت، هەروەها گفتوگۆکانی ئەم رێکخراوانە لە سەر ئاستە جیاوازەکان

---

[1] إبراهيم الداقوقي، قانون الإعلام (بغداد: وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة بغداد، ١٩٨٦ ) ل ٩.

و بڵاوکراوەکانیان و جۆری پەیوەندییەکانیان بە جۆرێك لە جۆرەکان بە میدیایەکی نێودەوڵەتیی ئەژمار دەکرێت، نەتەوە یەکگرتووەکان بایەخی بە کێشەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی و گەشەکردنی ئازادانەی میدیا و گەیشتن بە هەماهەنگییەکی نێودەوڵەتیی ئاشتیانە لە نێوان نەتەوەکاندا داوە، هەر بۆیە هەندێ دەستپێشخەریی پێشکەشکرد و چەندین توێژینەوە و راپۆرت و ڕێکەوتنامەی خستۆتە روو) [1] ، هەر لەم بوارەدا (دوای ساڵی ١٩٤٥ دوو دەستەی نێودەوڵەتیی بۆ جێگیرکردنی پایەکانی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتیی لە ڕێگەی ئاسانکردنی گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریی لە نێوان وڵاتاندا دروست بوون، ئەوانیش یۆنسکۆ و پەیمانگەی رۆژنامەگەریی نێودەوڵەتیی (I. P.I)، هەروەها وڵاتە شیوعیەکان ساڵی ١٩٤٧ (Communist Information bureau)یان دروست کرد، کە سەنتەرێك بوو بۆ ئاراستەکردن و پڕوپاگەندەکردن بۆ شیوعیەت، هەروەها هەندێ دەزگا و ڕێکخراو بۆ بانگەوازی ئاینیی هاتنە ئاراوە، بۆ نموونە ئەنجومەنی جیهانیی کڵێساکان لە جنێف بەشێکی تایبەتی بە میدیا کردەوە و لە ساڵی ١٩٤٥وە سیستمێکی پەخشی رادیۆیی بۆ هەندێك لە کڵێسا پرۆتستانییەکان دامەزراندووە، جگە لە رادیۆی ڤاتیکان کە لە ساڵی ١٩٣١وە دامەزراوە) [2]

---

[1] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٣ .

[2] أحمد بدر، الإعلام الدولي – دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية– (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل٣٧.

پێش ئەمەش کۆمەڵەی نەتەوەکان بایەخی بە مێدیای نیودەوڵەتیی داوە و ساڵی ١٩٣٢ (پاش دانوستان لەگەڵ حکومەتی سویسرادا، دەزگایەکی رادیۆیی تایبەتی دامەزراند، و ناوی لێنابوو رادیۆی نەتەوەکان و ساڵی ١٩٣٩ پەخشەکەی وەستا، واتە لەگەڵ دەستپێکردنی جەنگی دووەمی جیهانیی، پاش دروست بوونی نەتەوە یەکگرتووەکان بەڕێوەبەرایەتییەکی بۆ مێدیا و دوو سەنتەری مێدیایی لە هەریەك لە واشنتۆن ساڵی ١٩٤٦ و مۆسکۆ ساڵی ١٩٤٧ دامەزراند، هەر سەبارەت بە بایەخدانی نەتەوە یەکگرتووەکان بە مێدیای دەرەوە نوسینگەیەکی بۆ زانیاری گشتی ( Un Office Of Information) دامەزراند و چوار بەشی لێ بویەوە:[1]

أ- بەشی رۆژنامەگەریی و وەشاندن: کە ئەرکی ئامادەکردن و بەستنی کۆنگرە رۆژنامەییەکانە و گۆڤارێك بە ناوی ( UN. Monthly) دەردەکات، جگە لە کتێبێکی ساڵانە بە ناوی ( UN Year Book) و لە سەرتاسەری جیهاندا پەیامنێری هەیە.

ب- بەشی رادیۆ و خزمەتگوزارییە تەلەفزیۆنییەکان: کە کاری ئاسانکردنی کاری پەیامنێرەکان و بەرهەمهێنانی پرۆگرامە هەواڵیی و تۆمارییەکانە بە چەند زمانێك و وێنەی چالاکیی بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان چاپ و بڵاودەکاتەوە.

---

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٢٥١-٢٥٤.

ج. بەشی پەیوەندییەکانی دەرەوە: کاری سەرپەرشتیکردنی سەنتەرە میدیایەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە، هەروەها هاوکاری کەناڵە میدیاییە لۆکاڵی و هەرێمایەتی و کۆلێژ و پەیمانگە میدیاییەکان دەکات.

د- یەکەی میدیای ئابوریی و کۆمەڵایەتیی: کە وەك ئەڵقەیەکی پێکەوەبەستن لە نێوان ئاژانسی تایبەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و پەیامنێرانی بەشدار لە کۆنگرە نێودەوڵەتییەکاندا کار دەکات.

دەزگا میدیاییەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان خزمەتگوزاری پێشکەش بە رۆژنامەکان دەکەن و راپۆرت سەبارەت بەو گفتۆگۆیانە پێشکەش دەکەن کە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا دروست دەبێت، هەروەها سالآنە ژمارەیەکی زۆر لە کتێب و بڵاوکراوە و چاپکراوی جۆراوجۆر دەخەنە روو، هەروەها لەسەر شەپۆلێکی کورت گفتۆگۆکانی نێو نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجومەنی ئاسایش پێشکەش دەکەن، جگە لە پێشکەشکردنی پرۆگرامی تۆمارکراو و فیلمی جۆراوجۆر بە رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی ولآتانی ئەندام [1]، نەتەوە یەکگرتووەکان چالاکییەکی بەرچاوی لە مەڕ بابەتی مانگە دەستکردەکان لە رێگەی کۆمەڵەی گشتی و لیژنەی بەکارهێنانە ئاشتەوایییەکانی ئاسمانی دەرەوەی ( Committee on the peaceful uses of outer space) دەستپێکردووە، هەروەها

---

[1] جان دارسي، الأمم المتحدة و الرأي العام العالمي، عن كتاب وسائل الاتصال الجماهيري والتفاهم الدولي (مصر: سلسلة كتب مترجمة ٧٠٩، وزارة الإعلام، هيئة الاستعلامات)ل ٤٠٢ .

ڕێکەوتنێکی لەگەڵ یەکێتی نێودەوڵەتیی پەیوەندیە تەلی و بێتەلیەکان هەیە و راپۆرتی سالآنە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات. [1]

جگە لە مانە نەتەوە یەکگرتووەکان و دەزگاکانی لە رێگەی بەستنی کۆبوونەوە و کۆنگرە هەوڵ دەدەن هەندێ یاسا و دەستور بۆ رێکخستنی کاری میدیای نێودەوڵەتی دابنێن، بۆ نموونە دەتوانین ئاماژە بە بڕیاری نەتەوە یەکگرتووەکان بدەین کە لە ساڵی ١٩٦٢دا دەریکرد بۆ سەرکۆنەکردنی هەر شێوازێك لە شێوازەکانی پڕوپاگەندە کە هانی جەنگی ئەتۆمیی بدات، پاش دوو ساڵ و لە (رۆما) کۆبوونەوەیەك بۆ کۆمەڵێك لە شارەزایان بەسترا، تێیدا جەختیان لە سەر پێویستی بوونی هەندێ دەقی تایبەت لە یاساکانی رۆژنامەگەریی ولآتاندا کە دژایەتی پڕوپاگەندە بۆ جەنگ و هەموو ئەو کارانەی کە مەترسین بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی نێوان ولآتان و گەلاندا کردەوە [2] جگە لە مانە ماددەی یەکەمی بەڵێننامەی شەرەفی رۆژنامەنووسی نێودەوڵەتیی بۆ ئەو کەسانەی لە بواری مێدیادا کار دەکەن دەڵێت: (پێویستە هەر کەسێك هەڵدەسێت بە کۆکردنەوە و بەدواداچوون و گواستنەوە و بلآوکردنەوەی هەواڵەکان، هەوڵبدات بە پێی توانا ئەو هەوالآنە راست و بابەتیی بن و لەگەڵ واقیعدا بگونجێن، لە ماددەی چوارەمیشدا هاتووە پێویستە ئەو رۆژنامەنووسانەی دەیانەوێت لە سەر

---

[1] علي محمد شمو، تكنولوجيا و الفضاء وأقمار الاتصالات(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٥٨ .

[2] خليل صابات، دور الإعلام الصادق في التفاهم الدولي، عن كتاب وسائل الاتصال الجماهيري و التفاهم الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو)ص ٢٨٣ .

رووداوەکـانی وڵاتێکـی دیکـە بنووسـن و شـرۆڤەی بکـەن دادپەروەرانـە و بەویژدانەوە ئەو کارە ئەنجام بدەن).[(١)]

پاش پەنجاکانی سەدەی پێشوو، نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیـار و بانگەشـەی بـۆ پشـتیوانی کردنـی ئـازادی رادەربـرین و مـافی دەستخسـتنی زانیاری و کۆمنیکەیشن دەرکرد لەوانە:[(٢)]

أ- راگەیاندراوی بۆردۆ ساڵی ١٩٥٤، کە جەختی لـە سـەر رێزگـرتن لـە راستی و لە مافی جەماوەر بـۆ دەستخسـتنی زانیـاری و جـەخت کردنـەوە لـە سەر ئەوەی پێویسـتە رۆژنامەنووسـان راپۆرتـەکانیان لـە سـەر بنـەمای ئـەو راستیانە ئامادە بکەن کە دڵنیان لە راستی و دروستی سەرچاوەکانیان.

ب- راگەیانـدراوی میـونیخ سـاڵی ١٩٧١: جەختکردنـەوە لـە سـەر پاراسـتنی ئـازادی رادەربـرین و راڤـەکردن و رەخنـەگرتن و بەکارنـەهێنانی هۆکارە گوماناوییەکان بۆ دەستخستنی زانیاریی و راپۆرتە هەواڵ.

ج- راگەیانـدراوی ویندهۆك سـاڵی ١٩٩١: جەختکردنـەوە لـە سـەر دامەزرانـدن و پارێزگـاریی و بـەهێزکردنی رۆژنامەگـەریی سـەربەخۆ و ئـازاد، هەروەها دیموکراسییەت و ئازادی رادەربڕینی زیاتر.

د — راگەیانـدراوی سـاڵی ١٩٩٢: حـەوت پێشـنیازی لـە خـۆ گـرت، بـە پێکهێنـانی پـڕۆژەی پراکتیکـی لـە لایـەنی تەشـریعی و راهێنـان و ئـازادی

---

[(١)] (سەرچاوەی پێشوو) ل٢٨٢.

[(٢)] عبد الله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٦١ —٢٧٨.

رادەربڕین و ئازادی رۆژنامەنووسان و ئازادی دامەزراندنی رادیۆ و تەلـەفزیۆن و پێکهێنانی سەندیکا پیشەییەکان.

هــ — راگەیانـدراوی سـەنتیاگۆ سـاڵی ١٩٩٤: جەختکردنـەوە لـە سـەر ئەوەی ئازادی رادەربرین بەردی بناغەی بوونیادنانی دیموکراسییەت و فرەیی فەرهـــەنگیی و زمانـــەوانیی و ســـەرکۆنەکردنی گشـــت هۆکارەکـــانی هەڕەشەلێکردن و چەوساندنەوە.

و — راگەیانـدراوی سـەنعا ١٩٩٦: جەختکردنـەوە لـە سـەر ئـەوەی پێویسـتە وڵاتە عەرەبییەکان زەمانەتی دەستووریی بۆ ئازادی رادەڕبـرین و رۆژنامەگـەریی و دامەزراندنی سەندیکا و رێکخراوە رۆژنامەییەکان دەستەبەر بکەن.

سەبارەت بە رێکخراوی یونسکۆ بە حوکمی پسـپۆریتییەکەی بایـەخی بـە مێــدیای نێودەوڵــەتیی داوە و بەرێوەبەرایەتییــەکی بــۆ کۆمنیکەیشــن و رۆشــنبیریی پێکهێنــاوە و هــەوڵێکی زۆری داوە بــۆ ئــەوەی چــەمکی کۆمنیکەیشـن لـە بـری چـەمکی مێـدیا بچەسـپێنێت، بـەو پێیـەی فـراوانتر و گشـتگیرترە، ئـەم رێکخـراوە بۆتـە دوانگەیـەك بـۆ تـاوتوێکردنی کێشـەکانی کۆمنیکەیشــنی نێودەوڵــەتیی بــە تایبــەت بــۆ هاوکــاری وڵاتــە تــازە گەشەسەندووەکان لە راهێنان و ئامادەکردنی شارەزایان، وێڕای توێژینەوەی یاسایی و ئابوریی و زانسـتییەکان کـە بانگهێشـتی پسـپۆڕانی بـواری یاسـای نێودەوڵەتیی و ئابوریی و زانستە جۆراوجۆرەکانی بۆ دەکات بـۆ ئـەو بابەتـە

هەستیارانەی کە پەیوەندی بە سەروەریی وڵاتانەوە هەیە[1]، هەندێ لیژنەی جۆراوجۆر لە یونسکۆ هەستاون بە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی پەیوەست بە دونیای کۆمنیکەیشنەوە و چەندین توێژینەوەی رووماڵکردنی وردیان لە سەر زۆربەی وڵاتانی جیهان ئامادەکردووە و لەم بارەیەوە گەشتونەتە چەندین بڕیار و راسپاردە[2]. بۆ نموونە کۆنگرەی بیست و یەکەمی یونسکۆ کە لەساڵی ١٩٨٠ بەسترا لائیحەیەکی دەرکرد، کە وەك بنەمایەك وابوو بۆ سیستمی جیهانیی مێدیا و ئەم خاڵانەی لە خۆ گرتبوو:[3].

١- زاڵبوون بەسەر ناهاوسەنگی و نادادپەروەریی.

٢- سڕینەوەی ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی مۆنۆپۆلکردن.

٣- کەمکردنەوەی ئاستەنگە دەرەکی و ناخۆییەکان لە بەردەم ئاڵوگۆڕکردنی ئازاد و هاوسەنگانەی زانیارییەکان.

٤- فرەیی سەرچاوەکانی زانیاری و کەناڵەکانی مێدیا.

٥- ئازادی رۆژنامەگەریی و مێدیا.

٦- پێویستە ئازادییەکی بەرپرسیارانە بۆ رۆژنامەنووسان و گشت مێدیاکارە پیشەییەکان دابین بکرێت.

---

[1] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١١١، و هەروەها وسائل الاتصال الجماهيري و التفاهم الدولي(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل.١٥٠.

[2](سەرچاوەی پێشوو) ل ٢١٥.

[3] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه –( سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١٣٥ – ١٣٦.

٧- پشتیوانی له وڵاته تازه گەشەکردووەکان بۆ بەیەکگەشتن و باشترکردنی بارودۆخیان له بواری مێدیادا.

٨- ئارەزووی راستگۆیانەی وڵاته پێشکەوتووەکان بـۆ یارمەتیـدانی وڵاتـانی دیکه بۆ گەیشتن بەم ئامانجانه.

٩- رێزگرتن له کولتور و فەرهەنگی تایبەتی نەتەوەکان.

١٠- رێزگرتن له مافی گشت گەلان له هاوبەشیکردن له ئاڵوگۆڕی زانیاریی لـه سەر بنەمای یەکسانی و بەرژەندی هاوبەش.

لـه سـاڵی ١٩٨٩ یونسـکۆ کۆنگرەیـەکی لـه پـاریس رێکخسـت لـه ژێـر ناونیشـانی (پەیڤینـەکانی سـەدەی بیسـتویەك) و تێیـدا سـەدان پسـپۆڕ و شارەزای بوارەکانی زانسته سروشتیەکان و کۆمەڵناسی و فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و چەندین بواری دیکەی له خۆگرتبوو، تـا تێڕوانینـەکانیان لـه مـەڕ سەدەی بیستویەك بخەنه روو [1]، هەروەها وڵاتانی بێلایـەن هەنـدێك هـەوڵی جۆراوجۆریـان هەیـه بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکانی بـواری مێـدیا و کۆمنیکەیشـن، لەوانـه (کـۆنگرەی جـەزائیر سـاڵی ١٩٧٣ و کـۆنگرەی شارەزایانی بـواری مێـدیا لـه تـونس سـاڵی ١٩٧٦ و کۆبوونـەوەی وەزیرانـی مێدیا له نیودەلهی ساڵی ١٩٧٦ و لوتکەی هاڤانا ساڵی ١٩٧٩)[2].

---

[1] السيد يسين، المعلوماتية و حضارة العولمة – رؤية نقدية عربية (القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١) ل ١٣١.

[2] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه –( سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٣٧ – ١٣٨.

## باسی سێیەم: کێشە و ئاریشەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی

**کێشە و گرفتەکان**

✍ هاوشـــان لەگـــەڵ ئـــەم گەشەســـەندنە خێرایـــەی ئامرازەکـــانی پەیوەندیکردن و مێدیای نێودەوڵەتیی، چەندین کێشە و ئاریشەی جۆراوجۆر هەن کە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری مێدیا ئاماژەی پێ دەکەن و قسەیان لە سەر کردووە، توێژەران و زانایانی بواری کۆمنیکەیشن چەندین تێڕوانین و لێکۆڵینـەوەیان لـەم بـوارەدا پێشـکەش کـردووە و دەیـان کـۆنفرانس و کۆبوونەوەی جۆراوجۆری لە سەرتاسەری دونیادا بۆ بەستراوە، لەو کێشـە و ئاریشانەش:

**(١) جیاوازی لە دەستخستنی تەکنەلۆجیای کۆمنیکەیشن:**

جـۆری کێشـەکانی پەیوەسـت بـە کۆمنیکەیشـن لـە نێـوان وڵاتانـدا جیاوازی هەیە و لە کۆمەڵگەیەك بـۆ کۆمەڵگەیـەکی دیکـە دەگۆڕێـت، ئەگـەر کۆمەڵگـە پێشـکەوتووەکان کێشـەی زۆری و فرەیـی دوانگـە مێدیاییـەکان و خێرایـی پەخشـی مێـدیایی و پێڕانەگەیشـتنیان هـەبێت! ئـەوا هەنـدێك کۆمەڵگەی دیکە هەن بەدەست نەبوونی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشنەوە یاخود کەمیەوە دەناڵێنن، نووسەر موحەممەد عەلی عەوینی لەم بارەیەوە دەڵێـت: (هەنـدێ لـە مپـەر لـە کۆمنیکەیشـنی نێودەوڵەتییـدا هـەن بـە هـۆی کێشـە نێودەوڵەتییەکان و جیاوازی سیاسی و ئایـدیۆلۆجی، هـەروەها ڕێژەیـەك لـە ناهاوسەنگی لە دابەشکردنی هێـزدا هەیـە، بـەو پێیـەی ئامرازەکـانی مێـدیا

سەرچاوەیەکن لە سەرچاوەکانی هێز و بەوەی کەمینەیەك پەیام ئاراستە دەکەن، جگە لەو پەیوەندیە بەهێزەی کە لە نێوان سیاسەتی نێودەوڵەتی و رایگشتی نیشتیمانیی و رایگشتی جیهانیدا هەیە، چون هەریەکەیان کاریگەریی لە سەر ئەوی دیکەیان دروست دەکات، ئەگەر پێگەی وڵاتێك لە ململانێی نێودەوڵەتییدا بەهێز بوو، ئەوا مێدیاکەشی رەنگدانەوەی ئەم هێزە دەبێت، مێدیای نێودەوڵەتیش دەیەوێت خزمەت بە سیاسەتێکی دیاریکراو بکات، کە زۆر جار ئەم خزمەتە لەگەڵ داخوازییەکانی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتیدا یەك ناگرێتەوە، دیارە کێشە سیاسییەکانیش لە جیهاندا رەنگدانەوەی لە مێدیای نێودەوڵەتیدا هەبووە، ئەویش بەو هەڵمەتی پروپاگەندانەی کە هەر کوتلەیەکی سیاسی ئاراستەی ئەوی دیکەی دەکات)[1]، رێکخراوی یونسکۆ لە راپۆرتێکیدا جەخت لە وە دەکاتەوە کە زانیارییەکان لە جیهاندا بە یەك ئاراستە جووڵە دەکات و هەڵقوڵینی ئازادانەی مێدیا لە حەقیقەتدا هەڵقوڵینێکە بە یەك ئاراستە و ئاڵوگۆرێکی راستەقینەی زانیارییەکان نییە، ئەم ناهاوسەنگیەش کارێکی مەترسیدارە و هەرەشەیەکی جدیە بۆ سەر هەوڵەکانی گەشەکردن و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان [2].

---

[1] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٥٢.

[2] راسم محمد الجمال، الاتصال والإعلام في الوطن العربي (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، ٢٠٠١)ل ١٦٧ و هەروەها: مجذوب بخيت محمد توم، تأثير القنوات الفضائية

**(٢) جیاوازی له تێڕوانین و فەلسەفەی پرۆسەی کۆمنیکەیشن:**

جیاوازی نێوان وڵاتان له تێڕوانین و فەلسەفەیان بۆ پرۆسەی کۆمنیکەیشن و مافی مێدیا و ئازادی رادەربرین له سەر ئاستی نێودەوڵەتی، کێشە دروست دەکات و کاریگەریی له سەر پرۆسەی کۆمنیکەیشن هەیە بە شێوەیەکی راستەوخۆ وەك: (کێشەی جیاوازی تێگەیشتن له ئازادی و پراکتیزەکردنی له زەمینەی واقیعدا، چون تێگەیشتن لەم چەمکە "بۆ نموونە" جیاواز بوو له نێوان یەکێتی سۆڤێتی جاران و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، رەنگە وڵاتانیش پەنا ببەنە بەر شێوازی جۆراوجۆر بۆ چاودێری رۆژنامەکان، له وانەش دانانی ئەو یاسایانەی سنوور بۆ ئازادی رۆژنامەگەریی دادەنێن یان دەستێورەردانی داراییانە و ئەم حاڵەتانە له سیستمی رۆژئاوایی و له سیستمی وڵاتە دواکەوتوەکاندا بە رێژەی جیاجیا روو دەدەن)[١]

له لایەکی دیکەوە ئەگەر ئامرازە مێدیایە نوێکان توانیبێتیان جیهان بچوك بکەنەوە و بیکەنە گوندێك، ئەوا له لایەکی دیکەوە هەندێ جار خودی ئەم ئامرازانە پەرتەوازەیی خێزانیی و نەخۆشی دەروونیی و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگەیان لێ کەوتۆتەوە و پروپاگەندە و جەنگی دەرونیی گەلانی له یەکدی دور خستۆتەوە و هەندێ جار ئەم ئامرازانە برینەکەیان قوڵتر

---

العربية على اتجاهات الرأي العام (دراسة تطبيقية على المغتربين العرب في السعودية "١٩٩٩-٢٠٠١"، تێزێکی دکتۆرای بلاْونەکراوەیە، زانکۆی ئوم دورمان، ل٢٨.

[١] أحمد بدر، الإعلام الدولي دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٦.

کردۆتەوە و پەردەیان لە سەر ململانـێ و پێکـدادانی بەرژوەندیـەکان لاداوە، نەك تەنها لە نێوان  لایەنە سیاسییەکان و دەسەڵاتەکاندا، بەڵکو هەندێ جار لە نێوان  گەلەکانیشدا.

رەنگە (مێدیا ببێتە هۆی بڵاوکردنەوەی رق و کینە لە نێوان  گەلانـدا لـە بـری ئـەوەی لێککەیشـتن زیـاد کـات، جگـە لـە ئاسـەوارەکانی سیاسـەتی نێودەوڵـەتیی و جـەنگی دەرونیـی و چـەندین شـێوازی دیکـە کـە لـە لایـەن وڵاتانەوە زۆر بە ئاسایی بـەکار دەهێنـرێن)[1]، کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتیی بـە تایبەت نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵیانداوە بەسەر ئـەو کێشـانەدا زاڵ بـبن و ئاسەوارەکانی کەم بکەنەوە و گفتوگۆی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانـدا لـە سەر هەندێ بابەتی گرنگ رێکخستووە، لە وانـە پێناسـەی نێودەوڵـەتیی بـۆ مافـەکانی ئـازادی رادەربـرین و جێبـەجێکردنی لـە بـواری نێودەوڵەتیـدا، هـەروەها کێشـەی پڕوپاگەنـدەی سیاسـیی و لـە کـاتی جەنگەکانـدا، لـەم نێوەندەشدا مەسەلەی گەمارۆ خسـتنە سـەر بڵاوبوونـەوەی زانیـاریی و داتـا هەڵە و شێوێنراوەکان و باسکردنی پڕۆژەی ئیتیکی مێدیایی و ئەو کێشانەی کە پەیوەسـتن بـە ئیتیـك و ئـەخلاقیاتی پڕوپاگەنـدە و ریکـلام و بـارودۆخی پەیامنێرە بیانیەکان لە جیهاندا [2]

[1] أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام و التطويع و التنمية(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٣.

[2] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەی پێشوو)ل ٣٧ - ٣٨

**(٣) زاڵبوونی مێدیایی و سڕینەوەی کولتوریی:**

لەگەڵ ئەوەی سیستمی مێدیای نێودەوڵەتی چەندین خاڵی پۆزەتیڤ و لایەنی باشی لە خۆگرتووە وەك: لێکنزیکبوونەوەی وڵاتان و چاودێری ژینگەی نێودەوڵەتیی لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوە لەو مەترسییانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە و بەرژەوەندی گشتی چەسپاندووە و توانیویەتی کولتوری ڕۆشنبیریی لە نێوان گەلاندا ئالۆگۆڕ پێ بکات، بەڵام هەندێ کێشە و ئاریشەی حەقیقی بەرۆکی مێدیای نێودەوڵەتی گرتووە کە ناکرێت باسی لێوە نەکەین لەوانە: [1]

١- هەژموونی لایەك لە بواری کۆمنیکەیشندا: ئەویش بە هەوڵی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا بۆ سەپاندنی دەسەڵات و تەرزی بیرکردنەوەیان بەسەر وڵاتە دواکەوتووەکاندا کە بەدەست کەمی تەکنەلۆجیای مێدیایی و قەیرانی ئابوریی و دەیان کێشەی دیکەوە دەناڵێنن.

٢- داگیرکردنی ئەلیکترۆنیی: ئەمەش چەندین لایەن دەگرێتەوە، لە کتێبە تەنزئامێزەکانەوە بۆ مانگە دەستکردەکان، بۆ بەرنامە کۆمپیوتەرییەکان و کاسێتی ڤیدیۆ و فیلمەکان، تا دەگاتە ئامێرە تەکنەلۆجییەکان و ئەندازیاران و شارەزایان و چەندین لایەنی دیکە.

٣- سەپاندنی کولتوریی: کاتێك ناوچە پێشکەوتووەکان مۆدێلێکی جیاواز پێشکەش دەکەن و دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر کولتور و فەرهەنگە لاوازەکان.

---

[1] معتصم بابکر مصطفى، الإذاعات الدولية وتشكيل الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤- ٣٠.

٤- بەکارهێنان لە چوارچێوەی ململانێدا: بەو پێیەی مێدیا ئامرازێکە لە ئامرازەکانی پاراستنی سیاسەت و ئایدیا و مێدیای نێودەوڵەتیش رایگشتی جیهانیی ئامادە دەکات بۆ گرتنەبەری هەڵوێستی دیاریکراو بەو شێوازەی کە خۆی دەیەوێت.

هەروەها هەندێ لە مپەری دیکە هەن کە دەبنە رێگر لە بەردەم سوودوەرگرتنی گەلان لە مێدیای نێودەوڵەتی، لەوانە لە مپەری زمان و لە مپەری نەخوێندەواریی و ئاستەنگی هۆکارەکانی گەیاندن بەشێوەیەکی گشتی، هەروەها ئەو خێراییە سەیرەی گەشەکردنی ئامرازەکانی مێدیا کە هەندێ کەس رەنگە نەتوانن فریای بکەون [١].

**(٤) بڵاوکردنەوەی رق و کینە و دەمارگیریی:**

لەگەڵ ئەمانەدا هەندێ لە ئامرازە مێدیاییەکان بەکاردەهێنرێن بۆ هاندان و بڵاوکردنەوەی دەمارگیریی و رق و کینە و شەڕ و ئاژاوە و وروژاندنی دەمارگیریی نەتەوەیی و ئاینیی و بڵاوکردنەوەی درۆ و شێواندنی راستییەکان و بەدەستەوەدانی بەهانە بۆ بەکارهێنانی توندوتیژیی ، هەروەها هەندێ جار بیرکردنەوەکانی مرۆڤ قۆرخ دەکرێت لە یەك جۆر بیکردنەوەی نامۆدا [٢]، دەکرێت بڵێین (ئەم داهێنانە نوێیانەی بواری تەکنەلۆجیای مێدیا وەك زەمینەرزەیەك بوو لە ژینگەی مێدیاییدا، هەر لە

---

[١] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٩٢.

[٢] بوجدان أوسولونيك و آخرون، وسائل الاتصال الجماهيري و التفاهم الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١٤.

شێوازی بەکارهێنانەکەوە تا دەگاتە پڕۆسە مێدیاییەکان و ئەرکەکانی مێدیا بە شێوەیەکی گشتی)[1]، هەر بۆیە دەبینین کە بڵاوبوونەوەی دادپەروەرانەی زانیاریی بۆ هەمووان وەك یەك دەستەبەر نەکراوە، ئەگەر نەڵێین هەندێك هەر بەئەنقەست دوچاریی شێواندنی مێدیایی و هەواڵی ساختە دەبنەوە تا ئاستی هەڵبەستن و درۆ، ئەوەی کە جێگەی نیگەرانیە ئەو ژمارە زۆرەیە لە جەماوەری خەڵەتێنراو و ئەو راگشتییەی کە زۆر جار لایەنگیریی بۆ بەهێز و خاوەن هەژموونەکانە [2]

لەگەڵ ئەمانەدا پڕۆسەی کۆمنیکەیشن بەدەست هەندێ کێشە و گرفتی دیکەوە دەناڵێنێت، لەوانە:[3]

١- نەبوونی فەزایەکی هاوبەشی شارەزایی لە نێوان نێرەر و وەرگری پەیامە مێدیایەکان کە ببێتە هۆی ئەوەی پەیامەکە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت.

٢- لاوازی فیدباکی پەیامە مێدیاییەکان.

٣- بوونی کۆت و بەندی دەرونیی و عەقڵیی و کولتوری، کە کاریگەریی لە سەر کۆمنیکەیشنێکی کارا دروست دەکات.

---

[1] حمید جاعد الدليمي، العولمة و الإعلام و العرب، عن كتاب العولمة و تداعياتها على الوطن العربي(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٢٠٣.

[2] تومو مارتلانك، حقوق الإنسان و وسائل الاتصال، عن كتاب وسائل الاتصال الجماهيري والتفاهم الدولي(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٤٨٧.

[3] سمير محمد حسين، الإعلام والاتصال بالجماهير والرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٧٦ – ٨٥.

وەك ئاماژەمــان پێكــرد ئــەو مەســەلانەی پەیوەســتن بــە هاوســەنگی میدیاییەوە و ئەو كێشە و گرفتانەی رووبەڕوی میدیای نێودەوڵــەتی دەبنــەوە هەمیشە جێگەی بایەخی رێكخراوە نێودەوڵەتییــەكان و جێبایــەخی زانایــانی بوارەكانی فیكر و سیاسەت و كۆمەڵناسی و كۆمنیكەیشن بووە، یــەكێك لــەو هەوڵانەی كە بە جیددی قسەی لە سەر ئەم بابەتە كرد، هەوڵێكی رێكخــراوی یونسكۆ بوو، كە ساڵی ١٩٨٠ لیژنەیەكی پێكهێنا لە ژمارەیەك لــە پســپۆڕانی بواری میدیای نێودەوڵەتیی بە سەرۆكایەتی (جۆن ماك براید)• ، پاش گەران و لێكۆڵینەوەیــەكی چــر راپــۆرتێكی بــەناوبانگیان دەركــرد بــە ناونیشــانی (فرەدەنگیی و یەك جیهان) كە پێكهاتبوو لە پێنج بەش:[1]

بەشــی یەكــەم بــاس لــە كۆمنیكەیشــن و كۆمەڵگــە و شــرۆڤەی لایــەنی مێــژوویی كــراوە، بەشــی دووەم بــە ناونیشــانی كۆمنیكەیشــن لــە جیهــانی

---

• جۆرن ماك براید، لە دایكبوی ئیرلەندایە، لە پاریس خوێندویەتی و بڕوانامەی دكتــۆڕای لــە یاسا دا لە زانكۆی دیبلن وەرگرتوە، یەكێك بووە لە ســەركردەكانی ســەربەخۆیی ئیرلەنــدا، و كــاری پــاریزەریی كــردووە لــە دادگــا نێودەوڵەتیەكانــدا، و چــەندین پۆســت جیاجیــای لــە رێكخــراوی لێبــوردنی نێودەوڵــەتی و لیژنــەی مافــە نێودەوڵەتیــەكان و نوســینگەی ئاشــتەوایی جیهانیی و لیژنەی نێودەوڵەتی لێكۆلینەوە لە كێشەكان كۆمینیكەیشن لــە جیهانــدا، هــەروەها یاردەردەری سكرتێری گشتی نەتەوە یەكگرتوەكان بووە، لە سالی ١٩٨٢ وە وە ســەرۆكایەتی كۆمەڵەی جیهانیی پاراستنی كەلەپوری فەلەستینی لە ئەستۆدا بــووە، و ســالی ١٩٧٤ خــەلاتی نۆبــل ی بــۆ ئاشــتی وەرگرتــووە، بروانــە : مصــطفى المصــمودي، النظــام الإعلامــي الجديــد (سەرچاوەیەكی پێشوو)ل١٣.

[1] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه– (سەرچاوەیەكی پێشــوو)ل ١٣١– ١٣٥.

ئەمڕۆماندا، باس و خواس لەمەڕ ئامرازە کۆمنیکەیشنەکان کراوە، بەشی سێیەم: شرۆڤەکردنی کێشە و ئاریشەکان و بایەخدانە هاوبەشەکان، بەشی چوارەم بە ناونیشانی چوارچێوەی دەزگایی و پیشەیی و تێیدا باس لە سیاسەتەکانی کۆمنیکەیشن و سەرچاوە داراییەکان و بەشدارییەکان لە بواری توێژینەوەکاندا، بەشی پێنجەم: بە ناونیشانی کۆمنیکەیشن لە جیهانی داهاتوودا. لە کۆتایدا لیژنەکە گەشتە چەند راسپاردە و دەرەنجامێك، لەوانە:

- پاڵپشتی سەربەخۆبوون و پشت بەستن بەخود لە بواری کۆمنیکەیشندا، بە بەستنەوەی بە ئامانجە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیریی و ئابورییە گشتییەکان.
- بەستنەوەی کۆمنیکەیشن بە گەشەسەندن، جا ئەگەر لە رووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی تەکنەلۆجیا و دۆزینەوەی ئامرازی سیاسیی و دەزگای نیشتیمانیی و پەیمانگەی توێژینەوە، یاخود بە دانانی سیاسەتێکی رۆشنبیریی و نەتەوەیی و کەمکردنەوەی سروشتی بازرگانیانەی ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن.
- دەستپاکی و پێوەریی پیشەیی بە بەستنەوەی ئازادی رۆژنامەنووسان بە بەرپرسیارێتیان یان بە چاکسازی لە بارودۆخی هەواڵ و راپۆرتەکان لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی، یاخود بە پاراستنی رۆژنامەنووسان.
- گەیشتن بە دیموکراسییەتی کۆمنیکەیشن بە پاراستنی مافە تاك و کۆمەڵییەکانی مرۆڤ و پارێزگاریی لە ئازادی گەلان و لابردنی لە مپەرەکان و

نەهێشــتنی چــاودێریی و ئــەو کــۆت و بەندانــەی کۆمپانیــا و وڵاتــەکان دەیسەپێنن.

- پاڵپشـتی هاوکـاری نێودەوڵـەتیی، جـا بـە پێکهێنـانی سیسـتمێکی جیهانیی نویێ بۆ مێدیا یاخود بە پشتیوانی لە پشتبەخۆبەستنی بـە کۆمـەڵ یــان پشــتیوانیکردنی دامودەزگاکــانی دەوڵــەت یــان بــە بــەهێزکردنی لێکتێگەیشتنی نێودەوڵەتیی.

نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تەنها بـەم هـەنگاوە نەوەســتان بــەڵکو چــەندین کــۆنگرە و کۆڕوکۆبوونــەوەی جیهــانیی بــۆ لێکۆڵینەوە لە بارودۆخی کۆمنیکەیشنی لە سەر ئاستی جیهان ساز کردووە، بـۆ نموونـە هـەر لـە سـاڵی ١٩٨٠ یونسـکۆ بڕیاریـدا پرۆگرامـی نێودەوڵـەتیی حکـومیی بـۆ گەشـەدان بـە کۆمنیکەیشـن دابمـەزرێنێت، هـەروەها یونسـکۆ پرۆژەی نەخشەی ماوە نێوەندی لە سـاڵی ١٩٨٤ — ١٩٨٩ دانـا و لـە بەشـی تایبەت بە کۆمنیکەیشن لە خزمەتی مرۆڤایەتیدا هەندێ یاسا و ڕێسـای دانـا کە لەسـەر ئاسـتی نێودەوڵـەتی و هەرێمایـەتی و نیشـتیمانیی دەسـتەبەریی گەشەدان بەم بوارە دەکات، هەروەها لیژنەی نێودەوڵەتیی بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی کۆمنیکەیشن توێژینەوەیەکی لەمەڕ ڕۆڵی کۆمنیکەیشن و مێدیا لە کۆمەڵگـە هاوچـەرخەکاندا ئەنجامـدا و ٨٢ راسـپاردەی بـۆ ڕووبەڕونـەوەی کێشەکانی کۆمنیکەیشن و مێدیا لە سەر ئاستی نیشتیمانیی و نێودەوڵـەتیی دارشت، وەك پاڵپشتی سەربەخۆبوون و پشتبەستن بـەخود و دانپێـدانان بـە ڕۆڵی هەڵکشاوی کۆمنیکەیشن و ئامادەکردنی ئەکادیمیانـە و کەمکردنـەوەی

سروشتی بازرگانی و چاکسازی له دەستکەوتنی هەواڵەکان لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی و جەختکرنەوە لەمەڕ ماف وەڵامدانەوە و راستکردنەوە، وێڕای گرنگی هاوکاری نێودەوڵەتیی لە بواری کۆمینکەیشندا ئەوەی جێگەی داخە تا ئێستەش و لەگەڵ هەموو ئەو کۆنگرە و بڕیار و راسپاردانەدا کەچی جیهانی مێدیای نێودەوڵەتیی بە دەست چەندین کێشەوە دەناڵێنێت، لەم بارەیەوە نووسەر و توێژەر سەید یاسین باس لە (دیموکراتییەتی زانیاریی) دەکات کە لە سەر چوار کۆڵەکە وەستاوە: [1]

**یەکەم:** پاراستنی تایبەتمەندێتی کەسیی.

**دووەم:** ماف زانین.

**سێهەم:** ماف بەکارهێنانی زانیارییەکان.

**چوارەم:** ماف هاوڵاتی بۆ بەشداری لە بەڕێوەبردنی ژێرخانی مێدیایی.

تا ئێستە مەترسی گەورە لە بەردەم گەلاندا بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی زانیارییەکان هەیە و لە هەموویان مەترسیدارتر توانای کەسانی ئاساییە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی، کە گۆڕانگاریەکی ریشەیی لە ژێرخانی مێدیایی و پەیوەندییەکان داخوازی گشت وڵاتانە، جگە لە هەرزانکرنی تێچوونی گەیشتن بەم سەرچاوانە، لە سەروو هەمووو ئەمانەشەوە قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواریی لە شێوازی مامەلە لەگەڵ تەکنەلۆجیای نوێ و گەشەسەندوو، چون تا ئێستەشی لەگەڵ بێت گەلانێکی زۆر ناتوانن بە

---

[1] السيد ياسين، المعلوماتية و حضارة العولمة – رؤية نقدية عربية (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل١٣ –١٤.

ئاسانی ئینتەرنێت بەکار بهێنن و ئاستەنگ هەیە بۆ سود وەرگرتن لەو خزمەتگوزارییە[1].

قۆرخکاریی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ تۆڕی ئینتەرنێت و زمانی ئینگلیزی یەکێکە لە هەڕەشەکانی بەردەم ئامڕازەکانی مێدیا لە جیهاندا، جگە لە قۆرخکاری لە بوارەکانی رۆژنامە و گۆڤارەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان و هتد) [2]، لە لایەکی دیکەوە هەندێ کێشەی تەکنیکی و جوگرافی هەندێ جار دەبنە لەمپەر و ئاستەنگ لە بەردەم بەئاسان گەیشتنی پەیامە مێدیاییەکان بە وەرگر، بۆ نموونە کاتێك مانگە دەستکردەکان تەشەنەیانکرد، ناکۆکییەکی توند لە نێوان ولاتاندا لە سەر (ئەوەی کێ ئەم بوارە فەزائیە بەکار بهێنێت و چۆن سودی لێ وەربگرێ دروست بوو، تا ئەو کاتەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٨٢ بڕیارێکی دەرکرد بەوەی هەندێ بنەمای بۆ شێوازی بەکارهێنان و سود وەرگرتنی لە مانگە دەستکردەکان دانا[3].

---

[1] (سەرچاوەی پێشوو)) ل ٤٢.

[2] الصادق رابح، وسائل الإعلام و العولمة، عن كتاب العولمة و تداعياتها عن الوطن العربي(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ١٥٤.

[3] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٦٧-١٦٨.

- **کێشە و گرفتەکانی کۆمنیکەیشنی نێودەوڵەتیی لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا:**

وڵاتانی جیهانی سێیەم بەدەست چەندین گرفت و کێشەی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە دەناڵێنێت کە لە بواری مێدیایی و پەیوەندییەکانیشدا رەنگی داوەتەوە، هەر بۆیە بەردەوام ناچار بووە بەرهەمی مێدیایی لە وڵاتانی دیکەوە هاوردە بکات، لەو کێشە و گرفتانەش:

**(١) بۆشایی مەعریفی و تەکنۆلۆجی:**

ئەو بۆشاییە مەعریفی و تەکنۆلۆجی و ئابوریەی لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە ناسراون بە وڵاتانی باکور و ئەوانەی پێیان دەوترێت وڵاتانی باشور بۆتە هۆی دروستکردنی کێشە و ئاستەنگ لە جیهانی کۆمنیکەیشندا بە گشت جۆرەکانییەوە هەریەکە و بە شێوەیەك لە شێوەکان، ئەگەر هەندێك لەم وڵاتانە تەنها هاوردەکەری ئەم بەرهەمە مێدیاییە بن، ئەوا هەندێکی دیکە تەنانەت ئەو ئیمکانیەتە ئابوریەشیان نییە بۆ هاوردەکردنی ئەم بەرهەمە مێدیاییانە و لە نێو گوندە گەردونییەکەدا ناژین بەڵکو لە دەرەوەیدا! ئێمە بە ئاشکرا ئاسەواری سلبی ئەو پرۆگرامە تەلەفزیۆنیی و ئینتەرنێتیانە دەبینین لە سەر ئاوەز و بیر و هەستی گەلانی ئەم وڵاتانە (بە وردبوونەوە لە ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن لە نێوان دوو کۆمەڵگەدا کە یەکێکیان پێشکەوتووە و ئەوی دیکەیان دواکەوتوو یان گەشەسەندوو، هەستێکی

راستەقینەمان لا دروست دەکات بە بوونی جیاوازی فراوان لە توانای مادی و مرۆیی و هونەریی لە بواری کۆمنیکەیشنی جەماوەریدا)[1].

**(٢) دواکەوتنی بوارەکانی ئابوریی گەشەسەندن:**

ئەم وڵاتانە هەندێ کێشە و گرفتیـان هەیـە کـە هەنـدێکیان دروسـتکراو و نەخشە بۆکێشراون و هەندێکیشیان پەیوەستە بە خودی ئـەو وڵاتانـەوە کـە پەیوەستە بە سیستمی حوکمڕانی ئـەو وڵاتانـە و بـارودۆخی کۆمەڵایـەتیی و رۆشــنبیریی و مێژوویــەوە، گەشەســەندنی ئــابوریی و تــەکنۆلۆجی لــە ئامڕازەکانی کۆمنیکەیشندا لە جیهاندا بۆتە هـۆی ئـەوەی کـە دەستخسـتنی ئەم ئامێرانە پێویستی بە دارایی و شـارەزاییەکی بـاش هـەبێت، وڵاتـە تـازە گەشەسـەندووەکانیش ئـەم ئامێرانـەیان بـە کـڕین یـان لـە رێگـەی هاوکـاری نێودەوڵەتییـەوە دەسـت دەکـەوێت، جگـە لـەوەی کـە کتێـب و بەرنامـەی کۆمپیوتەریی و کاغەزی چـاپ و گۆڤـار و فـیلم و زۆر پێداویسـتی و ئـامڕازی دیکە لەم وڵاتانەوە دێت و وڵاتانی دواکەتوو تەنها بەکاربەرن و بەس.[2]

**(٣) بایەخنەدان بە کۆمنیکەیشن**

لەو کێشانەی کە ئەم وڵاتانە بەدەستییەوە دەناڵێنن ئەوەیە، هەندێك لە بەرپرسان وا دەزانن کـە جـادە و رێگـەوبان و پڕۆژەکـانی کارەبـا و ئـاو و هەندێ پڕۆژەی دیکە زۆر گرنگترن لە رادیۆ و رۆژنامە و ئامڕازە مێدیاییەکان،

---

[1] محمد علي العبادي، وسائل الاتصال الجماهيري و المجتمع، عن: علي عجوة وآخـرون، مقدمـة في وسـائل الاتصال (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل٥٥.

[2] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية و التطبيق(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل٥٢ –٦٢.

راسته ئەم پرۆژانە بایەخی خۆیان هەیە، بەڵام ئەوە فەرامۆش دەکەن کە بڵاوکرنەوەی هۆشیاریی و زانیاریی لە نێوان خەڵکی و باوەڕپێهێنانیان بە بەشداری لە پرۆسەی گەشەکردندا و هەستکردن بە بایەخەکەی پێویستی بە ئامرازەکانی مێدیایە و لەو سەرچاوانەوە ئەو هۆشیارییە بڵاو دەکرێنەوە.[1]

## (٤) زاڵبوونی بەرهەمی بیانیی

وێرای هەموو ئەمانە و بەهۆی بەهێزیی پەخشی ئاسمانیی وڵاتە پێشکەوتووەکان و رێژەی ئەو فیلم و بەرنامە و ناوەڕۆکە مێدیایانەی لە لایەن ئەم وڵاتانەوە ئاراستەی وڵاتانی باشور دەکرێت و نەگونجانی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتیی و ئاینیی و کولتوری ئەم وڵاتانە، بۆتە هۆی دروستکردنی ئاسەواری سلبی دەرونیی و کۆمەڵایەتی لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکان یان وڵاتانی جیهانی سێیەم، بۆ نموونە ئەو وێنەیەی لە سینەمای ئەمریکیدا دەخرێتە روو رەنگە بۆ بینەرانی ئەو وڵاتانە گونجاو نەبێت وەك دیمەنەکانی لادانی سێکسیی و مادده هۆشبەرەکان و میوزیك و پۆشاکی نامۆ و چەندین دیاردەی دیکە کە جۆرێك لە دژیەکی لە نێوان دوو جیهانی جیاوازدا دروست دەکات، کاتێك واقیعی وڵاتەکەی و شێوازی ژیانی بەو واقیعە بەراورد دەکات.[2]

---

[1] علي محمد شمو، الاتصال الدولي و التكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٢٨٤.

[2] (سەرچاوەی پێشوو) ل ٢٧٥ —٢٧٦ .

# بەشی دووەم

# ڕەنگدانەوەی سیاسەت لە دونیای میدیادا

- باسی یەکەم: چەمك و بنەماکانی سەروەریی دەوڵەت
- باسی دووەم: میدیا و سیاسەت
- باسی سێیەم: گوتاری میدیایی و سەروەریی دەوڵەت

## باسی یەکەم: چەمك و بنەماکانی سەروەریی دەوڵەت

✍ بەکارهێنانی وشەی "سەروەریی" بەمانای دەسەڵاتی دەوڵەت لە کتێبەکەی ئەرستۆ (سیاسەت) و هەروەها لە کتێبی (کۆمار)ی ئەفلاتۆنیشدا بەکارهێنراوە وەك وەسفێك بۆ دەوڵەت، لێرەدا ئەفلاتۆن پێی وایە دەوڵەت دەبێتە خودان سەروەریی کاتێك دادپەروەریی تێیدا باڵادەست بێت، یەکەم کەسیش کە دەستەواژەی "سەروەریی" بەکارهێنا زانای فەڕەنسی JEAN BODIN ، لە شەش کتێبەکەیدا سەبارەت بە دەوڵەت لە ساڵی ١٠٧٦ [١] لە زمانی عەرەبیدا "السید": واتە کەسێکی زۆر بەخشندە و خاوەن رەوشت، یان (السید) نازناوێکی رێزلێگرتنی گشتییە، "سەروەریی" لە وشەی (Sovereignty) وەرگیراوە، کە مانای دەسەڵاتی ناوخۆیی وڵات و هێزی باڵادەست دەگەیەنێت کە فەرمان و رێسا و یاسای لێوە دەردەچێت، بەڵام لە بواری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دەربڕە لە هەژموون و سەربەخۆبوون، (سەروەریی) لە ئەوروپا لە سەدەی شازدەوە بۆ پاشاکان بوو بەسەر دەرەبەگەکاندا، لە گەشەکردنی سیستەمە سیاسییەکاندا پاش شۆڕشی فەڕەنسی "سەروەریی" بوو بە سەروەریی گەل [٢]، لە فەرهەنگی

---

[١] إبراهيم عبدا لكريم الغزي، الدولة والنظم السياسية (أبو ظبي: دار المتنبي للطباعة والنشر، ١٩٨٩)ص ٥٧، و برتران بادي، عالم بلا سيادة، ترجمة: لطيف فرج (القاهرة: مكتبة الشروق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١) ل ٢٧.

[٢] حسن الترابي، المصطلحات السياسية في الإسلام (دار الساقي، الطبعة الأولى ٢٠٠٠)ل٢٠ ـ ٢١، هەروەها محمد طه بدوي، النظرية السياسية (القاهرة: المكتب المصري الحديث، ١٩٧٦) ل ٧٥.

یاسای نێودەوڵەتیی "سەروەریی" پێناسە کراوە بەوەی (دەسەڵاتی باڵای دابەشنەکراوە کە دەوڵەت هەیەتی بۆ یاسادانان و جێبەجێکردنی بەسەر گشت کەس و شمەك و رووداوەکان لە سنووری جوگرافی خۆیدا). [1]

بەرای (مورتشاو) سەروەریی واتە (دەسەڵاتی یاسایی ئوممەت بە مەبەستی یاسادانان و جێبەجێکردنی لە سەر خاکێکی دیاریکراو، هەر بۆیە ئەم دەسەڵاتە سەربەخۆ دەبێت لە هەر نەتەوەیەکی دیکە و بە پێی یاسای نێودەوڵەتی هاوشانی دەبێت). [2]

هەندێکی دیکە سەروەریی بەوە پێناسە دەکەن (کە ئەو دەسەڵاتە باڵایە کە هیچ دەسەڵاتێك لە سەرویەوە نییە، و مۆرکی بنەڕەتی و لێکدانەبڕاوی دەوڵەتە کە لە گشت رێکخراو و سیستەمەکانی دیکەی نێو کۆمەڵگەی سیاسی و رێکخەری یاسا و تەشریعاتەکان جیادەکاتەوە، هەروەها تاکە لایەنی راسپێرراوە بۆ پاراستنی یاسا، "سەروەریی" هاوشانە لەگەڵ بوونی دەوڵەتدا و دەکرێت شوێنگەی سەروەریی پاشا یان جێنشین یان گەل یان پەرلەمان یاخود دەزگا نوێنەرایەتی و قەزائییەکان بێت). [3]

---

[1] ولتر.ب. رستون، أفول السيادة، ترجمة: سمير عزة نصار(دار النسر للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٩٩٥)ل١٩.

[2] عاطف عدلي عبيد، مدخل إلى الاتصال والرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٦.

[3] چەمکی سەروەریی لە سایتی: www. darislam.com.

ئەنسکلۆپیدیای سیاسەت سەروەریی بەوە پێناسە دەکات کە: ئەو دەسەڵاتە باڵایەیە کە هیچ دەسەڵاتێك لە سەروویەوە نییە، و مۆرکی بنەرەتی دەوڵەتە، و سەنتەری دەرکردنی یاسا و تەشریع و تاکە لایەنی راسپێردراوە بۆ پاراستنی ئاسایش و یاسا، هەر ئەویشە جومگەکانی هێزی لە دەستە.[1]

لەم پێناسانەوە و زۆر پێناسەی دیکە روون دەبێتەوە کە زۆربەیان جەخت لەوە دەکەنەوە کە سەروەریی بەمانای هێز و هەژموونی دەوڵەت و توانای لە پاراستنی سنوورەکانی لە دەستێوەردانی دەرەکی، و توانای لە دارشتنی یاساو تەشریعاتەکان دێت، ئەگەر ئەو خەسڵەت و مۆرکانە نەبوون ئەوا پێکهاتەی دەوڵەت کەموکورتی تێ دەکەوێت و هیچ مانایەك بۆ سەروەریی نامێنێت.

سەروەریی دوو لایەنی هەیە (ناوخۆیی و دەرەکی)، لایەنی ناوخۆیی واتە سەروەریی گشت مافەکانی دەسەڵاتی باڵا لە هەر وڵاتێکدا بگرێتەوە، ئەویش مافی بڕیارە باڵا و چارەنووسسازەکانە لە سەر خاکی دەوڵەت و بە هۆی رژێمە سیاسییەکەیەوە، هەروەها مافی دەوڵەت بۆ ئەوەی کەس فەرمانی بەسەردا نەکات کە چی بکات و چۆن هەنگاو بنێت، هەروەها بتوانێت بڕیار لە سەر ئەو شتانە بدات کە دەکەوێتە سنووری جوگرافی خۆیەوە، بەڵام سەروەری ناوخۆیی چەند خەسڵەتێکی هەیە، لەوانە کە هێزی باڵادەستی لە

---

[1] عبد الوهاب الكيالي وآخرون، موسوعة السياسة – الجزء الثالث– (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٣) ل ٥٦.

بڕیاردانادا هەیە، هەروەها گشت ئەندامان و ڕێکخراوەکانی نێو سنووری دەوڵەت دەگرێتەوە و خەسڵەتی بەردەوامیی هەیە، بە جۆرێك (سەروەریی) کارپێکراوە تا دەوڵەتەکە بمێنێت، لە کۆتایدا (سەروەریی) بەش بەش ناکرێت، هەر بۆیە ناکرێت زیاد لە سەروەرییەك لە نێو یەك دەوڵەتدا هەبێت.[1]

مەبەست لە لایەنی دەرکی واتە حەسانەی هەبێت لە دەستێوەردانی دەرەکیی، بۆ هیچ کارەکتەرێکی دەرەکی نیە بە بێ مۆڵەت دەست بخاتە نێو کاروباری دەوڵەتەوە، کرۆکی سەروەریی دەرەکی ئازادبوونە، یاخود سەربەخۆبوون لە زاڵبوون و شوێنکەوتەیی دەوڵەتێکی دیکە، ئەوەش خۆی لە ناردن و پێشوازیکردن لە نێردراوە دیبلۆماسییەکان و بەستنی ڕێکەوتنامە و ڕاگەیاندنی جەنگ و ئاشتی لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا بەرجەستە دەبێت، جگە لەمانە دەوڵەت ناچێتە ژێر ڕکێفی هیچ دەوڵەتێکی بیانییەوە، هەر بۆیە سەربەخۆیە لە هەر فشارێکی دەرەکیی و دەستێوەردانی دەوڵەتێکی دیکە، ئەگەر دەسەڵاتی دەوڵەت کۆت و بەندی هەندێ مەرجی لە سەر بوو کە

---

[1] نایف علي عبيد، العولمة مشاهد وتساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥ و چەمکی سەروەریی لە سایتی WWW.ahram.arg,eg، و عبدالوهاب الكيالي وآخرون، موسوعة السياسة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٥٦.

بەهۆی هەندێ ڕێکەوتنامە و بەڵێننامەی نێودەوڵەتییەوە بەسەریدا سەپێنرا بوو، ئەوا ئەم کۆت و بەندە لە سەروەریی دەوڵەتەکە کەم ناکاتەوە.[1]

ئەرستۆ باسی چەمکێکی کردووە کە تاڕادەیەکی زۆر نزیکە لە چەمکی سەروەریی و ناوی لێناوە (دەسەڵاتی باڵا) لە دەوڵەتدا، بیریارە موسڵمانەکانیش جەختیان لە سەر ڕێنماییەکانی ئاینی ئیسلام کردۆتەوە، و لە ناو کرۆکی چەمکی خەلیفە و بەیعەتدا سەروەریی خراوەتە نێو دەزگای خیلافەتەوە، لە تێڕوانین و بۆچوونە لاهوتیەکانیشدا سەروەریی لە کەسایەتی فەرمانڕەوادا بەرجەستە بووە بە پێی تیۆری (مافی خودایی)، لە سەردەمی دەرەبەگەکاندا سیستمی کۆمەڵایەتی پشتی بە گوێڕایەڵی کەسیی بەستبوو، هەندێ بیریاری وەك: جان بودان و هۆبز و جۆن لۆك و جان جاك ڕۆسو و جۆن ئۆستن قسەیان لە سەر چەمکی سەروەریی بە شێوازی جۆراوجۆر کردووە.[2]

---

[1] بروانە ئەم سەرچاوانە : نایف علي عبيد، العولمة مشاهد وتساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥، و بابەتی سەروەریی لە سایتی WWW.ahram.arg,eg، و عبد الوهاب الكيالي وآخرون، موسوعة السياسة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٣٥٦، و عبدالغني بسيوني عبدالله، النظم السياسية – أسس التنظيم السياسي (الدار الجامعية، القاهرة، ١٩٨٦) ل٤٤–٤٥، و ثروت بدوي، النظم السياسية (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦١) ل١٩٣– ١٩٤.

[2] عبدالوهاب الكيالي، موسوعة السياسة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٥٦ ـ ٣٥٧.

له سەروەرییدا هەندێ خەسڵەت هەن پێویستە بوونیان هەبێت، وەك [1]:

- دەسەڵاتێکی یاساییە و حەقیقەتێکی ماددی نیە.
- سەروەریی رەهایە و گشتگیرە و تەنازوولی لێ ناکرێت.
- تا دەوڵەت بمێنێت (سەروەریی)ش دەمێنێت.
- سەروەریی ئەو دەسەڵاتەیە کە فەرمان دەردەکات و لە سەروو هەمووانەوەیە.
- سەروەریی بەش بەش ناکرێت.

(سەروەریی) بەشێکە لە پسپۆریی شارەزایانی بوارەکانی یاسا و یاسادانەران و توێژەرانی بواری سیاسەت، هەروەها لە کۆبوونەوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆڕ و کۆنفڕانسە نێودەوڵەتییەکاندا قسەی لە سەر دەکرێت، حاڵی حازر بۆتە جێباسی توێژەران و شرۆڤەکارانی بواری جیهانگەرایی، ئەم بابەتە چەمکێکی بنەرەتی و زیندووی کاروباری نێودەوڵەتییە، هەروەها لە سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە جیهاندا، چونکە پەیوەستییەکی تەواوی بە ئاسایشی دەوڵەت و پاراستنی سەروەریەتی لە دەستێوەردانی دەرەکی، لە لایەکی دیکەوە بوونی سەروەریی کلیلی چوونە نێو کۆڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکانە لە گشت بوارەکاندا، هەر بۆیە ئەو دەوڵەتانەی کە خاوەنی (سەروەریی) نین هەوڵی دەستخستنی دەدەن،

---

[1] محمد رفعت عبدالوهاب، مبادیء النظم السیاسیة (لبنان: منشورات الحلبي الحقوقیة، ٢٠٠٢) ل٨٩–٩٠، و أیضا هشام آل شادي، مقدمة في علم السیاسة (بغداد: جامعة بغداد، بدون سنة طبع) ل٤٢و٥١.

ئەوانەش کە خودان سەروەریی نین دەیانەوێت بە هەموو شێوەیەك لە بەش بەش بوون بیپارێزن، گشت ئەو ململانێیانەی ئەمڕۆ جیهانی گرتۆتەوە و خەباتی هەندێك لە کەمایەتییەکان بۆ پاراستنی بوون و کیانیان نموونەن لە سەر بایەخ و گرنگی "سەروەریی".

کە بە مێژووودا رۆدەچین دەبینین چەمکی سەروەریی نیشتیمانیی لەگەڵ (لەدایکبوونی پێناسەی یاسایی دەوڵەتدا لە سەدەی شازدەهەمەوە پەیدا بووە، ئەو کاتە کە فرەییەك لە رێرەوە فیکرییەکاندا هەبوو لە پێناسەکردنی سەروەریی ناوخۆیی دەوڵەت پەیوەست بە رێکخراوەکانی دیکەوە، جۆرێك لە هاودەنگی هەبوو لە سەر ئەوەی سەروەریی دەرەکی دەوڵەت لە بەرامبەر دەوڵەتانی دیکە هاوشان لەگەڵ چەمکی سەربەخۆبوون تێڕوانینی بۆ دەکرا).[1]

لە جاڕنامەی مافەکانی مرۆڤ کە لەگەڵ شۆڕشی فەڕەنسادا دەرچوو، کە هاوکات لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەییدا دروست بوو کە پشت بە دەسەڵاتی گەل و سەروەریی یاسا دەبەستێت، لە بڕگەی سێیەمی ئەو جاڕنامەیەدا هاتووە: سەرچاوەی سەروەریی لە بنەڕەتدا و بەپلەی یەکەم لە نەتەوەدایە، ئەو سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و دەوڵەت کاتێ دەبێتە خودان

---

[1] أسامة المجذوب، المتغيرات الدولية ومستقبل مفهوم السيادة المطلقة (مجلة السياسية الدولية، مركز الدراسات السياسية والإستراتيجية بالأهرام، العدد ١٠٩، ١٩٩٤) ل١١٦.

سەروەریی کە هەڵقوڵاوی هەڵبژاردنی کۆمەڵگە و گەل بێت و تەنها ئەمە شەرعییەتی پێ دەبەخشێت.[1]

لە سەدەی نۆزدەهەم تیۆری مارکسی وەك (تیۆرێکی شۆڕشگێرانە دەرکەوت کە داوای دەکرد دەوڵەتی بۆرجوازی نەمێنێت، کە سەروەریی وەك چەکێك بەکارهێنراوە بۆ ئەوەی گەل بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە لە پێناو دابینکردنی بەرژوەندی چینی حوکمڕان لە سەر پشتی زۆرینەیەکی چەوساوە، هەروەها بۆ گواستنەوەی سەروەریی بۆ دیکتاتۆرییەتی پڕۆلیتاریا، هەموو ئەوە لە پێناو دروستکردنی کۆمەڵگەی شیوعی و سڕینەوەی بەهانەی بوونی دەوڵەت •، لە کۆتاییشدا کۆتاییهێنان بە دیاردەی سەروەریی بە تێڕوانینە باوەکەی).[2]

لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش دروستبوونی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٤٥ بوویە هۆی (ئەوەی رەگەزێکی دیکە بخرێتە نێو پێناسەی سەروەری نیشتیمانیی و دیاریکردنی چوارچێوەکەی و بویە هۆی خستنەروی تێڕوانینێك بۆ سنووری سەروەریی نیشتیمانیی دەوڵەتی تاکانە لە بەرامبەر کۆمەڵەی نێودەوڵەتیی، ئەو رەگەزەش باس لەوە دەکات کە

---

(1) سەبارەت بەم بابەتە بگەڕێرەو حسن حنفي، الاسلام والعولمة – اقاط مفهوم السيادة للدولة القومية على موقع الإنترنت WWW.azzaman.com.

• هەندێك لە توێژەران پییان وایە کە ئەوەی ئەمڕۆ سیستمی نویی جیهانی بانگەشەی بۆ دەکات لە سڕینەوەی نەتەوە و توانەوەی هەمووان لە یەك ناسنامەدا هەمان ئەو تێڕوانینانەیە کە لە تیۆرەکانی مارکس و شیوعییەتدا بانگەشەی بۆ دەکرا.

(2) عبد الوهاب الكيالي وآخرون، موسوعة السياسة (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل٣٥٨ .

پێویسته دەوڵـەت خـودان سـەروەریی بێـت تـا بتوانێـت ببێتـە بەشـێك لـەم مەنزومە نێودەوڵەتییە، هەروەها جەختی کردەوە لە سەر پێویستی ڕێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی دیکە و سەلامەتی خاك و ئـاوی و دەسـتێوەرنەدان لـە کاروبارە ناوخۆییەکانی).[1]

چەمکی سەروەریی یان یەکسانیی لـە نێـوان وڵاتـانی ئەنـدام لـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان یەکێکـە لـە بنـەما سـەرەکییەکانی یاسـای نێودەوڵـەتیی، ماددەی٢ (أ) لـە بەڵێننامـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکان دەڵێـت (ڕێکخراوەکـە پشت بـە سـەروەریی یەکسـانی نێـوان سـەرجەم ئەندامـەکانی دەبەسـتێت)، هـەروەها مـاددەی ٢ (ب٣) لـە بەڵێننامـەی ڕێکخـراوی کـۆنگرەی ئیسـلامی جەخت لەسەر هەمان بنەما دەکاتەوە و دەڵێت: (ڕێزگـرتن لـە سـەروەریی و سەربەخۆیی و یەکێتی خاکی گشت دەوڵەتێکی ئەندام)، هـەروەها کۆمکـاری عەرەبی لە ماددەی دوویدا جەخت لە سەر هەمان بنەما دەکاتەوە.[2]

نووسەر (ئەحمەد عەبدولرەزاق خەلیفـە) بـاس لـەوە دەکـات کـە نەتـەوە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٤ هەندێ بڕیاری گرنگی پەیوەست بە سەروەریی وڵاتانەوە دەرکردووە، ئەویش بە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (٣٢٨١) کە تێیـدا هاتووە:[3]

---

[1] أسامة المجذوب، المتغيرات الدولية ومستقبل مفهوم السيادة المطلقة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١١٦.

[2] راجـع حسـن حنفـي، الاسـلام والعولمـة – اقـاط مفهـوم السـيادة للدولـة القوميـة علـى موقـع الانترنـت .WWW. azzaman.com

[3] أحمد عبد الرزاق خليفة السميدان، القانون والسيادة وامتيازات النفط (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل١٥٤ - ١٥٥.

١. یەکسانی (سەروەریی) گشت وڵاتان

٢. دەستێوەرنەدان

٣. سوودگەیاندن و ئاڵوگۆڕی دادپەروەرانە لە نێوان وڵاتاندا

٤. یەکسانی لە مافەکاندا و مافی چارەی خۆنوسین بۆ گشت گەلان

٥. چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ناکۆکییەکان

٦. رێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنەرەتییەکان

٧. هاریکاریی نێودەوڵەوتیی بە مەبەستی گەشەپێدان

لەگەڵ ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان چەندین بڕیاری پەیوەست بە پاراستنی سەروەریی و دەستێوەرنەدان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدا دەرکردووە، کەچی جیهان بەردەوام شاهیدی شکاندنی سنوور و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەدایە، جا لە رێگەی سەربازییەوە بێت یان لە رێگەی هێرشی ئاسمانیی و داگیرکردنی کولتوریی و فیکریی، بە جۆرێك سنووری ئەم وڵاتانە بەڕووی ئەم پەلاماردان و هێرشانەدا کراونەتەوە، بەهۆی سیستمە دیکتاتۆڕەکان و کپکردنی ئازادیەکان خەڵکانێکی زۆر پشتیوانی لەم دەستێوەردانە دەرەکییە دەکەن و رەنگە خۆیان زەمینەشی بۆ خۆش بکەن. هەندێك لە نووسەران و توێژەران پێیان وایە کە قسەکردن لە مەڕ سەروەریی وڵاتان و دەوڵەتی نەتەوەیی لە خەیاڵپڵاو زیاتر هیچی تر نییە و تەنها مەرەکەبی سەر کاغەزە و (کۆنترۆڵکردن لە سەر ئاستی نەتەوەیی هیچ کاریگەرییەکی لە هەمبەر پرۆسە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی بە جیهانیکراوەکاندا نییە، ئەمرۆ بازاڕی نوێی

جیهانیی سیاسەتە نەتـەوەیی و بـڕاردە سیاسـییەکانی پـەراوێز خسـتووە و هەژموونی لە وڵاتان بەهێزترە، ئـەمڕۆ سـەرمایە ئـازادە و دێـت و دەچـێت و پەیوەنـدی بـە هـیچ نەتەوەیەکـەوە نییـە، بارەگاکـەی لـەو شـوێنەیە کـە بەرژوەنـدی ئـابوریی و سـەرمایەی لیَ بێـت)[1]، زۆر بـە کـەمی حکومەتـەکان دەتوانن کۆنترۆڵی کاروباری نێو وڵاتەکەی خۆشـیان بکـەن، ئـەویش لـە بـەر لاوازی ئەم حکومەتانە و پشت بەستنی ئابوریانەیان بە دەوڵەتانی دیکە.

لە بەرامبەر ئەم راوبۆچوونانە هەندێك تێڕوانینی دیکە هەن کـە بەتونـدی قسە لە مانەوەی (سەروەریی) وڵاتان دەکەن، و پێیان وایـە دەوڵـەت هێشـتا هەژموونی ماددیی و مەعنەوی لە لێپرسینەوە لە یاساشکێنەکان و سەپاندنی بـاج لـە سـەر شمەکـە هاوردەکـان و بەگشـتی لـە مـەڕ ئـەو سیاسـەتە گشتییانەی کە دەوڵەت بۆ بەڕێوەبردنی وڵات پەیڕەویان دەکات هـەر مـاوە، دەوڵەت هێشـتا (رۆڵێکـی سـەنتەرانەی لـە زاڵبـوون بەسـەر خـاك و ئـیرادەی هاوڵاتییانـدا هەیـە ، خـەڵکی تـا ئێسـتە بـۆ پاسـپۆرت و وەرگرتنـی فیـزا و هاتوچۆکردن و مانەوە لە وڵاتێکدا ئاتاجیـان بـە حکومەتـە، ئـەم هەژموونـە شەرعیەتێك بە حکومەت دەبەخشێت کە هـیچ دەسـتە و رێکخراوێکـی دیکـە ناتوانێت جێگرەوەی بێت)[2]، ئێمە بەردەوام ئەم رۆڵەی دەوڵەت دەبیـنین و

---

[1] نایف علي عبید، العولمة مشاهد و تساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤، و هەروەها برتـران بادي، عالم بلا سیادة (القاهرة: مكتبة الشروق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١) ل ٢٨١.

[2] نایف علی عبید، العولمة مشاهد و تسـاؤلات (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٥، لـە بـول هـیرت وجراهام توسون، مساءلة العولمة، ترجمة ابراهيم فتحي ل ٣٣.

زۆرجار دەوڵەتی نویٚ دیٚتە نیٚو نەخشەی سیاسەتی جیهانیی و هەندیٚ لایەنی دیکە داوای ئەوە دەکەن کە ببنە دەوڵەتی سەربەخۆ و کیانیٚکیان هەبیٚت.

نووسەر (غەسان ئەلعیززی) ئەم بابەتـە راڤـە دەکـات و دەڵیٚـت: زۆر زانـا هەن مکوڕن لە مانەوەی دەوڵـەت و بـەڕای ئـەوان کاراکتـەری یەکـەمی سـەر شـانۆی نیٚودەوڵەتییـە، ئـەمان بەڵگـە بـە زیـادبوونی ژمـارەی ئـەو وڵاتانـە دەهیٚننەوە لـە سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمەوە، بـۆ نموونـە سـاڵی ١٩٤٥ دەوڵەتە سەربەخۆکان ژمارەیان (٦٠) وڵات بوو، بەڵام ئەمڕۆ نزیك بۆتەوە لە (١٩٠ و زیـاتر)[1]. جگـە لـەوە سـەلاحیاتی ریٚکخـراوە نیٚودەوڵەتییـەکان وەك نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەنجوومەنی ئاسایش و دادگـای دادی نیٚودەوڵـەتی هەر سنووردارە، ئەم ریٚکخراوانە رەنگـە سـەرکۆنەی مەسـەلەیەك بکـەن یـان راسپاردەیەکیان هەبیٚت، بەڵام نـاتوانن راسـتەوخۆ دەسـتیٚوەردانیان هـەبیٚت مەگەر لە هەندیٚ حاڵەتی تایبەتـدا نـەبیٚت، تەنانـەت دەوڵـەت هەیـە هەنـدیٚ ریٚکەوتنامە هەڵدەوەشیٚنیٚتەوە کە رەنگە نیٚردراو و بـاڵویٚزە رەسمییـەکانیان ئیمزایان لە سەر کردبیٚت، یان رەنگە لە دەستە و ریٚکەوتنامەیەك بکشیٚتەوە کە پیٚشتر رەزامەندی لە سەر نواندووە یاخود تیٚیـدا ئەنـدام بـووە، جگـە لـە مانــە هــەر خــودی بەڵیٚننامــەی نەتــەوە یــەکگرتووەکان راشــکاوانە دژی دەستیٚوەردانە لە کاروباری دەوڵەتیٚکی دیکە.

---

[1] غسان العزي، سياسة القوة ومستقبل النظام الدولي والقوى العظمـى (بـيروت: مركـز الدراسـات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠ )ل٦٧.

هەندێك لـە توێـژەران پێیـان وایـە کـە مانـای رووکەشـی سـەروەریی بـە شێوەیەکی جەوهەری نەگۆڕاوە لـە پەیماننامـەی (ویسـتڤالیا)وە تـا دەگاتـە کۆتاکانی سەدەی بیست و تا ئەم ساتەوەختانەش، بەڵام ئەو بناغەیـەی کـە سـەروەریی لـە سـەر بوونیـاد نـراوە گۆڕانکـاری بەسـەردا هـاتووە، دەوڵـەت بەردەوام ئـازاد بـووە لـە بڕیـاردان بـە پێـی یاسـا و ڕێسـا نیشـتیمانییەکانی خۆی، بـەڵام هەنـدێ ریزپـەڕیی هەیـە بـە تایبـەت لـە نـەوەدەکانی سـەدەی پێشوو و سەرەتاکانی ئـەم سـەدەیە. لەگـەڵ ئەمانـەدا دەوڵـەت بـە چـەندین ئەرك هەڵدەستێت لەوانە پاراسـتنی ئاسایشـی نەتـەوەیی و هـەر بەوەشـەوە ماوە، بەوەی کیانی دەوڵەت بپارێزێت لە هەرەشـە و مەترسـییە نـاوخۆیی و دەرەکییەکان و زامنێك بێت بۆ کەڵك وەرگرتن لە سامانە سروشتییەکان.[1]

ئێمـە لەگـەڵ ئـەو تێڕوانینانـەداین کـە بـەرگری لـە مانـەوەی سـەروەریی دەوڵەت و هەژموونی لە پاراستنی کیانەکەی لە پەلاماردان و دەسـتێوەردانی دەرەکی دەکات، هەروەها لە دەسەڵات و هـەژموونی بەسـەر گەلـەوە، بـەڵام بەهۆی فشاری ڕژێمەکان و یاسا نوێیەکانی سیستمی جیهانگەرایی و لـە ژێـر فشار و کاریگەریی و هـەژموونی مێـدیادا لـەم سـەردەمەدا، ئـەم سـەروەرییە وەك جاران نەماوە و لە واقیع و لایەنی پراکتیکییەوە وەك جاران کاری خۆی ناکات.

---

[1] سلام خطاب الناصري، الإعـلام والسياسـة الخارجيـة الأمريكيـة (بغـداد: دار الشـؤون الثقافيـة العامة، ٢٠٠٠) ل٧٩.

## باسی دووەم: میّدیا و سیاسەت

- **میّدیای سیاسی و سیاسەتی میّدیایی:**

✍پەیوەندی نیّوان هەریەك لە میّدیا و سیاسەت یەکیّکە لەو بابەتانەی کە جیّگەی قسەوباس و مشتومڕی زۆریّك لە بیریاران و تویّژەران و نووسەران بووە لە جیهاندا، لەم بارەیەوە چەندین تویّژینەوە و لیّکۆڵینەوەی جۆراوجۆر پیّشکەشکراون کە باس لە سروشتی ئەم پەیوەندییە دەکات، و شرۆڤەی رادەی کاریگەریی و لایەنە ئیجابی و سلبییەکانی دەکات، هەندیّ تیۆر هەن کە باس لە رۆڵی ئایدیۆلۆجیا و سیاسەتەکان دەکەن لە ئیدارەدانی دەزگا میّدیاییەکاندا، چۆن لە پشت هەر دەزگایەکی میّدیایی تیّڕوانین و فەلسەفە و سیاسەتیّکی دیاریکراو هەیە، دەیەویّت بە هەندیّ ئامانج و بەرژوەندی تایبەت بگات، لەگەڵ ئەوەی جیاوازیی و ریّژەی جۆراوجۆر لە سروشتی ئەم پەیوەندیەدا لە نیّوان دەوڵەتە دیکتاتۆڕ و دەوڵەتە لیبڕاڵەکاندا هەیە، بەڵام لە ئەنجامی وردبوونەوە بۆمان روون دەبیّتەوە کە توخمی سیاسەت بە ریّژەی جۆراوجۆر لە هەناوی دەزگا میّدیاییەکاندا گەمە دەکات.

کۆمنیکەیشن (میّدیا)ی سیاسیی زانستیّکی سەربەخۆیە، بەشیّکی گرنگە لە زانستی کۆمنیکەیشن، بەشەکانی میّدیا و زانستە سیاسییەکان و زۆر رشتەی مرۆیی دیکە پرۆگرام و پانتایی تایبەتیان بۆ خویّندنی ئەم بابەتە تەرخان کردووە، هەروەها چەندین سەنتەری تایبەت بە تویّژینەوە و سەدان تویّژینەوەی جۆراوجۆریان لە مەڕ ئەم پرسە پیّشکەشکردووە،

بەرهەمەکەشی بۆتە تێڕوانین و بۆچوونی جۆراوجۆر لە مەڕ ئەم بابەتە گرنگ و هەستیارە.[١]

کاریگەریی مێدیا لە سەر سیاسەت دیاردەیەکی کۆنە و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە و یەکێك لە سیماکانی ئەم بابەتە خۆی لەو کاریگەرییەدا دەبینێتەوە کە مێدیا لە سەر رایگشتی دروستی دەکات، دەوڵەتیش هەوڵدەدات ببێتە بەشێك لە ئاڕاستە و سیاسەتە گشتییەکانی، لە پەنجاکانی سەدەی پێشوودا و لە بواری توێژینەوەدا کار لە سەر کاریگەریی تەلەفزیۆن لە سەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان کراوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئاسەوارەکانی پڕوپاگەندە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەو زمانە سیاسییەی کە لە هەڵبژاردنەکاندا بەکار دەهێنرێت کراوە[٢]، لە جەنگی جیهانیی دووەمدا پانتاییەکانی جەنگی مێدیایی و پڕوپاگەندەیی و دەرونیی فراوانتر بوون، کە هاوشان لەگەڵ بۆردومانی فرۆکە جەنگیی و سوپاکاندا گەشەی دەکرد.[٣]

ئەگەر کەمێك بگەڕێینەوە بۆ رابردوو، دەبینین هەندێ هەوڵ و ئەزموونی زانایان و فەیلەسوفە رۆژئاوایی و موسڵمانەکان هەن بۆ لێکدانەوەی ماهیەتی

---

[١] محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥

[٢] کۆمەڵێك لە شارەزایانی بواری کۆمنیکەیشن بیبلیۆگرافیایەکیان دەرکرد کە ناونیشانی هەندێك لەو توێژینەوانەی لە بواری کۆمینکەیشنی سیاسیدا ئەنجام درابوون گەیشتنە نزیکەی (٢٥٠٠) توێژینەوەی زانستی.

[٣] (هەمان سەرچاوە)، ل ٢١-٢٢، و مصعب عبدالقادر وداعة الله، منهجية الإعلام وأثرها على النظم السياسية و علاقاتها الخارجية (مجلة أفكار جديدة، مجلة فصلية تصدرعن هيئة الأعمال الفكرية، السودان، العدد٧، سبتمبر٢٠٠٣)ل٢٠٢.

پەیوەندی نێوان سیاسەت و کۆمنیکەیشن، ئەرستۆ (٣٢٢ ـ ٣٨٤ پ.ز) لە پەرتووکەکەیدا (سیاسەت و گوتار) هەروەها میکافیلی و (١٦٤٨ ـ ١٥٢٧) و ئیبن خەلدوون و چەندانی تر باسیان لەم بابەتە کردووە.[1]

کۆمنیکەیشنی سیاسی پێناسە کراوە بەوەی (ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە کۆی ئەو چالاکی و کارانە دەکات کە کارەکتەرەکانی نێو پرۆسەی کۆمنیکەیشن پێی هەڵدەستن لە پێناو گەشتن بە هەندێ ئامانجی سیاسیی کە جێگەی بایەخە)، کرۆکی کۆمنیکەیشنی سیاسی بۆ دروستکردنی کاریگەریی و گۆڕینی تێڕوانین و بۆچوونەکانی جەماوەر بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراو، هەروەها جۆن میدۆ پێناسەی کردووە بەوەی: ئەو شێوازەیە کە تێیدا بارودۆخی سیاسیی کاریگەریی لە سەر ناوەڕۆك و ڕێژەی کۆمنیکەیشن دروست دەکات، هەروەها پەیوەستە بەو ڕێگەیەی کە دەکرێت تێیدا بارودۆخی کۆمنیکەیشن کاریگەریی خۆی لە سەر سیاسەت دروست بکات[2].

ئەم کۆمنیکەیشنەش دابەش دەبێت بۆ کۆمنیکەیشنی سیاسیی ناوخۆیی کە لە سەر ئاستی نیشتیمانیی ئەنجام دەدرێت، یاخود لە نێو هەرێمێکی دیاریکراودا، کە تێیدا حکومەتەکان ئاڕاستەی گەلەکانیان دەکەن بۆ

---

[1] محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠.

[2] یاسر علي عثمان، الدعاية السياسية ـ أساليبها و وسائلها (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم درمان، كلية الإعلام، ٢٠٠٣) ل٥٨ لە voices one world،mac brid، unesco. paris.p68.

هۆشیارکردنەوە و ڕێنوێنی کردنیان، یاخود کۆمنیکەیشنێکە لە دەرەوەی سنووری نیشتیمان لە سەر ئاستی پەیوەندییە نێودەوڵەتیی و دیبلۆماسییەتە رەسمیی و دەزگا مێدیاییە دەرەکییەکان، هەروەها رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و حکومەتەکان پێی هەڵدەستن لە پێناو دروستکردنی کاریگەریی لە سەر سیاسەتی وڵاتانی دیکە.

مێدیا ئامرازێکی کاریگەرە لە نێو ئامرازەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، کە لە ڕێگەی ئەم دەزگا مێدیاییانەوە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوە بەدی دێن، هەروەها بە ڕێگەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ و لە رێگەی ئاژانسەکانی هەواڵ و رۆژنامە و رادیۆ و کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕی ئینتەرنێت و زۆر ئامرازی دیکە ئەم کارە ئەنجام دەدرێت [1]، بایەخی ئەم ئامرازە هیچی کەمتر نییە لە هەر ئامرازێکی لۆجیستی و سیاسی و سەربازیی، لە ڕاستیشدا بەبێ چالاکییەکی مێدیایی و سەربازیی کاریگەر زەحمەتە سوپایەکی بەهێز و ئاسایشێکی تۆکمە دروست ببێت.

کاتێك مەسەلەکە پەیوەست دەبێت بە پەیوەندی نێوان کۆمنیکەیشن و سیاسەتی دەرەوەی وڵاتان، ئەوا تەنها پەیوەندی نێوان حکومەت و حکومەتێکی دیکە نابێت، بەڵکو لە سایەی شۆڕشی تەکنەلۆجیا و پەیوەندییەکاندا کۆمنیکەیشنێك دەبێت لە نێوان گەلێك و گەلێك و کولتورێك

---

[1] فهد عبد العزیز الدعیج، الأمن والإعلام في الدولة الإسلامیة (الریاض: المرکز العربي للدراسات الأمنیة والتدریب، ١٩٨٦)ل٢٣٠، و هەروەها عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحدیث(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٥.

و کولتورێـك و شارسـتانییەت و شارسـتانییەتێکی دیکـەدا، تەنانـەت ڕەنگـە لێدوانێکی نا ئەنقەست جیهان داگیر بکات و وێنایەکی دیاریکراو دەداتـە ئـەو گەلەو ڕەنگە ببێتە دەربڕی ئاستی هۆشیاریی و سیاسیی و کولتوریی.[1]

لێـرەدا مەبەسـتمان بـە سیاسـەتی دەرەکیـی فاکتـەرە نـاوخۆیی و هەرێمایەتی و شارستانییتەکانە، کە خـۆی لـە مێـژوو و ئایـدیۆلۆجیا و بـاری دیمـۆگرافیی و توانـای ئـابوریی و هێـزی سـەربازیی و پێکهاتـەی سیاسـیدا دەبینێتـەوە، هـەروەها قسـەکردنە لـە مـەڕ تایبەتمەنـدی و فاکتـەرە نێودەوڵەتییەکانی سیستمی جیهانیی، جگە لـە سروشـتی پەیوەنـدی نێـوان وڵاتە زلهێزەکان و وڵاتە بچوکەکان و چەندین لایەنی دیکە.[2]

لە سەرەتاکانی سەدەی پێشـوو وڵاتـە زلهێزەکـان ویسـتویانە سیاسـەتی دەرەوەی خۆیان بە هۆی ئامرازە مێدیاییەکانـەوە جێبـەجێ بکـەن، چـونکە مێدیا بەشێکی دانەبراوە لە سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێك و بێ ئەم چەکە کاریگەرە بەرژەوەندییەکانی بەدی نایەن.

(فردريك بارجهورن) پێی وایە کە فەڕەنسا یەکەم دەوڵـەتی زلهێـز بـووە کە پڕۆگرامێکی فراوان و گشتگیری بۆ پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان دانـاوە، و لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمەوە لـە ڕێگـەی وەزارەتـی دەرەوە لـە هەر دوو ڕۆژهەڵاتی دوور و ناوین دەستی دایە کاری مژدەدەریی و فێرکردن و شوێنەوارناسـیی، هـەروەها کردنـەوەی خوێندنگـە و پێشکەشـکردنی وتـار و

---

[1] أحمد بدر، الإعلام الدولي، دراسات في الاتصال والدعاية الدولية(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٨.

[2] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٣.

بڵاوکردنــەوەی کتێــب و بایەخــدان بــە زمــانی فەڕەنســی و بڵاوکردنــەوەی ڕۆشـنبیریی فەڕەنسـیی لـە دەرەوەی سـنوورەکان لـە خـۆ گرتبـوو، دواتـر بەریتانیا هاتە نێو جیهانی دیبلۆماسیەت و لە ساڵی (١٩٣٤) بە دامەزرانـدنی ئەنجوومەنی بەریتانیی کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی بیر و تێڕوانینی ئینگلیزیی و ڕەوجدان بوو بە زمان و کولتوری ئینگلیزی لە وڵاتانی دیکە.[1]

لــە میانــەی جەنگــە جیهانییــەکانی یەکــەم و دووەم وڵاتــە زلهێــز و بەشــەڕهاتووەکان بـۆ دروسـتکردنی کاریگـەریی لـە سـەر وڵاتـانی دیکـە و بەرزکردنــەوەی ڕۆحــی مەعنــەوی گــەلانی خۆیــان هەوڵیانــداوە ســوود لــە ئامرازەکانی کۆمنیکەیشن وەربگرن.

لە ڕووی مێژووییەوە و لەو کاتەی لە ئەوروپا چاپخانە هاتەکایەوە، خێرا یاسا و کۆت و بەندی بۆ دانرا تا لە دەست دەرنەچێت و نەبێتە فاکتەرێك بـۆ نانــەوەی پشـێوی سیاسـی، پیـاوانی سیاسـەت زۆر زیرەکانـە مێـدیایان بـۆ بەرژوەنـدی خۆیـان بـەکارهێناوە، بـۆ نموونـە ڕۆزفلـت لـە ڕێگـەی رادیـۆوە موخاتەبەی گەلەکەی دەکرد، وەك چۆن باوکێك لەگـەڵ مـاڵ و منداڵەکانیـدا بکەوێتە گفتوگۆ! کەمەندکێشیی جۆن کینەدی هەر لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە بـوو، تەلـەفزیۆن تـوانی بیگەیەنێتـە سـەر کورسـی سـەرۆکایەتی، تەنانـەت

---

[1] أحمد بدر، الإعلام الدولي، دراسات في الاتصال والدعاية الدولية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٠، وصابر فلحوط – محمد البخاري، العولمة والتبـادل الإعلامـي الـدولي (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل ١٢–١٣.

فاشیەت لە دایکبووی دەزگایەکی میدیایی زەبەلاح بوو.[1] ئۆباما و زۆربەی سەرکردە سیاسییەکانی جیهان زۆر زیرەکانە سۆشیال میدیایان بەکارهێناوە و بیروبۆچوونەکانی خۆیان بڵاودەکردەوە، بە جۆرێك دوا سەرکردەی ئەو وڵاتە (ترەمپ) سەرسەختانە قسە لە سەر بەکارهێنانی (تویتەر) دەکات و لەو کەناڵەوە پەیامەکانی ئاڕاستە دەکات.

(ولیام. ئـ. پورتر) پێی وایە کە گرنگترین کاریگەریی ئامڕازەکانی میدیا لە سەر سیاسەتی دەرەوە ئەوەیە کە شتانێك بسەپێنن بەسەر ئەجێندای کارکردنی دەسەڵاتێکی سیاسی بێ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە سیاسییە ئەوە بخوازێت، (پورتر) ئەمەی ناونا (کاریگەریی جەخت کردنەوە لە سەر ئەلتەرناتیڤەکان).[2]

ئامانجەکانی هەر سیستمێکی سیاسی کە پشت بە ئامڕازە میدیاییە جەماوەرییەکان ببەستێت، پشت بە چەند خاڵێك دەبەستێت:[3]

١.پشتیوانیکردن لە بەها و داب و نەریتە سیاسییەکان، وەك ئازادی و یەکسانی و هاندان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

---

[1] نبیل علي، الثقافة العربیة و عصر المعلومات ل ٣٨٨، لە Levinson.paul.1991.diaitol meluhen To information

[2] ولیام.أ.بورنر، أثر وسائل الاتصال الجماهیري علی اتخاذ القرارات الخاصة بالسیاسة الخارجیة (عن کتاب وسائل الاتصال الجماهیري والتفاهم الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢٠.

[3] م.دي.فلور و س.بال.روکاخ، نظریات الإعلام، ترجمة: محمد ناجي الجوهر (الأردن: دار الأمل للنشر والتوزیع، الطبعة الأولی، ١٩٩٤)ل٣٤٦-٣٤٧.

٢. پارێزگاریی لە یاسا و تەواوکاری کۆمەڵایەتی و دروستکردنی هۆشیاریی بە گرنگی بەهاکان و بەشداریی لە بڕیاردان.

٣. ڕێکخستنی مافەکانی هاوڵاتیبوون و جۆشدانی تا بتوانێت لە کاتی بڕیارە گرنگەکانی وەك هەڵگیرسانی جەنگ و هەڵبژاردنەکان و مافی چارەی خۆنووسین و زۆر مەسەلەی دیکە بەشدار بێت.

٤. چاودێریی ئەو ململانێیانەی کە لە نێو سیستمێکی سیاسیدا دروست دەبن، یاخود لە نێوان سیستمی سیاسی و سیستمە کۆمەڵایەتییەکان، یاخود لە نێوان ئایین و سیاسەتدا.

کەواتە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان پڕۆسەی کۆمنیکەیشن – کە ئامانجەکەی باوەڕپێهێنان و ڕەواجدانە بە بیرۆکەکان و نێوان سیاسەت – کە دەیەوێت هزری خەڵك و تێڕوانین و باوەڕیان بەمەسەلەکان بگۆڕێت – هەیە، و (مێدیا پێك دێت لە بیرۆکە و پەیڤی سەرکردە سیاسییەکان و هەندێك جار کاری سیاسەتمەداران نزیك دەبێتەوە لە کاری مێدیاکاران، بە جۆرێك خەریکە مێدیاکاران دەبنە سیاستمەدار و سیاسەتمەدارانیش ببنە مێدیاکار •

---

• لەو کاتەی کە پەیوەندیەکی دژوار لە نیوان ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و کەناڵی ئاسمانی ئەلجەزیرە، کەناڵی BBC رایگەیاند کە ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە نیگەرانییەوە دەڕوانیتە گوتاری ئەم کەناڵە، داوای لە میری قەتەر کردووە کە سنووریك بۆ ئەم کەناڵە دابنێت. نعوم تشومسكي، الحادي عشر من أيلول (دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢)ل١٢٠.

بــه کــورتی دەزگــا مێدیاییــەکان کاریگەرییــەکی بــەهێز لــە ســەر کایــە سیاسییەکان و پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیی دروست دەکەن[1].

دەکرێت پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بۆ ٣ جۆر ریزبەند بکەین: [2]

**جۆری یەکەم:** کاریگەریەکی مەعریفیی: بەو پەیوەندییەی کە لە نێوان بەرکــەوتنی ئــامرازە مێدیاییــەکان و زیــادبوونی هۆشــیاریی مــەعریفیی و رۆشنبیریی بە ژینگەی مێدیایی دروست دەبێت.

**جۆری دووەم:** کاریگەریی عاتیفیی: لە کاریگەریی ئامرازە مێدیاییەکان لە سەر هەڵوێسـت و پێکهێنـانی ئاراسـتەکان، ئـەو توێژینەوانـەی لـەم بـوارەدا ئــەنجام دراون جــەخت لــە ســەر ئــەوە دەکەنــەوە کــە بەرکــەوتنی ئــامرازە مێدیاییەکان بایەخدانی مرۆڤ بە مەسەلە سیاسییەکان زیاد دەکات و ناچاری دەکات کە بە شوێن زانیاریدا بگەڕێت و عاتیفەی دەجولێنێت.

**جۆری سێیەم:** کاریگەریی رەفتاریی: واتە ئەو پەیوەندیەی کە لە نێوان ئــامرازە مێدیاییــەکان و بەشـداری فیعلـی لـە چـالاکی ژینگـە سیاسـییەکەدا دروست دەبێت.

ئەو توێژینەوانەی کە بـاس لـەو فەلسـەفە و سیاسـەتانە دەکـەن کـە لـە پشـت دروسـتبوون و گەشـەکردن و شـێوازی ئـامرازە مێدیاییەکانـەوەن جـەخت لـە سـەر

---

[1] نبیل علي، الثقافة العربیة و عصر المعلومات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٣٨٨.

[2] محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السیاسي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٣٦-١٤١.

ئەوە دەکەنەوە کە چەندین پۆلێنی جیاواز بۆ سیستمە مێدیاییەکان لە جیهاندا هەیە، بۆ نموونە (ئوسمۆ. أ. ئۆیۆ) بە سێ جۆر پۆلێنی کردوون:[1]

**جۆری یەکەم:** مێدیای کۆتوبەندکراو، مێدیای کراوە، مێدیای تایبەت، مێدیای ئاراستەکراو.

**جۆری دووەم:** مۆدێلی لامەرکەزی گشتی، مۆدێلی جەماوەریی سەنتەریی، مۆدێلی تایبەتی سەنتەرانە، مۆدێلی لامەرکەزی تایبەت.

**جۆری سێیەم:** (کە زۆر باوە) چوار تیۆری لە خۆ گرتووە، کە هەر یەکەیان فەلسەفە و ئایدیایەکی سیاسی لە پشتە ، ئەوانیش:

**یەکەم: تیۆری دەسەڵاتخوازیی (التسلطية):**

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی دیموکراسیەت و ئازادی رادەربڕین و کرانەوەی مێدیایی لە سەر ئاستێکی فراوان، کەچی تا ئەم ساتانەش هەندێ وڵات هەن کە پەیرەوی ئەم تیۆرە دەکەن و دەزگا مێدیاییەکانیان کار بەم تیۆرە دەکەن، ئەم تیۆرە پەیوەستە بە رژێمە تۆتالیتارییەکان و هەندێ کیانی کۆمەڵایەتیی کە لە بنەماڵەی خاوەن هەژموون پێکهاتبوون و دەسەڵاتێکی فراوانیان هەبوو، وەك بنەماڵەی تیۆدۆر لە بەریتانیا و بۆربۆن لە فەرەنساو هابسبۆرگ لە ئیسپانیا، ئەم تیۆرە لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپخانەدا تەشەنەی کرد و ئەم بنەماڵانە توانیان کۆنترۆڵی لایەنە کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و ئابورییەکە بکەن و کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیان پێکرد،

---

[1] ل.جون. مارتن و أنجوجروفرشودري، نظم الاعلام المقارنة، ترجمة: علي درويش (القاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى) ل١٣٢–١٣٧.

له سەرەتای ئەم سەدەیە هەندێ شێوازی حوکمڕانی لەم شێوازە لە ئاسیا و ئەوروپا دەبینران بۆ کۆنترۆڵکردنی رۆژنامەگەریی.

ئەم تیۆرە لە سەر ئەو گریمانەیەیە کە دەوڵەت خاوەن دەسەڵات و خاوەن هەژموونە بەسەر کایە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا، لەوانە مرۆڤ و ویستەکانی و هەرچی هەیەتی و نییەتی، پێویستە مێدیا بە پێی ئارەزوو و ویستی دەسەڵاتی سیاسی کاربکات و هەرگیز رەخنەی لێ نەگرێت و گومان بۆ خەڵکی دروست نەکات و ئەگەر وەهای کرد ئەوە دووچاری مۆڵەت لێسەندنەوە و سزادان دەبێتەوە تا دەگاتە زیندانیکردن و بگرە تیرۆر کردنیش، ئەرکی مێدیا تەنها گەیاندنی پەیامەکانی دەوڵەتە بۆ هاوڵاتیان و دەوڵەت خۆی تاکە خاوەنی ئامرازە مێدیاییەکانە [1].

هەندێك بیریار و فەیلەسوف هەن کە بناغەی ئەم تیۆرەیان داناوە و پشتگیریان لێ کردووە، بۆ نموونە هیگڵ پشتیوانی لە خواستی دەسەڵاتخوازیی حوکمڕانی دەکرد و دژی بیروباوەڕی دیموکراسیانە بوو، سێ بنەما هەبوون کە ئەم تیۆرە لە سەردەمی رێنیسانسدا پشتی پێ بەستون و رۆڵێکی گرنگی لە سەر مێدیا دروستکرد، ئەوانیش: رێڕەوی (مافی خودایی) کە پاشا و دەسەڵاتی ئەو سەردەمە ماوەیەکی زۆر پشتیان پێ دەبەست، دووەمین نەریتەکانی دەسڵاتخوزای کڵێسای رۆمانی بوو، سێیەم ئەو مێژووە دوور و درێژەی فەلسەفەی سیاسی بیری دەسەڵاتخوازی کە دەگەڕێتەوە بۆ

[1] علـي محمـد شمـو، الاتصـال الـدولي والتكنولوجيـا الحديثـة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٥، هەروەها جون.ر.بیتنر، الاتصال الجماهیري – مدخل– (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٤٤–٤٥٢.

ئەفلاتۆن.[1] بیرۆکەی ئەم تیۆرە لە دوو خاڵدا کۆدەبێتەوە کە (محمد بن سعود البشر) لە کتێبەکەیدا (مقدمة في الاتصال السياسي ـ پێشەکییەك بۆ کۆمنیکەیشنی سیاسی) کورتی کردۆتەوە:[2]

١. ڕێگە نەدان بە هاوڵاتیان بۆ خاوەندارێتی ئامڕازە مێدیاییەکان و ئەوانەی لە دەزگا مێدیاییەکاندا کاردەکەن لە ژێر چاودێریەکی توندان و کۆی کاری مێدیایی بۆ خزمەتی سیاسەتەکانی دەوڵەتە و هیچ بوارێك بۆ ڕەخنەگرتن و بەشداری سیاسی نییە، بە کورتی ئەرکی مێدیا جۆشدانە و بەس.

٢. ڕێگەدان بە هاوڵاتیان بۆ خاوەندارێتی هەندێ دەزگای مێدیایی وەك گۆڤار و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت، بەڵام رادیۆ و تەلەفزیۆن هەر لە ژێر چاودێریی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی سیاسیدا دەمێنێتەوە وخاوەندارێتی دەکات، بەو پێیەی ئەم دوو کەناڵە دوو دەزگای فەرمی دەوڵەتن و ئەوەی لێیانەوە پەخش دەبێت دەربڕی سیاسەتی دەوڵەتە.

**دووەم: تیۆری ئازادی (اللبرالية):**

ئەم تیۆرە لە سەدەی شازدەوە لە دایکبووە و پێچەوانەی تیۆری دەسەڵاتخوازییە، فەزڵی بڵاوبوونەوەی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ بیریاری وەك جۆن میلتۆن و جۆن ئەرسکین و تۆماس جیفرسۆن و جۆن ستیوارت میل [3]، بەڵام لە سەدەی نۆزدەهەمەوە زیاتر تەشەنەی کرد، مێدیا لە ڕوانگەی ئەم

[1] أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والتطويع والتنمية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧١

[2] محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٣–٦٤.

[3] (سەرچاوەی پێشوو) ل٦٣–٦٤.

تیۆرەوە ئامرازێك نییە بە دەست دەسەڵاتی سیاسییەوە و زمانحاڵی چین و نوخبەیەکی دیاریکراو نییە، ئەم تیۆرە وا گریمانە دەکات کە گەل خۆی توانای هەڵاوێردن و جیاکاریی لە نێوان راست و هەڵەدا هەیە، هەر بۆیە پێویستە دەزگا و ژینگەی کارکردنی مێدیایی بۆ دەستەبەر بکرێت.[١]

ئەم تیۆرە لە سەر دوو بنەما کار دەکات:[٢]

١- کۆمەڵگەی بازاڕ.

٢- بنەمای هاوبەشی کردن.

کۆمەڵگەی بازاڕ واتە کۆمەڵگە بازاڕی بیرۆکەکانە، ئەوەی بێفەڕ و نێگەتیڤە ئاکامەکەی شکستە و وردە وردە کاریگەریی نامێنێت، چونکە جەماوەر کەمەندکێش ناکات، بنەمای هاوبەشی کردنیش بە مانای ئەوەی جەماوەر مافی خۆیەتی لە پرۆسەی دیموکراتیدا بەشداری بکات، و ئاستێکی هۆشیاری هەیە و لەم دوو دەستەواژەیەوە هەندێ چەمکی مێدیایی جۆراوجۆر دەرکەوتن، مەنزومە لیبراڵییەکان هەندێ سیستمی مێدیاییان هێنایە کایەوە کە زامنی هەڵقوڵینی ئازادانەی زانیارییەکان دەکات، و کۆتوبەندی حکومیی ناهێڵێت.

دەتوانین جۆرەکانی موڵکدارێتی دەزگا مێدیاییەکان لەم تیۆرەدا بۆ سێ جۆر پۆلێن بکەین:[٣]

---

[١] أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والتطويع والتنمية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١٦.

[٢] (هەمان سەرچاوە) ل٧٩ ـ ٨٢.

[٣] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٧.

**یەکەم:** خاوەندارێتی گشتیی، بـەوەی حکومـەت خاونـدارێتی هەنـدێ لـە دەزگا مێدیاییەکان بکات وەك (دەنگی ئەمریکا) و لە فەڕەنساش هەندێك لـە کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان خاوەندارێتیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ حکومەت.

**دووەم:** خاوەنـدارێتی تێکـەڵ: ئەمـەش تێکەڵێکـە لـە نێـوان تایبـەت و گشتی، سەبارەت بە پشتیوانی مادی و پەخشی پرۆگرامەکان، و کارکردن بە کەناڵـــە رادیـــۆیی و تەلەفزیۆنـــەکان، (٢٥٪) ی کەناڵـــە تەلەفزیۆنییـــە ئەمریکییەکان لە پەخشی وەشاندنی گشتیدا بەشدارن.

سێیەم: خاوەندارێتی تایبەت، ئەمەش چەند جۆرێکە:

أ‌- خاوەندارێتی کەسیی سەربەخۆ: بەوەی کەسێك یـان کۆمپانیایـەکی دیاریکراو ببێتە خاوەن ئیمتیازی ئامڕازێکی مێدیایی.

ب‌- خاوەندارێتی هاوبەش: بەوەی چەند کەسێك یان چەند کۆمپانیایـەك ببنە خاوەنی کەناڵێکی مێدیایی دیاریکراو.

ج‌- فـرە خاوەنـدارێتیی: چـەند کەسـێك یـان چـەند کۆمپانیایـەك ببنـە خاوەنی زیاد لە کەناڵێکی مێدیایی.

دیارە کاریگەریی ئەم تیۆرە تا ئێستەش هەر بەردەوامە و لەگەڵ ئـەوەی هەندێ بیریار بانگەوازی ئەوەیان کرد کە سنوورێك بۆ ئەم ئازادییـە رەهایـە دابنرێت، تا ببێتە رێگر لـە بـەردەوام ئاسـەوارە نێگەتیڤـەکانی و ئـەو فـەوزا ئەخلاقییەی کە دووچاری کۆمەڵگە رۆژئاواییـەکان بـووە، هـەر بۆیـە تیـۆری سێیەم هاتەکایەوە.

**سێیەم: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی (المسؤولیة الاجتماعیة):**

ئەم تیۆرە لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیست پەیدابوو، بە تایبەت دوای (دەرکەوتنی ئامرازە مێدیاییەکان کە سەرچاوەی جۆراوجۆر و بژاردەی فرەی خستە بەردەست مرۆڤ، تاك تەنها پشتی بە رۆژنامەگەریی نەدەبەست بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی، ئەم تیۆرە لە سەر بنەمای ئەوە کار دەکات کە رۆژنامەگەریی مافی رەخنەگرتنی بابەتیانەی لە حکومەت یان هەر دەزگایەك هەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێویستە ئاگای لە سەقامگیری کۆمەڵگە و پاراستنی لە پاشاگەردانی و فەوزا هەبێت)[1]، هەندێ فاکتەر بوونە هۆی دەرکەوتنی ئەم تیۆرە:

١. شۆڕشی تەکنەلۆجیی و پیشەسازیی لە جیهاندا.
٢. زیادبوونی قۆرخکاریی و مۆنۆپۆڵکردن لە بواری میدیادا.
٣. دانانی بنەما و رێسا و یاساکانی پیشەی کاری رۆژنامەوانیی.

زانایان پێیان وایە کە تیۆری ئازادی رەها ئیدی لەم سەردەمەدا جێگەی نابێتەوە، چون رۆژنامە کەوتۆتە دەستی کۆمەڵێکی کەم و ریکلام کاریگەرییەکی مەترسیداری لە سەر داهاتی رۆژنامەگەریی و ئەخلاقیاتی خەڵکی دروست کردووە، ئەوەی ئەو تیۆرەی لە سەر بوونیادنراوە ئەوەیە کە ئازادی هەم مافە و هەم ئەرکە و هەم بەرپرسیارێتییە، پێویستە ئامرازە مێدیاییەکان پارێزگاریی لە سیستمی گشتیی بکەن، بەوەی زانیاری دروست بە خەڵکی بدەن و پارێزگاریی لە بەرژوەندی کۆمەڵگە و تاکەکان و ناو و

---

[1] أحمد بدر، الاتصال بالجماهیر بین الإعلام والتطویع والتنمیة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٢١.

ناوبانگیـان بکـەن، وێـرای چـاودێریی چـالاکییەکانی حکومـەت و ڕەخنـە لێگرتنـی، هـەروەها خزمـەتکردنی چـالاکی ئـابوریی لـە ڕێگـەی ریکـلام و پێشکشەکردنی بەرنامەکانی کات بەسەربردن و لێکۆڵینەوە لەو سکاڵایانەی کە جەماوەر دژ بە ڕۆژنامـە و دەزگـا مێدیایـەکان ئاڕاسـتەی دەکـەن، ئـەم تیۆرە دژ بە چاودێریی دەوڵەتە، بەڵام پێویستە دەزگا مێدیاییەکان ناوبەناو لە لایەن کەسانی شارەزا و پسپۆڕەوە ئاگادار بکرێنەوە تا ئاڕاستەکەی ڕێك بخەنەوە، بە رای پسپۆڕێك مێدیا پێویستە ئەم دوو ئامانجە بپێکێت:

أ/ ریشەکێشکردنی ستەمی تاکانە و بە کۆمەڵ و لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، لە میانەی دانپێدانان بە ماف پارێزگاریی شەرعیی و مـاف ژیـان و گەشـتن بـە یەکسـانی و دادپـەروەریی، و بڵاوکردنـەوەی دیموکراسـیەت و پارێزگـاری لـە کولتوری گەلان.

ب/ پشـتیوانی لـە هـەڵقوڵینی ئازادانـەی زانیارییـەکان و هـەڵگرتنی وەسـایەتی دەوڵـەت لـە سـەر تاکـەکان لـە پـەیرەوکردنی مـاف مێـدیاییان و پانتاییـەك لـە ئازادییـان پـێ بـدرێت کـە بـە هـیچ کلۆجێـك دەوڵـەت دەسـتێوەردانیتێدا نـەبێت، لەگـەڵ گەڕانـەوەی هاوسـەنگی نێودەوڵـەتیی هەڵقوڵینی ئازادانەی زانیارییەکان بە پێی سیستمێکی نوێ. [1]

---

[1] بروانە: (سەرچاوەی پێشوو) ص٤٢٥، و ابراهیم الـداقوقي، صـناعة الاتصـالات بـين الوصـاية الفكرية وحرية الإعلام، مجلة قضايا دولية، معهـد الدراسـات السياسـيية، اسـلام آبـاد، العـدد٣١٢، ديسمبر ١٩٩٥، ل ٣٤، و عوض إبراهيم عـوض، نحـو نظريـة إسـلامية للاتصـال (سەرچـاوەیەکی پێشوو) ل ١٢٢.

**چوارەم: تیۆری سۆشیالیزمی (الاشتراكية):**

ئەم تیۆرە لەگەڵ بیرو فەلسەفەی شیوعیەتدا لە دایكبوو، كە كۆمەڵگـە دەكاتــە ســەنتەر لــە ســەر حســابی تــاك و پشــت بــە چــەند بنەمایــەك دەبەستێت:[1]

١. ئامرازە مێدیاییەكان وەك ئامرازێك بۆ دەوڵەت و حیزبی شیوعی بەكار دەهێنرێن.

٢. دەزگـا مێدیاییــەكان هاوكــاری ســەكردە حیزبیــەكان دەكــەن بــۆ بڵاوكردنــەوەی بـیرو فەلسـەفەی شـیوعیەت، ئـەم ئامرازانـە سەرچـاوەیەكی گرنگی رۆشنبیریی چینی كرێكار و چینە جیاوازەكانی دیكەن.

٣. دەزگـا مێدیاییـەكان لـە كۆمەڵگـەی سـۆڤێتیدا ئـازاد و بەرپرسـیارن، بەڵام بە تێگەشتنێكی جیاواز، بیرو فەلسەفەی شیوعی وا دەڕوانێتە ئـامرازە مێدیاییە رۆژئاواییەكان بەوەی ئامرازێكن بە دەست چینی سـەرمایەدارەوە و رەخنەی توندی ئاڕاستە دەكەن.

لـەم بارەیــەوە پرۆفیسـۆر و پسـپۆڕی بـواری میـدیا (موحەممـەد عـەلی شـەمۆ) دەڵێـت: (چـەمكی ئـازادی بـە تێگەیشـتنی سیسـتمی شـیوعی زۆر جیــاوازە لــە تێگەشــتنی لیبراڵــی، ئــازادی لای ئــەمان ئــازادی تاكــە لــە چەوساندنەوەی كۆمەڵگەی چینایەتی، كەرت و چین وتوێژەركان لای ئـەمان

---

[1] أحمد بدر، الاتصال بالجماهير بين الإعلام والتطويع والتنمية (سەرچاوەیەكی پێشوو) ل٢٢٩.

پێکەوەن و بەرژوەندیان یەکە،  ناساندنیان لە رێگەی یەك جۆر ئامرازەوە دەبێت، ئەوەی لە کۆمەڵگەدا هەیە دەخرێتە خزمەت دەوڵەت و حیزبەوە). [1]

ماوەتەوە بڵێین کە دەوڵەت بە شێوازێك لە شێوازەکان کۆنترۆڵی دەزگا مێدیاییەکان دەکات بە پێی بەرژەوەندی و فەلسەفەی حوکمڕانی، یان خاوەندارێتی دەکات یاخود مۆڵەتی پێ دەبەخشێت، یان لە رووی داراییەوە هاوکاری دەکات و باجی لە سەر هەڵدەگرێت، لە ئەوروپا (بۆ نموونە) ١٣ وڵات (نەرویج، سوید، ئیتاڵیا ، فەڕەنسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا، دانیمارك، فنلەندا، بەریتانیا، سویسڕا، ئیرلەندا، هۆڵەندا، بەلجیکا) هەڵدەستن بە پێشکەشکردنی هاوکاری بە دەزگا میدیاییەکان بە شێوازی جیاواز، وەك بەخشینیان لە باج و خزمەتگوزاریی پۆستە و پێدانی قەرز بە سوی کەم و راهێنانیان و پێدانی ئۆفەر و زۆر شێوازی دیکە. [2]

واقیعی سیاسی سەلماندوویەتی کە چارەنووسی هەر هێزێکی سیاسی بەندە بە خاوەندارێتی هێزی مێدیایی کە رەواج بە سیاسەتەکانی بدات، لەم سەردەمەدا (هێز و دەسەڵات بەندە بە گەیشتن بە زانیارییەکان و توانای بەکارهێنان و تەوزیف کردنی و دواتر کۆنترۆڵکردنی رایگشتی و پێکهێنانی

---

[1] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٨

[2] (هەمان سەرچاوەی پێشوو) ل٦١.

راو بۆچـوون و هەڵوێسـتەکان) [1]، گۆڕانگـاری و رووداوەکـانی (ئـەورووپای ڕۆژهـەڵات لـە سـەدەی پێشـوودا نموونەیـەکی بەرجەسـتەیە بـۆ شـێوازی رەنگڕێژکردنی سیاسەت لە ڕێگەی مێدیا و زانیارییەکانەوە، خەیاڵ و ئاوات و جموجوڵی شۆڕشگێڕەکان لە سەر لێشاوی ئەو زانیاریانە دروست دەبـوو کـە لـە سـەر ژیـان و بـارودۆخی ڕۆژئـاوا ئاڕاسـتە دەکـران و دزەیـان دەکـرد و دەگەیەنرانە هاوڵاتیان، شۆڕشی ١٩٨٩ تـوانی سـود لـە تەکنـەلۆجیای نـوێ وەربگرێت لە ئامێرەکانی فاکس و مانگە دەستکردەکان و ڤیدیۆ و تیڤی)[2]، لە جەنگی ساردی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤێتی جاران پڕوپاگەندە بویە درێژکراوەی ململانێ سیاسییەکان، بەڵام بە ئامڕازی دیکـە، لـە سـەردەمی ئەتۆمـدا و کاتێـك ئەولەویـەتی هـەردوولا بووبـوو بـە پارێزگاریی لـە هاوسـەنگی هێـز و چـەکی ئـەتۆمیی، پڕوپاگەنـدە ئـامڕازێکی بنەڕەتی بوو کە هەردوولا وەك چەکێکی دژ بەیەکدی بەکاریان دەهێنا.

هەندێك لە چاودێران سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی ئێران لە ساڵی ١٩٧٩ دەگەڕێننەوە بۆ بەکارهێنانی زیرەکانە بۆ ئەو کاسێتانەی کە لە فەڕەنسـاوە

---

[1] میشال مالوف، ثورة الاتصالات والمعلومات وانعكاساتها على المجتمع والدولة في القرن المقبـل (أبحاث المؤتمر السنوي الثالث – ثورة المعلومـات والاتصـالات وتأثيراتهـا في المجتمـع والدولـة في العالم العربي، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الطبعة الأولى، ١٩٩٧) ل١٦.

[2] ولـتر.ب. رسـتون، أفـول السـيادة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٣٣، و فيليـب تـايلور، قصـف العقول، ترجمة: سامي خشبة (الكويت: عالم المعرفـة "٢٥٦"، المجلـس الـوطني للثقافـة والفنـون والآداب، ٢٠٠٠) ل٣٥٨.

تۆمار دەکران و بە شێوەیەکی نهێنی و بە قاچاخی دەگەینرانە ئێران و خەڵکی پێ جۆش دەدرا. (١)

بە سیاسی کردنی مێدیا گەشتۆتە نێو تۆڕی ئینتەرنێت و سایتە ئەلیکترۆنییەکان، گۆڤاری (ئەلموجەللە) لە ژمارە (١٢١٨) بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە تێیدا باس لە پرۆسەیەکی شێواندن و هاککردنی سایتە ئەلیکترۆنییەکان دەکات، کە چۆن بۆتە دیاردەیەکی جیهانیی بەرفراوان و شەڕی گەورەی نێوان لایەنە سیاسییە جیاوازەکان، هەر چۆن سایتی (ئەلجەزیرە نێت) هاککرا، ئەم هاککەرانە ئێستە مانگە دەستکردەکانیش بەکاردەهێنن و تەنانەت پەیوندییە تەلەفونیەکانیش پەك دەخەن و ماوەیەك جەنگی نێوان هاککەرە عەرەب و ئیسرائیلییەکان تەشەنەی کرد و سەدان سایتی ئەلیکترۆنیی هاککران، یاخود ئەوەی لە نێوان هاککەرە تورك و کوردەکاندا بۆ ماوەیەك رویدا و بوویە سەرباسی دەزگا مێدیاییەکان. (٢)

لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان رۆڵێکی کاریگەر لە گەیاندنی پەیامە سیاسییەکاندا دەبینن، بە جۆرێك بوونەتە سەکۆی دەربڕینی راوبۆچون و گفتوگۆ و هەندێ جار ململانێ و تەنگژە سیاسییەکان

---

(١) ولتر.ب. رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٥٦.

(٢) أحمد محمد علي، داخل عالم هاركز العرب ( مجلة المجلة، العدد "١٢١٨"، ٢٠٠٣/٦/٢١، وزياد أبو غنيمة، السيطرة الصهيونية على وسائل الإعلام ( الأردن: دار عمار للنشر والتوزيع، ١٩٨٩، الطبعة الثانية) ل١٣–١٤.

لـەم دوانگانـەوە بڵێسـە دەگـرن و دواتـر دەگەنـە دەزگـا و کەناڵـە میدیاییـە تەقلیدییەکان.

- **مێدیای ئەمریکی و سیاسەت**

پێمان باش بوو وەك نموونە باس له کاریگـەریی مێـدیا و پەیوەنـدی بـە کایەی سیاسییەوە له ولایەتە یەکگرتووەکانی ئـەمریکا بکـەین، بـەو پێیـەی ئەم وڵاتە گەورەترین هێزی ئابوریی و سیاسیی مێدیاییە لـە جیهانـدا، کـەس ناتوانێـت نکـوڵی لـەو کاریگەرییـە بـەهێزە بکـات کـە ناوەنـدە مێدیاییـە ئەمریکییەکان لە سەر کۆی گوتـاری مێـدیایی جیهـانیی و لـە سـەر دیمـەنی سیاسەتی جیهانیی دروستیان کردووە، کاتێـك بـاس لـە سـینەمای جیهـانیی دەکەین ئەوا راستەوخۆ نـاوی هۆلیـود بەرجەسـتە دەبێـت و وەك پێشـەنگی جوڵانـەوەی سـینەمای جیهـانیی ناودەبرێـت و چـۆن لـە پشـت ئـەم دەزگـا زەبەلاحەوە فەلسەفەیەکی سیاسیی و ئایدیایەك به شێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ و هەنـدێ جـاریش راسـتەوخۆ کـار دەکـات، کـاتێکیش رۆژنامـە بەناوبانگـە جیهانییـــەکان دەژمێـــرین وەك رۆژنامـــەی کاریگـــەر و بـــەناوبانگ، ئـــەوا رۆژنامەکانی (واشنتۆن پۆست و نیۆرك تایمز) و چەندانی دیکە ئاماژەیان پـێ دەدرێــت و وەك رۆژنامـــەی کاریگـــەر لـــە ســـەر سیاســـەتی نێودەوڵـــەتی خوێندنـەوەیان بـۆ دەکرێـت، جگـە لـە مانـە هـەردوو ئاژانسـی دەنگوباسـی یونایتید پرێس و ئەسۆشیەتید پرێس بارەگای سەرەکیان لەم وڵاتەیە، وێڕای سەدان کەناڵی رادیۆیی و تەلەفزیۆنیی و ئەو هەژموونـە دیـارەی کـە ولایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دونیای ئینتەرنێتدا هەیەتی.

هـەژمموونی سیاسـی ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بەنـدە بـە هەژموونـە میدیایی و کولتورییەکەیەوە، کاتێك لاپـەڕەکانی مێـژوو هەڵدەدەینـەوە ئـەوا بـە روونی بایەخدانی سەرکردە سیاسییە ئەمریکییەکان بە بواری میدیا دەبینین کـە چۆن ناوەندە میدیاییەکانیان تەوزیف کردووە بـۆ بەرژەوەنـدی خۆیـان و گەشـتن بە ئامانجەکانیان، ئەمریکیەکان (لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا (لیژنـەی میـدیایی گشتی)یان دامەزراند لە ژێر چاودێری رۆژنامەنووسی ئەمریکی (جۆرج کریل) کـە لـە سـەرۆکی ئـەمریکاوە نزیـك بـوو، ئـەم لیژنەیـە دوو بەشـی سـەرەکی لـە خۆگرتبوو، بەشی ناوخۆیی کە ئەرکی جۆشدانی گەلی ئەمریکی بوو بۆ بەشـداری لـە جەنگـدا، بەشـی دەرەوە کـە لـە سـێ هۆبـە پێکهـاتبوو: نوسـینگەی رۆژنامەگەریی دەرەوە کە سەرپەرشـتی زیـاد لـە (٣٠) نوسـینگەی دەکـرد، ئـەم لیژنەیـە رۆژنامەیـەکی دەردەکـرد کـە تـیراژی گەشـتبووە (١٠٠٠٠٠) دانـە لـە رۆژێکـدا، لـە مـاوەی کارکردنیـدا (٦٠٠٠) بەیاننامـەی دەرکـرد و (٧٠٠٠٠) وتاربێژی خستبووە گـەڕ، کـە (٧٥٥١٩٠) وتاریـان پێشـکەش کردبـوو، هـەروەها ئەم لیژنەیە وتارەکانی سەرۆکی ئەمریکی وەردەگێڕایە سەر زۆربەی زمانـەکانی جیهان و هانی هەندێك لە ولایەتەکانی دەدا کە خوێندنی زمانی ئەڵمانی قەدەغـە بکەن، هەر لەم لیژنەیەدا نزیکەی (٢٠٠٠) باڵۆن بۆ پڕوپاگەندە بەسـەر هێڵـەکانی جەنگی ئەڵمانیادا خرانە خوارەوە و هـەر باڵۆنێـك (١٠٠٠) بڵاوکـراوەی هەفتانـەی لە خۆ گرتبوو. [1]

---

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٧ ـ ٦٨.

لـه سـاڵی ١٩٣٨ ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا (بەشـی پەیوەندییـە فەرهەنگییـەکان)ی لـە نێـو وەزارەتـی دەرەوەدا دامەزرانـد، کـە ئـەرکی گەیانـدنی سیاسـەتی ئـەمریکا بـوو بـە جیهـانی ڕۆژئـاوا و لـە کـاتی جـەنگی دووەمـی جیهانیـدا (نوسـینگەی پرسـگەی جـەنگیی) و دەنگـی ئـەمریکای دامەزراند، بیریار و نووسەر (ناعوم چۆمسکی) باس لـە سـەرکەوتنی لیژنـەی (کریل) دەکات کە لە ماوەی تەنها شەش مانگدا بە گۆڕینی راوبۆچوونی گەلی ئەمریکی لە کەشوهەوایەکی ئارام و بێوەیەوە بۆ گەلێك کە توشی جۆرێك لە هیستریا هاتوو و ئارەزووی بەشداری جەنگی دەکرد و تەپڵی شەڕی لێ دەدا و دەیویست هەرشتێکی ئەڵمانی ببینێت هەپروون بـە هـەپرووني بکـات و بـە ئاشکرا داوایان دەکرد بۆ رزگارکردنی جیهان بەشداری جەنگ بکەن!

لـە سـاڵی ١٩٤٨ وەزیـری دەرەوەی ئـەو سـەردەمەی ئـەمریکا (جـیمس سـیرتەن) لـە بـەردەم ئەنجوومـەنی نوێنەرانـدا رایگەیانـد کـە سیاسـەتی وەزارەتەکـەی بەلایـەوە گرنگـە کـە پشـتیوانی لـە کەناڵـە پەیوەندییـە تایبەتـەکان بکرێـت، تـا وێنایـەکی جـوان و راسـتگۆیانە لـە مـەڕ ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا بـە جیهـان بگەیـەنن، هـەروەها لـە پێنـاو روونکردنەوەی سروشت و ئامانجی سیاسەتی دەرەوەی ئـەمریکا بـۆ گـەلانی دیکە کاری جیددی بکەن.[1]

---

[1] سلام خطاب الناصري، الإعلام والسياسة الخارجية الأمريكيـة(سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٥٣ ـ ٥٤.

رۆژنامەگەریی و دەزگا مێدیاییە ئەمریکییەکان بە درێژایی مێژوو (هێزیکی گرنگ بوون کە کاریگەرییان لە سەر ناوکرۆکی سیاسەتی نەتـەوەیی دروسـت کردبوو، ئەم کاریگەرییە بوویە هۆی دانانی مەسەلەی مافە مەدەنییـەکان لـە لوتکـەی هۆشـیاری نەتـەوەی ئەمریکیـدا، پاڵپشـتێك بـۆ کۆتـایی هێنـان بـە تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنام و لە سەرکار لابردنی سەرۆکی وڵات لـە سکاندالّی (وۆتەر گێت) دا).[1]

لەگەڵ ئەوەی دەزگا مێدیاییە ئەمریکییەکان زۆربەیان دەزگای تایبەتن و لە ژێر چاودێریی حکومەتدا نین، بەڵام بە شێوازێك لە شێوازەکان دەیانەوێت بنەما سەرەکییەکان و تێڕوانینـی ئەمریکییانـە بـۆ جیهـان جێبـەجێ بکـەن، ئامرازە مێدیاییە ئەمریکییەکان زۆر جار و بە شێوازێکی ناڕاسـتەوخۆ سـوود بە سەرکردە و پیاوانی سیاسەت دەگەیـەنن، ئـەم دەزگایانـە پێـنج خزمـەت پێشکەش بە کارمەندانی دەوڵەت و سیاسییەکان دەکەن:[2]

١- زانیارییان لە مەڕ رووداوەکان و ژینگەی سیایی پێشکەش دەکەن.

٢- دەبێتە رەنگدانەوەیەك بۆ رایگشتی و جۆری بایەخدانەکان لە رێگەی تۆخکرنەوەی ئەو چیرۆکە هەواڵییانەی جێی مشتومڕ و گفتوگۆی خەڵکین.

٣- دەبنە کەناڵێکی باش بۆ گواستنەوەی راوبۆچوونەکانیان بۆ جەماوەر.

٤-دەبێتە پاڵپشتێك بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی.

---

[1] سیمون سیرفاني، وسائل الإعلام والسیاسة الخارجیة، ترجمـة: محمـد مصـطفی غنیم(القـاهرة: الجمعیة المصریة لنشر المعرفة والثقافة العالمیة، الطبعة الأولی، ١٩٩٥)ل٢٧.

[2] سلام خطاب الناصري، الإعلام والسیاسة الخارجیة الأمریکیة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٥.

٥- رایگشتی رووەو کێشە سەرەکی و رووداوە هەنووکەییەکان ئاڕاستە دەکات.

وێڕای ئەمانە سەرکردە سیاسی و بڕیاربەدەستانی ئەمریکا لە کۆشکی سپی و وەزارەتی دەرەوە و پینتاگۆن، زۆرجار لە کەناڵە میدیاییەکانەوە هەواڵ و زانیارییان پێ دەگات[1]، هەر لەم بارەیەوە (بوترۆس غالی) لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا دەڵێت ئامرازە میدیاییە ئەمریکییەکان هێزێکی گەورەیان هەیە زیاد لە هێزی دەوڵەتان و تەنانەت لە ئاستی ئەنجوومەنی ئاسایشدان![2]

لە ساڵانی سەرۆکایەتی (ریگان) کۆشکی سپی (کاتژمێر حەوت لە کار دەکەوت تا هەمووان بتوانن بەرنامە هەواڵییەکانی ئێواران ببینن، تا بزانن ئایا بەڕێوەبردنی بۆ شانۆی سیاسەت رەنگدانەوەیەکی باشی لە تەلەفزیۆندا هەیە، (مایکل لیدین) پێی وایە کە (٨٠ ـ ٩٠٪) لە کاتی کاری کادیرانی کۆشکی سپی لە چاودێری و موتاڵا رۆژنامەگەریدا بەسەر دەبرا).[3]

سەرکردە ئەمریکییەکان و پیاوانی سیاسەت بایەخێکی زۆر بە کۆنترۆڵکردنی ناوەندە میدیاییە گەورەکان دەدەن بۆ بەرژوەندی و ئامانجەکانی خۆیان، گۆڤاری (تایم) ی ئەمریکی رایگەیاند کە کاندیدی پێشوتری سەرۆکایەتی ئەمریکا (ئال گۆر) بە نیازی دامەزراندنی

---

[1] ولتر.ب. رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٩٤ ـ ١٩٥.

[2] سلام خطاب الناصري، الإعلام والسياسة الخارجية الأمريكية (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل٢٠.

[3] سيمون سيرفاني، وسائل الإعلام والسياسة الخارجية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٨.

ئیمپراتۆڕیـــەتێکی مێـــدیایی زەبەلاحـــە بـــۆ کێبڕکێـــی تـــۆڕە رادیـــۆیی و تەلەفزیۆنییـــەکانی دیکـــە، دیموکراتییـــەکان هەســـت دەکـــەن لـــەم بـــوارەدا دواکـــەوتوون و هەنـــدێ کـــەناڵی وەك (فـــۆکس نیـــوز) کـــە رۆبـــەرت مـــەردۆخ خاوەنداریێتیی دەکات گۆرەپانەکەی داگیرکردووە.[1]

لەگـەڵ ئەمـەدا سـێ گـرنگترین تـۆڕی هـەواڵیی لـە سـەر ئاسـتی جیهـان (NBS ،CBS ،ABC) هەوڵیانـــداوە کـــە کـــۆنترۆڵی تـــۆڕە هەواڵییـــە لۆکاڵییەکان بکەن لە چەندین وڵاتدا ، بۆ نموونە (ABS) خـاوەنی کۆمپانیـا بەناوبانگەکانی رادیۆ و تەلەفزیۆنە لە (١١) وڵاتی ئەمریکای لاتینیدا، لەگەڵ (٣٩٩) خانەی سـینەمایی و بەرنامـەکانی دەگاتـە (١٢٥) وڵات لـە دەرەوەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا•.[2]

ئەم بایەخدانە بە مێدیا و ئەم سیاسەتە مێدیاییانە، بۆتە هـۆی زاڵبـوونی کولتور و فەرهەنگی ئەمریکیی بەسەر وڵاتانی دیکەدا و زۆرجار بۆتە جێگەی نیگـەرانی هەنـدێك لـەو وڵاتانـە، بـۆ نموونـە کەنـەدا کـە دراوسـێی نزیکـی ئەمریکایـــە منداڵـــەکانیان بـــەهۆی ئـــەوەی زۆرتـــرین بەرنامـــە و بەرهـــەمی

---

[1] رۆژنامەی ئیتیحادی ئیماراتی، (ژمارە ١٠٢١١، ٢٠٠٣/٦/٢٠ ).

• بۆ ئـەوەی پـەیامـەکانی بگەیەنێتـە جیهـانیی ئیسـلامی، ئـەمریکا چـەندین دوانگـەی مێـدیایی کردۆتەوە، لەوانە کەناڵی ئاسمانی ئەلحورڕە و رادیۆی سەوا.

[2] سلام خطاب الناصري، الإعلام والسياسة الخارجيـة الأمريكيـة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو)ل١٩ ـ ٢٠، هەروەها انشراح الشال، الإعلام الدولي عبرالأقمارالصناعية (القاهرة، دارالفكرالعربـي، ١٩٨٦) ل٢٩٦.

سـینەمایی ئـەمریکیی دەبیـنن خەریکـە لـە بیریـان بچـێتەوە کـە ئـەوان کەنەدین![1]

رۆژنامە و گۆڤارە ئەمریکییەکان بەرهەمی سیستمی ئـەمریکین بـە گشـت لایەنەکانییـەوە•، هـەروەها بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ بۆتـە پاڵپشـت بـۆ سیاســەتی دەرەوەی ئــەمریکیی و زۆرجــار دەرخــەری هێــز و هــەژموونی سیتسمی ئەمریکیە لە جیهاندا.[2]

" ئیس ئیڤرۆن" لە کتێبەکەیدا (گەمەکاران بە هەواڵەکان) پێـی وایـە کـە زۆرینــەی تـۆڕە هەواڵییـە تەلەفزیۆنییـەکان لـە ئـەمریکادا بەشـدارن لەگـەڵ رۆژنامەی نیۆرك تایمز و واشنتۆن پۆست بۆ بانگەشە بۆ پارتی دیموکراتی، و پـارتی دیمـوکراتی بـە شـێوازێك لـە شـێوازەکان کـۆنترۆڵی هەنـدێ دەزگـای مێـدیایی کـردووە و هەنـدێ جـار ئاڕاسـتەیان دەکـات، لـە لایـەکی دیکـەوە ئارایشتکردنی وێنای ئەمریکا لە دەرەوە بۆتـە جێبایـەخی سیاسـەتمەدارانی

---

[1] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٧٧.

• بیریاری ئـەمریکی نـاعوم چومسـکی بـاس لـەو پیلانانـە دەکـات کـە لـە ژورە داخراوەکـانی پینتـاگۆن و کۆشـکی سـپیدا دادەڕێـژرێن، و چـۆن لـۆبی زایـۆنی بـە شـێوەیەك لـە شـێوەکان کۆنترۆڵی دەزگا مێدیاییەکانیان کردووە. بۆ زیـاتر بڕوانـە، نعـوم تشومسـكي، القـوة والإرهـاب – جذورهما في عمق الثقافة الأمريكيـة، تحريـر، جـون مكفرمـان – تـاكي مسـكازو، ترجمـة: إبـراهيم الشهابي (دمشق: دار الفكر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣) ل ١٢٥ – ١٢٦.

[2] محمد علي العويني، الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١١٧.

ئەمریکا و خەریکە مەسەلەی گۆشەگیریی ئەمریکا دەبێتە خولیای کۆمپانیا میدیاییە ئەمریکییەکان.[1]

ئـەوەی جێگـەی سـەرنجە میـدیای ئـەمریکی بـە شـێوەیەکی پەڕگیرانـە جەخت لە کاروباری ناوخۆیی دەکات و زۆرجار هاوڵاتی ئـەمریکی بـێ ئاگایـە لەو رووداوانەی کە لە دەرەوەی وڵاتەکەی دەگوزەرێت، نووسەرێك پێی وایـە کە سێ راستی هەن سەبارەت بە رایگشتی ئەمریکی:[2]

**یەکەم:** ئەمریکیەکان بێ ئاگاییەکی قوڵیان هەیە سەبارەت بە بارودۆخی جیهانی دەرەوە، و هەندێك لە راپرسییەکان دەریـان خسـتووە کـە زۆرینـەی گـەلی ئـەمریکی زانیارییـەکانیان زۆر لاوازە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی (١٩٨١) هەردوو (رۆژنامەی واشنتۆن پۆست و دەنگی ئەمریکا) پرسیارێکیان ئاڕاستە کرد سەبارەت بەوەی ئایا کـام لـەم دوو وڵاتـە ئەندامـە لـە نـاتۆدا (یـەکێتی سـۆڤێت و ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا)، تـەنها (٤٧٪)ی هاوڵاتییـان وەڵامی راستیان دایەوە!

**دووەم:** ئەمریکیـەکان توانایـەکی لاواز بـۆ بـەئاگابوون لـە رووداوەکـانی جیهـان دەردەخـەن، کاتێـك سـێ گۆڤـاری ئـەمریکی سـاڵی (١٩٨٥) وێنـەی

---

[1] أوستن راني، قنوات السلطة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٨، و صباح ياسين، احتكار الإعلام في السياسة الخارجية الأمريكية (مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد٣٠٣،٥-٢٠٠٤) ل٥٩-٦٢.

[2] (هەمان سەرچاوە) ل٩٠ ـ ٩١ و ديانا مقلد، الإعلام الأميركي يعيش المال ولتسقط الحقيقة ( صحيفة الوسط، ٢٠٠٤/٦/٢٧).

کۆبوونــەوەی لوتکــەی نێــوان (ریگــان و گۆرباتچــۆف)یــان بڵاوکــردەوە، وا پێشبینی دەکرا کە فرۆشی رۆژنامەکان زیاد بکات، کەچی پێچەوانەکەی بوو.

**سێیەم:** هـیچ ئاسـۆیەك نییـە بـە گـۆڕانی ئـەم حاڵەتـە، لـە نـەوەدەکانی سەدەی پێشوو گۆڤارێکی ئەمریکی دەرەنجامێکی خەمناکی بڵاوکردەوە کـە رێکخراوی (گالوب) ئەنجامی دابوو، ئەنجامی راپرسییەکە ئـەوەی دەرخسـت کە زانیاریی ئەمریکییەکان لە مەڕ جوگرافیا کەمترە لە هاوڵاتیانی هەریەك لە (سوید، ئەڵمانیا، یابان، فەرەنسا، کەنەدا) و کەمتریشە لەوەی کە پـێش لـە ٤٠ سـاڵ دەیـانزانی، گۆڤـاری نیوزویـك لـە ژمـارەی ٢١١ لـە سـاڵی ٢٠١١ دەریخسـتووە ئەمریکییـەکان پێیـان وایـە کـە ئامرازەکـانی مێـدیا لـە بـری نووسین لە سەر هەواڵـەکان هـەواڵ دروسـت دەکـەن، و ئـارەزووی مێـدیا بـۆ باسکردنی سکاندالەکان و پەردەلادان لە سـەر نهێنییـەکان بـە پلـەی یەکـەم دێت.[1]

---

[1] روبرت صامویلسون، انتقـاء الأطـراف للأخبـار ( مجلـة نیوزویـك، العـدد٢٩،٢١١ یونیـو ٢٠٠٤) ل٢٢.

## باسی سێیەم: گوتاری میدیایی و سەروەریی وڵاتان

✍ پێش قسەکردن  لە سەر چۆنییەتی دەستخستنە نێو کاروباری وڵاتان و تێپەڕانــــدنی ســــەروەرییان و ئاســــەوارە کۆمەڵایــــەتی و سیاســــیی و رۆشنبیرییەکانی، پێویستە بە شێوەیەکی کورتیش بێت ئاماژە بـە قـەبارەی کاریگــەریی گوتــاری میــدیایی نێودەوڵــەتیی لــە ســەر ســنووری (مــادی و مەعنەوی)یەکانی گەلان و کولتورە جیاوازەکان بکەین.

دیارە ئەم کاریگەرییە رۆژانە هەستی پــێ دەکـەین و نـاتوانین نکـوڵی لێ بکــەین، ئــەم ئــامرازە میدیاییانــە چــوونەتە نێــو کاروبارەکــانی ژیــان و گوزەرانمان و بەرکەوتنیان لەگەڵ ژیانی رۆژانەی خەڵکیدا دروست کـردووە و بوونەتە پێداویستییەکی حەتمی و ناتوانین فەرامۆشیان بکەین، کاریگەریی و مەترسی ئەم میدیا نێودەوڵەتییە لە چەند لایەنێکەوەیە، لەوانە: [1]

١- ئــەمرۆ میــدیا ئــەرکی پێــدانی هــەواڵ و زانیــاریی تێپەڕانـدووە بـۆ هەستان بە ئەرکی هۆشیارکردنەوە و ئـەرکی کۆمەڵایـەتیی و پـەروەردەیی و فێرکــاریی، هەنــدێ جــار جێگــەی خێــزان و دەســەڵات و رەنگــە دەزگــا ئایینییەکانیشی گرتبێتەوە.

٢- میدیا لە جیهاندا هەڵدەستێت بە رۆڵێکی بنەڕەتی لـە رەواجـدان بـە شمەك و خزمەتگوزارییەکان لە بری دەسەڵاتە ناوچەیی و نیشتیمانییەکان.

٣- لە رێگەی پەخشی راستەوخۆوە میدیا هەڵدەسـتێت بـە تێپەڕانـدنی مەنزومەی کولتوری و کۆمەڵایەتی و بەهاکان.

---

[1] مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٥ ـ ٥١.

٤- ئـــامرازە مێدیاییـــە جیهانییـــەکان هەڵدەســـتن بـــە راکێشـــان و کەمەندکێشـکردنی نوخبـەی رۆشـنبیر بـۆ رەواجـدان بـە بـیر و فەلسـەفە و پـــرۆژەی جیهانگـــەرایی، لـــە رێگەیـــەوە گشـــت ســـنوور و لـــە مپـــەرەکان دەبەزێنرێت•

٥- هەڵقوڵینی زانیارییەکان بە یەك ئاڕاستەیە لە باکورەوە بۆ باشـور و لە نێوان خودی وڵاتانی باشوردا لە (١٠٪) تێپەڕ ناکات.

٦- جـــەماوەر هەڵوێســـت و زانیارییـــەکانی لـــە رێگـــەی ئـــامرازە مێدیاییەکانـەوە پێـدەگات، کـە یارمـەتی دەدەن بـۆ پێکهێنـانی وێنایـەکی زیهنیی لە مەڕ جیهان، ولبەر شرام پێی وایە مرۆڤ لـە (٧٠٪)ی وێنـەکان لـە رێگەی ئامرازە مێدیاییەکانـەوە لـە زیهنیـدا دەچەسـپێن، دواجـار وێنایـەکی

---

• رەفعـەت سـەید ئەحمـەد لـە کتێبەکەیـدا داگیرکردنـی عەقلـەکان دەڵێـت کـە ئامـانج لـە داگیرکردنی عـەقڵ و هێرشـی فکیریـی و رۆشـنبیری ئـالأون لـە یەکـدی، و تێکـەل بـە ئامانجـە داگیرکـاری و کۆلۆنیالزمیـەکان دەبێـت، و هەنـدێ جـار توێژینـەوەی زانسـتی و توێـژەرەوانیش دەبنە ئامرازی ئەم داگیرکردنە بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن، و باس لە هەندێ دەزگـا دەکـات کـە ئـەم کـارە ئـەنجام دەدەن وەك: دەزگـای فـۆرد فاوەندەیشـن، دەزگـای روکفلـەر، ئەنجومـەنی توێژینەوەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان و لیژنەی رۆژهـەڵاتی دور و ناوەراسـت، زانکـۆی جـۆرج تاون، ئاژانسی گەشەپێدانی ئەمریکیی، دەزگای هارفارد بـۆ کاروبـاری نێودەوڵـەتی و سـەنتەری ئەکادیمی ئیسرائیلی لـە قـاهیرە و چـەندانی دیکـە. رفعـت سـید أحمـد، احـتلال العقـول، عـن مجموعة باحثين، الإسلام والغرب – صراع في زمن العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤١–٤٤.

دەقگرتووی بۆ ڕووداوەکان لە لا دروست دەبێت و کاریگەریی لە سەر ڕەفتار و بڕیارەکانی دروست دەکات.[1]

جگە لەوە مێدیا توانیویەتی لەم سەردەمەدا حکومەت و دەوڵەتان ناچار بکات بە بایەخدان بە هەندێك بابەت و کێشە کە تا ماوەیەك دوور بوون لە ئەولەویاتی گرنگپێدانەکانیان، وەك کێشەکانی مافی مرۆڤ و کێشەی کەمایەتییەکان و ڕەگەزپەرستیی و هەڵاوێردنی ڕەگەزیی و تیرۆر و هتد، مێدیا توانیویەتی کۆمەڵگە و ژینگەی ناوخۆی کۆمەڵگەکان بگۆڕێت بە کۆمەڵگە و ژینگەی دەرەکیی، هەروەها کاریگەرییەکی گەورەی لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی و کارەکتەرەکانی سیاسەت لە جیهاندا دروستکردووە، جگە لەوەی بارودۆخێکی کولتوریی فراوان و قوڵاییەکی زیاتری بەخشیوە بە پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان، لە لایەکی دیکەوە ئەم مێدیا جیهانییە بە توانا تەکنیکی و تەکنەلۆجییەکانی سیستمی مێدیایی نیشتیمانیی لاواز کردووە و کردوویەتیە شوێنکەوتەی خۆی و بەشێك لە سیستمی جیهانیی.[2]

---

[1] عاطف عدلي عبيد، مدخل إلى الاتصال والرأي العام – الأسس النظرية والإسهامات العربية– (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٨٧.

[2] السيد أحمد مصطفى عمر، إعلام العولمة وتأثيره في المستهلك، لە كتێبی العولمة وتداعياتها على الوطن العربي(سەرچاوەیەکی پێشوو)ل١٦٨ ـ ١٦٩.

فرانسیس فۆکۆیاما پێی وایە کە شۆڕشی زانیاییەکان چوار کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی دروست کردووە:[1]

- لاوازکردنی سیستمە حوکمڕانیە دیکتاتۆڕەکان.
- خێراکردن بە پڕۆسەی دیموکراسی لە سەر ئاستی جیهان.
- نەمانی سەروەریی نەتەوەیی و پەرتبوونی دەسەڵاتی سەنتەر.
- گۆڕانی چەمك و سروشتی هێز هەروەها پوکانەوەی سەروەریی وڵاتان

لە بەزاندنی سنووری وڵاتان و لە بەزاندنی ئامڕازەکانی مێدیا و ناوەڕۆکەکەیەتی بۆ سنوورە نەتەوەییەکان بەرەو جیهانگەرایی، بە جۆرێك توانا و هێزی حکومەتەکانی بۆ کۆنترۆڵکردن کەم کردۆتەوە، دیارترین ئەو بوارانەی کە سەروەری وڵاتانی تێدا بەرەو کاڵبوونەوە چووە سیاسەتە نەختینەکان و سیاسەتی دەرەوەیە لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیار.[2]

لە راپۆرتی سالانەی ساڵی ١٩٦٦ی تۆڕی هەواڵیی کۆلۆمبیا هاتووە (کە کۆمپانیای CBS خزمەتگوزارییەکانی گەیشتۆتە (١٠٠) وڵات، و کۆمپانیایەکە وەبەرهێنانی لە سێ کۆمپانیا لە هەریەك لە ئەرجەنتین و ڤەنزەوێللا و پیرۆدا هەیە، و خاوەنی کەناڵی تەلەفزیۆنییە لە هەریەك لە (ترینیدا وئینتگوا) و چەند تۆڕێکی تەلەفزیۆنیی لە کەنەدا، کۆمپانیای

---

[1] فرانسيس فوكوياما، حوار عبر الأقمار الصناعية، أبحاث المؤتمر السنوي الثالث، ثورة المعلومات والاتصالات وتأثيرها في المجتمع والدولة في العالم العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٨.

[2] فرانسيس فوكوياما،حوار عبر الأقمار الصناعية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٦٩.

NBC ساڵی ١٩٦٦ رایگەیاند کە چالاکی نێودەوڵەتییانەی فرۆشتنی زیاد لە (١٢٥) زنجیرە تەمسیلیی و خزمەتگوزاریی لە (٩٣) وڵاتدا بۆ زیاد لە (٣٠٠) کەناڵی تەلەفزیۆنیی هەیە، ئەم کۆمپانیایە هەستاوە بە دۆبلاژکردنی بەرنامەکانی بۆ زمانەکانی ئیسپانی و یابانی و پرتوگالی و ئیتاڵی و ئەڵمانی و فەرەنسی و عەرەبی، هەروەها NBC بەشداری لە (١٠٪) دوو کەناڵی ئوستراليی و کەناڵێکی رادیۆیی ڤەنزویللیی و کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە مەکسیك هەیە، هەروەها ئەندامە لە گرووپی ئەو کۆمپانیایانەی کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی لە هەریەك لە جامایکا و هۆنگکۆنگ ئیش پێ دەکەن، هەروەها ئەم کۆمپانیایە گەورەترین پرۆژەی تەلەفزیۆنیی لە سعودیە ئەنجامداوە، هەروەها ABC تۆڕێکی هەواڵیی بەناوی (وۆرد ڤیژن) دامەزراند کە دەگاتە لانی کەم لە (٦٠٪)ی کۆی ئەو ماڵانەی کە لە دەرەوی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تەماشای تەلەفزیۆن دەکەن، هەروها هەندێ لایەنی دارایی وەشاندنی تەلەفزیۆنی لە کەنەدا، گواتیمالا، سلڤادور، هندوراس، کۆستاریکا، پەنەما، کوڵۆمبیا، فەنزەویللا، ئیکوادۆر، ئەرجەنتین، لوبنان، یابان، فلپین، ئوستراليا، شیللی، بەرمۆدا لە ئەستۆ دەگرێت).

کەواتە بە بوونی ئەم سوپا زەبەلاحە مێدیاییە و ئەم تۆڕە هەواڵیی و دوانگە جۆراوجۆرانە بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی و دروستکردنی هەژموونی کولتوریی و سیاسیی و شارستانیی هیچ مانایەك نامێنێتەوە بۆ سەروەیی و دەسەڵاتی حکومەتەکان و سنووری وڵاتان، چونکە ئەم مەنزومەیە هەر بە تەواوی سیستمی باوی دەسەڵات و حوکمڕانی تێکشکاندووە، وەك چۆن

زانستی پزیشکیی ئابڕوی سیحرباز و فالْچییەکانی خێڵیی برد، بە هەمان شێوە بڵاوبوونەوەی زانیاریی بۆتە هەڕەشەیەکی حەقیقی لە سەر هەندێ بیروباوەڕ و سیستمی فەرمی و حوکمڕانی لە هەندێ وڵاتدا و ڕۆژ بە ڕۆژ لامەرکەزیەتی دەسەڵات تۆختر دەبێتەوە و کاریگەریی لە سەر ئەرکەکانی دەوڵەت دروست دەکات.[1]

جگە لە مانە مانگە دەستکردەکان دونیای ئێمەیان بە تۆڕێکی ئیلیکترۆنیی بەستۆتەوە کە لە توانایدایە هەواڵ و زانیاریی و داتاکان بۆ گشت گۆشەیەکی ئەم جیهانە لە هەمان ساتدا بگوازێتەوە خێراتر لە تیشک، هەربۆیە سنوورەکان تەنك بوونەتەوە و سەروەریی وڵاتان بەرەو نەمان دەچێت.[2]

کە سەیری ئەو هەژموون و کاریگەرییە دەکەین کە ئەمڕۆ دونیای ئینتەرنێت لە سەر سەرجەم کایە سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان دروستی کردووە، ئەم ڕاستییەمان زیاتر لا دەچەسپێت.

لەگەڵ ئەوەی حکومەتەکان دەیانەوێت کۆنترۆڵی ئەم بەزاندنە مێدیاییە بکەن، بەڵام بەهێزیی ئەم بەزاندن و تێپەڕاندنە و لاوازی هەندێك لە دەوڵەتەکان لە وەستان بەڕویدا بۆ پاراستنی ناسنامەیان، کاری تێپەڕاندن و بەزاندنەکەی ئاسانتر کردووە، بۆ نموونە لە تەنزانیا حکومەت لە سەردەمی (جۆلیۆس فیریری) بۆ ماوەی چەند ساڵێك هەر بەتەواوی بینینی

---

[1] ولتر.ب. رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥ – ١٦، وأياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٣.

[2] ولتر.ب. رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤.

تەلەفزیۆنی بیانی لە دانیشتوانی وڵاتەکەی قەدەغەکرد، هەرچەند خەڵکی بە نهێنی تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی دەوروبەریان هەر دەبینی، کاتێکیش ڤیدیۆ بڵاوبوویەوە حکومەت نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات و بەخێرایی تەشەنەی کرد، لە ماوەی چەند ساڵێکدا حکومەت گشت ئەو یاسایانەی پوچەڵکردەوە و لە ژێر فشاردا گشت دەرگاکانی بەڕووی هاوڵاتیاندا کردەوە). [(١)]

کەواتە ئێمە لە بەردەم واقیعێکداین ناکرێت فەرامۆشی بکەین، کەوتوینەتە بەر هەڕەشە و کۆنترۆڵی هەندێ دەزگای مێدیایی دیاریکراو، جاران زانیاریی تەنها وەك هێزێك بەدەست خاوەنەکەیەوە تەماشای دەکرا، بەڵام ئەمڕۆ بۆتە سامانێکی بەنرخ و پڕ بەها. [(٢)]

جاران حکومەتەکان دەیانویست رێ لە بڵاوبوونەوە و دەستاودەستکردنی کتێب و رۆژنامەکان بگرن، یان ژاوەژاویان دەخستە سەر رادیۆکان، بەڵام سەردەمی ئەم جۆرە حکومەتانە بەسەرچوو، ئەمڕۆ جیهانگەرایی مێدیا رۆڵێکی کاریگەر (ئیجابی و سلبی) لە لاوازکردنی ئەم شێوازە لە حکومدارییی دەبینێت و مانگە دەستکردەکان و مێدیای نوێ کارئاسانی بۆ خەڵکی کردووە بۆ ئەوەی ئاگایان لە وردودرشتی رووداوەکانی ئەم جیهانە بێت. [(٣)]

---

[(١)] (سەرچاوەی پێشوو) ل٦٦.

[(٢)] (سەرچاوەی پێشوو) ص٤٨ ـ ٤٩. و على حرب، أوهام النخبة أو نقد المثقف (الدارالبيضاء: المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، ١٩٩٨) ل ٧٠.

[(٣)] سليمان إبراهيم العسكري: إعلام العولمة، لة كتێبى الإسلام والغرب – صراع في زمن العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٥٢.

دیاره بۆ ئەم هەڵقوڵینی زانیاریی و بەربڵاوییەی مێدیا کەسانێك هەن پشتگیری لێ دەکەن و کەسانێکیش هەن کە دژی وەستاون و بە نێگەتیڤ وەسفی دەکەن، بە رای ئەوانەی پشتگیری لێ دەکەن، مێدیا لەم چەند ساڵانەی دواییدا بە تەواوی تەشەنەی کردووە و (پەیامەکانی خەریکە دەگەنە گشت ماڵێك، ئامرازە مێدیاییەکان رۆڵێکی کاریگەر لە پێکهێنانی هۆشیاریی و دروستکردنی رای گشتیدا دەبینن، خەریکە کاریگەرییەکەی کاریگەریی حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکان و تەنانەت خێزانیش تێ دەپەڕێنێت، هەروەها مێدیا بۆتە بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە گەشەپێدانی ئابوریی و کۆمەڵایەتی و سیاسیی و بۆتە ئامێزێك بۆ پەرەپێدانی ئازادی رادەربڕین و پەیڤین و فاکتەرێکی گرنگ لە پشتیوانی فرە کولتوری و سیاسی، جگە لە دروستکردنی کاریگەریی لە سەر بەها فیکریی و کۆمەڵایەتیی و ئەخلاقییەکان، جگە لە پاڵپشتی بڵاوکردنەوەی هاریکاریی و ئاشتەوایی و پێکەوەژیان، هەرگیز لە مێژوودا بە ئەندازەی ئەم سەردەمە هەلی ئاشنابوون بە کولتوری گەلان نەڕەخساوە و خەڵکی لە یەکتر نزیك نەبوونەتەوە[1].

پسپۆڕی مێدیایی د. حەمدی حەسەن پێی وایە کە هەر خۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆجیا بەزاندنی گشت سنوورەکانە و تێپەڕاندنی سەروەریی دەوڵەتەکانە، کاتێك ئامرازەکانی مێدیا سنوورەکان دەبەزێنن و هیچ

[1] بوجدان أوسولونيك وآخرون، وسائل الاتصال الجماهيري والتفاهم الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٨٣.

دەوڵەتێك ناتوانێت زانيارييەكان بۆ خۆی قۆرخ بكات و لە كۆتاييدا ئەمە لە شان و شكۆی دەوڵەت كەم دەكاتەوە، جاران دەوڵەتان زۆر بە ئاسانی رێگەيان لە هاتنە ناوەوەی زانياريی دەگرت و چاودێريان دەخستە سەر ئەو كالاَ و شمەكانەی دەهاتنە ناوەوە، بۆ نموونە ئەگەر رۆژنامەيەك لە سنوورەكانەوە بهێنرايەتە ژوورەوە و لەگەڵ سياسەتی ئەو دەوڵەتەدا نەگونجايە، رێگری لێ دەكرا ياخود ژاوەژاويان دەخستە سەر شەپۆلە راديۆييەكان، بەلاَم ئەم تەكنەلۆجيا نوێيە هيچ سەروەرييەكی نەهێشتۆتەوە بۆ ولاَتان، كاتێك خوێندنەوە بۆ بنەماكانی دەوڵەت لە مێژوودا دەكەيت، ئەوا هەژموون و سەروەريی بريتی بوو لە كۆنترۆڵكردن و زاڵبوون بەسەر پارچە زەوييەكی جوگرافی دياريكراودا، بەلاَم حاڵی حازر بارودۆخەكە گۆڕاوە و چەمكی هەژموون گۆڕانكاری بەسەردا هاتووە.[١]

هەر لەم ميانەيەدا و بۆ يەكەمين جار لە مێژووی نوێدا (خەڵكی توانيان لە ماڵەكانی خۆياندا و راستەوخۆ ديمەنەكانی جەنگ و شەڕی نێوان ولاَتان ببينن، وەك چۆن سەيری يارييەكی تۆپی پێ يان ديمەنێكی شانۆيی دەكەن، جەنگی كەنداو سەرتەختەی شانۆكە و ئەكتەرەكانيش جەنگاوەرەكان بوون و بينەرانيش دانيشتوانی جيهان) [٢]

---

[١] چاوپێكەوتنێكی نووسەر لە گەل د. حەمدی حەسەن لە دەوحە، حەمدی حەسەن پسپۆڕێكی بواری مێديايە و راوێژكاری رۆژنامەی ئەلئەهرامی ميسرييە.

[٢] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات(سەرچاوەيەكی پێشوو) ل١٤٥.

هەروەها ئەم میدیا جیهانیە توانیویەتی پشتیوانی لە بەرژەوەندییە گشتییەکان بکات و خزمەتگوزاری مەعریفیی جۆراوجۆر پێشکەش بە گەلانی جیهان بکات و چاودێری ژینگەی نێودەوڵەتیی بکات و لێکتێگەیشتن زیاتر بکات و کولتوری نەوەیەك بۆ نەوەیەکی دی بگوازێتەوە.

بەڵام ئەوانەی دژ بەم ئاڕاستەیەن راوبۆچوونی جیاوازیان هەیە و لە گۆشەنیگایەکی دیکەوە دەڕواننە مەسەلەکە، بەوەی ئەم بەزاندنە میدیاییە بۆتە هەڕەشە بۆ سەر تایبەتمەندێتی و کولتوری گەلان و لە کۆتایدا یەك جۆر لە رۆشنبیریی و مەعریفە بەسەر گەلاندا دەسەپێنرێت، هەر بۆیە ئەمڕۆ میدیای جیهانیی (دووچاری ناهاوسەنگییەکی توند بۆتەوە کە پەیوەستە بە قۆرخکردنی خاوەندارێتیی و کەوتنە داوی تیۆری (بازارگەریی) و ورووژاندن و خێرایی، جگە لە زاڵبوونی گوتارێکی دابڕاو و قەتیسکراو و روکەشانە بۆ کێشە دەرەکییەکان)، هەموو ئەمانە کاریگەرییان لە سەر سەروەریی نیشتمانیی دروستکردووە و بەرەو پوکانەوەی بردووە، بە جۆرێك هەندێ دەوڵەت تەنها ناو و ئاڵا و درووشمەکانیان ماوە، دیارە زیانمەندی یەکەم لەم بارودۆخە تەنها وڵاتانی جیهانی سێیەمن.[1]

لەگەڵ ئەمانەدا دانیشتوانی جیهان دووچاری وەرگرتنی بەرنامەی جۆارجۆر و جیاواز بوون لە کەناڵە جیاوازە جیهانییەکانی وەك: ( BBC

---

[1] فارس آشتي، الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه– (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥٤، و محمد عابد الجابري، المسألة الثقافية (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة الثقافة القومية "٢٢٥"، الطبعة الأولى، ١٩٩٤)ل١٧٩.

(Discovery) و (Sky channel) و (CNN) و (world wide Service و چەندانی دیکە، جگە لە کەناڵە ناوچەییە بەربڵاوەکان لە ئەورووپا و ئەمریکا و هەندێك لەم دوانگە مێدیاییانە بە هیچ شێوەیەك رەچاوی بەها و داب و نەریتی کۆمەڵگەکان ناکەن و دوورن لە هەموو جۆرە پرنسیپێکی ئەخلاقیی و بەها و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیی، وەك بڵاوکردنەوەی دیمەنەکانی توندوتیژیی و لادانی سێکسیی و مادده هۆشبەرەکان و سەرجەم ئەو دیمەنانەی کە رەنگە بۆ کۆمەڵگەیەك بشێت بەڵام بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە نەشیاوە.

نووسەر (موحوممەد ئەلسەمماك) پێی وایە کە پرۆسەی مێدیایی بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت تا دەگاتە بەزاندنی سنوور و سەروەیی وڵاتان و ئەم قۆناغانەش: [1]

**یەکەم:** قۆناغی جووڵاندنی رای گشتی و هاندانی بۆ دژایەتی دەوڵەتێکی دیاریکراو، و پڕکردنی بە هەواڵ و زانیاری جۆراوجۆر، کە رەنگە هەندێکیان ببنە هۆی بڵاوکردنەوەی رق و کینە و دەمارگیریی.

**دووەم:** راکێشانی ئەو دەوڵەتە بۆ نێو داوی پرۆسە مێدیاییەکە کە پێشتر ئەو ئامادەییەی تێدا دروست کراوە.

**سێیەم:** سەپاندنی گەمارۆیەکی توند بە دەوری رووداوەکاندا، و قەتیسکردنی زانینی لای کەسانێکی دیاریکراو.•

---

[1] محمد السماك، الإرهاب والعنف السياسي (بيروت: دار النقاش، الطبعة الثانية، ١٩٩٢)ل ٧٤ ـ ٧٦.

رەنگە ئەدۆلف هیتلەر یەکێك بێت لەو سەرکردانەی کە توانیبێتی زۆر بە باشی سوود لە مێدیا بەتایبەتی رادیۆ وەربگرێت و لێوەی پەیامەکانی ئاڕاستەی گەلی ئەڵمانی و هەموو جیهان دەکرد و گشت تواناکانی رادیۆ لە هەواڵ و میوزیك و دراما و کۆمیدیا بۆ ئامانجە باڵاکانی دەوڵەتی ئەڵمانی دەخستەگەڕ، (فۆستەر) دەڵێت: میوزیکی ئەڵمانی کولتوری سەربازیی ئەڵمانی تۆخ دەکرەوە و کۆمیدیاش بۆ سوکایەتی بە دوژمنان تەوزیف دەکرا، جگە لە مانە هیتلەر پێش ئەوەی هێرش بکاتە سەر وڵاتێك بە چری پەیامەکانی لە رێگەی رادیۆوە ئاڕاستەی ئەو وڵاتە دەکرد و کاریگەریی لە سەر گەلەکانیان دروست دەکرد و رۆحی بەرگری و خۆڕاگریانی لاواز دەکرد و لە پەیامەکانیدا جەختی لە سەر ئەو کەسانە دەکردەوە کە بە رەچەڵەك ئەڵمانی بوون و لەو وڵاتانەدا دەژیان، یاری بە هەست و سۆزیان دەکرد و مژدەی ژیانێکی خۆشتری پێدەدان) [1]

لەم بوارەدا رادیۆ ئاڕاستەکراوەکان بە پێنج قۆناغدا تێپەربوون: [2]

---

• لە سالّی ١٩٢٠ بەڕێوەبەری فێرکردن "کە فەڕەنسا لە مەڕاکیش دایمەزراندبوو" رووی کردە کۆمەڵێك لە چاودێران و وتی : ئێمە مەڕاکیشمان بە تەواوی داگیر کرد، بەڵام پێمان وایە کە داگیرکردنی سەربازیی هەموو شت نییە و مانای سەرکەوتنی تەواو نییە، هەر بۆیە پێویستە دەروونەکان داگیر بکرێن پاش داگیرکردنی خاکەکان و ئەمەی دووەمیان ئەگەر چی هەراو هۆریای کەمترە، بەڵام کات و ئارامییەکی زیاتری دەوێت. محمد عابد الجابري، المسألة الثقافیة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٨٩.

[1] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢١.

[2] (سەرچاوەی پێشوو) ل١٣٩ ـ ١٤٠.

١-  ئاڵوگۆڕکردنی بەرنامە لە نێوان  رادیۆکانی زۆربەی وڵاتاندا لە ڕێگەی هەندێ ڕێکەوتنامەوە.

٢- گواستنەوەی بەرنامە لە وڵاتە داگیرکەرەکانەوە بۆ وڵاتە داگیرکراوەکان بە تایبەت پاش جەنگی دووەمی جیهانی.

٣- ئاڕاستەکردنی بەرنامە بۆ هاوڵاتیانی ئەو وڵاتانە.

٤- لە جەنگی جیهانی دووەمدا رادیۆکان بەکاردەهێنران بۆ جەنگی دەرونیی و پڕوپاگەندە و ڕۆشنبیرکردن.

٥- ئاڕاستە کردنی رادیۆ بۆ جەماوەری وڵاتانی دیکە بە تایبەت پاش دەرکەوتنی دیاردەی دوو جەمسەریی نێوان ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیتی جاران.

شاراوەش نییە رادەی ئەو بایەخدانەی حکومەتی ئەمریکیی دەیدات بە رادیۆی دەنگی ئەمریکا و رادیۆی سەوا و دوانگە مێدیایەکانی دیکەی وەك ئەلحورڕە و ئەو بایەخدانەی بەریتانیا دەیدات بە (بی بی سی) و چەندین نموونەی دیکە هەر هەمووی بەڵگەن بۆ ئەم تێڕوانینە، ئێستە ئەو بایەخدانە گواستراوەتەوە بۆ بواری کەناڵە ئاسمانیەکان و ئینتەرنێت و ملیۆنان دۆلار ساڵانە لە سەر ئەم بەرنامانە خەرج دەکرێت و ڕۆژانە کەناڵێکی ئاسمانی نوێ بۆ لیستی کەناڵە ئاسمانییەکان زیاد دەبێت و بۆ دونیای ئینتەرنێتیش ئامار و ڕێژەی هەڵکشاوی بەشداربووان و بە کارهێنەران  ئەم راستەیە تۆختر دەکەنەوە، ئەمریکا و بەریتانیا ساڵانە  لە نێوان  (١٥٠٠٠٠ تا ٢٢٦٠٠٠) کاتژمێر بەرنامەی کات بەسەربردن بەرهەم دێنن و دەینێرن بۆ جیهان و

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەتەنها خۆی لە نێوان (١٠٠ تا ٢٠٠) هەزار کاتژمێر هەناردە دەکات[1]، لە (ئەسڵی ٢٥٠٠٠٠ کاتژمێر پەخشی تەلەفزیۆنیی لە ئەرووپا دوازدە وڵاتی ئەوروپی پێکەوە تەنها (٢٥٠٠٠) کاتژمێر بەرهەم دێنن، واتە ١ / ١٠ لە کاتژمێرەکانی پەخش، پشکی سینەمای فەرەنسی لە بازاڕی سینەمای ئەمریکیی تەنها (٠,٥٪)ە، کەچی ڕێژەی بەرهەمهێنانی سینەمای ئەمریکیی لە بازاڕی فەرەنسا نزیکەی(٦٠٪)، واتە ڕێژەکە (١٢٢٠ بۆ ١).[2]

یەکێتی سۆڤێتی جاران لەم بوارەدا (ساڵی ١٩٢٩ خزمەتگوزارییەکی نێودەوڵەتی دامەزراند بە زمانەکانی ئەڵمانی و ئینگلیزی و فەرەنسی و ئیسپانی و ئیتاڵی و سویدی و تورکی و پرتوگالی و ئاراستەی هەندێ وڵاتی دیاریکراوی کردبوو، لە ماوەیەکی کورتدا توانی کاریگەریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگی گەورە دروست بکات)[2]، لە بەرامبەردا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ساڵی ١٩٥٤ (ڕادیۆی ئەوروپای ئازاد) و ڕادیۆی (ئازادیی) دامەزراند تا (هەڵمەتێکی توند دژ بە یەکێتی سوڤێتی جاران بەرپا بکات و گەلانی ژێردەستیان هانبدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و گۆڕینی واقیعی ئەو وڵاتانەی کە لە ژێر چەتری بلۆکی یەکێتی سۆڤێتی جاراندا بوون، ئەم

---

(1) أحمد بدر، مناهج البحث في الاتصال والرأي العام والإعلام الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤٢.

(2) عبداللطيف ياسين، قراءة في السينما الأمريكية (مجلة الحوار،مجلة سياسيية تصدر في كوردستان العراق، العدد ١٨، كانون الثاني ٢٠٠٤)ل٤٧.

(2) أحمد بدر، مناهج في الاتصال والرأي العام والإعلام الدولي (سةرضاوةيةكىثيَشوو) ل١٣٢.

کارەش بە نهێنی مابوویەوە تا یەکێك لە سیناتۆڕەکان لە ساڵی ١٩٧٢دا لە گفتوگۆیەکی گەرمی ئەنجوومەنی پیراندا پەردەی لە سەر هەڵماڵی و ئەم راستییەی درکاند، بە جۆرێك رۆڵەکان دابەشکرابوون بەوەی (ئێستگەی ئەوروپای ئازاد) بەرنامەکانی ئاڕاستەی ئەو وڵاتانە بکات کە سەر بە بلۆکی رۆژهەڵات بوون و (ئێستگەی ئازادیی) بەرنامەکانی ئاڕاستەی یەکێتی سۆڤێتی جاران بکات، ئاماژەی زۆریش هەبوون کە گەلانی ئەم وڵاتانە موتاڵای ئەو بەرنامانە دەکەن و کاریگەریی لە سەر دروست کردوون)[1]

فیلیب تایلۆر لە کتێبەکەیدا (درۆینەی عەقڵەکان) بە درێژی باس لە سروشتی ململانێی "سیاسیی – مێدیایی " نێوان هەریەك لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیتی جاران دەکات، کە چۆن هەریەکەیان ئامڕازەکانی مێدیایان بۆ بەرژەوندی خۆیان بەکارهێناوە، هەریەکەیان وێنای ئەوی دیکەی لای هاوڵاتیان شێواندووە و راستییەکانیان ئاوەژوو کردۆتەوە، وەك باسکردنی موعانات و کێشەکانی گەلانی بندەستی یەکێتی سۆڤێتی جاران و تێوەگلانی ئەمریکا لە جەنگی ڤێتنام.[2]

لەم میانەیەدا یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا یاسایەکی دەرکرد و ناوی لێنا(تەلەفزیۆنی بێ سنوور) و ساڵی ١٩٨٩ دەنگی لە سەر درا و دوبارە ساڵی ١٩٩٧ پەسەندکرایەوە، و ناوەڕۆکەکەی ئەوەیە کە پێویستە کەناڵە

---

[1] (هەمان سەرچاوە) ل١٣٣ ـ ١٣٤.

[2] فیلیب تیلور: قصف العقول (الكويت، عالم المعرفة٢٥٦، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب،٢٠٠٠) ل٣٥٦.

ئەوروپپییەکان له (٦٠٪) ی بەرنامەکانیان بەرهەمی ئەوروپی بن و هەندێ کەناڵ کە بەم یاسایەوە پابەند نەدەبوون سزای ماددی دەدران.

له بواری ئینتەرنێتیشدا ئەوا بەزاندنی سنوورەکان و سەروەری وڵاتان هەر زۆر روونە، چونکە هیچ بوارێك بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێریی حکومەتەکان نییە مەگەر لە سنوورێکی بەرتەسکدا نەبێت، هەرچەند ئەو ئامرازە لایەنە پۆزەتیڤەکانی زۆر زیاترن، بەڵام هەندێ جار بۆ کاری خراپ و دوور لە ئەخلاقیات و یاساش بەکاردەهێنرێت و گۆڤاری (نیوزویك) لە مانگی نیسانی ١٩٩٥ هەندێ نموونەی هێناوەتەوە لە مەڕ سنووربەزاندنەکانی ئینتەرنێت و گوێنەدانی بە سەروەریی وڵاتان وەك:[١]

❖ هەندێ گرووپ لە یەکێك لە ولایەتەکانی ئەمریکا رێنماییان ناردووە بۆ گرووپێکی دیکە، لە فەڕەنسا بۆ چۆنییەتی دروستکردنی بۆمب، بوویە هۆی ئەوەی فەڕەنسا بە فەرمی ئاگاداری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکاتەوە و سەرنجی بۆ لای ئەم بابەتە مەترسیدارە رابکێشێت.

❖ هەندێ گرووپ لە کەنەدا زانیارییان ئاڕاستەی هەندێ گرووپی ئەڵمانی کردووە بۆ پڕوپاگەندە و بانگەشە بۆ نازیەت، دیارە ئەمەش دژ بە دەستوری ئەڵمانیایە.

❖ چین چاودێرییەکی توندی خستۆتە سەر ئینتەرنێت، و هەندێك لە وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی ئیسلامیش رێگە نادەن کە ئینتەرنێت بە رەهایی لە بەردەست هاوڵاتیاندا بێت.

---

[١] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤٤.

له کۆتایدا دەڵێین لەگەڵ ئەو ئیمکانیاتە بەرفراوانەی کە تەکنەلۆجیای میدیا خستوویەتییە بەردەست خەڵکی، فشارەکان رۆژبەرۆژ زیاتر دەبن بۆ سەر حکومەتە دیکتاتۆڕەکان بۆ فەراهەمهێنانی کەشوهەوای ئازادی رادەڕبرین، خەڵکی رۆژبەرۆژ داوای فراوانکردنی پانتایی ئازادی رادەربرین دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا پاراستنی بەها و کولتوری هەر نەتەوەیەك تەنها بە خستنەڕوی ئەلتەرناتیڤ و ناوەڕۆکی میدیایی کاریگەر دەبێت و هەرجۆرە سانسۆر و چاودێرییەك تەمەنی زۆر کورت دەبێت و کاریگەرییەکەی دیاریکراو دەبێت، چارەسەر تەنها بە پێشکەشکردنی بەرهەمی خۆماڵی کاریگەر و کەمەندکێش دەبێت.

# بەشی سێیەم

# جیهانگەرایی و چەمکی سەروەریی

- باسی یەکەم: چەمك و بوارەکانی جیهانگەرایی
- باسی دووەم: جیهانگەرایی مێدیایی
- باسی سێیەم: بنەماکانی جیهانگەرایی و سەروەریی وڵاتان

# باسی یەکەم: چەمك و بوارەکانی جیهانگەرایی

**جیهانگەرایی، پێناس و مێژووو:**

✍ جیهانگەرایی یەکێکە لەو دەستەواژە و چەمکانەی لە نێوان پشتگیر و دژدا زۆرترین مشتومڕی لە مەڕ کراوە، زانا و بیریارانی ئابوریی و سیاسەت و مێدیا و پەروەردە و فەلسەفە و چەندین بواری دیکە قسەیان لە سەر ئەم دەستەواژەیە کردووە، ئەم چەمکە پانتاییەکی بەرفروانی لە نووسین و کتێب و دەزگاکانی مێدیا و کۆر و کۆنفرانس و گۆڤارە زانستییە جیهانییەکانی داگیرکردووە، کە سێرچێك بەنێو ئینتەرنێتدا دەکەیت بە هەزارەها ناونیشانی جۆراوجۆر لە سەر ئەم دیاردە جیهانیە بەرچاوت دەکەون و بەسەدان لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی زانستیی لە بارەویەوە بەدی دەکەیت، جگە لەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و یونسکۆ و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بە رۆشنبیریی و کۆمەڵناسی و سیاسەت چەندین کۆنگرەیان بۆ قسەکردن لە سەر ئەم چەمکە گرێداوە، کەم سەنتەری رۆشنبیریی یان سیاسی یان ئابوری هەیە پانتاییەکی بۆ قسەکردن لە سەر جیهانگەرایی و ئاسەوارەکانی تەرخان نەکردبێت، تا ئێستەش مشتومڕ و پەیڤین بەردەوامە لە مەڕ هۆکارەکانی دروستبوونی جیهانگەرایی و ئاسەوارەکانی لە مەودای نزیك و دوردا، تا هەنووکەش کەسانێك هەن سەرسەختانە پارێزگاری لێ دەکەن و هەشن زۆر دژی وەستاون و بە مەترسی و شێرپەنجە بۆ سەر جەستەی کۆمەڵگە تەماشای دەکەن.

دەستەواژەی جیهانگەرایی یان (بە گەردوونیکردن) لەو بابەتانەیە کە (لە ناوەڕاستی شەستەکانەوە بە هۆی دوو نووسەری بەناوبانگ: مارشال ماکلۆهان و کینت فویەر (War and Peace in the Global Village). هەروەها کتێبەکەی بریجنسکی (American's role in the Technotronic evall ) لە کۆتایی نەوەدەکانی سەدەی پێشودا زۆر بڵاوبوویەوە.[1]

وەك گشت چەمك و دەستەواژەکانی دونیای زانستە سیاسییەکان تێگەیشتنی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ ئەم چەمکە هەیە و هەریەکە و لە گۆشەبینایەکەوە راڤەیان بۆ کردووە،[2] دەستەواژەکە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی ئینگلیزی (Global) کە بە واتای جیهانیی یان نێودەوڵەتیی و زیاتر دەبەسرێتەوە، بەمانای گوند و دەبێتە گوندی جیهانیی (Global Village).[3]

نووسەرێك پێی وایە ئەگەر ئەم وشەیە بۆ بنەڕەتە فەرەنسییەکەی (Mondiasation)، کە بەمانای جیهان( Mond )دێت، یاخود بۆ بنەرەتە ئینگلیزییەکەی (Globalization) بگەڕێتەوە کە لە گۆی زەوییەوە هاتووە (Global)،[4] لەگەڵ وشەی جیهانگەرایی وشەی شاری گەردونیی

---

[1] غسان العزي، سياسة القوة ومستقبل النظام الدولي والقوى العظمى (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١١٧.

[2] نايف على عبيد، العولمة مشاهد و تساؤلات، (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣–٥.

[3] عبدالجليل كاظم الوالي، جدلية العولمة بين الاختيار والرفض، لە کتێبی العولمة وتداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢.

[4] إبراهيم محمود، العولمة هل هي انفجار الهوية؟ (مجلة الفكر العربي، معهد الإنماء العربي، العدد ٩٣، صيف ١٩٩٨) ل١٦٣.

(Cosmopolism) تێکەڵ دەبێت واتە: جیهان تاکە گوندێکە[1]، بە گشتی جیهانگەرایی واتە یەکبوونی جیهانی ئازاد و یەکبوونی ئابوری بازاڕ، کە دەربری گوندی بچووکی گەردوونیی یاخود بە واتای ئومەمی دێت.[2]

راڤەکردنەکان هەرچۆنێك بن بۆ دەستەواژەی جیهانگەرایی ئەوا لەوە دەرناچێت کە هەولّی ولاّتان و کۆمپانیا ئابوریی جیهانییەکان و دەزگا مێدیاییە جیهانییەکانە بۆ بچووککردنەوەی ئەم جیهانەمان و نزیککردنەوەی کەسەکان لە یەکدی، بەوەی دانیشتوانی ئەم گۆی زەوییە لە یەکدی بچن لە بەها و شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و پۆشاك و خۆراك و هتد، سەبارەت بە جیاوازی نێوان (جیهانگەرایی) و (جیهانیبوون) لە دیدگای ئیسلامییەوە هەندێ لە نووسەر و بیریارە ئیسلامییەکان پێیان وایە کە (جیهانیبوون) بە مانای ئاسۆی بەرفراوانی ئیسلام، ئیسلام واتە بانگەوازێك بۆ گشت مرۆڤایەتی، (جیهانی بوون) واتە شارستانییەتی جۆراوجۆر هەیە و هەریەکە و مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە و پارێزگاریی لە ناسنامەیان دەکرێت و لە هەمان کاتیشدا خالّی هاوبەشیان هەیە.[3]

---

[1] حسن حنفي، الاسلام والعولمة– إسقاط مفهوم السيادة للدولة القومية .www.azzaman.com

[2] على حسين الجابرى، اللاعقلانية في العولمة، عن مجموعة باحثين، العولمة والمستقبل العربي (بغداد، سلسلة المائدة الحرة، بيت الحكمة، ١٩٩٩)ل٩.

[3] (بۆ نموونە) کۆمینتی محمد عمارە لە کۆنگرەی الإسلام والعولمة، ١٩٩٨، لە کۆمەڵێك توێژەر الإسلام و العولمة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١١٨.

جیهانگەرایی بە واتای هـەژموون و زاڵبـوون، و نەهێشـتنی تایبەتمەنـدێتی و خودێتیی، بەڵام جیهانیبوون (UnivarsaLism) واتە ئاواتێکـە بـۆ بـاڵابوون و بەرزکردنـــەوەی تایبەتمەنـــدێتی بـــۆ ئاســـتێکی جیهـــانیی، جیهانگـــەرایی دەستبەسەرداگرتنە بەسەر جیهاندا، بـەڵام جیهـانیبوون بـە ڕووی هەرشـتێك کـە گەردونیی یان جیهانیی بێت دەکرێتەوە[1]، لـەم بارەیەوە توێژەرێك پێی وایە کـە جیهـانی بـوون بـە ڕووی تایبەتمەندێتیـدا دەکرێتــەوە و ســەرجەم کولتــور و بیروبۆچـوونە جیاوازەکـان لـە خـۆ دەگرێـت لـە میانـەی پێکـەوەژیانی نێـوان مرۆڤـەکان،[3] لـە کۆتاییـدا "جیهـانیبوون" واتـە خـەڵکی ئـەم سـەرزەمینە بـە جیـاوازیی ئـایین و زمـان و بیروبـاوەڕ و سیسـتمی ئـابوریی و کۆمەڵایـەتیی و فەرهەنگ و کولتورە جیاوازەکانیانەوە پێکەوە دەژین، بـەڵام جیهانگـەرایی وەك محمد عابید ئەلجابیری دەڵێت: ویستی زاڵبوون و سـڕینەوەی تایبەتمەنـدێتیی و حـەزێکی لـە رادەبـەرە بـۆ بەزانـدن و تێپەڕانـدنی (ئـەو) و لێسـەندنەوەی گشـت تایبەتمەندێتییەکانی.[4]

---

[1]نایف علی عبید، العولمة مشاهد وتساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٠٥.

[3] مجذوب بخيت محمد توم، تأثير القنوات الفضائية العربية على اتجاهات الرأي العام (دراسة تطبيقية على المغترين العرب في السعودية ١٩٩٩–٢٠٠١، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة أم درمان الإسلامية) ل٥١.

[4] بروانة: محسن عبدالحميد، العولمة من المنظور الإسلامي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧ و محمد عابد الجابري، العولمة والهوية الثقافية تقييم نقدي لممارسات العولمة في المجال الثقافي، لە السيد يسين وآخرون، العرب والعولمة (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، ١٩٩٨)ل٣٠١.

بێگومـان ئـەم دەسـتەواژەیە و ئـەم دیاردەیـە ریشـەیەکی مێـژوویی هەیـە و توێژەران و نووسەران رای جیاوازیان هەیە لە دیاریکردنی سەرەتاکانی، هەنـدێك دەیگەڕێننەوە بۆ دۆزینـەوەی کیشـوەری ئـەمریکا و پەیـدابوونی جیهـانی نـوێ، هەندێك دەیبەسـتنەوە بـە سیسـتمی سـەرمایەداریی، کەسـانێکیش هـەن پێیـان وایە کـە ئـەم دیاردەیـە بـۆ شۆڕشـی پیشەسـازی دەگەڕێتـەوە، بـە شـێوەیەکی گشتی توێـژەران لـە کۆمەڵناسـان و ئابورینـاسـان و سیاسـەتمەداران هـاوڕان لـە سـەر ئـەوەی ئـەم دیاردەیـە ریشـەیەکی مێـژوویی هەیـە کـە پەیوەسـتە بـەو گۆڕانگارییە قووڵانەی کە لە رێژەی بەرهەمهێنانی سـەرمایەدارانە و پێشـکەوتنی تەکنـەلۆجیای کۆمنیکەیشـن و گەشەسـەندنی ئـابوریی، هـەر لـە دۆزینـەوەی بەوسەڵە تا مانگە دەستکردەکان.[١]

بـە خوێندنەوەیـەك بـۆ مێـژوو بۆمـان دەردەکـەوێت کـە جیهانگـەرایی دیاردەیەکی نوێ نییە و لەگەڵ دەرکەوتنی ئیمپراتۆڕیەتەکاندا پەیدابووە.[٢] خواست و ئارەزوو بۆ یەکخسـتنی جیهـان لـە یـەك مەنزومـەدا بـە ئەنـدازەی کۆنی ئیمپراتۆڕیەتەکان بوونی هەبووە،[٣] جیهانگەرایی ئەگەرچـی لـە رووی ئابورییـەوە لەگـەڵ بڵاوبوونـەوەی کۆمپانیـا فـرە رەگەزەکانـدا دەسـتی پێکردووە، بەڵام ئەمڕۆ گشـت بوارەکـانی ژیـانی گرتۆتـەوە، کۆمەڵایـەتیی،

---

[١] عبدا لكريم كامل، الشركات المتعدية الجنسيات والعولمة، عن كتاب العولمة والمسـتقبل العربـي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٩.

[٢] چەمکی جیهانگەرایی لە سایتی www.al-lsam.com.

[٣] برهان غليون، ثقافة العولمة، عـن برهـان غليـون و سميرأمـين، ثقافـة العولمـة وعولمـة الثقافـة (دمشق: دار الفكر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢) ل١٢–١٣.

رۆشـنبیریی، پـەروەردەیی، بەتایبـەت پـاش گەشەسـەندنی تەکنـەلۆجیی و زانسـتیی و بـواری زانیارییـەکان.[1] توێـژەر (روبرتسـۆن) پەیـدابوونی جیهانگەرایی بە پێنج قۆناغ دابەش دەکات:[2]

١. قۆناغی کۆرپە: لە سەرەتای سەدەی پازدە تا ناوەڕاستی سـەدەی هەژدە، کە تێیدا کۆمەڵگە رۆژئاواییەکان گەشەیان سەند.

٢- قۆناغی گەشەکردن: لە ناوەراستی سەدەی هەژدە تـا سـاڵی ١٨٧٠، کە تێیدا هەندێ چەمکی نوێی تایبەت بە پەیوەندیە گشتیەکان پەیـدابوون و بایەخدان بە مەسەلەی نەتەوە و جیهانگەرایی دەرکەوت.

٣- قۆنـاغی کـارابوون: پـاش سـاڵی ١٨٧٠ و تـا بیسـتەکانی سـەدەی بیست، هەندێ چەمکی پەیوەست بە ناسنامەی نەتەوەیی و گەشەسەندنێکی خێرا لە تەکنەلۆجیای کۆمنیکەیشندا روویدا.

٤- ململانـێ لـە پێنـاو پەرەپێدانـدا: لـە بیسـتەکانەوە تـا ناوەراسـتی شەستەکانی سەدەی بیستەم، کاتێـك جیـاوازی و جـەنگی فیکریـی لـە سـەر دەستەواژە نوێیەکانی تایبەت بە پرۆسەی جیهانگەرایی دروست بوو.

٥- قۆناغی گومان: لە شەستەکاندا کاتێك هۆشـیاری مرۆڤایـەتی هەڵکشـانی بەخۆوە بینی و مرۆڤ گەیشتە سەر مـانگ و چـەکی ئـەتۆمی پەیـدابوو، هـەروەها

---

[1] ماهر إسماعيل الجعفري – كمـال رفيـق الجـراح، التربيـة والعولمـة، عـن نـدوة العولمـة والتربيـة (بغداد: دائرة العلوم الإنسانية، ٢٠٠٢) ل٤٠.

[2] السيد يسين، في مفهوم العولمة، عن السـيد يسـين وآخـرون، العـرب والعولمـة (سەرچـاوەیەکی پێشوو) ل٣٠-٣٢.

ڕێکخـــراوە گەردوونییـــەکان و بزاڤـــە نێونەتەوەییـــەکان دەرکـــەوتن. هەنـــدێ نووسەری دیکە هەن بە پێی گۆشەنیگایەکی دیکـە پۆلبەنـدیان کـردووە، بـۆ نموونە توێژەر (ئەبو یەعروب ئەلمەرزوقی) بەم شێوەیە پۆلبەندی کردووە:[1]

* جیهانگەرایی سڕینەوەی جەستەی ئەوی دیکە: ئەوەی ئەمریکییەکان کردیان بەرامبەر هیندییە سوورەکان.

* جیهانگەرایی کۆیلایەتیکردن: هێنانی کۆیلە لە ئەفریقیاوە بـۆ وڵاتـانی دیکە.

* جیهانگەرایی داگیرکردنی ئابوریی: سەرەتای زاڵبوونی ئابوری ئەمریکی لە جیهاندا.

* جیهانگەرایی کۆیلایەتیکردنی شارستانیانە: دابەشـکردنی جیهـان بـۆ ناوچەی هەژموونی کولتوریانە.

بەڵام نووسەر (جان شۆلت) بـاس لـە هەنـدێ ڕووداوی دیکـە دەکـات کـە زەمینەسازییان بۆ دروستبوون و گەشەسەندنی جیهانگەرایی کرد: [2]

– ساڵی ١٨٦٦: دەرکەوتنی یەکەم خزمـەتگوزاریی تیلیگـراف لـە نێـوان زەریاکاندا.

– ساڵی ١٨٨٤: یەکخستنی کاتـەکان لـە سـەر ئاسـتی جیهـان، بـە پێـی کاتی گرینینچ.

---

[1] أبو يعرب المرزوقي، آفاق النهضة العربية ومستقبل الإنسان في مهب العولمة (بيروت: دار الطليعة، الطبعة الأولى، ١٩٩٩) ل١٢٠.

[2] نايف علی عبيد، العولمة مشاهد و تساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٧–٧٣.

– ساڵی ١٨٩١: یەکەم پەیوەندی تەلیفۆنی لە نێوان لە ندەن و پاریس.

– ساڵی ١٩٢٠: یەکەم پەخشی رادیۆیی لە ئێستگەی (Kodka) ی ئەمریکی.

– ساڵی ١٩٢٩: یەکەم سیستمی گواستنەوەی دراو لە نێوان وڵاتاندا بێ سەپاندنی باج.

– ساڵی ١٩٣٠: گوتاری پاشا جۆرجی پێنجەم لە کۆنگرەی دەریاوانی بەریتانی لە لە ندەن کە ٢٤٢ ئێستگەی سەر دەریای لە شەش کیشوەر پێکەوە بەست.

– ساڵی ١٩٦٢: دەستپێکردنی یەکەم پەیوەندی نێودەوڵەتیی لە رێگەی مانگە دەستکردەکانەوە.

– ساڵی ١٩٧١: دروستکردنی یەکەم سیستمی ئیلیکترۆنیی بۆ نرخی دراوەکان.

– ساڵی ١٩٧٢: یەکەم کۆنگرەی نێودەوڵەتیی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی.

– ساڵی ١٩٧٦: دەستپێکرنی یەکەم پەخشی تەلەفزیۆنیی لە رێگەی سەتەلایتەوە بۆ ماڵان.

دیارە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکان لە سەدەی بیست و سەرەتاکانی ئەم سەدەیە بە سەردەمی زێڕینی بڵاوبوونەوەی دیاردەی جیهانگەرایی دادەنرێت، کە تێیدا چەمکەکانی دیموکراسییەت و مافی مرۆڤ تەشەنەیان کرد و ئینتەرنێت و ئامرازە مێدیاییەکانی دیکە بە شێوەیەکی بەربڵاو تەشەنەیان کرد، کە جیهانی بە تۆڕێکی جاڵجاڵۆکیی و بەرفراوان پێکەوە بەستەوە، جگە

له دەرکەوتنی چەندین کۆمپانیا و گرووپی ئابوری فرە رەگەز و زەبەلاح.

پاش ئەم پێشینە مێژووییە، دەکرێت هەندێ پێناسە بۆ دیاردەی جیهانگەرایی بخەینە روو: [(١)]

- جیهانگەرایی: تێکەڵبوونی بازاڕەکانی جیهان لە ناوەندە بازرگانییەکان و وەبەرهێنانی راستەوخۆ و گواستنەوەی پارە و هێزی کار و کولتور و تەکنەلۆجیا لە چوارچێوەی سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاددا، کە دەبێتە هۆی بەزاندنی سنووری نەتەوەییەکان و کەمبوونەوەی سەروەریی دەوڵەت. [(٢)]

- جیهانگەرایی: تیکەڵبوونی ئاشکرای کارەکانی ئابوریی و کۆمەڵناسیی و سیاسەت، بێ ئەوەی گوێ بە سەروەریی وڵاتان بدرێت و بێ ئەوەی هیچ رۆڵێك بە حکومەت بدرێت. [(٣)]

- جیهانگەرایی: گشتاندنی شێوازێك لە شێوازی فیکریی و سیاسیی، کە تایبەتە بە کۆمەڵێك یان نەتەوەیەکی دیاریکراو و سەپاندنی بەسەر گشت جیهاندا. [(٤)]

---

(١) محمد إبراهيم مبروك، الإسلام والعولمة، عن كتاب الإسلام والعولمة، أحمد عبد الرحمن وآخرون (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٠١.

(٢) محمد الأطرش، العرب والعولمة، ما العمل؟، عن كتاب العرب والعولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤١٢

(٣) إسماعيل صبري عبدالله، أبرز معالم الجدة في نهاية القرن العشرين(مجلة الفكر، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت العددان ٣-٤، ابريل، ١٩٩٨) ل ٤٥٣.

(٤) مؤيد عبدالجبارالحديثي، العولمة الإعلامية (عمان: الأهلية للنشر التوزيع، الأردن، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢) ل٤٨.

• جیهانگەرایی: تەواوکاریی و تێکەڵبوونی وڵاتان و گەلانی دونیا، لە دەرەنجامی هەرزانبوونی تێچوونی گواستنەوە و پەیوەندییەکان و نەمانی لە مپەرە دروستکراوەکان لە بەردەم هاتن و ئاڵوگۆڕکردنی شمەك و خزمەتگوزاریی و سەرمایە و زانیارییەکاندا.[1]

هەندێکی دیکە جیهانگەرایی بە (بە ئەمریکیبوون)ەوە گرێدەدەن، بەڵگەشیان ئەوەیە کە زۆربەی دەزگا ئابورییە زەبەلاح و جیهانیەکان کە کۆنترۆڵی جموجوڵی ئابوریان کردووە کۆمپانیای ئەمریکین، هەروەها دەزگا مێدیاییە گەورەکان و جموجوڵی سینەمای جیهانیی و ناوەڕۆکە مێدیاییە جیهانییەکان زۆربەیان سەرچاوەکەی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە، جگە لەوەی بەها و چەمکە دیموکراسیەکان و رەواجدان بە پرنسیبەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەڵبژاردن، زۆربەیان لە نێو سەنتەرە ستراتیجیە ئەمریکیەکانەوە بڵاودەکرێنەوە و زادەی بیرکردنەوەی زانایان و بیریارانی ئەمریکایە، هەندێ جار ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هاندان و رەواجدان و هەندێ جاریش بە بەکارهێنانی هێز دەیەوێت رەواجی پێبدات، ئێمە خۆشمان هەست بەوە دەکەین کە چۆن بەها و کولتور و شارستانییەتی ئەمریکیی بە تەواوی هەژموونی خۆی بەسەر جیهاندا زاڵکردووە، تەنانەت ئەم هەژموونە ئەمریکیە وڵاتە پێشکەوتوەکانیشی نیگەران کردووە و بە دەستییەوە دەناڵێنن، میوزیك و تەلەفزیۆن و سینەمای ئەمریکیی بە تەواوی

---

[1] جوزيف ستكلتز، العولمة ومساؤها، ترجمة: فالح عبدالقادرحلمي (بغداد، بيت الحكمة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣)ل١٥.

دونیای داگیرکردووه، تەنانەت ستایلی پۆشاکی ئەمریکیی و جۆری خـواردن و فاست فود بە تەواوی بە جیهاندا بڵاوبوونەتەوە، بە تایبەت لە نێو لاوانـدا، جگـە لـەوەی زمـانی ئینگلیـزی بـە تایبـەت شـێوەزاری ئـەمریکیی خەریکـە دەبێتە زمانێکی جیهانیی.[1] بـە ڕای هەنـدێك لـە بیریـارانی جیهـانی سـێیەم جیهانگەرایی بەتەواوی لە (بە ئەمریکیبوون)دا خۆی دەبینێتەوە.[2]

- **جیهانگەرایی: لایەن و بینینە جیاوازەکان:**

کرۆکی جیهانگەرایی چەند بابـەتێکی جەوهەرییـە، ئـەوانیش ئـابوریی و مێدیا و رۆشنبیریی و بەها کۆمەڵایەتی و سیاسـییەکانە، نووسـەر (موسـتەفا موحەممەد ئەلتەحان) پێی وایە کە چەند فاکتەرێك لە پشت دروسـتبوون و گەشەکردنی "جیهانگەرایی"یەوەن:[3]

١- رێکخـراوی جیهــانیی وەك: سـندوقی دراوی نێودەوڵــەتیی، بــانکی نێودەوڵەتیی، رێکخراوی بازرگانی جیهانیی و کۆربەندی ئـابوریی جیهـانیی و چەندانی دیکە، کۆمپانیا فرە رەگەز و سنووربەزێنەکان ئامڕازێکی سـەرەکی جیهانگەرایین و کۆنترۆڵی ئابوریی جیهانیان کردووه.

---

[1] بول سالم، الولايات المتحدة والعولمة، معالم الهيمنة في مطلع القرن الحادي والعشرين، عن كتاب العرب والعولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٢٠.

[2] إبراهيم أبو ربيع، العولمة، هل من رد إسلامي معاصر (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٩.

[3] مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم، (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٤، هەروەها محمد دياب، عولمة الاقتصاد، عـن مجموعـة بـاحثين، الإسـلام والغـرب – صـراع في زمـن العولمـة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٢.

٢- یاسای نێودەوڵەتیی کە لە لایەن وڵاتانی زلهێزەوە دادەڕێژرێت، وەك پـڕۆژەی یاسـای نێودەوڵـەتیی و وەبـەرهێنانی بیـانیی و پـڕۆژەی یاسـای نێودەوڵەتیی کار و چەندین یاسا و پڕۆژەی دیکە.

٣- کۆمپانیـا گـەورە فـرە رەگـەزەکان، کـە کـۆنترۆڵی پـارە و وەبەرهێنان و مێدیای جیهانیی و زانیارییەکانیان کردووە، هەروەها خەریکـە دەگاتە ئەرکە بنەڕەتیەکانی دەوڵەت وەك: قەزا و پۆلیس و دەرکردنی دراو!

جیهانگـەرایی دەرهاویشـتـەی گۆڕانکارییـەکانی نێـو سیسـتمی سیاسـی جیهانێکـە تێیـدا هەنـدێ وڵاتـی گـەورە و خـاوەن هـەژموونی سیاسـیی وەك یەکێتی سۆڤێتی جاران تێکشکان و جیهان بویە تاك جەمسەر، کە خـۆی لـە ولایەتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا دەبینێتــەوە، زۆر جــار لــە ئــەدەبیاتی جیهانگەراییـدا هەنـدێ دەسـتەواژەی دیکـە بـەکار دەهێنرێـت وەك کۆتـایی مێـژووو، مافـەکانی مـرۆڤ، دیموکراسـیەت، کۆمەڵگـەی مـەدەنیی، ململانێـی شارستانییەتەکان و چەندانی دیکە.

بەلای هەندێکی دیکەوە جیهانگـەرایی هەنـدێ بنـەما لـە خـۆ دەگرێـت، لەوانە:[١]

---

[١] حاتم بن عثمان، العولمة والثقافة (بيروت: المؤسسة العربيـة للدراسـات والنشـر، الطبعـة الأولى، ١٩٩٩)ل٢٠-٢١.

**یەکەم: نەمانی سنوورەکان.**

**دووەم: کۆتایی جیاوازیی و ململانێکان.**

بێگومان لە گرنگترین سیماکانی جیهانگەرایی کۆنترۆڵکردنی زانیاریی و مەعریفە و تێپەڕاندنی پیشەسازییە ئەلیکترۆنییەکانە، کە خەرجییەکی بێشوماری بۆ دروستکردن و بوونیادنانی تۆڕی پەیوەندیەکانی تێچووە، تا دەگاتە پیشەسازییە ئاڵۆز و پێشکەوتووەکان، کە پشت بە کۆنترۆڵکردنی ئاسمان و بەڕێوەبردنی پەیوەندییەکان و پەخشکردنی وێنە و فیلم و بەرنامەکان لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە دەبەستێت، هەروەها لە مۆرکەکانی دیکەی جیهانگەرایی کەمبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان و کارە، کە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی پشتبەستن بە هێزی کار و سەندیکا کرێکاریی و بازرگانیەکان.[1]

دیارترین سیماکانی جیهانگەرایی بە ئاڕاستەی یەکخستنی جیهانە لە ڕێگەی بەستنەوەی بە تاکە تۆڕێکی ئابورییەوە، کە خۆی لە یەکبوونی بازاڕی جیهانیدا دەبینێتەوە، بەوەی ڕێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ بەزاندنی سنوورەکان و تێپەڕاندنی سیاسەتە نیشتیمانییەکان دەگیرێتە بەر،[2]

---

[1] بروانە: أحمد ثابت، العولمة والخيارات المستقلة، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٣٥، و عبد الخالق عبدالله، العولمة ومحاولة دمج العالم، عن كتاب الإسلام والغرب– صراع في زمن العولمة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٩٥، و حسن حنفي، العولمة بين الحقيقة والوهم، عن كتاب ما العولمة؟ (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل١١.

[2] سيد يسين، نحو مبادرة حضارية عربية، الحوار الثقافي الأوروبي - متطلباته وآفاقه (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣١٩.

جیهانگەرایی ئابووریی بە واتای سەپاندنی یەك سیستمی ئـابووریی، کـە تێیـدا زۆربەی وڵاتانی جیهان لە خۆ دەگرێت و پشت بە ئاڵوگۆڕی خزمەتگوزاریی و شمەك و بەرهەم و سەرمایەکان دەبەستێت.[٣]

لـە دیـارترین دیاردەکـانی دیکـەی جیهانگـەرایی ئـابووریی دەرکـەوتنی کۆمپانیا و دەزگای ئابووریی فرەڕەگـەز یـاخود (ڕەگـەز تێپەڕین)ەکانـە، کـە کـۆنترۆڵی بـازاڕی ئـابووریی جیهانیـان کـردووە و هەنـدێ جـار جێگـەی حکومەتەکانیان لە هەندێ وڵاتدا گرتۆتەوە، تەنانەت هەندێ لـە سـەرکردەی ئەو وڵاتانە بوونەتـە دەڵاڵـی ئـەو کۆمپانیـا ئابوورییانـە! هـەر بۆیـە دەبیـنین هەندێك لەو سەرکردانە لـە کـاتی سـەردانەکانیان بـۆ وڵاتـانی دیکـە، لەگـەڵ خۆیان خاوەنی ئەو کۆمپانیاییانە و پیاوانی کار دەبـەن و دەبنـە بەشـێك لـە وەفـدەکان، هەنـدێ جـاریش ئـەم کۆمپانیایانـە بـۆ فشـاری ئـابووریی و دەستخستنی هەندێك بەرژەوەندی بەکار دەهێنرێن.

ئەگەر سەیری کۆی بەرهەمهێنانی جیهانیی بکەین، دەبینین لە حەوت وڵاتـە گەورەکەدا کۆبۆتەوە، کە ئەوانیش ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئـەمریکا و یابـان و ئـەڵمانیا و فەڕەنسـا و بـەریتانیا و ئیتاڵیـا و کەنـەدان، (٤٢٦) کۆمپانیـا لـە گـەورترەین (٥٠٠) کۆمپانیـای جیهـان لـەم وڵاتانـەدان، هـەروەها (٦٩) بـانکی زەبەلاحی نێودەوڵەتیی هـەن بارەگـای (٥٨)یـان لـە یـەکێك لـەم وڵاتانەیـە و لـە بـواری پەیوەندیـەکان لـە کـۆی (٢٢) کۆمپانیـای زەبـەلاحی پەیوەندیـەکان لـە

---

[٣] عبد الجليل كاظم الوالي، جدلية العولمة بين الاختيار والـرفض، عـن كتـاب العولمـة وتـداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٦.

جیهاندا (١٩)یان له حەوت وڵاته پیشەسازییە گەورەکەدایە.[(١)]

بـە کـورتی کرۆکـی جیهانگـەرایی بریتییـە لـە یەکخسـتن و بەزانـدنی گشـت سـنووره جـوگرافیی و ئـابوریی و رۆشـنبیریی و سیاسـیی و کۆمەڵایەتییـەکان و دواتـریش سـڕینەوەیان، ئەگەرچـی تـا ئێسـتە ئـەم کـارە بـە تـەواوی ئـەنجام نـەدراوە، بـەڵام جیهـان بـەرەو ئـەوە هـەنگاو دەنێـت، مـرۆڤ هەسـت بـە نـەمانی کۆمپانیـا ئابورییـە حکومییـەکان دەکـات و لـە جێـی ئـەوان کۆمپانیـا ئابوریـە کیشـوەربەزێنەکان جێگـەیان دەگرنـەوە، هـەروەها زاڵبـوونی ئـابوریی بـازاڕ و کۆمپانیا زەبەلاح و جیهانیەکان، لەم بارەیەوە (فرانسـیس فۆکۆیامـا) لـە کتێبـە بەناوبانگەکەی (کۆتایی مێژوو) بـاس لـە سـەرکەوتنی کۆتـایی و یەکلاکـەرەوەی سیستمی سەرمایەداریی و بازاڕی ئازاد دەکـات، هـەروەها لـە رووی سیاسـییەوە سـەرکەوتنی سیسـتمی لیبراڵـی، فۆکۆیامـا وای دەبینێـت کـە لـە رێکخسـتنی کۆمەڵگەکاندا ئەمە دوا بـژاردەی مرۆڤایەتییـە ، بیریـاری دووەمـی جیهانگـەرایی (هانتنگتۆن)ە کە بۆچوونەکانی لە مەڕ ئـەمریکا و جیهـان لـە سـەردەمی شـەڕی سـاردا خسـتووەتە روو، پێـی وایـە کـە ئایـدیۆلۆجیا و رۆشـنبیریی دەبنـە سەرچاوەیەك بۆ ململانێ و خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ نەخشەی سیاسـی جیهـانی کردووە، کە سنووری نێوان دەوڵەتەکان دەبنە سـنووری کولتـوری و شارسـتانی و حەوت شارستانی سەرەکی ناوزەد کـرد بـەوەی پنتـی ململانێکـان دەبـن، کـە ئـەوانیش شارسـتانییەتەکانی رۆژئـاوایی و ئیسـلامیی و ئـەمریکای لاتینیـی و

---

[(١)] نایف علي عبید، العولمة مشاهد وتساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٨.

کۆنفۆشیۆس و یابانی و ئەرسۆدۆکسیی.[1]

وەك هــەر دیاردەیــەکی کۆمەڵایــەتی و سیاســی دیکــە، کەســانێك هــەن پشتگیری لەم دیاردەیە دەکـەن و بـە ئیجـابیی وەسـفی دەکـەن و رەواجـی پـێ دەدەن و هـانی گـەلان دەدەن کـە بچـنە ژێـر چـەتری ئـەم فەلسـەفە و جـۆری بیرکردنەوەیـە، بـەو پێیـەی جیهانگـەرایی چارەنووسـی کۆتـایی مرۆڤایـەتی و فریادڕەسیەتی لە نـەزانین و هـەژاریی و نەخۆشـیی، لـە بەرامبەریشـدا کەسـانێك هەن دژ بـەم دیاردەیـە دەوەسـتنەوە و بـانگی خـەمخۆران و حکومـەت و گـەلان دەکەن بـۆ روبەڕوبوونـەوە و بەرەنگاربوونـەوەی ئـەم گەردەلولـەی کـە خەریکـە هەموو شت لەگەڵ خۆی لول دەکات.

ئەوانــەی پشــتگیریی لــە جیهانگــەرایی دەکــەن پێیــان وایــە کــە یارمــەتی بڵاوبوونەوەی زانیـاریی دەدات و گـەلان لـە یەکدی نزیـك دەخاتـەوە و سـنووری نێوان وڵاتان وگەلان ناهێڵێت،[1] بە جۆرێك جیهانگەرایی توانیویەتی بگاتـە سـەر خوانی خێزانـەکان، بـۆ نموونـە لـە سـەر سـفرەیەك دەبینـی گەنمەکـە بەرهـەمی ولایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکایە و پەنیرەکە فەڕەنسـا و گۆشـتەکە ئوسـترالیا و دۆشاوی تەماتەکـە یۆنـان و زەیتەکـەش ئیتاڵیـا و ئەمـەش رەنگـە زۆر سـەیر نەبێت، بەڵام ئەوەی کە سەمەرەیە ئەوەیە کە (٧٥٪)ی ئـەم ماددانـە بەرهـەمی

---

[1] مجدي قرقر، عالمية الإسلام بعيدا عن العولمة (مجلة الملف، مركز دراسات الشرق الأوسط وأفريقيا، العدد١٩، يوليو٢٠٠٢) ل١٦، وسمير مرقس، الإمبراطورية الأمريكية (مكتبة الشرق الدولية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣) ل١٧.

[1] محمد إبراهيم منصور، العولمة ومستقبل الدولة القطرية في الوطن العربي، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢٦.

تاکە کۆمپانیایەك بێت![٢]

(ئەنتۆنی ماکفرۆ) پێی وایە کە جیهانگەرایی بە واتای فرەیی پەیوەندیی و پەیوەستبوونە تێکچڕژاوەکان لە نێوان ئەو دەوڵەت و کۆمەڵگایانەی کە سیستمی نوێی جیهانیی ئەم سەردەمەیان دروستکردووە، کە تێیدا رووداو و بڕیار و چالاکییەکانی بەشێك لە جیهان کاریگەریی لە سەر هەمووان دروست دەکات و ئاسەواری جیهانیی لێ دەکەوێتەوە هەرچەند لە یەکدیشەوە دووربن [١]، هەروەها جیهانگەرایی ئاسۆیەکی فراوان لە نێوان ئەوانەی توانا و لێهاتوویی جۆراوجۆریان هەیە بۆ پەرەپێدان و گەشەکردن لە بازاڕە جیهانییەکاندا، هەروەها رەنگە جیهانگەرایی یارمەتی وڵاتە هەژارەکان بدات بۆ قوتاربوون لە چنگی هەژاریی و نەداریی و دواکەوتن[٢].

جگە لەوەی جیهانگەرایی بۆتە هۆی دارمانی هەندێ قەڵا کە هەندێ نەتەوە و کۆمەڵگە لە پشتییەوە خۆیان حەشار دابوو، وەك لە چین و ئەورووپای خۆرهەڵات، هەروەها زیادبوونێکی ئاشکرا و بەرچاو لە رادەی ئاڵوگۆڕی شمەك و خزمەتگوزارییەکان لە نێوان وڵاتاندا دروست دەبێت، هەروەها جۆراوجۆریی بوارەکانی وەبەرهێنان و سەرمایەگوزرایی لە نێوان وڵاتێك و وڵاتێکی دیکەدا، رەگەزی زاڵ بەسەر بە پەیوەندی نێوان وڵاتاندا

---

[٢] مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٦.

[١] عبد الكريم كامل، الشركات المتعدية الجنسيات والعولمة، عن كتاب العولمة والمستقبل العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٩.

[٢] أحمد عبدا لرحمن، الإسلام والعولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥.

پێك دێت لە ئالۆگۆڕی زانیاری و بیرۆکەکان، کە زەمینەی لە بار بۆ هاوردەکرنی لە ڕێگەی پەیوەندیەکانەوە بۆ دروست بووە، بە هۆی جیهانگەراییەوە مرۆڤەکان ئەمڕۆکە تەمەنی ژیانیان زیاترە و ئاستی بژێویان باشتر بووە و گۆشەگیریی کەمتر بۆتەوە، زەمینەیەکی باش بۆ فێربوون و دەستخستنی زانیاریی و سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆجیای نوێ ڕەخساوە.[1]

بە کورتی لایەنە پۆزەتیڤەکانی جیهانگەرایی زۆرن، لەوانە:

١- خێرایی گواستنەوەی زانیاریی و بیرۆکە و داتاکان لە نێوان گەلاندا بەهۆی ئامرازە کۆمنیکەیشنە نوێیەکانەوە.

٢- ئاسانکردنی ئاشنابوونی خەڵکی بە ڕووداوە دەرەکیەکان و ئەوەی لە دورترین شوێنی ئەم جیهانەدا ڕوودەدات و کەمبوونەوەی جیاوازیی و بۆشاییە ئابورییەکان لە نێوان وڵاتاندا.

٣- بڵاوبوونەوەی چەمکەکانی مافی مرۆڤ و فرەیی و دیموکراسیەت لە نێوان گەلاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان.

لەگەڵ ئەم تێڕوانینە ئیجابیی و بۆچونە گەشبینانەدا، لە سەر ئاستی جیهان تەوژمێکی دیکە پەیدابووە کە بانگەشەی ئەوە دەکات کە پێویستە بە رووی جیهانگەراییدا بوەستین و دژایەتی بکەین، لە پشت ئەم تەوژمەوە هەندێ ئاڕاستەی سیاسیی و ئایدۆلۆجیی و کۆمەڵایەتیی هەن، لە نێوان یاندا هەندێك لە بیریارە ئیسلامیەکان کە پێیان وایە جیهانگەرایی جەنگێکی ئاشکرایە دژ بە بیروباوەڕ و بەهاکان و لە کۆتاییشدا سڕینەوەی گشت سیماکانی کۆمەڵگە

---

[1] جوزیف ستکلنز، العولمة ومساؤها (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠-٢١.

موسڵمانەکان و شوێنکەوتنی بێمەرجی شارستانییەتی خۆرئاوا، جگە لەوە جیهانگەرایی لە لایەن هەندێ لە نەتەوە و گەلانی جیهانیی تازەگەشەسەندووە و بەرهەڵستی دەکرێت، هەروەها لە لایەن هەندێ لە دەزگا فیکریی و سیاسییەکانی خودی ولاتانی پێشکەوتوش،• بۆ نموونە خۆپیشاندان و نارازایەتیەکان دژ بە کۆبوونەوەکانی رێکخراوی بازرگانیی جیهانیی لە ساڵی ١٩٩٩ و ساڵانی دواتریش و خۆپیشاندانەکان دژی کۆبوونەوەکانی ولاتانی (A8) بۆ سەران و پشتیوانیکەرانی جیهانگەرایی مایەی شۆك و سەرسورمان بوو، لە راستیشدا هەر کۆبوونەوەیەکی سندوقی دراوی نێودەوڵەتیی و رێکخراوی بازرگانی جیهانیی دەبێتە گۆرەپانێك بۆ پێکدادان و نانەوەی شپرزەیی، کە ئەوانەی بەرهەڵستی دەکەن پێیان وایە کە جیهانگەرایی هەرەشەیەکە بۆ سەر ناسنامەی نەتەوەیی و سەربەخۆیی ئابوریی و سەروەریی دەوڵەتان.[1]

وێڕای ئەمانە هەندێ رێکخراوی چەپ هەن کە دژایەتی جیهانگەرایی دەکەن و پێیان وایە کە رووەکەی دیکەی زاڵبوونی ئابوریی ئەمریکییە بەسەر جیهاندا، هەندێك لە راستڕەو و موحافیزکارەکانیش کە دژایەتی ئەم دیاردەیە

---

• لەم چەند ساڵەی دواییدا پایتەختی هەندێك لە ولاتە ئەوروپییەکان چەندین خۆپیشاندانی بەخۆوە بینی کە دژایەتی پرۆژەی جیهانگەرایی دەکرد و لە کەناڵە ئاسمانیەکانەوە چەندین رێپێوانی ملیۆنیمان بینی دژ بە کۆبوونەوە و کۆنگرەی ولاتە پیشەسازیەکان و روبەرونەوەی تێدا درووست بوو بریندای لێکەوەوە و چەندین کەس دەستگیر کران.

(1) محمد الأطرش، العرب والعولمة، ما العمل؟،عن كتاب العرب والعولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٢٠، وأيضا جوزيف ستكلتز،العولمة ومساؤها (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٩.

دەکەن پێیان وایە کە هەرەشـەیەکی جددیـە بـۆ سـەر دەوڵـەتی نەتـەوەیی، هەندێ کۆمەڵ و رێکخراوی ژینگـەپارێز و رێکخـراوی حکـومیی و نـاحکومیی هـەن کـە ئـاڵای وریاکردنـەوە و نارەزایـەتیان بەرزکردۆتـەوە لـە بەرامبـەر زاڵبوونی بەرژوەندییە داراییەکانی هەندێ لایەن[1].

لـە ئاسـەوارە نێگەتیڤـەکانی جیهانگـەرایی لـە سـەر ئاسـتی وڵاتـان و گەلان:[2]

١- بڵاوبوونـەوەی دیـاردەی نـامۆبوون و لایـەنگیریی کولتورەکـان و کۆمەڵگەکان لە وڵاتانی جیهانی سێیەم بۆ شارستانیەت و کولتوری خۆرئاوا.

٢- زیـادبوونی دەوڵەمەنـدبوونی وڵاتـە دەوڵەمەنـدەکان و وێرانبـوون و داتەپینی ئاستی ئابوریی وڵاتانی تازەگەشەندوو.

٣- ترس لە توانەوە و نەمانی رۆڵی دەوڵەت.

٤- بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی و لادانی سێکسیی و تاوان.

٥- زیادبوونی جیاوازی نێوان ئەوانەی توانای تەکنەلۆجی نوێیان هەیە و ئەوانەی توانای دەستخستنی ئەو تەکنەلۆجیایەیان نییە.

زۆرینـەی شـارەزایان و پسـپۆڕان جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەکەنـەوە کـە جیهانگەرایی لـە بـری ئـەوەی گـەلان لـە یەکدی نزیـك بخاتـەوە لـە یەکدی دوورخستوونەتەوە، چـونکە هەنـدێك لـە گـەلان لـە گۆشـەگیرییەکی تـەواودا

---

(١) نایف علی عبید، العولمة مشاهد و تساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٥.

(٢) حسین معلوم، التوازن واللاتوازن في معادلة (التمایز –الاتصال) الحضاري عن کتاب العرب والعولمة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢١-٢٢.

دەژین، و هەندێك كۆمەڵ هەن سادەترین پێداویستی ژیانی پەیوەست بە خۆراك و شوێنی ژیان و حەوانەوە و دەرمانیان دەست ناكەوێت.

رەنگە تەنها ئەوە بەس بێت ئاماژە بەوە بکەین کە شۆڕشی پەیوەندیەکان لە تەشەنەکردنێکی بەردەوامدایە، کەچی لەولاشەوە ٥٠٪ ی دانیشتوانی گۆی زەوی کەمترین ئامرازەکانی پەیوەندی و کۆمنیکەیشنیان لە بەردەست نییە، هەشن تا ئێستە ناتوانن سوود لە مۆبایل و تۆڕەکانی ئینتەرنێت وەرگرن.[١]

لە کۆتاییدا دەتوانین سیماکانی جیهانگەرایی لەم چەند خاڵەدا دیاری بکەین:[٢]

١- جیهانگەرایی دیاردەیەکی جیهانییە بەهۆی چەندین فاکتەرەوە دروست بووە، لەوانە ئابوریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و تا دەگاتە زانستیی و تەکنەلۆجیی.

٢- جیهانگەرایی ئاماژەیە بە قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی مێژوویی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەکان و هاوشانی دەڕوات.

٣- هیچ وڵاتێك نییە کە بە تەنها لەم دیاردەیە بەرپرس بێت.

٤ـ جیهانگەرایی ئاسەواری پۆزەتیڤ و ئاسەواری نێگەتیڤیشی هەیە، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا.

---

[١] برهان غليون، ثقافة العولمة، برهان غليون وسمير أمين (سەرچاوەیەکی پێشوو) ص٣٣-٣٤.

[٢] عبدالله أحمد مصراتي، العولمة وعلاقتها بالمفاهيم الاجتماعية في ظل التطور التاريخي، لـة سايتی www.minshawi.com.

## باسی دووەم: جیهانگەرایی مێدیایی

ناکرێـت قسـە لـە سـەر جیهانگـەرایی بکـەین بـێ ئـەوەی بـاس لـە وردەکارییـەکانی ڕۆڵـی (مێـدیا) بکـەین لـە دروسـتبوون و گەشـەکردنی ئـەم دیاردەیـەدا، ئـەمڕۆ تـەکنۆلۆجیای مێـدیا بۆتـە ئـامرازێکی بـەهێز بـۆ بڵاوکردنـەوەی بـەها و بنـەما و بیرۆکـەکانی جیهانگـەرایی لـە ئاسـتێکی بەرفراوان بێ ئەوەی تاقە فیشەکێك ئاڕاستە بکرێت و سوپایەکی بۆ ئامادە بکرێت، ئەگەر ئەم دەزگا مێدیاییە جیهانییانە نەبوونایە وێنای جیهـان بـەم شـێوەیەی ئێسـتا نـەدەبوو، هـەرگیز پەیوەندییـەکان بـەم شـێوەیە ئاسـان نەدەبوون و هەریەکە و لە دوورگەیەکدا دابڕاو لە یەکدی دەژیاین.

ئامڕازەکانی کۆمنیکەیشـن لـەم سـەردەمەدا – ئەگـەر چـی بـۆ هـەموان فەراهـەم نـەهێنراوە– بـەڵام توانیویـەتی جیهـان یـەك بخـات و مەعریفـە و زانیاری بڵاوبکاتەوە، کە جـاران کـاتێکی زۆری دەویسـت تـا بگاتـە وەرگـری پەیامەکان، بەڵام ئێستە ئینتەرنێت و کەناڵە ئاسمانییەکان ماوەکانیان نزیك خسـتۆتەوە و هاوکـاری گـوێگر و بینـەر و موتـابیعی کـردووە بـۆ زانینـی نهێنییەکانی بارودۆخی سیاسیی و ئابوریی و کۆمەڵایـەتی، هـەروەها ئـەوەی لە پشت پـەردەکانی دەسـەڵاتەوە ڕودەدات بـە شـێویەکی ئاسـان، خەریکـە تەلەفزیۆن و ئینتەرنێت دەبنە ئەندامێکی دیکەی زۆرینەی خێزانەکان!

مرۆڤ زۆر بەئاشکرا سەرنجی ئـەو بایەخـە دەدات کـە حکومـەت و لایەنـە سیاسـییەکان و دەزگـا ئابوورییـەکان و ڕێکخـراوە جۆراوجۆرەکـان دەیدەنـە کۆمنیکەیشـــن و مێــدیا و پەیوەندییـــەکان و چـــۆن مێـــدیای بـــەهێز و

نەخشەبۆکێشراو و ئامانجدار کاریگەریی لە سەر راوبۆچوونی خەڵکی لە مەڕ کێشە جۆراوجۆرەکان هەیە، چۆن مێدیا بۆتە جێبایەخی جەماوەر بە گشت ئاڕاستە و چین و توێژە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانەوە.

مێدیای جیهانگەرایی واتە: دەسەڵاتێکی تەکنۆلۆجی خاوەن مەنزومەیەکی ئاڵۆز و بەرفراوان، کە بایەخ بە سنوورە نیشتیمانییەکان نادات و سنووری ئاسمانی نەبینراو دەخاتە روو، کە تۆڕی پەیوەندییەکان لە سەر بنەمایەکی سیاسیی و ئابوریی و رۆشنبیریی و فیکریی دروستیان کردووە [1]، جیهان ئەمڕۆ شۆڕشێکی خێرا و سەرسورهێنەر لە بواری کۆمنیکەیشن و مێدیادا بەخۆوە دەبینێت، دەتوانین فاکتەرەکانی پشت ئەم شۆڕشە مێدیاییە لە مانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:[2]

١- **فاکتەری تەکنۆلۆجی**: کە خۆی لەو پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەی بواری تەکنۆلۆجیای کۆمپیوتەردا دەبینێتەوە، بە تایبەت ئەوەی پەیوەندی بە مانگە دەستکردەکان و تۆڕی ئینتەرنێت و تۆڕی ریشاڵە تیشکیەکانەوە هەیە، ئاسەواری ئەم گەشەکردنە تەکنۆلۆجییە گەیشتۆتە گشت بوارەکانی مێدیا، کاریگەریی لە سەر سروشتی پەیوەندی نێوان بەرهەمی پەیامە مێدیاییەکە و دابەشکار و وەرگرەکەی دروستکردووە، بۆ نموونە: ١٥ کۆمپانیای ئەمریکیی وئەوروپیی و یابانیی (لۆرال سپەیس ئەند

[1] السيد أحمد مصطفى عمر، إعلام العولمة وتأثيره في المستهلك، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي، (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٦٦.

[2] نبيل علي، الثقافة العربية وعصر المعلومات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٤٤.

کومیونیکەیشن)و (تیلید بەیسك) هەندێ پرۆژەی کێبرکێکار دەخەنە روو کە گۆی زەوی بە تۆڕێك لە مانگە دەستکردەکان دادەپۆشێت و لە رێگەیەوە هەمووان دەتوانن بێ ئەوەی خزمەتگوزاریی وەرگرتنیان لە زەوییەوە هەبێت، راستەوخۆ سوود لە خزمەتگوزارییەکانی مانگە دەستکردەکان وەربگرن، داهاتووش لە ناواخنیدا چەندین داهێنان و نهێنی خێرا و سەرسوڕهێنەری دیکەی لە خۆگرتوە کە رەنگە نەتوانین فریای بکەوین و کۆنترۆڵی بکەین.[1]

**٢ـ فاکتەری ئابوریی:** کە خۆی لە جیهانگەرایی ئابوریی و گشت ئەو داخوازیانەی لە پشت خێراکردنی شمەك و سەرمایەدا خۆی دەبینێتەوە، ئەمیش لەگەڵ خۆیدا خێراکردنی هەڵقوڵینی زانیارییەکان دەهێنێت، بە جۆرێك خەریکە دەبێتە شمەکێکی ئابوریی، ئامارەکان دەڵێن لە ساڵی ١٩٨٦وە ژمارەی ئابوریی مێدیا و پەیوەندییەکان لە رۆژئاوادا گەیشتۆتە ١٨٥ بلیۆن دۆلار، لەوانە ٥١٥ بلیۆن بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، و٢٦٧ بلیۆن بۆ ئەوروپا، و٢٥٣ بلیۆن بۆ یابان، و ١٥ بلیۆن بۆ ئەوانی دیکە، تەنها لە ساڵی ١٩٩٦ دا بەهای کرین و فرۆشتنی کۆمپیوتەر گەیشتۆتە (٦٠,٢) بلیۆن دۆلار ،[2] لە لایەکی دیکەوە سیستەمی نوێی

---

[1] غسان العزي، سياسة القوة ومستقبل النظام الدولي والقوى العظمى (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٣٠ و هەورەها السيد أحمد مصطفى عمر، إعلام العولمة وتأثيره في المستهلك (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٨٣.

[2] مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٥ و ٤٧.

جیهانیی هەندێ جار دەیەوێت چارەسەری ئەو ناهاوسەنگیە بکات کە لە بواری پەیوەندیەکاندا هەیە – ئەگەرچی بە تیۆریش بێت – لە پێناو گۆڕینی شێوازی پەیوەندی ستوونیی بە شێوازی نوێتر کە هاوسەنگی لە جۆری کۆمنیکەیشندا دەستەبەربکات و داهاتەکان دادپەروەرانە دابەش بکات[1]، ئەم تەکنەلۆجیا نوێیە هەندێ خزمەتگوزاریی گرنگی خستۆتە بەردەم جمووجووڵی بازرگانیی و ئابوریی لە جیهاندا لە رێگەی بازرگانی ئەلیکترۆنیەوە، و هەندێ ئەرکی دیکەی وەك ریکلام و بازاڕگەریی و سەودا و مامەڵە و کڕین و فرۆشتن ئەنجام دەدات.[2]

**٣ـ فاکتەری سیاسیی:** کە خۆی لەو بەکارهێنانە هەڵکشاوەدایە لە لایەن ئامرازە مێدیاییەکانەوە لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە بە ئامانجی کۆنترۆڵکردنی بارودۆخە سیاسییەکە.

لە رێگەی چوار بواری تێکەڵ بەیەك کە هەریەکەیان کاریگەریی بەسەر ئەویدیکەوە هەیە ئەوانیش: مێدیای نوسراو و پەیوەندی تەلەفونیی و کەناڵە ئاسمانییەکان و ئینتەرنێت، جیهانگەرایی توانی دەستبەسەراگرتنە ئابوریی و سیاسیی و کولتوریی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆی رابگەیەنێت و کاریگەریی

---

[1] مصطفى المصمودي، الحق في الاتصال في إطار النظام الإعلامي الجديد، عن كتاب حق الاتصال (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٦.

[2] صابر فلحوط و محمد البخاري، العولمة والتبادل الإعلامي الدولي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٨–٤٩، و انطوان زحلان، العرب والتحدي التقاني – تقانة المعلومات (مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد٢٦٩، ٢٠٠١/٧) ل٢٠.

لـه سـەر کۆمەڵگـەی نێودەوڵـەتیی دروسـت بکـات، بێگومـان کـۆنترۆڵکردنی سەرمایە و کۆمپانیا زەبەلاحە ئابورییە فرە رەگەزەکان بە بێ زاڵبوون بەسەر کۆمپانیـا و دەزگـا مێدیاییـەکان ئەسـتەمە دروسـت ببێـت[1]، جیهانگـەرایی بـە شـێوەیەکی بـاش و بەرنامـە بـۆ دارێـژراو سـودی لـە ئـامرازە مێدیاییـەکان وەرگرتـووە، ئێسـتە زمـانی وێنـە لـە جیهانـدا زاڵـە و ئێمـە لـە ماڵەکانمانـدا دادەنیشـین و راسـتەوخۆ پشـێوی وڵاتێکـی دوور لـە خۆمانـەوە دەبیـنین، کـە رەنگە راستەوخۆ کاریگەریی لە سەر بـەهای دراوێك دروسـت بکـات، لـە رێگـەی مانگە دەستکردەکانەوە دەبینین کێشەی سەرۆکایەتی وڵاتێك چارەسـەرکراوە و لە گەڵیشیدا نرخ و بەهای دراوێکی دیکە بەرز دەبێتەوە.[2]

هەندێ کۆمپانیای مێدیایی بـەناوبانگ دەسـتیان بەسـەر نـاوەڕۆکی پـەیامی جیهانگەراییدا گرتووە لەوانە:

* تایم وۆرنەر Time Warner
* گرووپی ڤیاکۆم Viacom
* گرووپی برتلزمان Bertelsman
* گرووپی دێزنی Disney
* نیوز کۆرپرەیشین News. Corporation
* گرووپی تی، سی،تی T.C.T

نووسەرێکی دیکە پێی وایە کـە ئـەو کۆمپانیایانـە ژمارەیـان یازدەیـە: (تـایم

---

(١) مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٦.

(٢) ولتر. ب. رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٥و١٥٠.

وۆرنەر، ڤیاکوم، دێزنی، نیوز کۆرپرەیشن، مەردۆخ، سونی سیگرام، جانیت، جنراڵ ئەلیکتریك، تلیوکۆمنیکەیشن ئینك، ستنگهاوس)، توێژەرێکی دیکە ئەم دەزگا و کۆمپانیایانە بەسەر دوو گرووپدا دابەش دەکات، ١٠ دانەیان بە "دە گەورەکە" ناوزەدیان دەکات ، ئاستی دووەم کە ناوبانگیان کەمترە وەك (dream works, direct tv, comcast, media set, times-mirror, cablevision systems...)[1].

جگە لە مانە بەسەدان مانگی دەستکرد چواردەوری گۆی زەوییانداوە، هەروەها ٣٠٠ کۆمپانیای مێدیایی دیکە هەن کە کۆمپانیای زۆر زەبەلاحن، (١٤٤)یان ئەمریکین و(٨٠)یان ئەوروپی و (٤٩)یان یابانین، لە نێوان (٧٥) کۆمپانیای گەورە بۆ گواستنەوەی زانیاریی بۆ جەماوەر (٣٩) کۆمپانیایان ئەمریکین و (٢٥)یان ئەوروپی، و (٨)یان یابانین،[2] هەر بۆ نموونە بە تەنها یەك گرووپ لەو گرووپانەی پێشوو کە باسمان کردن کە ئەویش (گرووپی برتلسمان)ە، بە تەنها ساڵی (١٩٩٦) بڕی (٧٣) ملیار فرەنك قازانجی کردووە، دیاردەیەکی هاوشان لەگەڵ ئەم کۆمپانیایانە خاوەنداریێتیی و قوتدانی هەندێ کۆمپانیای زەبەلاحە بۆ کۆمپانیا بچووکەکان، بۆ نموونە تۆڕی (ABC) لە لایەن (CAPITAL CITIES) خاوەنداریێتیی دەکرێت و تۆڕی (CBS) خاوەنەکەی (وستنگهاوس)ە، تۆری (NBC) لە لایەن (جنراڵ ئیلکتریك)ەوە خاوەنداریێتی

---

[1] مؤید عبدالجبار، العولمة الإعلامیة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠٨، و محمد حسام الدین، العولمة وصورة الإسلام (المدینة برس، القاهرة، ٢٠٠٢) ل٢١٩.

[2] عبد الجبار كاظم الوالي، جدلیة العولمة بین الاختیار والرفض، عن كتاب العولمة وتداعیاتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٦٦.

دەکرێت، ساڵی (١٩٩٩) دەزگای (Viacom) تێکەڵ بە تۆڕی (CBS) کرا، بە بۆندێك بە بڕی (٣٦) ملیۆن دۆلار.[1]

ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەك چۆن ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بڵاوکردنەوەی جیهانگەرایی، بەهەمان شێوەش لە (جیهانگەرایی مێدیا)دا لە پێشە و بەتەواوی زاڵبووە بەسەر کۆمپانیا مێدیاییە زەبەلاحەکان و ڕۆژنامەگەریی و پەخشی ئاسمانیی و تۆڕی ئینتەرنێت و جیهانی سینەما و مۆسیقا و زۆر بواری دیکە، کە بەهۆیانەوە توانیویەتی فەلسەفە و بەها ئەمریکیەکان بڵاوبکاتەوە و کاریگەریی لە سەر کۆمەڵگە جیاجیاکان دروست بکات، تەنها بەسەرنجدان و بەراوردکردنی ژمارەکان دەگەینە ئەم ئەنجامە، ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (٦٧٠٠) ئێستگەی رادیۆیی بازرگانیی، و زیاد لە (٧٠٠) کەناڵی تەلەفزیۆنیی، و (١٥٠٠) ڕۆژنامەی ڕۆژانە و سەدان گۆڤاری هەیە، لە بواری سینەماشدا ساڵانە (٢٠٠) فیلمی سینەمایی بەرهەم دێنێت، لە بواری بڵاوکردنەوەی کتێب و ئەلیکترۆنیاتیشدا ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆر زۆر لە پێشە.[2] لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە گرنگترین ئامڕازەکانی جیهانگەرایی مێدیا ئەمانەی خوارەوەن:[3]

---

[1] بروانە : الصادق رابح، وسائل الإعلام والعولمة، عن كتاب العولمة و تداعياتها على الوطن العربي ل١٥٦، و حميد جاعد الدليمي، العولمة والإعلام والعرب، عن كتاب العولمة و تداعياتها على الوطن العربي، ل١٩٤، هانس بيتر مارتين وهارالد شومان، فخ العولمة (الكويت: سلسلة عالم المعرفة "٢٣٨"، المجلس الوطني للثقافة و والفنون والآداب، ١٩٩٨) ل٤٧.

[2] هربرت. أ. شيللر، المتلاعبوون بالعقول، ترجمة: عبدالسلام رضوان (الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، سلسلة عالم المعرفة ٢٤٣، الطبعة الثانية) ل٣٢.

[3] مؤيد الجبار الحديثي، العولمة الإعلامية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٨٢-٩٠.

## یەکەم: پەخشی ئاسمانیی و تەلەفزیۆنیی لە ڕێگەی مانگە دەستکردەکانەوە:

ئەمڕۆ ئاسمان سەدان مانگی دەستکردی لە خۆگرتووە، کە هەریەکەیان ئەرکێك جێبەجێ دەکەن، ئەم مانگە دەستکردانە پێشتر خەونێکی زانایان بوو، ئەمڕۆ لە سایەی تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو گەشەیەکی بەخۆوە بینیوە و خزمەتگوزاریی بە بواری جۆراوجۆر پێشکەش دەکات.

پرۆفیسۆر "عەلی شەممۆ" مانگی دەستکرد بەوە پێناسە دەکات کە: (تەنێکی دروستکراوە لە زەوییەوە بۆ ئاسمانی دەرەوە هەڵدەدرێت و بەدەوری زەویدا دەخولێتەوە بۆ ناردنی زانیاریی کە لە لایەن هەندێ سەنتەری وەرگرتنەوە لە زەوییەوە وەردەگیرێت و دواتر پەخش دەکرێتەوە)[١].

مانگە دەستکردەکان بەسەر چەند شێوازێکدا پۆلێن دەکرێن:[٢]

* لە رووی ئەرکەوە:

**(١) مانگی دەستکردی چاودێریی:**

أ- کەشناسی.

ت- هەستکردن لە دوورەوە.

---

[١] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٥٠-٥١.

[٢] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٦-٨٢. لە محمد بهاء الدين عمردان، الفضاء الخارجي واستخداماته.

**(٢) مانگی دەستکردی پەیوەندیی:**

أ– پەیوەندی دوولایەنە.

ب– گەشت.

ج– فریاگوزاریی.

**(٣) مانگی دەستکردی پەخشکردن:**

أ– تەلەفزیۆنیی.

ب– رادیۆیی.

* لە رووی رووماڵکردنەوە:

(١) مانگی دەستکردی نێودەوڵەتیی.

(٢مانگی دەستکردی هەرێمایەتیی.

(٣) مانگی دەستکردی نیشتیمانیی.

*** لە رووی خاوەندارێتیی:**

(١) ئەو مانگە دەستکردانەی حکومەت و گرووپێک لە کۆمپانیاکان خاوەندارێتیی دەکەن.

(٢) ئەوانەی دەزگا نیشتیمانییەکان خاوەندارێتیی دەکەن.

(٣) مانگی دەستکردی کەرتی تایبەت.

پسپۆران چەندین ئەرك و ئامانجیان بۆ مانگە دەستکردەکان دەستنیشان

کردووە، لەوانە:[1]

١. درووستکردنی پەیوەندی لە نێوان ناوچە دوور و جیاجیاکانی گۆی زەوی و زاڵبوون بەسەر لە مپەر و ئاستەنگە جوگرافییەکان.

٢. پێکهێنانی خاڵێکی پەیوەندی ناردن و وەرگرتن لە ئاسماندا.

٣. چاودێریی ژینگەی گۆی زەوی.

٤. کۆکردنەوەی زانیاریی و ناردنی بۆ ناوچە دوورەکان لە یەك کاتدا.

٥. دەستخستنی زانیاریی لە سەر وڵاتان و ئاڵوگۆڕی زانیاریی و تەکنەلۆجی.

٦. بەکارهێنانی لە بواری پەروەردە و فێرکردن و بەستنەوەی خوێندنگە و زانکۆکان پێکەوە.

بیرۆکەی ناردنی مانگە دەستکردەکان بۆساڵی ١٩٤٥ دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی ئەندازیاری بەریتانیی (ئارسەر کلارك) ئەم پڕۆژەیەی خستەڕوو، بەوەی تەنێك هەڵدرێت بۆ ئاسمان لە توانایدا هەبێت ئاماژە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە بگوازێتەوە لە بەرزی (٣٦) هەزار کیلۆمەتر لە سەروو هێڵی پانی کەمەربەندی باشوور.[1] پاشان زانا ئەمریکیی و سۆڤێتییەکان هاتنە نێو مەیدانەکە و بایەخی زیاتریان بەم بوارە دا، و یەکێتی سۆڤێتیی

---

[1] بروانە : محمد منير سعد الدين، دراسات في التربية الإعلامية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٩٠، والمسلمون في مواجهة البث المبشر بدون مؤلف (سەرچاوەی پێشوو) ل١٨-١٩، و ماجي الحلواني، القمر الصناعي الإسلامي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠.

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠٣.

(جاران) توانی پێش ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بکەوێت و یەکەم مانگی دەستکردی بە ناوی "سپۆتنیك" گەیاندە بۆشایی ئاسمان.

ئەم مانگە دەستکردانە خزمەتێکی گەورە بە بواری پەخشی تەلەفزیۆنیی پێشکەش دەکەن، شاراوەش نییە کە پەخشی تەلەفزیۆنیی چەندە بایەخی هەیە و چۆن هەموو خێزان پێکەوە کۆدەکاتەوە، ئەویش بەهۆی ئەو کەمەندکێشیی و سەرنجراکێشییەی کە هەیەتی.

دیارە لەم جیهانەشدا کە پڕیەتی لە کێشە و گرفتی سیاسیی و ئابوریی، بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا بۆتە پێویستییەکی حەتمیی، بە تایبەت لە بواری مێدیادا و ئەو کاریگەرییە گەورە و بەهێزەی کە لە بواری دروستکردنی رایگشتی و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا دروستی دەکات.[1] مێدیای بینراو تایبەتمەندییەکی گرنگی هەیە بەوەی لەگەڵ وێنە و دەنگ و رووداوە زیندووەکاندا مامەڵە دەکات و کاریگەریی لە سەر هەست و سۆز و رەفتارمان دروست دەکات.[2]

ئەم ئامێرە (تەلەفزیۆن) گشت سنوورەکانی بەزاندووە و وێنایەکی جیهانیی دروستکردووە و بۆتە بەشێکی گرنگ لە رەواجدان بە جیهانگەرایی و فراوانترین پانتایی رۆشنبیریی داگیرکردووە،[3] بە هۆیەوە کات و شوێن خەریکە دەسڕێنەوە و بە هۆی مانگە دەستکردەکان تەلەفزیۆن بۆتە

---

[1] معتصم بابكر مصطفى، الإذاعات الدولية وتشكيل الرأي العام (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٨.

[2] عبد العزيز الناصري، الإعلام و تفعيل دور الأمة (مجلة النبأ، العدد ٤٢، شباط ٢٠٠٠) ل٤٧.

[3] سيمون سيرفاني، وسائل الإعلام والسياسة الخارجية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٩٧.

ئامرازێکی نێودەوڵەتیی لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا.[٤] لە لێکۆڵینەوەیەکدا سەبارەت بە کاریگەریی تەلەفزیۆن دەرکەوتووە کە کاتێك بۆ ماوەیەکی کەم پەخشی تەلەفزیۆنیی دەپچڕێت خەڵکی هەر بەردەوام دەبن لە تەماشاکردنی شاشە سپییەکان یاخود تەلەفزیۆنەکانیان هەر بە داگیرساوی دەهێڵنەوە، لیکۆڵینەوەیەکی دیکە ئەوەی سەلماند کە ئەمریکییەکان تەلەفزیۆنەکانیان بە کراوەیی بەجێ دەهێڵن، ئەگەرچی تەماشای تەلەفزیۆنەکانیش نەکەن و منداڵانیش لە کاتی خواردندا و تەنانەت یاریکردنیشدا هەر لە بەردەم شاشەی تەلەفزیۆنەکاندا دەبن، لەگەڵ ئەم ئاسەوارە پۆزەتیڤانەش تەلەفزیۆن هەندێ ئاسەواری نێگەتیڤیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، لەوانە:[١]

* فوکردنە سەرکێشیی تاکانە و کوشتنی هەستی بە کۆمەڵ.

* رۆچوون لە نامەنتیقی و سڕینەوەی عەقڵ لە تێگەیشتن لە پەیوەندی و رووداوەکاندا، بەهۆی فیلمەکانی خەیاڵی زانستیی.

*رەواجدان بە توندووتیژیی و کوشتن و دیمەنە نەشیاو و قێزەونەکان.

* مامەڵەکردن لەگەڵ ئافرەت وەك شمەکێك و رەچاونەکردنی خێزان و بەها کۆمەڵایەتییەکان.

رەنگە لوتکەی گەشەکردن و پێشکەوتنی پەخشی تەلەفزیۆنیی خۆی لە پەخشی ئاسمانیدا ببینێتەوە، بەردەوام وڵاتان و سیاسەتمەداران و

---

[٤] علي محمد شمو، الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٦٥.

[١] اوستن راني، قنوات السلطة أو تأثير التلفزيون في السياسة الأمريكية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٦، و أياد شاكر البكري، عام٢٠٠٠حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٥٦.

دەسـەڵاتە سیاسـییەکان دەیانـەوێت سـوود لـەم دەسـتکەوت و پێشـکەوتنە تەکنەلۆجی و مێدیاییيانە وەربگرن و بیانخەنە ژێـر رکێفـی خۆیانـەوە، هـەر بۆیە بە دەیان ملیۆن دۆلار لە پێناویدا خەرج دەکەن و بـە هـەزاران کـادیر و شـارەزا و کەسـانی پسـپۆڕی بـۆ دابـین دەکـەن، دەبینـی گۆڕانگارییـەکی گەورەیان دروسـتکردووە و بوونەتـە سەرچـاوەی بەدەسـتهێنانی زانیـاریی و مەعریفـە و داتـا، وێـڕای ئـەوەی بۆتـە چـەکێك بـۆ هێرشـی فیکریـی و ئایدیۆلۆجیی و داگیرکرنی نەرم و هێمنانە.

پەخشی نێودەوڵەتیی• لە رێگـەی مانگـە دەسـتکردەکانەوە لـە سـەدەی بیسـتویەك، ئـەو گۆڕانکاریـە گەورەیـە بـوو کـە لـە دونیـای کۆمنیکەیشـن و مێدیادا دروست بوو، چونکە سەلمێنرا کە کەناڵە ئاسمانییە نێودەوڵەتییەکان دەبنە هۆی دروستکردنی هەژموون و کاریگەرییەکی بەرفراوان، هەمووشی بۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە کـە تەلـەفزیۆن کەمەندکێشـییەکی بـەهێزی هەیـە،[1] جیهـانیش رۆژانـە داهێنـانی نـوێ لـە خۆدەگرێـت و کۆمپانیاکـان بـەردەوام

• پرۆفیسۆر عەلی شەممۆ پیـی وایـە کـە جیـاوازی نیـوان کـەناڵێکی نێودەوڵـەتی و نـا نێودەوڵـەتی لـە رووماڵی جوگرافیانەیدایە، ئەو کەناڵانەی پەخشیان دەگاتە گشت جیهان و خەڵکانێکی زۆر دەیبینن ئەوە کـەناڵێکی نێودەوڵەتیـە، هـەروەها زمـانیش بـۆ خـۆی پێوەرێکـە و ئـەو کەناڵانـەی بـە زمـانی ئینگلیـزی پەخشیان هەیە کە زمـانی یەکەمـە لـە جیهانـدا رەنگـە زیـاتر نێودەوڵـەتی بـن، بـەڵام دکتـۆر حەمـدی حەسەن لەم بارەیەوە دەڵێت : وشەی نێودەوڵەتی بەمانای ئەوەی پەخشـی گشـت جیهـان بگرێتـەوە و هەوەرها ناوەڕۆکی ئەو بەرنامانەی کە کەناڵەکە ئاڕاستەی دەکات ئایـا کاروبـاری نێودەوڵـەتین هـەوەرها بوونی تۆڕی پەیامنێر و نوسینگەی لە جیهاندا.

[1] المسلمون في مواجهة البث المباشر (بە بی نووسەر) (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٠-٢١.

شـتانی سـەیرو سـەمەرە دەخەنـە بـازاڕەوە و سـەرنجی جـەماوەری پـێ رادەکێشن.

لەو کەناڵە ئاسمانیانەی کـە زۆرتـرین بینـەریان لـە سـەر ئاسـتی جیهـان هەیە، هـەر سـێ تـۆڕی ئاسمـانیی ئەلجـەزیرە و (CNN و BBC) [٢] و وەك نموونە لە خوارەوە هەندێ زانیارییان لە بارەوە دەخەینە روو:

– تۆڕی (**CNN**):

CNN لە یەکی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ وەك بەشێك لە سیتسمی تێرنـەر بۆ رادیۆ(Turner Broad Casting System) دامەزرا، لە سەرەتادا تێرنەر مۆڵەتی کارکردنی کەناڵێکی تەلەفزیۆنیی وەرگرت ونـاوی لێنـا "WTBS "، سەرەتا کەناڵەکە لە خانوویەکی بچووك دەسـتی بـە پـەخش کـرد لـە شـاری (ئەتڵەنتا)، کە پێك هـاتبوو لـە دوو بـەش: بەشـی دەرەوە و بەشـی هـەواڵ، (CABLE NEWS NETWORK– CNN) یەکەمین کەناڵـە کـە تـوانی راستەوخۆ هەواڵەکان بگەیەنێتە شاشەی ماڵەکان و کردییە هێزێکی مێـدیایی جیهانیی و کاریگەریی بەهێزی لە سەر وڵاتان و گەلان دروسـتکرد، لـە سـاڵی ١٩٩٥ (CNN) گەیشتە نزیکەی (٥٦) ملیۆن بەشدار بوو.[١]

---

[٢] المؤتمر العلمي السنوي الثامن – الجزء الثاني (كلية الإعلام، جامعة القاهرة، ٢٠٠٢) ل٦٤١.

[١] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصـالات (سەرچـاوەیەکی پێشـوو)ل١٢٣، وحسـن عمـاد مكاوي، تكنولوجيا الاتصال الحديثة في عصر المعلومات (الدار المصـرية اللبنانيـة، الطبعـة الثالثـة، ٢٠٠٣) ص١٦٧، و أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٧٣.

(CNN) لەو تۆڕە هەواڵییـە بەرفراوانانەیـە کـە هەواڵـەکان دەگەیەنێتـە گشت جیهان و ئیمکانیاتێکی گەورەی هەیە، ئەم کەناڵە یەکەمین جار پشتی بە دەرچووانی بەشی مێدیا دەبەست و دەیخستنە کار و ئەم تۆڕە لە شـەش کەناڵ پێکهاتووە

- TBS- Turner Broad Casting System.
- CNN – Head Line News.
- CNN – International.
- WTBS
- T. N. T
- Cartoon Network.

لـە بەرنامـە بەناوبانگـەکانی بەرنامـەی (Report CNN World) کـە جـەماوەرێکی زۆری هەیـە و نزیکـەی (١٣٤) دەزگـای تەلـەفزیۆنی هـەواڵی تێیـدا بەشـدارن، هەنـدێ بەرنامـەی دیکـەی هەیـە وەك ((The international hour و (World News)و (world business today ، جگە لـە مانـە (CNN) بایـەخی بـە بواری فێرکردن داوە، نزیکەی (٢٥) هـەزار قوتابخانـە لـە ولایەتـە یـەکگرتووەکانی ئەمریکا سوود لە بەرنامەکانی وەردەگرن، لە بەرنامە گرنگەکانی:(١)

- راپۆرتی دیکۆمنتاریی و بەدواداچوون.
- راپۆرتی نهێنیی.
- راپۆرتی ئابوریی.
- راپۆرتی وەرزشیی.

---

(١) أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٧٣–١٧٥، وأيضا ماجي الحلواني حسين، مدخل إلى الفن الإذاعي و التلفزيـوني و الفضـائي (سەرچـاوەیەکی پێشوو) ل ٧١.

- چاوپێکەوتن.
- راپۆرتی هەواڵییەکان.

ئـەم کەناڵـە زمـانی ئینگلیـزی وەك زمـانی سـەرەکی بـەکار دەهێنێـت، لـە وەرگێڕانیشـدا لـە سـەر شاشـەکەی زمانـەکانی عـەرەبی و ئـەڵمانی و فەڕەنسـی و ئیتاڵی و روسی و ئیسپانی بەکاردەهێنێت، (CNN) ستایلی تایبەتی خـۆی هەیـە بـۆ رووماڵکردنی رووداوەکـان و پەخشـکردنی هەواڵـەکان، ئـەم کەناڵـە دەیـەوێت هاوسـەنگی بپارێزێـت و راو رای جیـاواز بخاتـە روو، ئەگەرچـی هەنـدێ جـار لـە لایەن چاودێرانەوە بەوە تۆماتبـار دەکرێـت کـە لایـەنگیری سیاسـەتی دەرەوەی ئەمریکا لە جیهاندا دەکات.

ئەم کەناڵە سەرچاوەی سەرەکی هەواڵ بوو بۆ سەرانی سیاسەت لـە جیهانـدا لە کاتی جەنگی ئەمریکا و وڵاتانی هاوپەیمان بۆ سەر عێراق سـاڵی ١٩٩١، وەك جۆرج بۆش و پاشا فەهد و میخائیل گورباتشۆف و یەلسن و سـەدام حوسـەین و مارگرێـت تاتچـەر، ئـەو وێنانـەی کـە کـەناڵی (CNN)لـە مـەڕ رووداوەکـان و هێرشەکان و مەیدانی جەنگ دەیگوازتەوە، زۆر لەو نامانـە خێراتـر بـوون کـە لـە رێگەی کۆمپیوتـەر و پۆسـتەوە دەنێردران.ئـەم سـەرکەوتنە مێدیاییـەی کـەناڵی (CNN)وەزیری دەرەوەی ئـەو کاتـەی بـەریتانیای ناچـارکرد پـێش ئـەوەی لـە هۆتێلێکدا دابەزێ پرسیار لە بـوون و نـەبوونی خزمـەتگوزاریی (CNN)بکـات لە هۆتیلەکەدا، هـەروەها وەزیـری دەرەوی ئـەو کاتـەی عێـراق (تـاریق عـەزیز)، هـەر ئـەوەش بـوو وای کـرد لـە دەلاڵـەکانی بۆرسـەی سـەنگافورە خۆپیشـاندان بکەن دژ بـەو بڕیـارەی کـە حکومـەت بـۆ بـەکارهێنانی سـەتەلایت دەریکردبـوو، هەنـدێ جـار خـودی سـەرۆکی (CIA) لـەو کاتـەدا (ولیـام ولیسـتەر) ئەگـەر

زانیارییەکی لە سەر موشەکێکی "سکۆد"ی عێراقی پێ بگەیشتایە داوای لە راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی دەکرد کە موتاڵ (CNN) بکات تا بزانن بەر کوێ کەوتووە !.[1]

لەگەڵ ئەم سەرکەوتن وناوبانگەی (CNN)، کەچی شارەزایان بۆچونی جیاجیان هەیە لە مەڕ بابەتیبوون و میسداقیەتی ئەم کەناڵە و ئەوانەی رەخنەی لێ دەگرن پێیان وایە کە:[1]

١. بە گۆشەنیگایەکی ئەمریکییەوە دەڕوانێتە کێشەکانی جیهان.[2]

---

[1] محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٦٤–١٦٥، و عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١١٢.

[1] أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەکی پێشوو ل ١٨٨–١٨٩

[2] پسپۆرێك بەراورد لە نێوان رووماڵی مێدیاییانەی هەریەك لە CNN و ئەلجەزیرە لەم چەند خاڵەدا دەکات:

- CNN دەستەواژەی ئیدارەی ئەمریکی بەکار دەهێنا بەو پێیەی ئەم جەنگە بۆ رزگارکردنی عێراقە، لە بەرامبەردا ئەلجەزیرە دەستەواژەی هێزە هێرشبەرەکانی بەکار دەهێنا.
- زۆرینەی پەیامنێرانی CNN لەگەڵ هێزە ئەمریکییەکان بوون، بەڵام پەیامنێرانی ئەلجەزیرە لە بەغداد و پارێزگاکان بوون.
- CNN زۆر بە کەمی وێنەی قوربانییەکانی پێشاندەدا و تەنها هەواڵەکەی بڵاودەکردەوە، لە بەرامبەردا ئەلجەزیرە زوومی دەخستە سەر وێنەی قوربانییەکان و دووبارەی دەکردەوە. نجيب الغضبان، الحرب الإعلامية في غزو العراق (جريدة المسيرة، العدد(١٩٣، ١٤–٤–٢٠٠٣)، هەر لەم بارەیەوە پرۆفیسۆر عەلی شەممۆ پێی وایە کە لە ئێستادا هەردوو حکومەتی ئەمریکی و بەریتانی و بە بیانووی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی هەندێ جار دەست وەردەدەنە نێو کاروباری مێدیا و دەڵێت کە ئەمان رەنگە وازیان لە هەندێ بیروباوەڕ و بنەماکانی کارکردنی میدیایی هێنابێت، لە بەرامبەردا د. حەمدی حەسەن دەڵێت ناکرێت ئێمە بڵێین حکومەتی ئەمریکیی لە پشت CNN

٢.  پەلەکردن لە بڵاوکردنەوە و لاوازی فیکریی لە رووماڵکردنی کێشە دەرەکییەکاندا.

٣.  پرۆژەیەکی بازرگانیی سەرمایەدارییە و ئامانجی مرۆڤدۆستانەی نییە.

بەڵام ئەوانەی بە ئیجابی سەیری گوتاری ئەم کەناڵە دەکەن پێیان وایە کە:

١.  پانتاییەکی فراوانی کاری میدیای ئازادانەی تێدایە.

٢.  رووماڵکردنی خێرا و گواستنەوەی هەواڵەکان.

٣.  پێگەیەکی باڵای لە ناوەندی میدیایی و سیاسیدا هەیە.

٤.  دوورکەوتنەوە لە پڕوپاگەندەی سیاسی.

٥.  بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیای نوێ و کاری پیشەییانەی باڵا.

### - تۆڕی BBC:

ئەو سەرکەوتنەی CNN بەدەستیهێنا لە سەر ئاستی جیهان هانی دەزگا میدیاییەکانی دیکەیدا لە جیهاندا ئەم بوارەش تاقیبکەنەوە و کاری تێدا بکەن و لەو کەناڵانەش کە زوو هاتە ئەم مەیدانەوە(BBC) بوو، کە خزمەتگوزاریەکانی لە مانگی ئازاری ١٩٩١ دا لە ژێر ناونیشانی خزمەتگوزاری تەلەفزیۆنی نێودەوڵەتیی دەستەی ئێستەگەی بەریتانی دیاریکراو (Television Limited BBC World Service)، وەك کۆمپانیایەکی بازرگانیی کار بکات و لە پاڵپشتیکردنیدا پشت بە ریکلام و هاوبەشەکانی و رێژەیەك لەو باجەی لە هاوڵاتیان وەردەگیرێت و دەدرێتە ئەم تۆڕە

---

وەیە چونکە هیچ بەڵگەیەکمان نییە، هەرچەند ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە سیاسەت و ناوەڕۆکی ئەم کەناڵە رەنگە هەندێ جار برژێتە بەرژوەندییەکانی ئەمریکاوە.

هەواڵییە، هەروەها (BBC) وەك دەستەیەكی گشتیی لە ژێر چاودێریی پەرلەماندایە و شێوازی موڵكدارێتی گشتیە نەك تایبەت، بەڵام پاش سەردەمی تاتچەر ئێستە (BBC) بۆ ناوەوە لە سەر بنەمایەكی بازرگانیی و بۆ دەرەوەش وەك چالاكیەكی گشتیی و قازانج نەویست كار دەكات.

ناوەڕۆكی ئەو بەرنامانەی ئەم تۆڕە مێدیاییە پێشكەشی دەكات زیاتر خۆی لە هەواڵەكاندا دەبینێتەوە، جگە لە پێشكەشكردنی بەرنامەی كات بەسەربردن و ڕۆشنبیریی و هەمەرەنگ، شێوازی كاری مێدیایانەی بە ڕوومالكردنی هاوسەنگانە بۆ گشت ڕووداوە جیهانییەكان ناوبانگی دەركردووە و هەوڵیداوە بواری كار و پەخشی بەردەوام فراوان بكات و خۆی بگەیەنێتە گشت كون و قوژبنێكی ئەم جیهانە.[1]

بەرنامەكانی بەشێوەیەكی گشتی لەم بوارانەدا دابەش بوون:[2]

* هەواڵ و كاروباری ڕۆژ و زانیاریی نوێ ٢٢,٩ ٪
* زنجیرە تەمسیلیی و فیلم ١٥,٥ ٪
* بەرنامەی هونەریی و ڕۆشنبیریی ٨ ٪
* بەرنامە وەرزشییەكان ١٥,٦٪
* بەرنامەكانی كات بەسەربردن ٦,٨ ٪
* بەرنامەی جیهانیی ٦,٦ ٪
* بەرنامەی پەروەردەیی و فێركردن ١١,١ ٪

---

[1] علي محمد شمو، تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات (سەرچاوەیەكی پێشوو) ل١١٦.

[2] أياد شاكر البكري، عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية (سەرچاوەیەكی پێشوو) ل١٩٤.

* بەرنامەی ئایینی ٢,٢ ٪

(BBC) ساڵی (١٩٩٤) پەخشی بە زمانی عەرەبی دەستپێکرد، بە ڕێکەوتنێك لەگەڵ کۆمپانیای (ئۆربت)ی سعودی، بەڵام ئەم پەخشە زۆری نەخایەند لە حوزەیرانی ساڵی (١٩٩٦) ، پاش دروستبوونی کێشەیەکی سیاسیی و سازدانی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەرهەڵستکاری سعودی "محمد ئەلمسعەری" پەخشەکەی ڕاگیرا، جگە لە کێشەی دارایی کە فاکتەرێکی دیکە بوو بۆ وەستانی ئەم پەخشە بە زمانی عەەربی، جارێکی دیکە لە ساڵی (٢٠٠٨) پەخشی ئەم کەناڵە بە زمانی عەرەبی دەستپێکردەوە و تا ئێستە بەردەوامە.[1]

لەگەڵ ئەو ناوبانگە باشەی (BBC) لە ناوەندی مێدیایی و سیاسیدا بۆ بابەتیبوون و هاوسەنگیی لە رووماڵی مێدیاییدا هەیەتی، بەڵام کەسانێك هەن رەخنە ئاڕاستەی گوتاریی ئەم تۆڕە هەواڵییە دەکەن و پێیان وایە کە ئەجێندای حکومەتی بەریتانیی جێبەجێ دەکات و رەنگدانەوەی ئەوە و هەندێ بەڵگەنامەی نهێنیی ئەوەیان دەرخستوە کە (BBC) لەو جەنگەی کە بەریتانیا و وڵاتانی دیکە دژ بە یەکێتی سۆڤیتی (جاران) بەرپایان کردبوو تێوەگلاوە و ئەو بەڵگەنامە ئاماژە بەوە دەدەن کە (BBC) تەنسیق و پەیوەندیەکی تایبەتی لەگەڵ بەڕێوەبەرێتی توێژینەوەی زانیارییەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوە هەبووە، جگە لەوەی حکومەتی بەریتانی بەردەوام هەواڵ و بابەتی تایبەتی دەدایە ئەم کەناڵە کە ناوەڕۆکەکانیان دژایەتی

---

[1] بي. بي. سي تبحث منافسة الجزيرة، صحيفة الحياة السودانية ( العدد ٤٣٦، ٢٥يونيو٢٠٠٤).

شـيوعيەتی تێـدا بـوو، وەزارەتـی دەرەوە زۆر بـە پـەرۆش بـوو کـە ئـەم مەسەلەیە بڵاو نەبێتەوە،  جگە لەوەی هەندێ رەخنە ئاڕاستەی ئـەم کەناڵـە کرا بەوەی لایەنگیری حکومـەتی بـەریتانی کـرد لـە گەرمـەی جـەنگی نێـوان بەریتانیا و ئەرجەنتین و لە سەر دورگەکانی فۆکلاند.[٢]

– تۆڕی ئەلجەزیرە:

کەناڵی ئەلجەزیرە وەك دەزگایەکی مێدیایی ساڵی (١٩٩٦) بە سەرمایەی (١٥٠) ملیۆن دۆلاری دەستی بەکار کـرد ، و پەخشـەکەی لـە (١/١١/ ١٩٩٦) بە (٦) کاتـژمێر لـە مـانگی عەرەبسـات و یوتلسـات دەسـت پێکـرد و بوویـە یەکەمین کەناڵی تایبەتمەنـد بـە هـەواڵ و بەرنامـەی سیاسـی، لـە سـەرەتای (١٩٩٧) ژمارەی کاتـژمێرەکانی پـەخشـی گەیشـتە (٩) کاتـژمێر و تـا سـاڵی (١٩٩٩) گەشـتە (٢٤) کاتـژمێر[١]، ئـەم تـۆڕە لـە کـانوونی یەکـەمی (٢٠٠١) پـەخشی کەناڵە ئاسمانییەکی بەزمانی ئینگلیزی دەستپێکرد[٢].

---

[٢] بروانە: ریاض نعسان آغا، بین الإعلام والسیاسة (سەرچاوەیەکی پێشـوو) ل٤٥، و أيـاد شـاكر البكـري، عـام ٢٠٠٠ حـرب المحطـات الفضـائية (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٢٠٤، و مسـاهمة بي.بي.سـي في الحـرب الدعائيـة ضـد الاتحـاد السـوفيتي (مجلـة قضـايا دوليـة، العـدد٢٩٦، سبتمبر١٩٩٥) ل٨.

[١] رحيم مزيد: قناة الجزيـرة و صـراع الفضـائيات (الـدار الدوليـة للاسـتثمارات الثقافيـة، الطبعـة الأولى، القاهرة، ٢٠٠٢)ل١٢ – ١٣.

[٢] السيد الغضبان : الفضائيات العربية، مالها و ماعليها (سـفير الدوليـة للنشـر، القـاهرة، الطبعـة الأولى، ٢٠١٠) ص ١٤٦.

ئەم شێوازە نوێیەی پەخشی ئاسمانیی ئەلجەزیرە ستایل و شێوازی تەرحی مێدیاییانەی ناوچەکەی گۆڕی، پێش ئەلجەزیرە زۆرینەی هاوڵاتییان ئاشنایەتییان تەنها لەگەڵ تەلەفزیۆنە فەرمییەکاندا هەبوو کە بە پلەی یەکەم هەواڵی دەسەڵاتی سیاسیی پەخش دەکرد و بە شان و باڵیدا هەڵیدەدا، یاخود ئەوەی پێی دەوترێت هەواڵی تەشریفاتیی، جگە لەوەی لە ژێر چاودێرییەکی توندی حکومەتدا بوو، ئەلجەزیرە هات ئاستێکی پێشکەوتووی لە ئازادی رادەربرین پێشکەشکرد کە لە ناوچەکەدا تاڕادەیەکی زۆر نامۆ بوو، هەندێ راو رای جیاوازی خستە روو کە جێگەی مشتومڕ بوو[1]، هەر پاش تێپەرینی چەند مانگێك لە پەخشی ئەلجەزیرە گوتارە مێدیایە جیاوازەکەی و بەرنامە گفتوگۆ ئامێزەکانی بوونە مایەی دەربڕینی ناڕەزایەتی لە لایەن چەندین وڵاتی عەرەبی و رێکخراوە جۆراوجۆرەکانەوە، هەندێك لە و وڵات و رێکخراوانە بە شێوەیەکی فەرمی ناڕەزایەتییەکانیان گەیاندە وەزارەتی دەرەوەی قەتەڕ و پێیان وابوو ئەمەی ئەلجەزیرە دەیکات نانەوەی پشێویە و دوورە لە ئیتیك و بەڵیننامەکانی کاری مێدیایی[2].

---

[1] قناة الجزيرة/ ويكيبيديا– الموسوعة الحرة:
%D9%82%D9%86%D8%A7% http://ar.wikipedia.org/wiki/
4%D8% D8%A9_%D8%A7%D9%8
AC%D8%B2%D9%8A%D8%B1%D8%A9

[2] فيصل بن جاسم بن محمد الأحمد آل ثاني: ادارة الجودة الشاملة في المؤسسات الاعلامية – بالتطبيق على قناة الجزيرة الفضائية (دار المعرفة، بيروت، الطبعة الأولى، ٢٠٠٨) ل ٤٧٦.

وەك دامەزرێنەرەکانی قسەیان لە سەر کردووە ئەلجەزیرە دەیەوێت چوار ئامانج بپێکێت: پێشکەشکردنی مۆدێلێکی میدیایی نوێ، و بەدیهێنانی میدیایەکی سەربەخۆ، و بەرزکردنەوەی ئاستی میدیای عەرەبی و دواتر کێبرکێی کەناڵە ئاسمانییە رۆژئاواییەکان[١]. بە پێی هەندێك لە بەرێوەبەرانی ئەم تۆڕە "ئەلجەزیرە هەواڵ دەگوازێتەوە و هۆشیاریی گشتی لە سەر ئەو بابەتانە بڵاو دەکاتەوە کە جێی بایەخی خەڵکین، و دەیەوێت پردێك بێت لە نێوان جەماوەر و گەلان و فەرهەنگە جیاوازەکاندا، بە ئامانجی بەهێزکردنی ماف مرۆڤ لە زانین و بەهاکانی لێبوردەیی و دیموکراسیەت و رێزگرتن لە ئازادییەکان [٢]، بە تێروانینی (هاك مایلس)ی نووسەر و رۆژنامەنوس لە کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەی هێزی بەخشیوە بەم ئەزموونە میدیاییە و کێبرکێی کەناڵە میدیاییەکانی دیکەی پێ دەکات تێروانینیەتی بۆ کاروبارەکانی دەرەوە و ئازادی کارکردن و سەرچاوە داراییە بێ شومارەکەیەتی[٣]. ئەلجەزیرە بە رای هەندێك لە شیکەرەوانی بواری میدیا دەیەوێت بابەتییانە کاربکات و نایەوێت بێلایەن بێت، چونکە لە کاری میدیاییدا (بەڕای ئەوان) بێلایەنی نییە، هەندێ پرس و پابەندبوون هەیە کە ناکرێت تۆ تێیدا بێلایەن بیت، ئەلجەزیرە ئەم تێگەشتنەی گۆڕی و جارێکی دی بەرهەمی

---

[١] (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٤٣٨ – ٤٥٠.

[٢] http://www.aljazeera.net/portal/pages/277dacb6-0a20-4c1c-b600-G 7d1c3155e7dc شبكة الجزيرة الاعلامية.. الرؤية و المهمة

[3] Hugh Miles, special for CNN , Why has Al Jazeera set its sights on U.S.?

هێنایەوە، بابەتییبوون و پیشەییبوون هەیە، بەڵام ناکرێت لە نێوان جەلاد و قوربانیدا بێلایەن بیت [١].

بەڕای هەندێك لە شارەزایان (ئەلجەزیرە) هەندی خاڵی جیاکەرەوەی هەیە: [٢]

١. هەوڵدان بۆ رزگارکردنی مێدیای عەرەبی لە دەسەڵات و سانسۆری دەسەڵاتی سیاسیی.

٢. نەهێشتنی قۆرخکاری هەواڵ و زانیاریی لای کەناڵە ئاسمانییە بیانییەکان.

٣. شکاندنی دیواری ترس لە ئەزموونێکی مێدیایی نیشتیمانیی کاریگەر لە سەر ئاستی جیهانیی.

٤. ئەم کەناڵە بە جورئەتەوە بۆ یەکەمین جار قسەی لە سەر قەدەغەکراوەکان کرد.

٥. را و رای جیاواز و دژە بۆچوون لە ناوچەکەدا بۆ یەکەمین جار لەم کەناڵەوە خرایە روو.

٦. دوورکەوتنەوە لە هەواڵی تەشریفاتی و پیاهەڵدانی دەسەڵات.

٧. سوود وەرگرتن لە توانا و وزە مێدیاییەکانی جیهانی عەرەبی.

٨. بوونی پەیامنێر و نووسینگە لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا.

---

[١] علي الظفيري: مصداقية الاعلام العربي (عن كتاب الإعلام و مسيرة الاصلاح في الأقطار العربية (المنظمة العربيى لمكافحة الفساد، الطبعة الأولى، ٢٠١٠)) ل ٨٦.

[٢] عبدالرزاق محمد الدليمي : الاعلام العربي، ضغوطات الحاضر و تحديات المستقبل (دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الطبعة الأولى، ٢٠١١) ل ١٣٥.

٩. بایەخدان بە فراوانبوون و کردنەوەی کەناڵ و سەنتەری نوێ.

١٠. ئەلجەزیرە بۆتە پاڵپشتی شۆڕشەکانی جیهانی عەرەبی و هەندێك پێیان وایە دروستکەری بووە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەلجەزیرە تۆمەتبار دەکرێت بەوەی نەیتوانیوە هاوسەنگی لە رووماڵ و تەرحی مێدیاییدا بپارێزێن و ئەجێندایەکی دیاریکراو لە پشت کارکردنیەتی و نەیتوانیوە رەخنە لە ئەدائی سیاسی حکومەتی قەتەڕی و هەندێ تەوژمی سیاسی بگرێت و هەندێ لە چاودێران پێیان وایە کە ئەلجەزیرە تەوژمی ئیسلامیی کە خۆی لە بزوتنەوەی برایانی موسڵماندا دەبینێتەوە بەسەریدا زاڵە و جۆرێك لە دەمارگیری بۆ کێشەکانی تایبەت بە نەتەوەی عەرەبی لە گوتاری مێدیاییدا بەدی دەکرێت، و چەندین رەخنەی دیکە ئاراستەی شێوازی کارکردنی ئەم تۆڕە مێدیاییە دەکرێت و گومان لە میسداقیەتی دەکرێت.

## دووەم: تۆڕی ئینتەرنێت

ناوی ئینتەرنێت لەوشەی ئینگلیزی Net وە هاتووە، واتە تۆڕ بەمانای پەیوەندی نێوان تۆڕەکان، بیرۆکەی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٦٩، کاتێك وەزارەتی بەرگری ئەمریکی پرۆژەیەکی ئەزمونیی بۆ تۆڕێکی کۆمپیوتەریی متمانەپێکراوی بۆ بەستنەوەی کۆمپیوتەرەکانی وەزارەتی بەرگری ئەمریکیی خستە بواری جێبەجێکردنەوە، لە ساڵی ١٩٨٨ چەند توێژەرێك بیریان لەوە کردەوە کە لە سەر ئاستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرجەم کۆمپیوتەرەکان پێکەوە ببەستنەوە و بە سەرەتای لە

دایکبوونی ئینتەرنێت دادەنرێت، ئەم تۆڕە دواتر ناونرا World Wide Web-WWW، هەندێك لەو خزمەتگوزارییانەی ئینتەرنێت پێشکەشی دەکات:[1]

* لێکۆڵینەوەکانی بواری کۆمپیوتەر (Comp)

* هەواڵ (News)

* کات بەسەربردن (.Rec)

* توێژینەوە (.Sci)

*توێژینەوەی کۆمەڵایەتیی (.Soc)

* هەمەڕەنگ (.Misc)

* ئەلتەرناتیف (.Alf)

* بازرگانیی (.Biz)

جگە لەو بوارانە ئینتەرنێت ئەم خزمەتانە پێشکەش دەکات:

١- پۆستی ئەلیکترۆنی

٢- دەستخستنی هەواڵ

٣- دیمەنی ڤیدیۆیی

٤- تەلەفزیۆن و رادیۆ

٥- گفتوگۆ

٦- وێنە

٧- ئاڵوگۆڕی زانیاریی

٨- شیکردنەوەی سیاسیی و زانستیی و کۆمەڵایەتیی..هتد

٩- بازرگانی و ریکلام

١٠- فێربوون

١١- فیلمی سینەمایی

١٢- توێژینەوە و کتێب

١٣- خواردن و جلوبەرگ و دیزاینی خانوو..هتد

١٤- پەیوەندی تەلەفونیی

١٥- خۆناساندن

١٦- چارەسەر و لایەنی پزیشکیی

١٧- هاتوچۆ و گەشت و گەڕان

١٨-کەشوهەوا

١٩-یەکتر ناسین و پێکهێنانی خێزان

٢٠- یاری و کات بەسەربردن

دیاره بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندان، بە جۆرێك رەنگە خستنەڕووی ژمارە و ئامار لەم بوارەدا کارێکی ئاسان نەبێت و بەردەوام لە هەڵکشاندایە، یەکێك لەو راپۆرتانە ئاماژە بەوە دەکەن کە ژمارەی هێڵەکانی ئینتەرنێت لە ساڵی ٢٠١٥ دا دەگاتە دوو ئەوەندەی ژمارەی دانیشتوانی جیهان!، هەر لەم بوارەدا کۆمپانیای تۆڕنتەلی کەنەدی رایگەیاند کە شۆڕشێکی گەورە لە بورای گەیاندنی زانیارییەکان و ئینتەرنێتدا بەڕێوەیە بەوەی بەنیازن ئینتەرنێت لە رێگەی تۆڕی کارەباوە بگەیننە ماڵان

و شوێنەکان، لە بری هێڵەکانی تەلەفوون.[1]

بـە دەربڕینــی نووســەری بــەناوبانگ (ســەید یاســین) ئینتــەرنێت بۆتــە پێویستییەکی حەتمیی بۆ مانەوەی (باشترین لە ڕووی مێدیاییەوە)، خێرایـی بڵاوبوونەوەی ئەم ئامڕازە زۆر شێتانەیە و نەوەکانی داهاتوو دەخاتـە بـەردەم ئـەوەی بـە (بڵاوبوونـەوەی مەعریفـە) نـاوزەد دەکرێـت، ئینتـەرنێت ئـەمڕۆ ئەوەنـدە قــەبارە و کاریگــەریی زیــاد بــووە بــە جۆرێــك ســەرنجی هێــزە کۆمەڵایەتیی و بازرگـانیی و سیاسـییەکانیی ڕاکێشـاوە و لـە گۆڕانکـاریی لـە تەرازووی هێزەکاندا مەترسییان بۆ دروست بووە.[2]

لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار ئەم ئامڕازە بۆ کاری نەشیاو بەکار دەهێنرێت بە بڵاوکردنەوەی وێنە نەشیاوەکان و زانیاریی نهێنیی و بەزاندنی ژیانی تایبەتیی کەسەکان و ئاڵودەبوون و دابڕینی کەسەکان لە یەکدی، بەڵام خزمەتگوزاریی و لایەنە باشەکانی ئینتەرنێت زۆر زیاترە و لە ئەمڕۆدا بۆتە

---

[1] سعد شعبان، القمر الصناعي "نایل سات" (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ص١١٦–١١٨، و ذوقـان عبدالله عبیدات، الفضائيات والإنترنت (الرياض: مكتب التربية العربي لدول الخليج، ٢٠٠٣) ل٧٩.

[2] صباح ياسين، الإعلام والعولمة، عن كتاب العولمة والمستقبل العربي (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٢٤.

هاوبەشێکی کارا لە گواستنەوەی زانیاریی و گۆڕانکارییەکان و گەشەسەندنی کۆمەڵگەکان و چەندین لایەنی ئیجابیی دیکە.[1]

دیـارە وەك هــەر دیاردەیــەکی مرۆڤایــەتیی، جیهانگــەرایی زانایــان و شارەزایانی بۆ دوو بەرە دابەش کردووە، بەرەیەك زۆر گەشبین و بە کۆتـایی مێژوو ناوزەدی دەکەن و پێیان وایـە جیهانگـەرایی خەونـەکانی مـرۆڤ بـەدی دەهێنێـت و خۆشــگوزەرانیی بڵاودەکاتــەوە و پەرەپێــدان و گەشەســەندن دەگەیەنێتە گشت جیهـان، هەنـدێکیش رەخنـە لـەم دیاردەیـە دەگـرن و بـە رەشبینییەوە دەڕواننـە ئاسـەوارەکانی، تـا رادەی وەسـفکردنی بـە پـیلان و دەستی دەرەکیی، پێیان وایە ئەم دیارەدەیە جۆرێکی دیکەیە لە داگیرکردن و سڕینەوەی کولتوری گەلان و توانەوە لە یەك جۆر ئایـدیا و بیرکردنـەوەدا، لە بەرەی گەشبینەکان نووسەر (سەید یاسین) پێی وایە:[2]

١- لە داهاتودا جیهان دەبێتە بازاڕێکی کراوەی زانیاریی و مرۆڤەکان بـە لاپتـۆپ و ئایپادەکانیـان دەتـوانن زۆر بەئاسـانی کـڕین و فرۆشـتن ئـەنجام بدەن، ئەم تەکنەلۆجیایە خـۆی دەگەیەنێتـە گشـت بوارەکـانی بازرگـانیی و تەندرووستیی و فێرکردن و بەڕێوەبردن و سەرجەم چالاکییە حکومییەکان.

---

[1] السيد يسين، في مفهوم العولمة، لـە کتـێبی العـرب والعولمـة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٦٦، هەروەها نبيل علی، ثورة المعلومات الجوانب التقانية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٠٩.

[2] ماهر إسماعيل الجعفري – كمـال رفيـق الجـراح، التربيـة والعولمـة، عـن نـدوة العولمـة والتربيـة (بغداد: دائرة العلوم الإنسانية، ٢٠٠٢) ل٤٠.

[1] السيد يسين، المعلوماتية وحضارة العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٠-٣٣.

٢- خێرایی گەشەسەندنی تەکنەلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییەکان بۆی هەیە ببێتە هەڕەشە بۆ ئاوەزی مرۆڤایەتیی تا بەشێوەیەکی باشتر و خێراتر بیر بکاتەوە، تا بەرهەم و چالاکی زیاتر و زیاتر بێت، لە کۆتایشدا دەبێتە هۆی بەستنەوەی تەکنۆلۆجیای زانیاریی و پەیوەندییەکان لە کۆمەڵگەکاندا و دواتر نەمانی کێشەی ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نیانە.

٣- شۆڕشی زانیاریی و مەعریفەی جیهانیی لە هەگبەیدا بەڵێنی زاڵبوون بەسەر گۆشەگیریی لە جیهاندا هەڵگرتووە، ئەویش بەهۆی زۆریی و فراوانیی و بڵاوبوونەوەی زانیارییەکان.

٤- دەکرێت بیرۆکەی ئازادیی جیهانیی لە رێگەی پەیوەندی کۆمنیکەیشنەوە لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە ببێتە راستییەك لە داهاتوودا و رەنگە ببێتە هۆی دروستبوونی کولتوری لێبوردەیی و بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت و ئازادی لە کۆمەڵگەکاندا.

٥- ئێستە گەشەسەندنێکی خێرا لە وەرگێڕانی راستەوخۆ و خێرا خەریکە دروست ببێت، لە بەر رۆشنایی ئەم شۆڕشەشدا دەکرێت لە مپەر و کێشەکانی نێوان زمانە جیاجیاکانی جیهان و لێکتێگەیشتن کەمتر بکرێتەوە و ببێتە هۆی هاندانی ئاڵوگۆڕی رۆشنبیریی لە نێوان خەڵکی لە جیهاندا.

هەروەها جیهانگەراییی مێدیا وەك یەکێك لە توێژەرەکان ناوی لێناوە (کۆمنیکەیشنی ئاڵوگۆڕکراو)ی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، بە مانای پەیوەندی هەڵکشاو و بەردەوامی ئەلیکترۆنیی و مادیی لە نێوان خەڵکی و کۆمەڵە جیاجیاکان و کۆمپانیا بازرگانیی و رێکخراوە و کولتورە جیاوازەکاندا و

ئەمەش پرسەکانی لێکنزیکبوونەوەی کۆمەڵایەتی خێراتر و باشتر دەکات.[(١)]

ئێمە ئێستە لە سایەی شۆڕشی مەعریفە و زانیارییەکاندا لە بەردەم راستیی و واقیعێکی مێژوویی زۆر گرنگدایین سەبارەت بەو هەڵقوڵینە مێدیاییە بەرفراوانەی کە لە چوارچێوەی پەیوەندیە مرۆڤایەتییەکاندا روو دەدات، بە تایبەت ئەوەی کە مێدیا و ئامرازەکانی پێشکەش بە گۆڕانکاریی حەتمیی لە گۆڕانگاری کۆمەڵایەتیدا دەکەن.[(١)] ئەم ئامرازە مێدیاییە نوێیانە بەشدارێکی کاران لە دەوڵەمەندکردنی هەگبەی فیکریی مرۆڤ لە سەر ئەم زەوییەدا، و ئێستە گەنجینەی مەعریفەی مرۆڤ ملیۆنان جار زیادی کردووە و باس باسی مێدیای سنوور شکێن و ئاسمانە کراوەکان و سەردەمی تەکنەلۆجیایە.[(٢)]

دیارە ئەمە لایەکی راستییەکە و دیوێکی دیاردەکەیە، وەك شارەزایان و پسپۆڕان باسی لێوە دەکەن مێدیای جیهانگەرایی لەگەڵ باشییەکانیدا هەندێ دیاردەی سلبی لەگەڵ خۆیدا هێناوە و هەندێ جار لە بری نزیککردنەوە کۆمەڵگەکانی لە یەکدی دابڕیوە و هەندێ جار قسەکردن لە گوندە گەردونیەکە و کۆمەڵگەی مەعریفە و زانیارییەکان، تەنها دەبێتە مرەکەبی سەر کاغەز، ئەمڕۆ جیهان لە زۆر شوێن بەدەست دەسەڵاتە

---

[(١)] السيد يسين، الفكر، العربي والزمن – أين نحن الآن من نهضة مطلع القرن؟ (مجلة عالم الفكر، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العددان ٣-٤ أبريل ١٩٩٨)ل٤٠٧.

[(٢)] صباح ياسين، الإعلام والعولمة، عن كتاب العولمة والمستقبل العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٤.

دیکتاتۆرەکان و قەیرانی دارایی و هەژاریی و کێشە سیاسییەکان و دابڕان و دوبەرەکییەوە دەناڵێنێت، کەسانێکی زۆر هەن کە تا ئێستە شتێك نازانن لە بارەی ئەم دیاردەیە و رەنگە هەر نەشیانبیستبێت کە مێدیای جیهانگەرایی چییە!، جگە لەوەی (لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، مرۆڤ بۆتە دیلی ژوورەکەی خۆی و وێنای دژ سەبارەت بە سەردەمی تەکنەلۆجیا و شۆڕشی زانیارییەکان دروست بووە، وێنای مرۆڤێك کە بۆتە دیلی ژوورێکی تایبەت و دوور لە کۆمەڵگە، کە ئەویش پەیوەندی بە کەسانێکی دیکەوە هەیە، کە دیسان بوونەتە دیلی ژوورە تایبەتەکانی خۆیان).[1]

لەگەڵ ئەوەی مێدیای جیهانگەرایی بەمانای شکاندنی بەربەستەکان و نەهێشتنی جیاوازیە کولتوریەکان و نزیککردنەوەی دوورییەکان، کەچی دەبینی جیهان بەرەو ئاراستەیەکی دیکە هەنگاو دەنێت و لێرە و لەوێ دەبیستین کۆمەڵگە جیاجیاکان دەیانەوێت زیاتر و زیاتر باوەشکردنێکی بەرچاو بە ئایین و تایبەتمەنێدێتیی و کولتور و دابوونەریتەکانی خۆیاندا بکەن و هەندێ جار رەنگە بگاتە ئاستی ململانێ و شەڕ و پێکدادان و جەنگی خوێناویی، ئیتر چۆن لافی ئەوە لێبدەین کە کۆمنیکەیشن و پەیوەندی و تەکنەلۆجیای سەردەم کۆمەڵگەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە؟! جگە لەوە مێدیای جیهانگەرایی کۆمەڵگەیەکی بەکاربەری دروست کردووە، وەك نووسەر (نەبیل عەلی) دەڵێت: ئایا مافی خۆمان نییە ترسمان لێ بنیشێت کاتێك دەبینین مێدیای سەردەمی زانیارییەکان – کە بۆتە هێزێکی بەرچاو–

---

[1] محمد منير سعد الدين، دراسات في التربية الإعلامية (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٧.

تـەنها بـە پێـوەری قـازانج و دۆڕان مامەڵـە دەکـات، ئاکـامی ئـەوەش تـەنها فراوانبوونی بۆشایی نێوان ئەوانەی زانیاریان لایە و ئەوانەی لایـان نییـە، بـە دڵنیاییەوە یاساکانی گەمەکـە دەگۆڕێـت و بـارودۆخێکی خـەمبارهێن لەگـەڵ خۆیدا دێنێت و قەیرانـەکانی جیهـانیی زیـاتر دەکـات.[1] هـەر لـەم بارەیـەوە ریتشارد بـلاك Richar A.Blabe لـە وەڵامـی "ماکلۆهـان"دا کـە باسـی لـە گوندی گەردونیی کردبوو دەڵێت: بە هیچ شێوەیەك ئەو گوندە بوونی نییە و جیهانی بە ئاپارتمانێکی گەورە چواندووە کە چەندین یەکەی لە خۆگرتووە و خەڵکانێکی زۆری تێدایە، بەڵام هەریەکـەیان دوور لـەوی دیکـە ژیـان بەسـەر دەبات و ئاگای لە گوزەرانی ئەوی دیکە نییە.[2] ئـەمڕۆ دەزگـا مێدیاییـەکان هەژمووني خۆیان بەسەر کەرتی پەیوەندیـەکان بـەرفراوان کـردووە، کەناڵـە مێدیاییەکان بەرنامەکانی لـە ڕێگـەی مانگـە دەسـتکردەکانەوە بـە جیهانـدا دەپـــژێنێت و کاریگـــەریی گـــەورەی لـــە ســـەر بـــەها و دابوونـــەریت و بیروبۆچوونەکان دروسـت کـردووە، و دەسـەڵاتی سیاسـیی خەریکـە دەبێتـە پلـە سێیەم لە پاش هەر دوو دەسەڵاتی مێدیایی و ئابووریی[1].

لە لایەکی دیکەوە هەندێ کێشە و قەیرانی دیکە لەم جیهانی مێـدیا نوێیـەدا دروست بـووە وەك کێشـەکانی هـاککردن و بازرگـانی بـە سێکسـەوە و بەزانـدنی ژیـــانی تایبـــەت و دورکەوتنـــەوە لـــە بـــەها ئـــەخلاقیی و کۆمەڵایەتیـــەکان و

---

[1] سليمان إبراهيم العسكري، إعلام العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٨-٤٩.

[2] نبيل علي، الثقافة العربية وعصر المعلومات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٣٥٧.

[1] عبدالله زلطة، الإعلام الدولي في العصر الحديث (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ٢٤.

ئالۆدەبوون و دەیان کێشەی دیکە[1].

لە کۆتاییدا دەتـوانین گۆشـەبینای رەخنـەگرانی مێـدیای جیهانگـەرایی لـەم چەند خاڵەدا کورت بکەینەوە:[2]

١- مامەلە لەگـەڵ تەکنـەلۆجیای زانیـاریی و پەیوەندییەکانـدا وەك ئـاینێکی نویێ دەبێتە هۆی سڕینەوەی گشت بەهایەك و فەرامۆشکردنی لایەنی مرۆڤانە.

٢- تـەکنۆلۆجیا بـە خێراییـەکی سەرسـوڕهێنەر گەشـە دەکـات، کـە رەنگـە ببێتـە هـۆی ئـەوەی کۆمەڵگـە مرۆڤایەتییـەکان نـەتوانن خۆیـان لـە گەڵیـدا بگونجێنن، پێشبینیکردن بۆ داهاتوو بۆتە کارێکی ئەستەم.

٣- هـــەروەها مەترســـییەکانی دەرکـــەوتنی ئیمپراتۆڕیـــەتی نـــوێی هێـــز کۆمپانیای زەبەلاح و بڵاوبوونەوەی بەهای بازاڕ لە بری بەها ئینسانییەکان.

---

[1] غسان العزي، سياسة القوة و مستقبل النظام الدولي والقوى العظمى (سەرچاوەیەکی پێشوو).

[2] نبيل على، الثقافة العربية وعصر المعلومات (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٥ و غسان العزي، سياسة القوة و مستقبل النظام الدولي والقوى العظمى (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٤٢.

## باسی سێیەم: بنەماکانی جیهانگەرایی و سەروەریی وڵاتان

"جیهانگـەرایی" کـار بـۆ بەزانـدنی سـنوورەکان دەکـات بـە شـێوەیەك کـە پێشـتر روینـەداوە، تـوانی لــە بەزانـدنی سـنوورە (سروشـتیی و رەمزیـی و یاساییەکان)ی حکومەتەکاندا سەرکەوتووبێت، ئەویش لە سایەی هێـز و توانـا و کـۆنترۆڵکردنی بـازاڕ و ئـابوریی و ئامرازەکـانی مێـدیادا، هـەر بۆیـە شـکاندن و تێپەڕاندنی سنوورە حکومیی و کۆمەڵایەتیی و دەستوریەکانی ئاسانتر کردووە.

گرفتەکە لەوەدایە کە زۆربەی جار خودی ئەم وڵاتانە ناچـار دەبـن رێگـە بـۆ ئەو کۆمپانیایانە خۆشبکەن و بە شێوەیەك لە شـێوەکان و ناڕاسـتەوخۆ داوایـان لێ دەکـەن داگیریـان بکـەن، ئـەویش بـە بیـانوی تیـۆری بـازاڕی ئـازاد، بـە هـۆی لاوازیـی ئـەم وڵاتانـە و کـەمی ئیمکانیـات و دەستەوسـان بـوونی لـە دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ قـەیران و کێشـە هەمیشـەییەکانی دەبێتـە نێچـیرێکی باشـی ئـەم نەخشـە جیهانیـە و سـەروەرییەکانی دەبـەزێنرێت، ئەگـەر چـی هەنـدێ وڵات و هەنـدێ رێکخـراوی جیهـانیی و لۆکـاڵیی هــەن دژ بــەم دیاردەیــە وەسـتاون و نارەزایەتی دەردەبڕن، بەڵام ژمارەی ئەو وڵاتانەی دەیانەوێت خۆیان بگەیەننـە کاروان و شەمەندەفەری جیهانگەرایی رۆژ بەڕۆژ لە زیادبووندایە.

بە سەیرکردنێکی زاڵبـوون و بڵاوبوونـەوەی کۆمپانیـا فـرە رەگـەزەکان لـە جیهانــدا و نزیکبوونــەوی کولتورەکــان و شــێوازی بیرکردنــەوە و جــۆری پەیوەندییــەکان و بڵاوبوونــەوەی تەکنــەلۆجیا و تەنانــەت شـێوازی پۆشــاك و خواردەمــەنیی، هــەمووی ئاماژەیــە بــەوەی روبــەڕوی هەڕەشــەیەکی گــەورە دەبینەوە کە ئەویش دیاردەی جیهانگەراییە.

له سەر زەمینەی واقیع دەبینین ئایدیۆلۆجیای سەردەمی جیهانگەرایی بە تەواوی دەیەوێت سەرچاوە فەرهەنگییەکان بسڕێتەوە و بگاتە کۆتایی مێژوو و سنووره جوگرافییەکان تێکبشکێنێت و هیچ مانایەك بۆ سەروەریی وڵاتان نامێنێت، جگە لەوەی چەمکی نەتەوە کراوەتە قوربانی چەمکی جیهانگەرایی و نیشتیمانە نوێیەکە بوەتە کۆمپانیا ئابورییەکان و دەزگا نویێ و سنووربەزێنەکان.[1]

هەندێکیش دورتر دەڕۆن و پێیان وایە کە جیهانگەرایی تەنها بێهودەکردنی مافی سەروەریی وڵاتانە بۆ بەرژەوەندی هەندی کۆمپانیای دیکە، کە کۆمپانیا فرە رەگەزەکانی جیهانگەرایی، بە جۆرێك ئاسایشی وڵاتان و سنوورەکان خەریکە تەنها دەبێتە دیکۆرێك، (مایکل هیدسۆن) مامۆستای پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی جۆرج تاون پێی وایە کە جیهانگەرایی جۆرێك لە دژبەیەکی سەیری لای سیاسەتمەداران لە وڵاتە تازە گەشەسەندووەکاندا دروست کردووە، لە لایەك دەبینی ئەوان بە تەواوی چونەتە نێو دونیای جیهانگەرایی، ئەویش کاتێك بەشداری کۆربەندە ئابوریە جیهانییەکان دەکەن و سوود لە گەشەسەندنەکانی جیهانی ئابوریی و تەکنەلۆجیا وەردەگرن، کەچی لە لایەکی دیکەوە رۆژبەڕۆژ بۆشایی نێوانیان و نێوان گەلەکانیان زیاتر دەبێت.[2]

---

[1] السید یسین، المعلوماتیة وحضارة العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٢-٣٧.

[2] ریاض نعسان آغا، بین الإعلام والسیاسة (لبنان: دار الفکر للطباعة والنشر والتوزیع، ٢٠٠٢) ل٣١-٣٢.

بەهۆی کۆبوونەوەی هێز و دارایی لە دەست چەند وڵات و کۆمپانیایەکی دیاریکراودا و بەکارهێنانی بۆ بەرژوەندی تایبەتی خۆیان، رۆژبەرۆژ بەزاندنی سەروەریی وڵاتان ئاسانتر دەبێت، و سات بە سات ئەو لە مپەرانە کەمتر دەبنەوە کە جاران رێگەیان لە بڵاوکردنەوەی چەمکەکانی جیهانگەرایی دەگرت.

لە لایەکی دیکەوە ئەمڕۆ جیهان – بە بێ ویستی خۆی – چۆتە نێو جیهانێکی دیکە و رووبەڕووی هەندێ کێشەی ژینگەیی و مافەکانی مرۆڤ بۆتەوە و جموجوڵی دارایی و بازاڕە کراوەکان کە زۆربەیان تێکەڵ بەیەك بوون و خەریکە پێناسەی نوێ بۆ سنوور و سەروەریی وڵاتان دێنە ئاراوە و تایبەتمەندێتی کولتوریی وناوچەیی بەرەو لە ناوچوون دەچێت، کەسێك کە لە نێو ماڵەکەی خۆیدا دانیشتووە دەتوانێت بەشداریی رووداوەکانی دوورترین شوێن بکات و لە گەڵیدا بخرۆشێت، لە نێو ئەو فەزایەدا خۆی بدۆزێتەوە و ئەمڕۆ تاك پشت بە جیهان دەبەستێت بۆ ئەوەی ئازادییەکانی لە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکەی خۆی وەرگرێتەوە.[(١)]

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە ئەرکەکانی دەوڵەت لە ژێر سایەی جیهانگەرایدا لاواز و دوچاری شکست هاتووە و رۆژبەرۆژ بەرەو پەراوێزبوون

---

[(١)] راجع: محمد إبراهيم منصور، العولمة ومستقبل الدولة القطرية في الوطن العربي، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل ١٢٦، و ولتر.ب.رستون، أفول السيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٥٢، مايكل هيدسون، مأزق الإمبريالية – إدارة المناطق الجامحة (مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ١٠،٢٨٤/٢٠٠)ل٤٢–٤٣.

دەڕوات، ئەگەرچی تا ئێستەش دەوڵەت کۆنترۆڵی ئاڕاستەکردنی سیاسەت و دەرکردنی یاساکان و دراو و چەندین ئەرکی دیکەی هەیە، بەڵام چەندین بواری دیکە هەیە بەرەو لە ناوچوون و توانەوە دەچن وەك:[١]

* ئێستە کۆمپانیا فرە رەگەزەکان خەریکە پێویستیان بە خزمەتگوزاریی پۆلیس و دەوڵەت نەمێنێت و پەنایان بردۆتە بەر هەندێ کۆمپانیای ئەمنیی و پاراستنی تایبەت.

* دەوڵەت جاران ئەرکی ئاڵوگۆڕ و پۆستکردنی لە ئەستۆ بوو، ئەمڕۆ ئێمە لە سەردەمی ئینتەرنێت و فاکس و چەندین ئامڕازی پێشکەوتووی دیکەداین.

* خەریکە قەبارەی سوپا زەبەلاح و نەتەوەییەکان کەمتر دەبێتەوە بۆ بەرژوەندی کۆمپانیا ئابوورییەکان ، کە دەتوانن بگەنە هەر وڵاتێك و بەشێوەیەك لە شێوەکان داگیری بکەن.

* تەنانەت دراویش پریشکی ئەم بارودۆخەی بەرکەوتووە و دەوڵەت خەریکە کۆنترۆڵی نرخی دراوەکەی لە دەست دەدات و کەوتۆتە چنگ کۆمپانیا زەبەلاحە ئابوورییەکان و بە ئارەزووی خۆیان یاری پێ دەکەن.

هەر لەم بارەیەوە توێژەرێك پێی وایە کە گرنگترین ئەو بوارانەی کە جیهانگەرایی تێیدا سەروەریی وڵاتانی تێدا دەبەزێنێت بریتین لە بوارەکانی (سیاسیی، ئابووریی، کولتووریی).

---

[١] محمد السماك، العولمة وآثارها على الخصوصيات الثقافية (مجلة الاجتهاد، العدد ٥٢-٥٣، دار الاجتهاد للأبحاث والترجمة والنشر، بيروت، ٢٠٠٢)ل٨٩-٩٦.

**بواری سیاسیی:**

هێــزی کۆمپانیــا ئابوریيــه گــەورەکان و هــەژموونیان و ئــەو لــق و پەلوپۆپانەی کە گشت دونیایـان داگیرکـردووە و بڵاوبوونـەوەی چـەمکەکانی دیموکراسـیەت و مافـەکانی مـرۆڤ و ئاسـانتربوونی جووڵـەی بیرۆکـەکان لـە ڕێگـەی ئامرازەکـانی مێـدیاوە، هـەموو ئەمانـە فشـارێکی گـەورەی لـە سـەر حکومەتەکان دروسـت کـردووە و سـەروەریی وڵاتـانی لاواز کـردووە، بـەهۆی ئاسانبوونی ئاڵوگۆڕکردنی شمەکەکان بنەماکانی دەوڵەت درزی تێ کـەوتووە ـ بە تایبەت لە وڵاتە دیکتاتۆر و چەوسێنەرەکان – ئەم وڵاتانە بەهۆی بـاری ئابوریی داتەپیویان ناچارن پەنا بەرنە بەر قەرز و قۆلە لە کۆمپانیا ئابوریيـە زەبەلاحەکان و ئەم کۆمپانیایانەش مـەرجی خۆیـان دەسـەپێنن و دواتـریش فشاری سیاسییان لە سەر دروست دەکەن،[1] ئەمڕۆ سـنووری سیاسـییانەی دەوڵەت خەریکە دەبێتە شتێکی وەهمیی و تەنها دیکۆرێك، کە کۆمپانیا فرە ڕەگەزەکان تێیدا خەریکی تەراتێنن و دەتـوانن گەمـە بـە سیاسـەتی وڵاتـان بکەن و دەستوەردەنە بارودۆخە ناوخۆییەکانیان و بڕیاریـان پـێ دەگـۆڕن و هەندێ جاریش ڕەنگە ببنە فاکتەری دووبەرەکیی و ناکۆکی سیاسیی.[2]

---

[1] إسماعیل صبري عبدالله، أبرز معـالم الجـدة في نهايـة القـرن العشـرين(سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل ٤٦٨– ٤٧١.

[2] مجدي قرقر، العولمة وقضايا التقنيـة، عـن كتـاب الإسـلام والعولمـة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٧٢.

سەرانی جیهانگەرایی ئێستە ڕەواج بە سڕینەوەی سنووری وڵاتان دەدەن بەوەی دەسەڵاتی ئەوان لە دەسەڵاتی دەوڵەت فراوانترە ، لە ڕوانگەی سیاسییەوە جیهانگەرایی بە واتای ئەوەی دەوڵەت تەنها کارەکتەری نێو گۆڕەپانی سیاسەتی جیهانیی نابێت، بەڵکو بە هاوشانی دەوڵەت کۆمپانیای فرە ڕەگەز و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و چەندین لایەنی دیکە هەن کە کاری دەوڵەت دەکەن، بە مانا سەروەریی وڵاتان بوونی هەیە، بەڵام ئەو بایەخەی نامێنێت، وڵاتان ڕەنگە لە ڕووی یاساییەوە سەروەرییان هەبێت، بەڵام لە رووی واقیعیەوە ناچار دەبن لە مەڕ زۆربەی بابەتەکان سازشی سیاسی بکەن، لە دەرەنجامدا ئازادییان سنووردار دەبێت و ناتوانن بەتەواوی بە ڕۆڵی خۆیان هەستن.[1]

نووسەرێك پێی وایە کە ئەوەی لە سەر زەمینەی واقیع دەگوزەرێت ئەوەیە، بوارێکی سیاسیی جیهانیی کە بەردەوام کاریگەریی زیاد دەبێت و فراوانتر دەبێت، لە دەوری یەك جیهان نەك یەك دەوڵەت و لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتیی دەوڵەت سەنتەری داڕشتنی سیاسەت نییە و بە تەواوی بەرپرسیار نییە لە ئاسایش و ژینگە و ژیان و گوزەرانیان، هەرچەند تا ئێستەش دەوڵەت بانگەشەی ئەوە دەکات کە هێشتا جڵەوی ئەمانەی لە

[1] محمد إبراهيم منصور، العولمة ومستقبل الدولة القطرية في الوطن العربي، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢٧، و أيضاً برتران بادي، عالم بلا سيادة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٢٠.

دەستە، بەڵام لە ڕووی پراکتیکی و لە سەر زەمینەی واقیع دەوڵەت وەك پێش (٣٠٠)ساڵ لە مەوبەر نەماوە و سەروەریەکانی کاڵ بوونەتەوە.[1]

بەجهانیبوونی سیاسەت وەك جیهانگەرایی مێدیا و جیهانگەرایی ئابوریی بە تەواوی نەخشەی سیاسی جیهانیی گۆڕیوە، بەتایبەت پاش تێکشکانی میحوەری یەکێتی سۆڤیتی (جاران) و سیستمی تاك جەمسەریی ، کە تا رادەیەکی زۆر خۆی لە (ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا)دا دەبینێتەوە، کە دەیەوێت سیاسەتەکانی خۆی بسەپێنێت و جیهانی پێ ئیدارە بکات، جا لە رێگەی گۆڕینی دەسەڵاتە سیاسیی و سیستمە حوکمڕانییەکانەوە بێت، یاخود لە رێگەی هێرشی فیکریی و کولتوریی بۆ ئەو گەلانەی کە هێشتا (پەتا)ی جیهانگەرابییان پێ نەگەیشتووە، بەڵگەش بۆ ئەمە لێدوان و تێڕوانینی بڕیار و سیاسییەکانی جیهانە، کە پێیان وایە جیهانگەرایی وەك گەردەلولێك هەرچی هەیە لەگەڵ خۆیدا دەیبات، لەوانە بۆچوونەکانی (فۆکۆیاما) کە پێی وایە سیستمی سەرمایەداریی خۆرئاوا کۆتایی مێژوووە و مۆدێلی ئەمریکیی بە جیهانیکراو بەسەر جیهاندا زاڵدەبێت و کەس ناتوانێت لە بەرامبەریدا خۆی راگرێت[2]، دیارە ئەم جۆرە تێڕوانینە رەنگە زۆر تازە نەبێت، لە سەدەی نۆزدەهەمدا نووسەر و رۆماننووسی ئەمریکی (هیرمان ملیگیل) دەڵێت: ئێمە پێشەنگی جیهانین و خواوەند

---

[1] نایف عدلي عبید، العولمة مشاهدو تساؤلات (سەرچاوەیەکی پێشوو)ل ٢٣.

[2] عبد الخالق عبدالله، عولمة السیاسة والعولمة السیاسیة، عن کتاب العولمة وتداعیاتها علی الوطن العربي(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٦.

ئێمەی هەڵبژاردووە، مرۆڤایەتیی لە رەگەزی ئێمە چاوەڕوانی زۆر دەکات، سەرۆکی پێشوتری ئەمریکیی (تۆماس جیفرسۆن) دەڵێت: ئەمریکییەکان گەلی هەڵبژێردراوی خودان و بۆیان هەیە حوکمڕانی جیهان بکەن، بە بەکارهێنانی هێز بێت یان بە قەناعەت پێکردن.[1]

هەندێ دیاردەی نوێ هاتۆتە نێو گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیی کە بە کۆی هەموویانەوە دیمەنەکانی سیاسەتی نوێی نێودەوڵەتیی پێکدەهێنن، وەك ئەوەی سیاسەت لە سوچێکی ئەم دونیایە بەستراوەتەوە بە سیاسەت لە گشت کون و قوژبنێکی ئەم جیهانەدا، هەروەها کشانی سیاسەت بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتان و دیاردەی بەلیبراڵیکردنی سیاسەت [2] و چەندین دیاردەی دیکە، کە هەر هەمووان دەیسەلمێنن چۆن سیاسەت لە جیهاندا وەك تۆڕێکی پێکەوەبەستراوی لێهاتووە و ئەو بڕیارە سیاسییەی لە وڵاتێك دەدرێت و ئەو خۆپیشاندان و کودەتایەی لە سوچێکی ئەم جیهانە بەرپادەبێت چۆن کاریگەریی لە سەر دراو و جموجوڵی بازاڕ و نرخەکان لە گشت جیهاندا دروست دەکات، هەر بۆ نموونە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکانی ئەمریکا کە هەڵبژاردنێکی ناوخۆییە، کاریگەریی لە سەر ئابوریی و بازاڕی جیهانیی دروست دەکات و پەیوەست بووە بە سیاسەتی زۆربەی وڵاتانەوە.

---

[1] مصطفى محمد الطحان، العولمة تعيد صياغة العالم (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل١٦

[2] (سەرچاوەیەی پێشوو)ل١٧.

**لایەنی ئابوریی:**

بەزاندنی سەروەریی وڵاتان لە ڕێگەی کۆمپانیا گەورە و جیهانیەکانەوە یەکێکە لە سیماکانی جیهانگەرایی، ئەم کۆمپانیایانە کە ڕەنگە شوێنگەی دروستکردنیان زیاد لە وڵاتیك بێت و لە ڕێگەی هاوکاری نێوان چەند کۆمپانیایەك لە جیهاندا خەریکە دەبنە هێزێکی جیهانیی و ژمارەیەکی دیار لە هاوکێشەی سیاسیی و ئابوریی سیاسیدا، سیمای ئابورییانەی جیهانگەرایی بەمانای تێکەڵبوونی کۆمپانیا ئابورییە نیشتیمانییەکان بە جموجوولی بازاڕی جیهانیی و ئازادیی جووڵەی سەرمایە و شمەك و خزمەتگوزارییەکان.

ئەم کۆمپانیا زەبەلاحانە لە ڕێگەیاندا زۆربەی کۆمپانیا حکومیی و نیشتیمانییەکان لوشدەدەن، لە پیشەسازی (پیپسی کۆلا) وە بۆ دروستکردنی کارگە و چەك و تەقەمەنی و موشەك، هەر هەمووی کەوتۆتە دەست چەند کۆمپانیایەکی دیاریکراو لە سەر ئاستی جیهان. وەك چۆن پێش پێنج سەدە دەوڵەت جێگەی سیستمە ئابورییەکانی گرتەوە، ئەمڕۆ کۆمپانیا ئابورییەکان خەریکە دەبنە ئەڵتەرناتیڤی دەوڵەت، جیهان هەر هەمووی بۆتە شوێنێك بۆ بازاڕگەریی، جا بازاڕگەریی شمەك بێت یان زانیاریی یاخود بیرۆکەکان، کۆمپانیا ئابورییەکان بازیان بەسەر قەڵاکانی دەوڵەتدا داوە و ئەم قەڵایانە وردەوردە خەریکە بەهایان نەمێنێت، جا قەڵای گومرگیی بێت یاخود سیاسەتی نەختینە و دارایی یاخود سنوورەکانی دەسەڵاتی

سیاسـیی،[1] تێکشـکاندنی سـنوورەکان لـە لایـەن جیهانگەراییـەوە لایـەنی مەعریفیی تێپەڕاندووە بۆ لایـەنی سیاسـیی و بیرۆکـەی دەوڵـەتی نەتـەوەیی تێکشاندووە، ئەویش بەهۆی دووبارە کارپێکردن و هێشتنەوەی سەرمایە لـە ڕێگـەی تۆڕێـك لـە دەوڵـەتان و کۆمپانیاکـان، هـەروەها بۆتـە هەڕەشـەیەکی مەترسـیدار بـۆ سـەر دەوڵـەت و لـە بـواری ئابوریـدا دوچـاری ئیفلیجبـوونی کــردووە، کــاتێکیش قـــەبارەی ئـــاڵوگۆڕە نەختینـــە ڕۆژانەییـــەکانی ئـــەم کۆمپانیایانە دەگاتە قەبارەی ئاڵوگۆڕە نەختینەییـە ڕۆژانەییـەکانی هەنـدێك وڵات، ئیــدی حکومـــەتی ئـــەم وڵاتانـــە و وەزارەتـــی بازرگـــانیی و داراییـــان کۆنترۆڵیان بەسەر بازاڕدا نامێنێت و کۆمپانیاکانیان لە دەست دەدەن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم وڵاتانە بەناچاری مەرجە قورسەکانی ئەم کۆمپانیایانـە جێبـەجێ دەکەن و وردەوردە دەبێتە بارێکی قورس بەسەر ئابوریی ئەو وڵاتانەوە.[2]

ئەم ئیمپراتۆریەتـە ئابورییانـە هەنـدێ جار لـە دەسـت چـەند کەسـێکی دیــارکراودان، ئەگـــەر نـــەڵێین تاکـــە کەســێك وەك ئیمپراتۆریـــەتی (جــۆرج سۆرس)ی دارایی، یان (بیل گیتس) بۆ تەکنـەلۆجیا و زانیارییـەکان، یـاخود (ڕۆبــەرت مــەردۆخ)ی مێـدیایی ، ئەمانــە هــەر خۆیــان دەتــوانن کۆمپانیــای ئابوریی یان مێدیایی دیکە بکڕن و تێکەڵ بە کۆمپانیاکـانی خۆیـانی بکـەن،

---

[1] عبد الخالق عبدالله، عولمة السياسـة والعولمـة السياسـيية، عـن كتـاب العولمـة تـداعياتها علـى الوطن العربي (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٤٦.

[2] مؤيد عبد الجبار الحديثي، العولمة الإعلاميـة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو) ل٢٠٣، ومحمـد حسـام الدين، العولمة وصورة الإسلام (سەرچاوەیەکی پێشوو ) ل١٢٩.

ئـــەمان تەنانـــەت بوونەتـــە هەرەشـــە بـــۆ ســـەر کۆمپانیـــا ئـــابووریی و کۆمنیکەیشنەکانی وڵاتە گەورەکانی وەك بەریتانیا و فەرەنسا و کەنەداش.

ئەمڕۆ لە جیهاندا سێ دەزگـای ئـابووریی سـەرەکی لـە جیهانـدا هـەن کـە پێکهـاتوون لــە : ســندووقی دراوی نێودەوڵــەتیی و رێکخــراوی بازرگــانیی جیهانیی و بانکی نێودەوڵەتیی، کە بەهەر سیانیانەوە بوونەتە پایە و هێـزی سـەرەکی و کـۆنترۆڵی ئـابووریی جیهانیـان کـردووە و بـەهۆی ئـەوەی وڵاتـە دواکەوتووەکان بەردەوام پێویستییان بە قەرز و داواکردن هەیە، مەرجەکانی خۆیانیان بەسەردا دەسەپێنن و بە ئارەزووی خۆیان دەیان جووڵێنن.[1]

لەپشـــت ئـــەم هێـــزە ئابوورییـــە بـــە جیهـــانیکراوەوە تەکنەلۆجیایـــەکی پێشکەوتوو هەیە کە رۆژ بە رۆژ ئاڵوگۆڕی شمەك و زانیاریی ئاسـانتر دەکـات و بۆتـــە پاڵپشـــتی ئـــەم کۆمپانیایانـــە، تـــا هاریکـــاری یەکـــدی بکـــەن و ئاڵوگۆڕکردنیـان فـراوانتر بکـەن، کۆمپانیـا دروسـتکەرەکان پێویسـتیان بـە کۆمپانیـای بـەبازاڕکردن و گواسـتنەوە هەیـە و ئـەمانیش پێویسـتییان بـە کۆمپانیاکانی ریکلام هەیە کـە بەکاربـەر ناچـار دەکـات بـۆ کڕینـی شمـەکێك ئەگەرچی پێویستیشی پێی نەبێت[2]، ئەمڕۆ جیهان بە بازاڕێکی ئەلیکترۆنیی

---

[1] بروانە: جلال أمین (العولمة والدولة) عن کتاب العرب والعولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو)، ل٢٠٣ و بول کینـدي، الاسـتعداد للقـرن الحـادي والعشـرین، ترجمـة: محمـد عبـدالقادر– غـازي مسـعود (الأردن: دار الشـروق للنشـر والتوزیـع، ١٩٩٣) ل١٧٤، و نـایف علـي عبـد، العولمـة مشـاهد وتسـاؤلات (سەرچـاوەیەکی پێشـوو)ل١٤ جوزیـف سـتکلتز، العولمـة ومسـاؤها (سەرچـاوەیەکی پێشوو) ل٢٦، و هانس بیتر مان وهارلد شومان، فخ العولمة (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٣٢.

[2] جوزیف ستکلتنر، العولمة ومساؤها (سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٢٦.

بەرفراوان پێکەوە بەستراوە کە بە خێرایی تیشك ئـاڵوگۆر دەکرێـت و کـەس ناتوانێـت خـۆیی تێـدا حەشـاربدات، ئـەم گۆڕانکاریـە ئـابوریی و کرانەوەیـە ئاسەواری خراپی لەگـەڵ خۆیـدا هێنـاوە کـە باجەکـەی دەوڵـەت و کۆمەڵگـە تازەگەشـەندو و دواکـەوتوەکان دەیـدەن، ئـەو گەلانـەی کـە لـە ژێـر هێڵـی هەژارییەوە ژیان بەسەردەبەن و ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانە ئـابوریی و داراییـەکانیان زیاتر دەبێت.

## لایەنی کولتوریی:

کولتوری تاکلایەنە و تاك جەمسەریی تا ڕادەیەکی زۆر بەسـەر جیهـان و گەلاندا زاڵە، جیهانگەرایی لە ڕێگەی ئـەو هەژموونـە فیکریـی و کولتـوریی و مێدیاییەوە توانیویەتی هۆش و بیر و ڕەفتاری گەلان داگیر بکات و کاریگەری لە سەر بەها و دابونەریت و ناسنامەی گەلان دروست بکات، ڕەنگـە تاکـەکان بە جەستەیان لە گۆشەیەکی جوگرافیی دیاریکراودا ژیان بەسـەربەرن، بـەڵام خــەون و ئــاوات و ڕۆحــەکانیان هەنــدێ جــار بەســتراوەتەوە بــە شــوێن و جێگەیەکی دیکەوە و لاساییکردنەوەی مۆدێلی ڕۆژئاوایی بە جیهانیکراو بۆتە باوی ئەم سەردەمە، ئەم بەهاو تێڕوانینە نوێیانە سنوور و بەها نیشـتیمانیی و نەتەوەییەکانی بەزاندووە و خەریکە بەتـەواوی خـۆی دەسـەپێنێت، دیـارە تەکنۆلۆجیای پەیوەندییەکانیش ئەم کارەی ئاسانتر کردووە و ڕەواجـی پـێ دەدات، ئەمڕۆ وێنەکان زۆر بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر دێـن و دەچـن و لـە سەر زەمینەی واقیعیش خەریکـە هـەر بـە زۆری زۆرداری کولتـور و بـەهاکان

یەك دەخرێن و خەڵكی بەرگێكی دیكە و بەهایەكی دیكە و رەفتارێكی دیكە دەپۆشن، خەریكە بەهاكانی بەكاربردن و رەواجدان بەشمەك جێگە بە بەها مرۆڤایەتییەكان و تایبەتمەندێتیی گەلان لێژ دەكات، مەترسی گەورەش لەوەدایە كە هەمووان بێ ئەوەی بەخۆیان بزانن كەوتوونەتە داوی ئەم مۆدێلە نوێیە و وەهمی خۆشگوزەرانیی و زاڵبوونی تەنها شارستانییەتێك بەسەر شارستانێتییەكانی دیكەدا هەمووانی مەست كردووە، هەر بۆیە ئەمڕۆ جیهانگەراییی كولتوریی رووبەڕووی هەڕەشەیەكی نوێمان دەكاتەوە كە پەیوەستە بە گەشەسەندنی كۆمەڵایەتیی گەلان و ناسنامەیان و كاریگەریی جیهانگەرایی لە سەر ناسنامەی نیشتیمانیی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، مەترسیەكانی جیهانگەرایی لە سەر ناسنامەی نیشتیمانی پێشەكیەكە بۆ مەترسی گەورەتر لە سەر دەوڵەتی نیشتیمانیی و سەربەخۆیی گەلان، هەروەها بەمانای شوێنەكەوتەیی زیاتری گەلان بۆ تەنها شارستانیەتێك.

ئەم هێرشە كولتوریی و فیكرییە هەر بە تەنها ئاڕاستەی جیهانی تازە گەشەسەندوو یاخود جیهانی سێیەم ناكرێت، بەڵكو هەندێ وڵاتی پێشكەوتووش هەیە لە سڕینەوەی بەها و دابونەریتەكانییان و پچڕاندنی پەیوەندییە خێزانییەكان داد و بێدادیانە، بۆ نموونە وەزیری رۆشنبیریی (كارلۆ ریبادی منیا) لە كۆمكاری بازاڕی ئەورووپی هاوبەش سەبارەت بە فەزای بیستن و بینینی ئەورووپی بەیاننامەیەكی دەركرد، تێیدا راشكاوانە

ئامـاژەی کـرد بـەو پەراوێزخسـتنەی کـە دووچـاری کولتـور وشارسـتانیەتی ئەوروپیی هاتوە، لە بەرامبەر زاڵبوونی کولتور و شارستانییەتی ئەمریکیی[1]

هەنـدێ گـەواهی و نووسـین و بۆچـونی دیکـە هـەن کـە کۆمەڵگـە ئەوروپییـەکان بـە ئـەگا دێننـەوە لـە سـڕینەوەی ناسـنامە و کولتـور و شارستانییەتەکەیان، ئەگەر ئەمە حاڵی کۆمەڵگە ئەوروپییـەکان بێـت، ئـاخۆ دەبێـت بـارودۆخی وڵاتـە دواکـەتووەکان چـۆن بێـت ؟! ، لـەم بارەیـەوە نووسەرێك پێی وایـە کـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایـەتی هـەرگیز بـە ئەنـدازەی ئـەم سەردەمە جیاوازی کولتـوری و رۆشـنبیریی تێیـدا کـاڵ نەبۆتـەوە بـە رادەی گەیشتن بە یەك شێواز رۆشنبیریی و یەك جـۆر کولتـور و شارسـتانییەت، لـە ئەنجامی ئەم حاڵەتەوە وڵاتان لە بەردەم هەرەشەدان و ئێمە بەرەو توانـەوە لە یەك جۆر شارستانییەتدا دەچـین و ئەمـەش مەترسـییە گەورەکەیـە، ئـەو گۆڕانکارییانەی لە سەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیی دروست دەبێت سـەرەتایەکە بۆ گۆڕانکارییەکی سیاسیی ریشەیی لە مێژووی سیاسـی جیهـان، هـەر بۆیـە سنوورەکان رۆژ بە رۆژ لـە بەرامبـەر ئـەم لێشـاوەدا لاوازتـر دەبـن و توانـای بەرگرییان نامێنێت. [1]

پوختەی کاریگەرییەکانی جیهانگەرایی لە سەر ئەو سێ بوارەی سـەرەوە کە باسمان کردن، ئەوەیە کە جیهانگەرایی لەگەڵ خۆیـدا کۆمـەڵێ دیـاردەی نێگەتیڤ و کاریگەریی سلبی هێناوە، و هەندێ جار ئاسەواری ئەم حاڵەتانـە

---

[1] ماهر إسماعيل الجعفري – كمـال رفيـق الجـراح، التربيـة والعولمـة، عـن نـدوة العولمـة والتربيـة (بغداد: دائرة العلوم الإنسانية، ٢٠٠٢) ل٤٠.

دەگاتـە پێکـدادانی دژبەیـەکیی سروشـت، ئـەمڕۆ هێـزی ئـەتۆمیی خـاوەنی گەنجینەیەکە ملیۆنەها جار مەترسیدارتر لە بۆمبەکەی سەر هیرۆشیما، جگە لە قەیرانی پیسبوونی ژینگە و کەمبوونەوەی وزە لـە جیهانـدا [1] لـە لایـەکی دیکـەوە جیهانگـەرایی نـەیتوانی ئـەو بەڵێنانـەی بهێنێتـەدی سـەبارەت بـە خۆشگوزەرانیی لە جیهاندا، بۆ نموونە لە ئـەفریقیا زۆرینـەی دانیشـتوان لـە هەژاریی و نەداریی و ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژین و خەریکە برسێتیی و قاتو قڕی کەسانێکی زۆر لـە نـاو ببـات، جیهانگـەرایی نـەیتوانی سـەقامگیرییەکی ئابوریی و خۆشگوزەرانیی بۆ جیهان مسۆگەر بکات و ئەو وڵاتانەی پێشتر لە ژێر چەتری یەکێتی سۆڤیتی (جـاران)دا بـوون و هاتنـە ژێـر بـاڵی سیسـتمی ئابوریی جیهانیی نەیانتوانی ئەنجامی گەورە و بـاش لـە خۆشـگوزەرانیی بـۆ هاوڵاتیانیان بەدەست بهێنن و گەشـەی ئـابوریی سـەرکەوتویان بەخۆیانـەوە نـەبینی، ئەوانـەی رەخنـە لـە جیهانگـەرایی دەگـرن جـەخت لـە سـەر ئـەوە دەکەنــەوە کــە وڵاتــە دەوڵەمەنــدەکان هــانی وڵاتــە هــەژارەکانیان دا بــۆ نەهێشـتنی ئاسـتەنگە سیاسـیی و بازرگانییـەکانیان، کەچـی ئاسـتەنگەکان خۆی لە بەرامبەر هەناردەکردنی شمەك و کاڵای وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان هێشــتەوە و بــە گشــتی ئــەو نرخــەی کــە وڵاتــە تازەگەشەســەندوو و دواکەوتووەکان دایان لە پێناو گەشتن بە کاروانی جیهانگەرایی زۆر زیاتر بوو

---

[1] فیلیب سوغان، أوروبا والعالم العربـي في مواجهـة تحـديات العولمـة (سەرچـاوەیەکی پێشـوو)، ل٣٣، و ترکي الحمد، الدولة والسيادة في عصر العولمة، عن كتاب الإسلام والغـرب—صـراع في زمـن العولمة(سەرچاوەیەکی پێشوو) ل٧٦.

لەو دەرەنجام و بەرهەمانەی دەستیان کەوتووە، ئەمڕۆ ژینگە بەتەواوی خەریکە لە ناودەچێت و پڕۆسە سیاسییەکانی دیموکراسیەت و سەقامگیریی ئەو وڵاتانە شکستیان هێنا، جگە لە قەیرانە کۆمەڵایەتیی و ئابورییەکانی دیکە کە بەرۆکی ئەم وڵاتانە بەرنادات.

لە کۆتاییدا و لەگەڵ هەوڵەکانی جیهانگەرایی بۆ یەکخستنی تێڕوانینی دانیشتوان بۆ نیشتەجێکردنیان لەم (گوندە گەردوونییە) و دارشتنی پڕۆژەیەکی کولتوری جیهانیی و توانەوەیان لە یەك بازاڕ و پڕۆژەی ئابوریدا، بەڵام هێشتا فرەیی کولتوریی و فەرهەنگیی داخوازی سەرسەختانەی گەلانە و پارێزگاریی لێ دەکەن، دەوڵەمەندیی کولتورەکان لە فرەییاندایە و نهێنیی مانەوە و گەشەسەندن و کارلێککردنیەتی لەگەڵ کولتور وشارستانییەتە جۆراوجۆرەکاندا.[1]

---

[1] عبد الجليل كاظم الوالي، جدلية العولمة بين الاختيار والرفض، عن كتاب العولمة وتداعياتها على الوطن العربي ل٣٠-٣١.

# سەرچاوەکان

## کتێب بە زمانی عەرەبی


١. إبـراهيم الـداقوقي، **قـانون الإعـلام** (بغـداد: وزارة التعلـيم العـالي والبحـث العلمي، جامعة بغداد، ١٩٨٦).

٢. إبراهيم إمام ، **الإعلام والاتصال بالجماهير**(القاهرة: مكتبة الانجلوالمصرية، الطبعة الثالثة، ١٩٨٤).

٣. إبراهيم عبد الكريم الغزي، **الدولة والنظم السياسية** (أبو ظبي: دار المتنبي للطباعة والنشر، ١٩٨٩).

٤. أبو يعرب المرزوقـي، **آفـاق النهضـة العربيـة ومسـتقبل الإنسـان في مهـب العولمة**(بيروت: دار الطليعة، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

٥. أحمد بدر، **الاتصال بالجماهير بين الإعلام و التطويع و التنمية**(القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٨).

٦. أحمد بدر، **الإعلام الدولي ـ دراسات في الاتصال و الدعاية الدولية** (القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، الطبعة الرابعة، ١٩٩٨).

٧. أحمد بدر، **مناهج البحث في الاتصال والرأي العام والإعلام الدولي** (القاهرة: دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع، ١٩٩٨).

٨. أحمد ثابت وآخرون، **العولمة وتداعياتها على الوطن العربي** (مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة كتاب المستقبل العربي "٢٤"، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣).

٩. أحمد ذياب، **مناهج البحث** (الخرطوم، الطبعة الأولى، بدون سنة طبع).

١٠. أحمد عبد الرزاق خليفة السميدان، **القانون والسيادة وامتيازات النفط** (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة أطروحات الدكتوراه "٢٩"، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

١١. أحمد مصطفى عمر، **البحث الإعلامي – مفهومه وإجراءاته ومناهجه** (طرابلس: منشورات جامعة قاديونس، الطبعة الأولى، ١٩٩٤).

١٢. الأخضر أيدروج، **ذكاء الإعلام في عصر المعلوماتية** (تونس: مكتبة الملك فهد الوطنية، ١٩٩٩).

١٣. أدوين إمري و آخرون، **الاتصال الجماهيري**، ترجمة: إبراهيم سلامة إبراهيم (المجلس الأعلى للثقافة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠).

١٤. أديب خضور، **بحوث إعلامية ميدانية** (دمشق، ٢٠٠٢).

١٥. انشراح الشال، **الإعلام الدولي عبرالأقمارالصناعية** (القاهرة: دارالفكرالعربي، ١٩٨٦).

١٦. انشراح الشال، **الأقمار الصناعية والتجربة السعودية** (مكتبة دار جدة، الطبعة الأولى، ١٩٩٦).

١٧. أوستن راني، **قنوات السلطة**، ترجمة موسى جعفر(بغداد: سلسلة المأة كتاب، الطبعة الأولى، ١٩٨٦).

١٨. أياد شاكر البكري، **عام ٢٠٠٠ حرب المحطات الفضائية** (الأردن: دار الشروق، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

١٩. برتران بادي، **عالم بلا سيادة**، ترجمة: لطيف فرج (القاهرة: مكتبة الشروق، الطبعة الأولى، ٢٠٠١).

٢٠. بركات محمد مراد، **ظاهرة العولمة – رؤية نقدية** (الكويت: كتاب الأمة، ٢٠٠٢).

٢١. برهان غليون و سمير أمين، **ثقافة العولمة وعولمة الثقافة** (دمشق: دار الفكر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢).

٢٢. بوجدان أوسولونيك و آخرون، **وسائل الاتصال الجماهيري و التفاهم الدولي** (وزارة الإعلام، هيئة الاستعلامات، سلسلة كتب مترجمة "٧٠٩").

٢٣. بول كينـدي، **الاسـتعداد للقـرن الحـادي والعشـرين**، ترجمـة: محمـد عبـد القادر– غازي مسعود (الأردن: دار الشروق للنشر والتوزيع، ١٩٩٣).

٢٤. ثروت بدوي، **النظم السياسية** (القاهرة: دار النهضة العربية، ١٩٦١).

٢٥. جوزيف ستكلتز، **العولمة ومساؤها**، ترجمة: فالح عبـدالقادرحلمي (بغـداد: بيت الحكمة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣).

٢٦. جـــون.ر.بيتنر، **الاتصـــال الجمـــاهيري – مـــدخل–**، ترجمـــة: د.عمـــر الخطيب(بيروت، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، الطبعة الأولى، ١٩٨٧).

٢٧. حاتم بن عثمـان، **العولمـة والثقافـة** (بـيروت: المؤسسـة العربيـة للدراسـات والنشر، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

٢٨. حسن الترابي، **المصطلحات السياسـية في الإسـلام** (دار السـاقي، الطبعـة الأولى ٢٠٠٠).

٢٩. حسن حنفي وصادق جلال العظم، **ما العولمة ؟** (دمشق: دار الفكر، الطبعة الثانية، ٢٠٠٢).

٣٠. حسن عماد مكاوي، **تكنولوجيا الاتصال الحديثة في عصر المعلومات** (الدار المصرية اللبنانية، الطبعة الثالثة، ٢٠٠٣).

٣١. حمدي قنديل، **التبادل التلفزيـوني بالأقمـار الصـناعية** (المملكـة العربيـة السعودية: سلسة بحوث ودراسات تلفزيونية "١١" جهاز تلفزيون الخليج، ١٩٨٤).

٣٢. خليل صابات، **وسائل الاتصال – نشأتها و تطورها** (القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية، الطبعة التاسعة، ٢٠٠١).

٣٣. دوكلاس كليز، **الحرب التلفزيونية**، ترجمة: ناصرة السعدون (بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الأولى، ١٩٩٨).

٣٤. ذوقان عبدالله عبيدات، **الفضائيات و الإنترنت** (الرياض: مكتب التربية لاعربي لدول الخليج، ٢٠٠٣).

٣٥. راسم محمد الجمال، **الاتصال والإعلام في الوطن العربي** (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، ٢٠٠١).

٣٦. **رحيم مزيد، قناة الجزيرة و صراع الفضائيات (الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، الطبعة الأولى، القاهرة، ٢٠٠٢).**

٣٧. رعد كامل الحيالى، **العولمة وخيارات المواجهة** (بغداد: شركة الخنساء للطباعة المحدودة، ١٩٩٩).

٣٨. رياض نعسان آغا، **بين الإعلام والسياسة** (لبنان: دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢).

٣٩. زكريا بشير إمام، **المرأة والعولمة والهوية الثقافية** (الخرطوم: مركز دراسات المرأة، شركة دار الحكمة للطباعة والنشر المحدودة، ١٩٩٩).

٤٠. زياد أبو غنيمة، **السيطرة الصهيونية على وسائل الإعلام العالمية** (الأردن: دار عمار للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ١٩٨٩).

٤١. سعد شعبان، **القمر الصناعي المصري نايلسات** (القاهرة: الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٩٨).

٤٢. سلام خطاب الناصري، **الإعلام والسياسة الخارجية الأمريكية** (بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ٢٠٠٠).

٤٣. سمير محمد حسين، **الإعلام والاتصال بالجماهير والرأي العام** (القاهرة: عالم الكتب، الطبعة الثالثة، ١٩٩٦).

٤٤. سمير محمد حسين، **بحوث الإعلام** (القاهرة: عالم الكتب، الطبعة الثالثة، ١٩٩٩).

٤٥. سمير مرقس، **الإمبراطورية الأمريكية** (مكتبة الشرق الدولية، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣).

٤٦. **السيد الغضبان، الفضائيات العربية ، مالها و ماعليها (سفير الدولية للنشر، القاهرة، الطبعة الأولى، ٢٠١٠).**

٤٧. السيد يسين وآخرون، **العرب والعولمة** (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، الطبعة الثانية، ١٩٩٨).

٤٨. السيد يسين، **المعلوماتية و حضارة العولمة – رؤية نقدية عربية** (القاهرة: دار نهضة مصر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠١).

٤٩. سيمون سيرفاني، **وسائل الإعلام والسياسة الخارجية**، ترجمة: محمد مصطفى غنيم (القاهرة: الجمعية المصرية لنشر المعرفة والثقافة العالمية، الطبعة الأولى، ١٩٩٥).

٥٠. شريف درويش اللبان، **شبكة الانترنت بين حرية التعبير وآليات الرقابة** (القاهرة: المدينة بريس، بدون سنة طبع).

٥١. صابر فلحوط – محمد البخاري، **العولمة والتبادل الإعلامي الدولي** (دمشق: دار علاء الدين، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

٥٢. صالح ذياب هندي، **أثر وسائل الإعلام على الطفل** (عمان: دار الفكر، الطبعة الثالثة، ١٩٩٨).

٥٣. عاطف عدلي عبيد، **مدخل إلى الاتصال والرأي العام – الأسس النظرية والإسهامات العربية–** (القاهرة: دار الفكر العربي، ١٩٩٧).

٥٤. عبد العزيز شرف، **المدخل إلى وسائل الإعلام** (القاهرة: دار الكتاب المصري، الطبعة الثانية، ١٩٨٩).

٥٥. عبد الغني بسيوني عبدالله، **النظم السياسيية – أسس التنظيم السياسي** (القاهرة: الدار الجامعية، ١٩٨٦).

٥٦. عبد المنعم سامي، **الرأي العام و الإشاعة– قراءة في الوظيفة الاجتماعية** (القاهرة:الطبعة الأولى، بدون سنة طبع) .

٥٧. عبد الوهاب الكيالي وآخرون، **موسوعة السياسة – الجزء الثالث–** (بيروت: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٣).

٥٨. **عبدالرزاق محمد الدليمي، الاعلام العربي، ضغوطات الحاضر و تحديات المستقبل (دار المسيرة للنشر و التوزيع، عمان، الطبعة الأولى، ٢٠١١)**

٥٩. عبدالله زلطة، **الإعلام الدولي في العصر الحديث** (القاهرة: دار النشر للجامعات، ٢٠٠١).

٦٠. على حرب، **أوهام النخبة أو نقد المثقف** (الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، الطبعة الثانية، ١٩٩٨).

٦١. **علي الظفيري، مصداقية الاعلام العربي، عن كتاب الإعلام و مسيرة الاصلاح في الأقطار العربية (المنظمة العربيى لمكافحة الفساد، الطبعة الأولى، ٢٠١٠)**

٦٢. علي عجوة وآخرون، **مقدمة في وسائل الاتصال** (المملكة العربية السعودية: مكتبة مصباح، الطبعة الأولى، ١٩٨٩).

٦٣. علي محمد شمو، **الاتصال الدولي والتكنولوجيا الحديثة** (القاهرة: دار القومية العربية للثقافة والنشر، بدون سنة طبع).

٦٤. علي محمد شمو، **تكنولوجيا الفضاء وأقمار الاتصالات** (القاهرة: دار القومية العربية للثقافة والنشر، بدون سنة طبع).

٦٥. غسان العزي، **سياسة القوة ومستقبل النظام الدولي** (بيروت: مركز الدراسات الإستراتيجية والبحوث والتوثيق، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠).

٦٦. فارس آشتي، **الإعلام العالمي – مؤسساته، طريقة عمله وقضاياه–** (دار أمواج، الطبعة الأولى).

٦٧. فاروق أبو زيد، **انهيار النظام الإعلامي الدولي** (القاهرة: مطابع الأخبار، بدون سنة طبع).

٦٨. الفن توفلر، **حضارة الموجة الثالثة**، ترجمة: عصام الشيخ قاسم ليبيا(الدار الجماهيرية للنشر و التوزيع و الإعلان، الطبعة الأولى، ١٩٩٠).

٦٩. فهد عبد العزيز الدعيج، **الأمن والإعلام في الدولة الإسلامية** (الرياض: المركز العربي للدراسات الأمنية والتدريب، ١٩٨٦).

٧٠. فيليب تايلور، **قصف العقول**، ترجمة: سامي خشبة(الكويت: عالم المعرفة "٢٥٦"، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، ٢٠٠٠).

٧١. ل.جون. مارتن و أنجوجروفرشودري، **نظم الإعلام المقارنة**، ترجمة: علي درويش (القاهرة: الدار الدولية للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى).

٧٢. م.دي.فلور و س.بال.روكاخ، **نظريات الإعلام**، ترجمة: محمد ناجي الجوهر(الأردن: دار الأمل للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٩٩٤).

٧٣. ماجي الحلواني حسين، **مدخل إلى الفن الإذاعي والتلفزيوني والفضائي** (القاهرة: عالم الكتب، ٢٠٠٢).

٧٤. ماجي الحلواني، **القمر الصناعي الإسلامي – تحدي حضاري وضرورة عصرية–** (القاهرة: مكتبة الأنجلوالمصرية، بدون سنة طبع).

٧٥. مجموعة باحثين، **الإسلام و العولمة** (دار القومية العربية، ١٩٩٩)

٧٦. مجموعة باحثين، **الإسلام والغرب – صراع في زمن العولمة** (الكويت: كتاب العربي"٤٩"، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢).

٧٧. مجموعة باحثين، **العولمة والمستقبل العربي** (بغداد: سلسلة المائدة الحرة، بيت الحكمة، ١٩٩٩).

٧٨. محسن عبد الحميد، **العولمة من المنظور الإسلامي** (بغداد: جامعة بغداد، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢).

٧٩. محمد إحسان، **الصراعات الدولية** (أربيل – كوردستان: دارآراس للطباعة والنشر، ٢٠٠٠).

٨٠. محمد السماك، **الإرهاب والعنف السياسي** (بيروت: دار النقاش، الطبعة الثانية، ١٩٩٢).

٨١. محمد بن سعود البشر، **مقدمة في الاتصال السياسي** (الرياض: مكتبة العبيكان، الطبعة الأولى، ١٩٩٧).

٨٢. محمد بن عبد الرحمن الحضيف، **كيف تؤثر وسائل الإعلام – دراسة في النظريات والأساليب** – (الرياض: مكتبة العبيكان، الطبعة الثانية، ١٩٩٨).

٨٣. محمد حسام الدين، **العولمة وصورة الإسلام** (القاهرة: المدينةبرس، ٢٠٠٢).

٨٤. محمد حمدي، **عالم بلا حواجز في الإعلام الدولي** (القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب، ١٩٨٢).

٨٥. محمد رفعت عبد الوهاب، **مبادىء النظم السياسيية** (لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية، ٢٠٠٢).

٨٦. محمد طه بدوي، **النظرية السياسيية** (القاهرة: المكتب المصري الحديث، ١٩٧٦).

٨٧. محمد عابد الجابري، **المسألة الثقافية** (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية، سلسلة الثقافة القومية "٢٢٥"، الطبعة الأولى، ١٩٩٤).

٨٨. محمد علي العويني، **الإعلام الدولي بين النظرية والتطبيق** (القاهرة: مكتبة الأنجلوالمصرية، ١٩٩٠).

٨٩. محمد منير سعد الدين، **دراسات في التربية الإعلامية** (بيروت: المكتبة العصرية، الطبعة الأولى، ١٩٩٥).

٩٠. **المسلمون في مواجهة البث المباشر**، بدون مؤلف (الرياض: دار الطويق للنشر والتوزيع، الطبعة الثانية، ٢٠٠٠).

٩١. مصطفى المصمودي، **النظام الإعلامي الجديد** (الكويت: سلسلة عالم المعرفة، ١٩٨٥).

٩٢. مصطفى محمد الطحان، **العولمة تعيد صياغة العالم** (الكويت: المركز العالمي للكتاب الإسلامي، الطبعة الأولى، ١٩٩٩).

٩٣. معتصم بابكرمصطفى، **الإذاعات الدولية وتشكيل الرأي العام**(الخرطوم: شركة مطابع السودان للعملة المحدودة، الطبعة الأولى، ٢٠٠٠).

٩٤. مؤيد عبدالجبارالحديثي، **العولمة الإعلامية** (الأردن: الأهلية للنشرو التوزيع، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢).

٩٥. نايف على عبيد، **العولمة مشاهد و تساؤلات** (مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الطبعة الأولى، ٢٠٠١).

٩٦. نبيل علي، **الثقافة العربية و عصر المعلومات** (الكويت: سلسلة عالم المعرفة "٢٧٦"، المجلس الوطني للثقافة و والفنون والآداب، الطبعة الثانية، ٢٠٠١)

٩٧. نعوم تشو مسكي، **القوة والإرهاب – جذورهما في عمق الثقافة الأمريكية**، تحرير، جون مكفرمان – تاكي مسكازو، ترجمة: إبراهيم الشهابي (دمشق: دار الفكر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣).

٩٨. نعوم تشو مسكي، **هيمنة الإعلام – الإنجازات المذهلة للدعاية**، ترجمة: إبراهيم يحيى الشهابي (دمشق: دار الفكر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣).

٩٩. نعوم تشومسكي، **الحادي عشر من أيلول** (دار طلاس للدراسات والترجمة والنشر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٢).

١٠٠. هادي نعمان الهيتي، **الاتصال والتغيير الثقافي** (الجمهورية العراقية: الموسوعة الصغيرة "٢٣"، منشورات وزارة الثقافة والفنون، ١٩٧٨).

١٠١. هانس بيتر مارتين وهارالد شومان، **فخ العولمة** (الكويت: سلسلة عالم المعرفة "٢٣٨"، المجلس الوطني للثقافة و والفنون والآداب، ١٩٩٨).

١٠٢. هربرت، أ. شيللر، **المتلاعبوون بالعقول**، ترجمة: عبد السلام رضوان (الكويت، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، سلسلة عالم المعرفة ٢٤٣، الطبعة الثانية).

١٠٣. هشام آل شادي، **مقدمة في علم السياسة** (بغداد: جامعة بغداد، بدون سنة طبع).

١٠٤. ولتر.ب. رستون، **أفول السيادة**، ترجمة، سميرعزة نصار(دار النسر للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، ١٩٩٥).

١٠٥. ياسر خضير البياتي، **احتلال العقول** (العراق:دار الحكمة، ١٩٩١)

١٠٦. ياسر خضير البياتي، **الإعلام الدولي و العربي** (بغداد: جامعة بغداد، ١٩٩٣).

## نامەی زانکۆیی

١٠٧. أنور محمد فرج، **المركزية الغربية من التمركز حول الذات إلى الهيمنة على الآخر** (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة النيلين، ٢٠٠٢).

١٠٨. بدر الدين أحمد إبراهيم، **تكنولوجيا البث الفضائي وتطور الإنتاج التلفزيوني** (رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة أم درمان الإسلامية، كلية الإعلام، ٢٠٠٠).

١٠٩. مجذوب بخيت محمد توم، **تأثير القنوات الفضائية العربية على اتجاهات الرأي العام** (دراسة تطبيقية على المغترين العرب في السعودية "١٩٩٩–٢٠٠١"، رسالة دكتوراه غير منشورة، جامعة أم درمان الإسلامية).

١١٠. ياسر علي عثمان، **الدعاية السياسيية - أساليبها و وسائلها** (رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة أم درمان، كلية الإعلام، ٢٠٠٣).

## سەرچاوەی دیکە بە زمانی عەرەبی

١١١. **الحوار الثقافي الأوروبي– متطلباته وآفاقه** (المؤتمر العربي للحوار بين الثقافات، ١٥–١٦يوليو ٢٠٠٢، المنظمة العربية للتربية والثقافة والعلوم).

١١٢. **أبحاث المؤتمر السنوي الثالث – ثورة المعلومات والاتصالات وتأثيراتها في المجتمع والدولة في العالم العربي**، مركز الإمارات للدراسات والبحوث الإستراتيجية، الطبعة الأولى، ١٩٩٧).

١١٣. **ندوة العولمة والتربية** (دائرة العلوم الإنسانية، بغداد، ٢٠٠٢).

١١٤. **المؤتمر العلمي السنوي الثامن "الجزء الأول والجزء الثاني"**، كلية الإعلام –جامعة القاهرة، ٢٠٠٢).

١١٥. **وسائل الاتصال الجماهيري والتفاهم الدولي** (سلسلة كتب مترجمة ٧٠٩، وزارة الإعلام، هيئة الاستعلامات، مصر).

١١٦. **حق الاتصال، دائرة الشئون الثقافية العامة**، (سلسلة دراسات ٣١٨، أيلول، بغداد، ١٩٨١).

## رۆژنامه و گۆڤار

١١٧. مايكل هيدسون، **مأزق الإمبريالية – إدارة المناطق الجامحة** (مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد ٢٨٤، ١٠/٢٠٠).

١١٨. أنطوان زحلان، **العرب والتحدي التقاني – تقانة المعلومات** (مجلة المستقبل العربي، مركز دراسات الوحدة العربية، العدد٢٦٩، ٧/٢٠٠١).

١١٩. عوض إبراهيم عوض، **نحو نظرية إسلامية للاتصال** (مجلة إسلامية المعرفة، مجلة فصلية تصدر عن هيئة الأعمال الفكرية، السودان، العدد٧، سبتمبر ٢٠٠٣).

١٢٠. إبراهيم الداقوقي، **صناعة الاتصالات بين الوصاية الفكرية وحرية الإعلام**، مجلة قضايا دولية، معهد الدراسات السياسيية، إسلام آباد، العدد٣١٢، دسمبر ١٩٩٥).

١٢١. إسماعيل صبري عبد الله، **أبرز معالم الجدة في نهاية القرن العشرين**(مجلة الفكر، المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت العددان ٣-٤، ابريل، ١٩٩٨) .

١٢٢. نافذ أبوحسنة، **عولمة الشر..فساد التأريخ! !**، مجلة قضايا دولية، معهد الدراسات السياسيية، إسلام آباد، العدد٢٩٣، أغسطس١٩٩٥).

١٢٣. **مساهمة بي.بي.سي في الحرب الدعائية ضد الاتحاد السوفيتي** (مجلة قضايا دولية، العدد٢٩٦، سبتمبر١٩٩٥).

١٢٤.    شوان ئادەم، کورد وپرۆسەی بەیوەندیکردن (گۆڤاری "رایەن" ، ژمارە ١١، ٢٠٠٤).

١٢٥.    رۆژنامەگەری و رۆژنامەی هاوچەرخ (گۆڤاری رۆژنامەنوس ، گۆڤاری سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان ، ژمارە ١– ٢٠٠٤/٤/٢٢).

١٢٦.    مصعب عبد القادر وداعة الله، **منهجية الإعلام وأثرها على النظم السياسية و علاقاتها الخارجية** (مجلة أفكار جديدة، مجلة فصلية تصدر عن هيئة الأعمال الفكرية، السودان، العدد٧، سبتمبر٢٠٠٣).

١٢٧.    عبدة مختار موسى، **العدالة والعولمة** (مجلة أفكار جديدة، مجلة فصلية تصدر عن هيئة الأعمال الفكرية، السودان، العدد٧، سبتمبر٢٠٠٣)

١٢٨.    نجيب الغضبان، **الحرب الإعلامية في غزو العراق** (جريدة المسيرة، العدد١٩٣، ١٤–٤–٢٠٠٣).

١٢٩.    مجدي قرقر، **عالمية الإسلام بعيدا عن العولمة** (مجلة الملف، مركز دراسات الشرق الأوسط وأفريقيا، العدد١٩، يوليو٢٠٠٢).

١٣٠.    السيد يسين، **الفكرالعربي والزمن – أين نحن الآن من نهضة مطلع القرن؟** (مجلة عالم الفكر، الكويت: المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، العددان ٣–٤ أبريل ١٩٩٨).

١٣١.    عبد اللطيف ياسين، **قراءة في السينما الأمريكية** (مجلة الحوار، مجلة سياسية تصدر في كوردستان العراق، العدد ١٨، كانون الثاني ٢٠٠٤).

١٣٢.    خالد الحروب، **الإعلام العربي والغربي..من ضلل من؟** (جريدة الاتحاد، ١٤ مايو، ٢٠٠٣).

١٣٣.    محمد السماك، **العولمة وآثارها على الخصوصيات الثقافية** (مجلة الاجتهاد، العدد ٥٢–٥٣، دار الاجتهاد للأبحاث والترجمة والنشر، بيروت، ٢٠٠٢).

١٣٤. روبرت صامويلسون، **انتقاء الأطراف للأخبار** (مجلة نيوزويك، العدد٢١١، ٢٩ يونيو ٢٠٠٤).

١٣٥. **بي. بي. سي تبحث منافسة الجزيرة**، صحيفة الحياة السودانية، العدد ٤٣٦، ٢٥يونيو٢٠٠٤).

١٣٦. فهد الطياش، **الاختراق الإعلامي**، مجلة "المجلة " العدد، ١٢٢٠، ٢٠٠٣/٧)

١٣٧. إبراهيم محمود، **العولمة هل هي انفجار الهوية؟** (مجلة الفكر العربي، معهد الإنماء العربي، العدد ٩٣، صيف ١٩٩٨).

١٣٨. تشارلز امبلر، **الأفلام الجماهيرية ومشاهدوها في المستعمرات** (ترجمة، محمد يونس، مجلة الثقافة العالمية– المجلس الوطني للثقافة والفنون والآداب، الكويت، ١٠٩، ٢٠٠١).

١٣٩. أحمد محمد علي، **داخل عالم الهاكرز العرب**، مجلة "المجلة " العدد ١٢١٨ ٢١، ٦، ٢٠٠٣)

١٤٠. صحيفة الاتحاد الإماراتية، (العدد ١٠٢١١، ٢٠، ٦، ٢٠٠٣).

١٤١. أسامة المجذوب، **المتغيرات الدولية ومستقبل مفهوم السيادة المطلقة** (مجلة السياسية الدولية، مركز الدراسات السياسيية والإستراتيجية بالأهرام، العدد ١٠٩، ١٩٩٤).

١٤٢. عبد العزيز الناصري، **الإعلام وتفعيل دور الأمة** (مجلة النبأ، العدد ٤٢، شباط ٢٠٠٠).

١٤٣. عدنان سليمان، **مقاربة أولية لتداعيات العولمة على المجتمع العربي** (مجلة الفكر العربي، معهد الإنماء العربي، العدد ٩٣، ١٩٩٨).

١٤٤. ديانا مقلد، **الإعلام الأميركي يعيش المال ولتسقط الحقيقة** (صحيفة الوسط ، ٢٠٠٤/٦/٢٧).

**ئینتەرنێت**

١٤٥. مفهوم **السيادة** على موقع WWW.darislam.com .

١٤٦. موضوع **السيادة** على موقع WWW.ahram.arg.eg.

١٤٧. WWW.azzaman.com حسن حنفي، **الاسلام والعولمة– اسقاط مفهوم السيادة للدولة القومية** .

١٤٨. www.al-lsam.com. **مفهوم العولمة** (بدون كاتب)

١٤٩. www.minshawi.com عبدالله أحمد مصراتي، العولمة وعلاقتها بالمفاهيم الاجتماعية في ظل التطور التاريخي

150. www.greenbookstudies.com

151. http://www.aljazeera.net G/portal/pages/277dacb6-0a20-4c1c-b600-7d1c3155e7dc شبكة الجزيرة الاعلامية.. الرؤية و المهمة

152. [1]Hugh Miles, special for CNN , Why has Al Jazeera set its sights on U.S.?

153. http://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%82%D9%86%D8%A7%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D8% قناة الجزيرة / ويكيبيديا– الموسوعة الحرة / AC%D8%B2%D9%8A%D8%B1%D8%A9

**چاوپێکەوتن**

١٥٤. چاوپێکەوتنیك لە گەل پرۆفیسۆر عەلی محمد شەممۆ، پسپۆری بواری میدیا، لە ئەنجومەنی نەتەوەیی رۆژنامەگەریی لە خەرتوم.

١٥٥. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ د.حەمدی حەسەن، پسپۆری میدیایی و راگری کۆلیژی راگەیاندن لە زانکۆی میسری نێودەوڵەتیی لە دەوحە.

---